# دەروازەیەك بۆ
# پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان

**كۆمەڵێك لێكچەری پێشكەشكراو**
**لە كۆلێجی زانستە سیاسییەكان ـ زانكۆی سلێمانی**

**د. ئەنوەر محەمەد فەرەج**

*2008*

مەكتەبی بیروهۆشیاری (ی.ن.ك)
سلێمانی ـ گەرەكی سەرچنار ـ *121*
كۆلانی ـ *44*
ژ.خانوو ـ *1*
www.hoshyari.org
govarynovin@yahoo.com

ناوی كتێب: دەروازەیەك بۆ پەیوەندییە نێودەوڵەتییەكان
نووسینی: د. ئەنوەر محەمەد فەرەج
نەخشەسازیوبەرگ: فەهمی جەلال
چاپی یەکەم/ *2008* سلێمانی
تیراژ: (*1000*) دانە
چاپ: دەزگای چاپو پەخشی حەمدی
ژمارەی سپاردن ( *1199*) ساڵی *2008*ی وەزارەتی رۆشنبیری
ژمارەی زنجیرە: (*261*)
لەبڵاوكراوەكانی مەكتەبی بیروهۆشیاری (ی.ن.ك) ساڵی *2008*

مەکتەبی بیروهۆشیاری

# پێڕستی بابەتەکان


**پێشەکی** 5

پێشەکی ........................................................ 5

**بەشی یەکەم: سەرەتایەك لەبارەی زانستی سیاسەتەوە** 9

تەوەری یەکەم: پێناسەی زانستی سیاسەت .................................. 15

تەوەری دووەم: سیستمی سیاسی (Political System) ...................... 26

تەوەری سێیەم: بەشداری سیاسی (Political participation) ............... 40

**بەشی دووەم: پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان** 49

تەوەرەی یەکەم: پەرەسەندنی مێژوویی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان ............. 50

تەوەری دووەم: سیستمەکانی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان ....................... 57

تەوەری سێیەم: پێناسەی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان ........................... 74

تەوەری چوارەم: دەروازەو میتۆدەکانی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان .............. 80

تەوەری پێنجەم: هێـز لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا ....................... 103

تەوەری شەشەم: ململانێی نێودەوڵەتی .................................... 119

تەوەری حەوتەم: ( بەجیهانیکردن Globalization ) ........................ 142

تەوەری هەشتەم: سیاسەتی دەرەوە ......................................... 160

**بەشی سێیەم: ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان** 199

تەوەری یەکەم: سەرهەڵدانی مێژوویی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان ................ 200

تەوەری دووەم: پێناسەو پۆلێنکردنی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان ................. 208

تەوەری سێیەم: بونیادی یاسایی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان ..................... 215




مەکتەبی بیروهۆشیاری


تەوەرەی چوارەم: نەتەوە یەکگرتووەکان ........................................ 229

تەوەری پێنجەم: کۆمکاری وڵاتانی عەرەبی ..................................... 264

تەوەری شەشەم: یەکێتی ئەوروپـا .............................................. 275

تەوەری حەوتەم: پۆلیسی نێودەوڵەتی .......................................... 292

مه‌كته‌بی بیروهۆشیاری

# پێشەکی:

لە ماوەی دوو ساڵی پێشووی وانە وتنەوەم، لەهەردوو ساڵی خوێندنی (2005–2006)و (2006–2007) لە کۆلیژی زانستە سیاسییەکانی زانکۆی سلێمانیدا، کێشەیەك بە بەردەوامی ڕووبەڕووی منو خوێندکاران ئەبووەوە کە بریتی بوو لە نەبوون یان کەمی سەرچاوەی پێویست بە زمانی کوردی بۆ تەواوی وانەکان بە گشتیو بۆ پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان بەتایبەتی، کێشەیەك کە ناتوانرێت پشتگوێ بخرێت لەگەڵ تێپەڕبوونی کاتو پەیوەندیکردنی نەوەی نوێی پاش ڕاپەڕین بە زانکۆوە، چونکە وەك ئاشکرایە ئەم نەوەیە کەمترین زانیاری سەبارەت بە زمانەکانی تر هەیە بەهۆی خوێندنی کوردیو ئەو حاڵەتی داخرانو گەمارۆدانەی کە هەرێمی کوردستانی پێدا تێپەڕبوو لە دەیەی نەوەدەکاندا.

لێرەوە ناوبەناو پرسیاری ئەوەمان لێئەکرێت کە بۆچی هەوڵی پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە نادرێت لەلایەن کەسانێکەوە کە خاوەن بڕوانامەن لەو بوارەداو پێشینەیەکیان هەیە لە مامەڵەکردن لەگەڵ سەرچاوەکانی ئەو زانستەدا، ئەمە لە کاتێکدایە کە چەند هەوڵێك دراوە لەلایەن کەسانی زمانزانەوە بۆ وەرگێڕانی چەند کتێبێك لە زمانەکانی ترەوە وەك (ئینگلیزی، فارسی وعەرەبی)، کە لەگەڵ نرخاندنی هەوڵەکانو گرنگییاندا، بەڵام هەمیشە کێشەی نەبوونی تایبەتمەندی لەو زانستەدا کێشەی بۆ ئەو بەڕێزانەو بەرهەمەکانیانو پاشانیش بۆ خوێنەران دروست کردووە، چونکە هەر زانستێك خاوەن کۆمەڵێك چەمكو زاراوەی تایبەت بە خۆیەتیو بەبێ پسپۆڕیی تایبەت ناتوانرێت مافی تەواوی خۆیان پێبدرێت.



ئەم هەوڵەی بەردەست بەڕێزتان هەنگاوێکی سەرەتایی ئێمەیە کە لە هەست کردن بەو ئەرکەو هەوڵی پڕکردنەوەی بەشێك لەو بۆشاییە گەورەیەوە سەرچاوە ئەگرێت، بەڵام هەرگیز ئەمە جێگەی خۆزگەو ئاواتی ئێمە نییە، بەمانای ئەوەی ئەم هەوڵە هەرچەند سەرەتایەکە، بەڵام پشت بەخوا هەنگاوی گەورەتری بە شوێندا دێت کە لە شێوازێکی تۆکمەترو فراوانتردا ئەو ئەرکە ئەنجام بدرێت.

ئەم نووسراوە کۆکراوەی ئەو وانانەیە کە لە دوو ساڵی ڕابردوودا پێشکەش بە خوێندکارانی کۆلێجی زانستە سیاسییەکان کراوە، بە تایبەت لە وانەکانی (پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان)و (ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان)دا، بەڵام بۆ ئەوەی نەخشەیەکی فراوانتری زانستە سیاسییەکان بخەینەڕوو بەشێکی کورتی سەرەتاییمان بۆ زیادکرد بۆ ئەوەی ناساندنێکی کورت سەبارەت بە زانستی سیاسیو سیستمی سیاسی پێش کەش بکەینو پاشانیش پێگەی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان لە چوارچێوەی زانستە سیاسییەکاندا دیاری بکەین.

بە گوێرەی دابەشکردنە بەناوبانگەکەی (یۆنسکۆ)ی زانایانی بواری زانستی سیاسی کە لە ناوەڕاستی سەدەی بیستەمدا پێشکەشیان کردووینو تا ئێستاش بە ڕەچاوکردنی چەند زیادکردنێکی نوێ بە دابەشکردنێی گونجاو دائەنرێت، زانستە سیاسیەکان لە چوار بواری سەرەکی پێکدێت کە بریتین لە:

1. تیۆری سیاسیو مێژووی بیری سیاسی.
2. سیستمە سیاسییەکانو جۆرەکانی حکومەتو بەراووردکردنی دەستورەکان.
3. گروپو هێزە سیاسییەکانی نێو کۆمەڵگا کە پارتە سیاسیەکانو گروپەکانی فشارو بەرژەوەندیو بەشداری هاولاتی لە حوکمدا لە خۆی دەگرێت.

مەکتەبی بیرو هۆشیاری

4. پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان کە لە یاسای نێودەوڵەتیو ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانو سیاسەتی نێودەوڵەتی پێکدێت.

لەم نووسراوەدا بۆ ڕوونکردنەوەی بەشی یەکەم پێناسەیەکی گونجاوی زانستی سیاسی کراوەو ڕاوبۆچوونە جیاوازەکان لەو بارەیەوە خراوەتە ڕوو. بۆ بەشی دووەمیش کە سیستمی سیاسییە دیسان پێناسەی سیستمی سیاسیو دەوڵەت کراوەو بە کورتی بیردۆزەکانی لێکدانەوەی دروست بوونی دەوڵەت خراونەتە ڕوو. بۆ بەشی سێیەمیش جەختمان کردووە لەسەر بەشداری سیاسی هاووڵاتی کە میکانیزمێکی گونجاوە بۆ چالاککردنی کەناڵەکانی بەشداری هەر لە پارتە سیاسییەکانەوە تا گروپو ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی. بەشی هەرە زۆری ئەم نووسراوەش تەرخان کراوە بۆ بەشی چوارەمی زاستە سیاسییەکان کە بریتییە لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، هەر لەبەر ئەوەشە کە ناوی کتێبەکە بریتییە لە (دەروازەیەك بۆ پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان).

بە پێویستی دەزانم لێرەدا بە ڕوونی ئاماژە بۆ ئەوە بکەم کە ئەم کتێبە بەرهەمێکی نووسراوی من نییە هێندەی ئەوەی کۆکراوەی کۆمەڵێك وانەیە کە من ئەرکی ئامادەکردنو وەرگێڕانو پێشکەش کردنم لە ئەستۆ گرتووە، بۆیە بە مەبەستی سوودی زیاترو پاراستنی ئەمانەتی زانستیش لە کۆتایی بەشەکاندا ئاماژەم کردووە بۆ ئەو سەرچاوانەی کە سوودیان لێوەرگیراوە لە ئامادەکردنی وانەکاندا.

گرنگە بەلامەوە کە پاش تەواوبوونی ئەم بەرهەمە سوپاسێکی تایبەت ئاراستەی ( کاك حەسەن یاسین) بکەم، بۆ دڵسۆزیو ئەو هەوڵو ماندووبوونە زۆرەی کە لەگەڵ ئەم کتێبەدا کێشای، کە بەڕاستی ڕەنگە زیادەڕۆی نەبێت ئەگەر بڵێم ماندووبوونی ئەو لە هەموو لاپەڕەکانی کتێبەکەدا ئامادەیی هەیەو



ئەگەر بەشداری ئەو نەبووایە ئەم بەرهەمە بەم زووانە ڕووناکی نەدەبینی، هیوادارم کە نموونەی وەك جەنابیان لە ناوەندی زانستیو ڕۆشنبیری کوردستاندا زیاتر بێت.

هەروەها جێگەی خۆیەتی کە سوپاسی مەکتەبی بیرو هۆشیاری بکەم لەسەر گرنگیدانیان بە بابەتە ئەکادیمیەکانو هاندانی نووسەران بۆ ئیشکردن لەو بوارەدا، کە بێگومان ئەم هەولآنە لەگەڵ تێپەڕبوونی کاتدا سوودو بایەخو بەرهەمەکانی زیاتر دەردەکەوێتو لە دوو ڕووەوە خزمەت دەکات: یەکەمیان لە بواری چاپو بڵاوکردنەوەی زانستیو ڕۆشنبیری کوردیدا بە گشتیو دووەمیش لە ڕووی دابینکردنی سەرچاوەی ئەکادیمی زیاتر بە زمانی کوردی بۆ خوێندکارانو هەوادارانی ئەو بوارە زانستییانە.

د. ئەنوەر محەمەد فەرەج

سلێمانی

*2008*

مەکتەبی بیر و هۆشیاری

# بەشی یەکەم

## سەرەتایەك لەبارەی زانستی سیاسەتەوە



مەکتەبی بیر و هۆشیاری

لە ڕووی مێژووییەوە فیکری سیاسی لە سەردەمی یۆنانی کۆنەوە بگرە لە شارستانییەتە دێرینەکانی ڕۆژهەڵاتەوە دەست پێدەکات، بەڵام زانستی سیاسەت، وەکو بوارێکی مەعریفی، تاڕادەیەك تازەیە ولەماوەی سەد ساڵی رابردوودا گەشەی کردووە. لە لایەکی ترەوە لە مێژوودا لێکۆڵینەوە وسەرنجدانی بەردەوام لە سیاسەت تەنها کاری میرەکان وسیاسەتمەداران وفەیلەسوفان ومافپەروەران بووە، واتە خەڵك لەکاروباری گشتیدا رۆڵێکی ئەوتۆیان نەبوو، هێندەش بایەخیان بەسیاسەت وتیۆریزەکردنی سیاسەت نەدەدا.

لەگەڵ سەرهەڵدانی دەوڵەتی هاوچەرخ وگەشەکردنی بیرو سیستمی دیموکراسیدا، قۆرغکردنی زانستی سیاسەت کۆتایی هات وسیاسەت بوو بە جێگای گرنگی پێدانی خەڵك بەگشتیو بوو بەکاری هەمووان. بڵاوبوونەوەی پەروەردە وفێرکردن بوو بەهۆی گەشەکردنی هۆشیاری سیاسی خەڵك ولەم رێگەیەشەوە رۆژ لەدوای رۆژ زیاتر لە رەوتە سیاسیەکاندا بەشداریان کرد. ئیدی هیچ سیاسەتمەدارێك یان بیریارێك نەیدەتوانی خەڵك فەرامۆشبکاتو ڕای گشتی گرنگیەکی زۆری پەیداکردو بەم پێیە نەك تەنها حکومەتەکان، بەڵکو گروپە رێکخراوەکان وحزبە سیاسەکانیش هەوڵێکی زۆریان دا بۆ ئەوەی کار لەڕای گشتی بکەن.

بەڵام لەگەڵ ئەو بەرەوپێشچوونەشدا لێکۆڵینەوە سیاسییەکانو بوارەکانی زانستی سیاسەت دژوارییەکی گەورەی تێدا بەدیدەکرێ کە بریتییە لەوەی زاراوەکانی ئەم زانستە مانای وردیان نیەو بەکارهێنانی گشتیو چەمکی زانستی ئەم زاراوانە زۆرجار جیاوازیان هەیەو دەبنە هۆی سەرلێشێواندنو دەبنە هۆی ئەوەی کە زانستی سیاسەتو ورد نەبێت. هەرچەندە سەبارەت بە زاراوە زانستیەکانی زانستە کۆمەڵایەتیەکانی دیکەش کەمو زۆر ئەم ورد

نەبوونــە هەیــە، بــەڵام وەك (كــاتلین–*Catlin*) دەڵێــت: لــە باســە سیاســیەكانی زانستی سیاسەتدا بەدەگمەن زاراوەیەك بەدی دەكرێ كە تەم و مژاوی نەبێت.

زانستی سیاسەت، تاڕادەیەك ئەم كەم وكوڕییەی وەكو میرات لە ئەدەبیاتی پێشووی خۆیەوە بۆ ماوەتەوە، بەڵام ئەوەش زیاتر پەیوەندیی بەوەوە هەیە كە زانــستی سیاســەت زانــستێكی زینــدووەو لەگەشــەكردندایە. هــەروەها هەنــدێك لەسیاســەتمەداران گــوێ بــە بــەكارهێنانی ڕاســت ودروســتی زاراوە سیاسیەكان نادەن ئەمەش دەبێتە هۆی تەمومژ لە تێگەیشتندا. هەندێك جاری تــر بــیری نــوێ وتیــۆری نــوێ بڵاودەبنــەوەو لەئەنجامــدا زاراوەی نــوێ ڕەواج پەیدادەكەن. واتە بەشێك لە تەمومژەكە لە خودی زانستەكەدایە، بەڵام بەشێكی تری پەیوەستە بە ناكۆكی نێوان تیۆرو پراكتیكەوە لە بواری سیاسەتدا.

ئەم نەبوونی وردەكاریو یەكدەنگیە تەنانەت ناوی (زانستی سیاسەت)یش دەگرێتــەوە. هەنــدێك لــە بیریــاران و توێــژەران (زانــستی سیاســەت– *Politic Science*) بەكاردێنن، بەڵام هەندێكی تر هێشتا لایەنگری لە شێوازە یۆنانیە كۆنەكــە واتــە (سیاســەت– *Politic*) دەكــەن. گروپــی ســێیەم ناویــان نــاوە (سیاســەتی تیــۆری–*Theoretical Politics*). بــە مەبەســتی ڕوونكردنــەوەی زیــاتری ئــەو ڕایانــە لێرەدا بــە كورتی بنــەڕەتی هەریەكــە لــە وشــەی سیاســەتو زانستی سیاسی ڕووندەكەینەوە.

**<u>بنەڕەتی وشەی سیاسەت:</u>**

زاراوەی سیاســەت (*Politics*) لــە وشــەی یۆنــانی پــۆلیس (*Polis*) واتــە شــار وەرگــیراوە. لــە ڕوانگــەی یۆنانیەكانــەوە سیاســەت زانــستێك بــوو پەیوەنــدیی بــە كاروباری شارێكەوە هەبوو، بەڵام لە یۆنان شارو دەوڵەت قابیلی لێكجیابوونەوە نەبوون. یۆنانیەكان لەچەند جێگایەكدا دەژیان كە ئێمــە ئەمڕۆ ئــەو شــوێنانە بــە



(شــار–دەوڵــەت–*City-State*) ناودەبــەین. هــەر (شــار–دەوڵــەت)ێــك، شــارێكو دەوروبەرو زەوییەكانی چواردەوری دەگرتەوە. جگــە لــەوەش، وشــەی (پــۆلیس) لەزمانی یۆنانیدا تەنها (شار)ی نەدەگرتەوە، بەڵكوبە مانای (قــەڵا)، (دەوڵــەت) و (كۆمەڵ) بەكاردەهات.

هەندێ لــە توێــژەران دەڵــێن كــە ووشــەی (*Polis*) لــە بەڵگەنامــەكانی ئەســینادا بەتایبەتی بــەمانای كۆمــەڵگای سیاســی وڵاتێك لــە بەرامبــەر وڵاتــەكانی دیكــەدا، یان بەمانای "كەسێتی نێودەوڵــەتی" وڵات بــەكارهاتووەو لــە بەرامبــەر ئەویــشدا ووشــەی "دێمــوس *Demos*" (ریــشەی دیموكراســی) بــە كۆمــەڵێ رێكخــراوی نــاوخۆی وڵاتێــك وتــراوە. لێــرەوە سیاســەت، بــەمانا یۆنانیەكــەی، بریتیــە لــە زانستی حوكم كردن بەسەر شاردا، "<u>سیلی</u>" ئەم مانایەی دەربڕیوە وسیاسەتی ناوناوە (زانستی شارەكان). هەروەها "<u>إبن سینا</u>"ش ووشەی (*Polis*) بــە (العلم المدنی) وەردەگێڕێت بۆ عەرەبی.

بەڵام چەمكی پەسەندكراوو بەكارهێنراوی ئەمڕۆی "سیاسەت" زۆر فراوانە. چــونكە لــە ئــەمڕۆدا وەك "<u>ڕۆبــەرت داڵ</u>" دەڵێــت: (سیاســەت یەكێكــە لــەو ڕاستیانەی ژیانی مرۆڤ كە خۆلێلادانی ئەستەمە، چونكە ئینسانەكان لە هەر ساتەوەختێكدا لەگەڵ جۆرێك مەسەلەی سیاسیدا ڕووبەڕوو دەبنەوە).

بۆ نموونە كاتێك دەگوترێت كەسێك حەزی لە سیاسەتە، مەبەست لەوەیە كە ئــەو كەســە بایــەخ بــە مەســەلە هەنووكەییــەكانی وڵات دەدات وەكــو هــاوردەو هــەناردە (صــادرات و واردات)، مەســەلە پەیوەســتەكانی كــارو كرێكــار، پەیوەندییەكانی دەسەڵاتی جێبەجێكردن لەگەڵ دەسەڵاتی یاسادانان، چالاكی حزبو ڕێكخراوە سیاسیەكانو زۆر مەسەلەی تر لەبابەتی چالاكی سیاسی، ئابووری، ڕۆشنبیریی و كۆمەڵایەتی و پەیوەندییەكانی دەوڵەت لەگەڵ كۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا.

مەکتەبی بیر و هۆشیاری

لەم مانایەدا سیاسەت لە زانستێك بەربڵاوترە وسیاسەتمەداریش ئەو کەسەیە کە لەو جۆرە مەسەلانەدا بەشداری کاریگەر دەکات و بڕیار دەدات، ئەگەرچی دوور نییە شارەزاییەکی ئەوتۆشی لە بنچینەو بنەماکانی زانستی سیاسەتدا نەبێ. بەم پێیە، ئەم بەکارهێنانە هەم مانای زمانەوانی وهەم بەکارهێنانی گشتی سیاسەت لەبابەتی راستەقینەو واقیعی (زانستی سیاسەت) فراوانتردەکات.

بۆ چارەسەرکردنی ئەم حاڵەتی تەمومژە هەندێ لە توێژەرانی هاوچەرخ لەسەر ئەوە یەکدەنگن دەبێ خوێندنەوەو لێکۆڵینەوە سیاسیەکان لەکارە سیاسیە هەنووکەییەکان جیابکرێتەوە. ژمارەیەك لەو توێژەرانە لەو باوەڕەدان کە بەجیاکردنەوەی (سیاسەتی تیۆری) لە (سیاسەتی پراکتیکی) دەتوانرێ ئەو کارە ئەنجام بدرێ.

هەندێ لە توێژەرانی فەرەنسی لەو باوەڕەدان کە زانستی سیاسەت، بەتەنیا، بوونی نییە. هەموو زانستە کۆمەڵایەتیەکان کە پەیوەستن بە کۆمەڵگای رێکخراوی مرۆڤایەتییەوە، بە "زانستە سیاسیەکان" ناو دەبرێن و زانستی سیاسەت تەنها یەکێکە لەوانە. بەپێی ئەم بۆچوونە، زانستی سیاسەت، کۆمەڵناسی، ئابووری، رەوشت و دەروونناسی..هتد، هەموویان بریتین لە (زانستە سیاسییەکان) و ئەم "زانستانە" نەك تەنها پەیوەندییان بەیەکەوە هەیە، بەڵکو بەیەکەوە پەیوەستن.

بەشێك لە حەقیقەت لەم بۆچوونەدا هەیە، بەڵام ئەم کارە ناتوانێ ببێتە هۆی رێگرتن لەوەی کە زانستە کۆمەڵایەتیەکان سەربەخۆنەبن یان بە سەربەخۆیی نەمێننەوە. لایەنگیرییەکی زۆر هەیە بۆ جودایی زانستە کۆمەڵایەتیەکان وبە پسپۆڕیکردنی لێکۆڵینەوەکانیان. ئێستا ئەوە پەسەندکراوە کە دیاردە



مەکتەبی بیر و هۆشیاری

کۆمەڵایەتیەکان هێندە جۆراوجۆرن و وەها بەیەکداچوون کە تەنها هزرێك ناتوانێ هەموویان لەخۆی بگرێ.

کەواتە لە چوارچێوەی (زانستە کۆمەڵایەتیەکان) دا دەتوانرێ ناوی (زانستی سیاسەت) بهێنرێ، بەڵام راست نییە کە هەموو زانستە کۆمەڵایەتیەکان بەزانستی سیاسی بزانین. لێرەوە زانستی سیاسەت بایەخ بە شیکردنەوەو لێکۆڵینەوەی لایەنە سیاسیەکانی دیاردە کۆمەڵایەتیەکان دەدات، چونکە نابێت ئەوە فەرامۆش بکرێ کە هیچ شتێك –یان زۆربەی شتەکان– لە سیاسەت بەدەر نییە.

بەڵام زۆر لە بیریاران و توێژەرانی سیاسیش بۆ دەربڕینی زانست و هۆشیاری سیاسی، وشەی "زانستی سیاسەت" یان لە "سیاسەت" پێ باشترە. زانا سیاسییە ناودارەکانی سەرانسەری جیهان لە کۆنفرانسی یۆنسکۆدا کە لەئەیلولی *1948*دا بەسترا "زانستی سیاسەت" یان لەجیاتی (زانستە سیاسیەکان) بۆ ناونانی ئەم بوارە زانستییە پەسەندکردو، دابەشیان کرد بۆ چوار بەشی سەرەکی کە بریتین لە:

*1.* تیۆری سیاسی و مێژووی فیکری سیاسی.
*2.* سیستمی سیاسی و جۆرەکانی حکومەت.
*3.* پارتی سیاسی و هێزە سیاسییەکانی نێو کۆمەڵگا.
*4.* پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان.

لەم پێشەکییە کورتەدا بۆ ڕوونکردنەوەی ئەو بوارە سەرەکیانە لە هەر بوارێك نموونەیەك وەردەگرین:

*1.* لە بەشی تیۆری سیاسیدا پێناسەی زانستی سیاسی وەرئەگرین.

مەکتەبی بیرو هۆشیاری

2. بۆ ڕوونکردنەوەی سیستمی سیاسی پێناسەی سیستمی سیاسیو دەوڵەتو بیردۆزەکانی دروستبوونی دەوڵەت وەرئەگرین.

3. بە مەبەستی دیاریکردنی کاریگەریی هێزە سیاسییەکانی نێوکۆمەڵگاش ئاماژە دەکەین بۆ بەشداری سیاسی.

4. بۆ پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانیش دوو بەشی داهاتووی ئەم کتێبە تەرخان ئەکەین.

## تەوەرەی یەکەم

## پێناسەی زانستی سیاسەت

جێگەی ئاماژە بۆکردنە بۆ پێناسەی زانستی سیاسی لە نێو پسپۆڕاندا بە شێوەیەکی گشتی دوو ئاراستەی سەرەکیمان هەیە، یەکەمیان ڕای وایە زانستی سیاسەت زانستی دەوڵەتەو دووەمیان ئەڵێت زانستی سیاسەت بریتییە لە زانستی دەسەڵاتی سیاسی. لێرەدا ڕوونیان دەکەینەوە:

### یەکەم: زانستی سیاسەت وەك زانستی دەوڵەت:

ئەم ئاراستەیە ڕای وایە کە بۆ ئەوەی زانستی سیاسەت وەك هەموو زانستەکانی تر بە شێوەیەکی میتۆدیانە کار بکات پێویستی بە بابەتێك هەیە تا لێکۆڵینەوەکانی خۆی لەبارەوە ئەنجامبدات دیارە هیچ بابەتێکیش وەك دەوڵەت ناتوانێت ئەو ڕۆڵە ببینێت. لێرەوە بابەتی سیاسەت بریتییە لە دەوڵەتو زانستی سیاسەتیش بریتییە لە زانستی لێکۆڵینەوەی دەوڵەت.

ئەم ڕایە لە ڕووی سەرچاوەوە مێژوویەکی دوورو درێژی هەیە، بە کۆنترین ئاراستەی پێناسەکردنی سیاسەت دائەنرێت لە بیریاران وفەیلەسوفانی



مەکتەبی بیرو هۆشیاری

ڕابردووەوە بیگرە تا دەگاتە ژمارەیەکی گرنگو بەرچاو لە لێکۆڵیار وزانایانی هاوچەرخ.

لایەنگرانی ئەم ئاراستەیە دەڵێن ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ سەرەتاکانی بیری فەلسەفی کۆن، و پاشان گوزەرێك بکەین بە فیکری سیاسی سەدەکانی ناوەڕاستدا تا دەگەینە ڕۆژگاری ئەمڕۆ ئەوا دەبینین کە:

1ـ فەیلەسوفانی یۆنانی کۆن هەمیشە جەختیان کردووە لەسەر (دەوڵەتی نموونەیی– الدولة الفاضلة) یان (شاری پڕ لە فەزیلەت). بۆ نموونە (ئەفلاتۆن) لە کتێبی (کۆمار)دا باس لە دەوڵەتی نموونەیی دەکاتو بەگوێرەی فەلسەفەکەی ئەو دەوڵەت تەنها یەکەیەکی کۆمەڵایەتیو ئابوریو سیاسی نییە، بەڵکو یەکەیەکی ئایینیو ڕۆحیش پێکدێنێت، یان ڕوونتر بڵێین بریتییە لە یەکەیەکی فەلسەفی گشتی.

هەمان شت لای (ئەرەستۆ)ش دەبینرێت کە سەرەتای قسەکانی لەبارەی سیاسەتەوە لە بارەی دەوڵەتو شارەوە دەست پێدەکات وبە دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتی یان دامەزراوەی دامەزراوەکانی (مؤسسة المؤسسات) دادەنێت. هەروەها (ئەرەستۆ) بەراوردێك دەکات لە نێوان (شار، خێزانو گوند) دا کە ئەوکاتە تەنها ئەو سێ شێوازەی ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی هەبوون، بە ڕای ئەو (خێزان) کۆمەڵێك خەڵك ئەگرێتەوە کە پەیوەندی خوێن بەیەکیانەوە ئەبەستێت، (گوند)یش لە کۆمەڵێك دراوسێ پێکدێت کە (بەرژەوەندی) کۆی کردوونەتەوە، ئەم دووانە پێکەوە تەنها دەتوانن مانەوەی جۆری مرۆڤایەتی زامن بکەن، لە کاتێکدا بە ڕای (ئەرەستۆ) (شار–دەوڵەت) ئەو جۆرە ژیانە زامن دەکات کە پێویستە مرۆڤ بیگوزەرێنێت بۆ بە دیهێنانی مرۆڤایەتی خۆی.

2. فەیلەسوفە ڕۆمانیەکانیش بە شێوەیەکی گشتی باسەکانیان پەیوەستن بە دەوڵەتەوە، بۆ نموونە (پۆلیپۆس) لێکۆڵینەوەکانی خۆی چڕدەکاتەوە لە

مەكتەبی بیر و هۆشیاری

شێوەکانی دەوڵەتو هۆکارەکانی گۆڕانکاریی سیاسی لە دەوڵەتدا. هەروەها (شیشرۆن)یش زیاتر سەبارەت بە دەوڵەتو لایەنە یاسایی دەستورییەکانیو جۆرەکانی دەوڵەتەوە قسەی کردووە.

3. لە فیکری سیاسی ئیسلامی لە سەدەکانی ناوەڕاستدا هەمانشت دەبینرێت، بۆ نموونە (أبو نصر الفارابی) باس لە بیروڕاکانی خەڵکی (المدینة الفاضلة) دەکات کە دەوڵەتە. هەروەها (إبن خلدون) یش باس لە گەشەکردنو هەڵکشانی دەوڵەتو داڕمانی دەکات لە پرۆسەیەکی ووردی درێژخایەندا، هەروەها (إخوان الصفا) و(إبن تیمیه) و(الماوردي)یش لە بارەی (سیاسەتی شەرعی) و (کاروباری خەلافەت) و(ئادابی سوڵتانی)یەوە قسەیان کردووە کە هەموویان پەیوەستن بە بونیادی دەوڵەتەوە.

4. لە فیکری سیاسی مەسیحی سەدەکانی ناوەڕاستیشدا ئەم ئاراستەیە زاڵە بە تایبەت لای (تۆمای ئەکوینی) و(سانت ئۆگەستین) کە هەوڵەکانی خۆیان لە بارەی پەیوەندی نێوان دەوڵەت وکڵێساوە خستبووەکار لە ژێر کاریگەری فیکر وفەلسەفەی یۆنانیو ڕۆمانیدا، لەگەڵ جیاوازی ئەوەی کە ڕەهەندێکی ئایینیان بە دەوڵەت بەخشیبوو کە بەلای ئەوانەوە دەوڵەت بریتییە لە (شاری خودا).

5. لە سەرەتاکانی مێژووی نوێی ئەوروپاشدا ئەم دۆخە هەر لە برەودا دەبێت، وەك دەبینین دەوڵەت بریتییە لە کرۆکی فیکری سیاسی ئەوروپی لە سەرەتاکانی سەدەی شازدەهەمەوە بە تایبەت دوای سەرهەڵدانی هەوڵەکانی (ماکیاڤیللی) و(جان بۆدان) کە هەردووکیان لەبارەی دەوڵەتو بیرۆکەی سەروەری دەوڵەتەوە قسەیان کردووە، وەك بنەمایەك بۆ (دەوڵەتی نەتەوەیی) کە ئاواتو خۆزگەی زۆر لەو بیریارانە بووە.

6. بیریارانی پەیمانی کۆمەڵایەتیش وەك (تۆماس هۆبز) و(جۆن لۆك) و(جان جاك ڕۆسۆ) زۆر لەم چوارچێوەیە دوور نەکەوتوونەتەوە، هەوڵی بنەڕەتییان



مەكتەبی بیر و هۆشیاری

لەبارەی لێکۆڵینەوەی چۆنیەتی سەرهەڵدانی دەوڵەتو گەشەکردنیەوە بووە، وەك یەکەمین ڕێکخراوی سیاسی مرۆیی کە کاروبارەکانی مرۆڤو پەیوەندییەکانی بە دیاردەی دەسەڵاتەوە ڕێکدەخات.

7. هەروەها زۆرێك لە بیریاران ولێکۆڵیارانی هاوچەرخیش هەمان ڕایان هەیە لەبارەی پەیوەندی نێوان زانستی سیاسەت ودەوڵەتەوە، لێرەدا لە هەر قوتابخانە یان دەوڵەتێك چەند کەسێك بە نموونە باس دەکەین، وەك:

أ. (پۆڵ جانیە) دەڵێت: زانستی سیاسەت بریتییە لە زانستی دەوڵەت، کە لێرەدا مەبەست لە دەوڵەت تەنها بریتی نییە لە فلانە یان فیسارە دەوڵەت، بەڵکو ئاماژەیە بۆ دەوڵەت بە شێوەیەکی گشتی هەر لە شێوازەکانیەوە تا دەگاتە یاسا بنەڕەتییەکانی..هتد.

ب. (جان دایان) دەڵێت: گومانی تێدا نییە کە زانستی سیاسەت بریتییە لە زانستی دەوڵەت، ناشگونجێت هیچ شتێکی تر بێت جگە لەوە، لێرەوە هەر شتێك پەیوەندی بە دەوڵەتەوە هەبێت، دەبێت بە بەشێك لە بابەتەکانی زانستی سیاسی.

ج. (گریرو ئۆرلیانز) دەڵێن: زانستی سیاسەت لە بارەی دەوڵەتەوە دەکۆڵێتەوە لە ڕووی:

. بونیادی دەوڵەت.

. سروشتی شەرعیەتی دەسەڵاتو مەرجەکانی.

. سروشتی قۆرغکردنی هێزو بەکارهێنانی لە لایەن دەوڵەتەوە.

. سروشتی لایەنە لاوەکییەکانی ناو دەوڵەت وململانێکانیان لەگەڵ دەوڵەتدا.

د. (قاموسی سیاسی ئەمریکی) زانستی سیاسەت بە یەکێك لە زانستە کۆمەڵایەتییەکان دائەنێت، کە باس لە بیردۆزی دەوڵەتو چۆنیەتی ڕێکخستنیو پرۆسەی حوکمڕانی دەکات.

مەکتەبی بیر و هۆشیاری

هـ. ( قاموسی ئۆکسفۆردی بەریتانی) پێناسەی سیاسەت ئەکات بەو زانستەی کە لە شێوەی دەوڵەت و بەڕێوەبردنی و پەیوەندییەکانی لەگەڵ دەوڵەتانی تردا ئەکۆڵێتەوە.

و. ( قاموسی فەلسەفی سۆڤیەتی) یش پێناسەی سیاسەت ئەکات بەوەی کە بریتییە لە بەشداریکردن لە کاروباری دەوڵەت و ئاراستەکردنی دەوڵەت و دیاریکردنی شێوازو ئەرك و پێکهاتەی چالاکییەکانی دەوڵەت.

بەڵام ئەم ئاراستەیە ڕووبەڕووی ژمارەیەك ڕەخنە بووەتەوە کە گرنگترینیان ئەمانەن:

*1*ـ کورتکردنەوەی زانستی سیاسەت تەنها لە دەوڵەتدا دەبێتە هۆی دروستکردنی کێشەیەکی گەورە لە بەردەم زانستی سیاسەتدا، چونکە ئەم پرسیارە دێتە پێشەوە کە: ئایا ئەو نەتەوە وکۆمەڵگایانەی کە دەوڵەتیان نییە سیاسەتیشیان نییە؟ یان سیاسەت لە دەوڵەت فراوانترە؟

*2*. بەستنەوەی زانستی سیاسەت بە دەوڵەتەوە دەبێتە هۆی زاڵکردنی لایەنی دامودەزگایی دەوڵەت و لایەنی یاسایی لە لێکۆڵینەوەکاندا تا وای لێدێت سیاسەت ئەبێت بە بەشێك لە قانون، ئەمەش دوورکەوتنەوەیە لە دیاردەی دەسەڵاتی سیاسی کە کرۆکی حوکمکردنە.

*3*. ئایا مەبەست چییە لە دەوڵەت کاتێك دەگوترێت لە یۆنان و ڕۆمانی کۆندا باس لە دەوڵەت کراوە؟ چونکە دەوڵەت بەم فۆرمەی ئێستا و وەك دیاردەیەکی سیاسی ـ ئابوری ـ کۆمەڵایەتی بەرهەمی مێژووی نوێی ئەوروپایە، نەك مێژووی کۆن.

*4*. دەوترێت زانستی سیاسەت بریتییە لە زانستی دەوڵەت مەبەست ئەوەیە کە بەهۆی دەوڵەتەوە چوارچێوەیەك بۆ بابەتێکی ئاڵۆزی وەك سیاسەت دیاریبکرێت، بەڵام ئەمەش کێشەیەکی ئاڵۆزتر دروست دەکات کە بریتییە لە



مەکتەبی بیر و هۆشیاری

پێناسەی دەوڵەت خۆی!! چونکە وەك (دەیڤید ئیستۆن) دەڵێ: نزیکەی (*150*) پێناسەی دەوڵەت هەیە لە گۆشەنیگای جیاوازەوە.

**<u>دووەم: زانستی سیاسەت وەك زانستی دەسەڵاتی سیاسی:</u>**

چەمکی کۆنی زانستی سیاسەت، وەکو زانستی لێکۆڵینەوەی دەوڵەت ڕەخنەی زۆری لێگیراوە. ئەم چەمکە جەخت لە فۆرم دەکاتەوە و دەبێتە هۆی وردبوونەوەی روکەشی لەڕادەبەدەر لە جێبەجێکردنی یاسادا. هەروەها ڕەوتی دینامیکی ئەنجامەکانی لەبەرچاو ناگرێ. بەم پێیە، بواری ئەو زانستەی کە ئێستا زانستی سیاسەت هەوڵدەدا لەخۆی بگرێ، لە دەوڵەت فراوانترە. لێرەوە ئەم ئاراستەیە ڕای وایە کە بابەتی سەرەکی سیاسەت بریتییە لە دەسەڵات و زانستی سیاسەتیش بریتییە لە زانستی دەسەڵاتی سیاسی.

<u>*(جان مینۆ)*</u> دەڵێت: سەرەتای ئەم هەولانە دەگەڕێتەوە بۆ ماوەی نێوان هەردوو جەنگی جیهانی یەکەم و دووەم. هاوکات چەند هۆکارێکی وەك لاوازیی ئەو لێکۆڵینەوانەی کە گرنگیان بە دەوڵەت ئەدا لەلایەك، هەروەها قەبارە و چڕی ئەو ململانێیانەی کە سەدەی بیستەم بەخۆیەوەی بینی بە مەبەستی چاودێری کردن وکۆنترۆڵکردنی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی لە لایەکی تر ڕێگەیان خۆشکرد بۆ سەرهەڵدانی ئەم ئاراستەیە.

لە ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا و، لە بواری لێکۆڵینەوەی زانستی سیاسیدا، زۆربەی لێکۆڵیاران و پسپۆران کار بە ئەم ئاراستەیە ئەکەن، بۆ نموونە:

*1*. ئەو هەوڵە گەورەیەی کە عەمید <u>*(لیۆن دوگی)*</u> لە پێناو جەختکردنەوە لە جیاکاری سیاسی نێوان فەرمانڕوا وخەڵکدا (التمييز السياسي بين الحكام والمحكومين) پێش کەشی کرد ڕۆڵێکی بەرچاوی بینی لە بەهێزکردنی ئەم ئاراستەیەدا. (دوگی) ڕای وایە کە هەموو کۆمەڵەیەکی مرۆیی، بچووك بێت یان

گەورە، بەردەوام بێت یان کاتی، هەمیشە دابەش دەبێت بەسەر دوو دەستەی سەرەکیدا: کەمینەیەکی بڕیاردەرو زۆرینەیەکی گوێڕایەڵ، هەروەها ئەو پەیوەندیەی کە ئەو دوو دەستەیە پێکەوە دەبەستێت بریتییە لە پەیوەندی دەسەڵات.

*2. (ولیام ڕۆبنسۆن)* ئەڵێت: ئەرکی زانستی سیاسی بریتییە لە لێکۆڵینەوەی سروشتی دەسەڵاتو بنەماکانیو ئامانجەکانیو چۆنیەتی مومارەسەکردنی لەلایەك وکاریگەرییەکانی لەسەر کۆمەڵگە بەگشتی لەلایەکی تر.

*3ـ (جۆرج بۆردۆ)* دەلێت: سیاسەت لە ئاستی دەرکەوتنی واقیعیو هەستپێکراودا، لە دیاردەی دەسەڵاتدا بەرجەستە ئەبێت، لێرەوە ناتوانرێت سیاسەتو دەسەڵات لێکتر جیابکرێنەوە.

*4ـ (هارۆڵد لاسوێڵ)* لە پێناسەی زانستی سیاسەتدا، ئەڵێت: زانستی سیاسەت بەشێوەیەکی ئەزموونگەریی، بریتییە لەخوێندنەوەی چۆنیەتی دروستبوونی دەسەڵات وبەشداربوون تیایدا. بەڕای ئەو کاری سیاسی، کارێکە لەسەر بنەمای دەسەڵات ئەنجام دەدرێ.

*5. (هارۆڵد لاسکی):* سیاسەت واتە زانستی ئەوەی کە (کێ دەیباتەوە؟ چی دەباتەوە؟ کەی دەیباتەوە؟ چۆن دەیباتەوە؟) بەڵام دەبێ ئەوە بزانرێ کە ئەمە پێناسەی (زانستی سیاسەتە) نەك خودی سیاسەت، چونکە لە زانست و هۆشیاری دەدوێ.

*6ـ (دەیڤید ئیستۆن)* ئەڵێت: سیاسەت "بەزۆر دابەشکردنی بەهاکانە". زانستی سیاسەتیش بریتییە لە لێکۆڵینەوەی زانستیانەی پرۆسەی دابەشکردنی بەهاکان (مادی ومەعنەوی) لەلایەن دەسەڵاتەوە لە کۆمەلگادا.

*7ـ (حسن صعب)* ئەڵێت: زانستی سیاسەت گرنگی ئەدات بە دەسەڵاتی سیاسی، لە ڕێگەی لێکۆڵینەوەی چۆنیەتی بەدەست هێنانو پارێزگاری



لێکردنو مومارەسەکردنو بەرهەڵستکردنیەوە، ئەمەش پاساوی ئەوەی بۆ ئەدات کە زانستێکی سەربەخۆ بێت.

8ـ بۆ پێناسەی دەسەڵاتی سیاسی دیسان ناکۆکی زۆر هەیە، بەڵام لێرەدا جەخت ئەکەینەوە لەسەر ئاراستە گشتییەکان:

- دەسەڵات بریتیە لە مافی حوکمکردن (شەرعیەت) *Authority*.
- دەسەڵات بریتیە لە توانستی حوکمکردن (هێز) *Power* .
- دەسەڵات بریتیە لە کاریگەری لەسەر پرۆسەی حوکمکردن (پرۆسەی کاریگەری) *Process*

* بەڵام بۆ دەستخستنی پێناسەیەکی تەواو پێویستە بڵێین بریتییە لە (ماف + توانست + کاریگەری).

گرنگترین خاڵە ئیجابییەکانی ئەم ئاراستەیە:

سیاسەتناسی فەرەنسی (جان مینۆ) گرنگترین خاڵە ئیجابییەکان بەم شێوەیە کورت ئەکاتەوە:

1. جەختکردنەوە لەسەر میکانیزمەکانی کارکردنی دەسەڵاتی سیاسی، بوار ئەڕەخسێنێت بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی چالاکی زانستی سیاسەت بۆ ئەوەی بتوانێت نەخشەیەکی گونجاو پێش کەش بکات سەبارەت بە بنەماکانی بواری گشتی ژیانی کۆمەڵگا.

2ـ بەکارهێنانی چەمکی دەسەڵاتی سیاسی لە لێکۆڵینەوەکاندا بوار دەڕەخسێنێت بۆ سازدانی بەراوردی گرنگو بەسوود لە نێوان ئەو کۆمەڵگانەی کە خاوەن دەوڵەتن لەگەڵ ئەوانەی کە خاوەن دەوڵەت نین، ئەم کارەش قۆرغکردنی سیاسەت لەلایەن دەوڵەتەوە کۆتایی پێدێنێتو، بە سەرەتای بەگشتیکردنی دیاردەی سیاسەت دائەنرێت.

**سێیەم: زانستی سیاسەت و لێکۆڵینەوەی دەسەڵاتی سیاسی هاوچەرخ**

*1*. گرنگترین بەدەستهێنانی زانستی سیاسی بریتییە لە گۆڕینی ئاراستەی بیرکردنەوە، لە پرسیاری: کێ دەسەڵاتدار بێت؟ بۆ پرسیاری: چۆن دەسەڵاتداری بکرێت؟ ئەم خاڵە بە ڕوونی ئەو گۆڕانکارییە ئاشکرا ئەکات کە بەسەر بەگشتیکردنی سیاسەت و پرسیاری سیاسەتدا هاتووە لە کۆمەڵگە مرۆڤایەتییەکاندا، لەوەی قۆرغکرابوو لەلایەن چەند کەسێکەوە بۆ حاڵی ئێستای کە جێگەی گرنگی تەواوی گەلانە.

*2*ـ لەڕووی بنەمای دەسەڵاتەوە یان سەرچاوەی دەسەڵاتی سیاسییەوە، زانستی سیاسەت ئەیەوێت بناغەیەکی بەهێز و عەقڵانی و ویستراو بۆ دەسەڵات دابمەزرێنێت. هنتنگتون ئەم پرۆسەیە بەعەقڵانیکردنی دەسەڵات ناودەبات *Rationalization of Authority*. لێرەوە هەموو دەسەڵاتێك پێویستی بە دوو بنەمای سەرەکی هەیە:

أ. زاڵبوون بەسەر کۆمەڵگا لە ڕووی هێزەوە (ناچارکردن بە گوێڕایەڵی *Control*).

ب. چالاکی و کاریگەری دەسەڵات بەسەر کۆمەڵگاوە (ڕەزامەندی و بەرژەوەندی *Activity* ).

*3*ـ لە ڕووی مومارەسەی دەسەڵاتەوە لە دەوڵەتی هاوچەرخدا، گرنگترین بابەت لێرەدا بریتییە لە جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان لە یەکتر کە لە سەردەمی "مۆنتسکیۆ" وە کاری لەسەر ئەکرێت. هنتنگتون ئەم پرۆسەیە بەجیاکاری (التمایز) ی سیاسی ناوئەبات *Differentiation* .

*4*ـ چەمکی سەرەکی لە ژیانی سیاسیدا بریتییە لە (ململانێ/ صراع/ *conflict*). بەڵام ڕێکخستنی ئەم چەمکە لە کۆمەڵگادا لە ڕێگەی میکانیزمی (ململانێی ئاشتیانە لەسەر دەسەڵات)، (ئاڵوگۆڕی ئاشتیانەی دەسەڵات)



و (قۆرغکردنی بەکارهێنانی ڕەسمی زەبر وزەنگ لە کۆمەڵگادا بۆ دەسەڵاتی شەرعی) ڕێکدەخرێت. هەروەها ڕێگەدان بە بەشداری سیاسی بۆ هاوڵاتیان و زامنکردنی ئازادیی دەربڕین و کۆبوونەوە و بەرهەڵستیکردنی دەسەڵات بە یاسا. هنتنگتۆن ئەم پرۆسەیە ناودەنێت بەشداری سیاسی *political participation* .

*5*ـ بەڵام بەهۆی جیاوازی بارودۆخ و ژینگەی سیاسی و ئاستی ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابووری خەڵکی وڵاتانی جیهانی سێیەم و باشوورەوە، ئەوا کۆمەڵێك لێکۆڵینەوەی تایبەت لەسەر کێشەکانی ئەو کۆمەڵگایانە کراون. (لۆسیان پای) گرنگترین قەیرانەکانی/کێشەکانی ئەو کۆمەڵگایانە کورت ئەکاتەوە لە:

أ – قەیرانی ناسنامە *The Identity Crisis*

ب– قەیرانی شەرعیەت *The Crisis Legitimacy*

ج– قەیرانی بەشداری سیاسی *The participation*

د– قەیرانی ڕۆنەچون بە کۆمەڵگادا / التغلغل *penetration*

هـ– قەیرانی دابەشکردنی بەهاکان *Distribution*

*6*. رۆڵی زانستی سیاسەت لە دیموکراسیدا: سەردەمی ئێمە سەردەمی دیموکراسییە و خەڵك لە دیاریکردنی سیاسەت و کارە تایبەتیە سیاسییەکاندا رۆڵێکی گەورەیان هەیە، سیاسەت راستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ هەموو مرۆڤەکان دەگرێتەوە.

زانستی سیاسەت چەند بنەمایەك دەکات بە بڕیار کە دەبێ لە کاروبارە گشتیەکاندا پەیڕەوییان لێبکرێ. زانستی سیاسەت، خەڵك سەبارەت بە ئەرك و مافەکانیان وریادەکاتەوە. خەڵك سەبارەت بە ئامانج و ئەرکەکانی دەوڵەت و پێگەی تاك و پەیوەندیی لەگەڵ دەسەڵاتی دەوڵەتدا هۆشیاری پەیدادەکات.

خەڵکێکی لەو جۆرە دەتوانن لە کاروبارە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکاندا ڕۆڵێکی گرنگ ببینن. لەو وڵاتانەدا کە خەڵك هۆشیاری سیاسییان نییە، پێوەرەکانی ژیانی سیاسی و بەڕێوەبردنی کاروباری گشتی و هەڵبژاردنی سیاسەتمەداران لە ئاستێکی باڵادانییە، ڕێبەرەکان بەرپرسی کارەکانی خۆیان نین و هیچ خەمێکیان سەبارەت بە ڕەخنەی خەڵکی نییە.

ئامانجی سەرەکی فێربوونی زانستی سیاسەت، بەخشینی هۆشیاری سیاسییە بە خەڵکی کۆمەڵگایەکی ئازاد. هوشیاریی سیاسی خەڵك و هەستکردنیان بە لێپرسراویی لە بەرامبەر چارەنووسی خۆیان و وڵاتەکەیاندا دەتوانێ ببێتە هۆی مانەوەی ئەو کۆمەڵگایەی دەیانەوێ. ئەگەر هۆشیاریی و لێپرسراوێتیەکی لەوجۆرە نەبێ، کۆمەڵگا لەبەریەك هەڵدەوەشێ. هۆشیاریی و تێگەیشتنی ئاڵۆزییەکانی حکومەت و سیاسەت، بەهایەکە کە هەموو خەڵکێ دەبێ بۆ بەڕێوەبردنی ژیانی خۆیان بیدەن.

زانستی سیاسەت هەوڵدەدا ئەم جۆرە هۆشیاریانە بهێنێتە ئاراوە. تەنها دەنگدان لە هەڵبژاردندا مەرجی تەواونییە بۆ بەشداریی سیاسی، بەڵکو زانینی وەڵامی ڕاستی پرسیارە سیاسیەکان پێویستە. خەڵك دەبێ بزانن حکومەتی وڵاتەکەیان چۆن کاردەکات و هەروەها دەبێ لەوە تێبگەن کە لەپشت سیاسەتە تایبەتەکانەوە ئەو بەرژەوەندی و هێزانە چین کە هەن و ئەنجامی پراکتیکی ئەو سیاسەتانە چین. چ کەسانێ بەڕاستی لەلایەن خەڵکەوە هەڵبژێردراون و خەڵك ئەو کەسانەی بۆ گەیشتن بە چ ئاوات گەلێك هەڵبژاردووە. ناهۆشیاری سیاسی، زۆرجار بۆتە هۆی لەناوچوونی وڵات و ژیانی مرۆڤەکان.



مه کته‌بی بیر و هۆشیاری

## تەوەرەی دووەم

## سیستمی سیاسی ( *Political System* )

### یەکەم: پێناسەی سیستمی سیاسی:

*1*. زانای ئەمریکی (دەیڤید ئیستن) پێناسەی سیستمی سیاسی ئەکات بەوەی کە بریتییە لە (کۆمەڵێك کارلێکردن و ڕۆڵی جیاواز کە پەیوەستن بە دابەشکردنی دەسەڵاتدارانەی بەهاکانەوە *Authoritative allocation of Values*) چونکە بەڕای (ئیستن) پرۆسەی دابەشکردنی بەهاکان (واتە کێ، چی دەست دەکەوێت؟ *Who gets what?*) بریتییە لە تایبەتمەندی یەکەمی سیستمی سیاسی. هەر لەبەر ئەم هۆیەشە کە کاتێك کێشەیەك لە نێو ئەندامانی کۆمەڵگایەکدا دروست ئەبێت سەبارەت بە دابەشکردنی بەهاکان (کاڵا وخزمەتگوزارییەکان) ئەوا حکومەتی ئەو کۆمەڵگایە بە بڕیارو ڕاسپاردەی پێویست هەڵوێستەکە چارەسەر ئەکات.

*2*. بەڵام (گابریل ئەلمۆند) لای خۆیەوە پێناسەیەکی تر پێشنیار ئەکات و ئەڵێت: (سیستمی سیاسی بریتییە لە سیستمی کارلێکردنەکان کەلە هەموو کۆمەڵگا سەربەخۆکاندا هەیە و ئەرکی تەواوکاری و خۆگونجاندنی ناوخۆیی ودەرەکی ئەنجام دەدات لە ڕێگەی بەکارهێنانی هێزی ملکەچکردنی ماددی مەشروعەوە. بە ڕای (ئەلمۆند) هەر ئەم خاڵەیە کە سیستمی سیاسی و سیستمی کۆمەڵایەتی لێکتر جیائەکاتەوە.

*3*. هەروەها (ڕۆبێرت داڵ) ئەڵێت: سیستمی سیاسی شێوازێکی بەردەوامی پەیوەندییە مرۆییەکانە کە تا ڕادەیەکی زۆر هێز وحوکمڕانی و دەسەڵات لە خۆی دەگرێت.

مەكتەبی بیروهۆشیاری

4. (<u>ڕۆی ماكریدس</u>)یش ڕای وایە كە سیستمی سیاسی لە لایەكەوە ئامرازی دیاریكردنو دەرخستنی كێشەكانەو لەلایەكی تریشەوە ئامرازی ئامادەكردن وجێبەجێكردنی بڕیارەكانە سەبارەت بە كاروباری گشتی كۆمەڵگا.

(ڕۆی ماكریدس) ڕای وایە كە بۆ ئەوەی بتوانین لێكۆڵینەوە لەسەر سیستمی سیاسی بكەین پێویستە پێش هەموو شتێك باس لەم سێ ڕەگەزە سەرەكییە بكەین:

<u>أ. بنەما سیاسییەكان Political Foundations</u>: بە مانای ژینگەی سیستم و ئەو هۆكارانەی كە پێكیدەهێننو سنووری جوڵەو چالاكییەكانی دیاری ئەكەن، وەك: میراتی مێژوویی و هۆكارە جوگرافییەكانو سیستمی ئابووریو پێكهاتەی كۆمەڵایەتی و ژینگەی ڕۆشنبیری.

<u>ب ــ دینامیكیەتــە سیاســییەكان Political Dynamics</u>: كــە سیــستمی هەڵبژاردنــەكانو پارتــە سیاســییەكانو كۆمەڵــەو گروپــەكانی بەرژەوەنــدیو سەركردە سیاسییەكان لە خۆی دەگرێت.

<u>ج ـ پرۆســەی دروســتكردنی بڕیــار Decision Making</u>: كــە لێكۆڵینــەوەی شــــێوازی دەســــتووریو دامودەزگاكــــانی یاســــادانانو جێبــــەجێكردنو دادوەرییكردنو بیرۆكراتیەتی دەوڵەتو ڕادەی توانا و چالاكی ئەم دەزگایانــە لــە جێبەجێكردنی ئەركەكانیاندا لە خۆی ئەگرێت.

(ماكریدس) ڕای وایە كرۆكی پرۆسەی سیاسی لە كارلێكردنی نێوان بنەما سیاسییەكانو دامودەزگاكانی حكومەتدایە. هەروەها كۆمەڵگاش بە شێوەیەكی گشتی بریتییە لە ژینگەی كاركردنی سیستمی سیاسیو پارتە سیاسییەكانو گروپو كۆمەڵەكانیش بریتیین لە هێڵی پەیوەندی لە نێوان ئەم ژینگەیەو بڕیار دروســـتكەراندا. لێــرەدا ســـەركردایەتی سیاســـی ناچـــاردەبێت ئاگـــاداری



داواكارییەكانی خەڵك بێت هەڵیانسەنگێنێتو لە ژێر ڕۆشنایی ئەو بارودۆخەدا بڕیار وسیاسەتی گونجاو بگرێتەبەر بۆ ڕووبەڕووبوونەوە وچارەسەركردنیان.

كەواتە مانەوەو سەقامگیریی سیستمی سیاسی بەندە بە ڕادەی چالاكیو تواناكانی بۆ ئەنجامدانی ئەم پرۆسەیە بە شێوەیەكی بەردەوامو گونجاو. شاراوەش نییە كە ئەگەر سیستمی سیاسی ڕێگە نەدات بەخەڵك بە شێوەیەكی ئاشــتییانەو لــە چوارچــێوەی یاســادا ڕای خۆیــان دەربــبڕنو بــەرگری لــە بەرژەوەندییەكانیان بكەن یان دامودەزگاكانی حكومەت بە شێوەیەكی چالاك نەتوانن ئەركەكانیان ئەنجام بدەن، ئەوا ئەگەری ئەوە هەیە پەناببرێت بۆ ڕێگەی نایاسایی و شێوازی توندوتیژ بۆ دەربڕینو پاراستنی بەرژەوەندییەكانیان، ئەمەش بە هەڕەشەیەكی بەردەوام دائەنرێت لەسەر جێگیریو سەقامگیری سیستمەكە بەگشتی.

بە پێی ئەم تێگەیشتنە سیستمی سیاسی خاوەنی سێ تایبەتمەندییە، كە ئەمانەن:

1ـ سیستم لە <u>حاڵەتی كارلێكردنێكی بەردەوامدایە</u> لە نێوان ئەندامەكانیدا یان یەكە پێكهێنەرەكانیدا. ئەم كارلێكردنە ئەگونجێت بەتاك بێت یان بەكۆ، ڕاستەخۆ بێت یان ناڕاستەخۆ لە شێوەی دوو قۆڵیدا بێت یان فرە لایەن بێت.

2ـ ئەم كارلێكردنە لە نێوان یەكە پێكهێنەرەكانی سیستمدا ئەگاتە ئاستی <u>پشت بەستن بەیەكتری (الاعتماد المتبادل Interdependences)</u> بە مانای ئەوەی كــارو كاردانــەوەی یــەكێك لــە پێكهێنــەرەكانی كاریگــەری دەبێــت لەســـەر گۆڕانكاریی لە پێكهێنەرەكانی تردا.

3ـ سیستمەكان بە شێوازی جیاواز <u>پارێزگاری لە خۆیان دەكەن Self-maintenance</u>، لێرەوە هەموو سیستمێك دامەزراوەی تایبەت بنیادئەنێتو كار

مەکتەبی بیر و هۆشیاری

بە میکانیزمی جیاواز ئەکەن بە مەبەستی پاراستنیو بوونی خۆیانو زامنکردنی بەردەوامبوونیان لەگەڵ تێپەڕبوونی کاتدا.

لەگەڵ ئەمانەشدا بابەتی گواستنەوەی زانیارییەکان لەناوخۆی سیستمدا زۆر گرنگە چونکە لە لایەکەوە بڵاوبوونەوەی زانیاری بە شێوەیەکی دروست کاریگەری ئیجابی لەسەر کارکردنی سیستمەکە دەبێت، هەروەها لەلایەکی ترەوە دەبێتە مایەی بەردەوامی بۆ سیستمەکە.

## دووەم: جیاوازی نێوان سیستمی سیاسیو ڕژێمی حوکمڕانی

لە ڕووی تەقلیدیەوە پێشتر بەشێوەیەك باس لە سیستمی سیاسی ئەکرا کە بریتییە لە ڕژێمی حوکمڕانی (نظام الحکم)، چونکە قوتابخانەی دەستوورگەرایی کە لە پێش (جەنگی جیهانیی دووەمەوە)ەوە برەوی هەبوو تائێستاش لایەنگری هەیە، کە بە شێوەیەك لە سیستمی سیاسی تێگەشتبوون کە بریتییە لە دامەزراوە سیاسییەکانو، بە تایبەتتریش ڕایان وابوو کە بریتییە لە دامەزراوە حکومییەکانی هەر کۆمەڵگایەك واتە سێ دەسەڵاتەکەی یاسادانانو جێبەجێکردنو دادوەریی.

بەڵام بە هۆی گۆڕانکاریو پەرەسەندنەکانی پاش (جەنگی جیهانیی دووەم)و سەرهەڵدانی قوتابخانەی ڕەفتارگەرایی (المدرسة السلوکیة) لە زانستی سیاسەتدا، ئاراستەی تێگەشتن گۆڕا بۆ ئەوەی کە سیستمی سیاسی تەواوی ئەو کارلێکردنە سیاسیو پەیوەندییە ئاڵۆزانە ئەگرێتەوە کە پەیوەستن بە دیاردەی سیاسییەوە.

بەڵام سیستمی سیاسی تەنها لە حکومەتدا کورت ناکرێتەوە، بەڵکو حکومەت بەشێکە لە سیستمی سیاسی. هەروەها دەتوانین بڵێین سیستمی سیاسی ئەو ژینگەیەیە یان ئەو چوارچێوەیەیە کە هەموو پرۆسەکانی



مەکتەبی بیر و هۆشیاری

یاسادانانو جێبەجێکردنو دادوەریکردنو بەڕێوەبردنی تێدا ڕوودەدات، بەڵام لێرەدا نابێت ئەوە فەرامۆش بکرێت کە بەشێکی زۆر لە چالاکی سیاسی لە دەرەوەی ئەو دامودەزگا فەرمیو حکومییانەدا ڕوودەدات وەك چالاکی پارتە سیاسییەکانو گروپەکانی فشارو بەرژەوەندیو کۆمەڵە جیاوازەکان کە لە حکومەتدا بەشدارنین، بە مانایەکی تر ئەم دامەزراوانە بەشێکن لە سیستمی سیاسی، بەڵام بەشێك نین لە حکومەت.

زاراوەی سیستمی سیاسیو ڕژێمی حوکمڕانی لە دوو بابەتدا لێکتر جیا ئەکرێنەوە:

*1*. <u>بابەتی شەرعیەت</u>: واتە ڕادەی ڕەزامەندی خەڵك لە ڕژێمەکە، لێرەدا ڕەنگە شەرعیەتی ڕژێمی حوکمڕانی بکەوێتە ژێر پرسیارەوە یان هەندێك لە سیاسەتەکانی ڕەفز بکرێتەوە لەلایەن خەڵکەوە بەبێ ئەوەی ئەم حاڵەتە ببێتە هۆی لاوازبوونی شەرعیەتی سیستمی سیاسی بە شێوەیەکی ڕاستەخۆ، بۆ نموونە لە سیستمە سیاسییە دیموکراتەکاندا بڕیارەکانی حکومەتێك لەلایەن خەڵکەوە ڕەفزئەکرێتەوە وهەندێك جاریش حکومەتەکە ئەڕوخێنرێت بەبێ ئەوەی سیستمە سیاسییەکە بروخێنرێت.

*2*ـ <u>بابەتی ئاسایش</u>: لێکۆڵینەوەکان جیاوازی ئەکەن لە نێوان ئاسایشی ڕژێمی حوکمڕانی *Regime Security* وئاسایشی نەتەوەییدا *National Security*، کە یەکەمیان بریتییە لە پاراستنی ئاسایشی نوخبەی دەسەڵاتدارو پاراستنی بارودۆخی باو لە بەرژەوەندی ئەوان، لە کاتێکدا ئاسایشی نەتەوەیی مانای پاراستنی ئاسایشی ناوخۆییو خۆشگوزەرانی خەڵكو پاراستنی وڵاتە دژی هەڕەشەکانی دەرەوەش.

مەکتەبی بیروهۆشیاری

**سێیەم: دەوڵەت:**

وەك هەر دیاردەیەکی سیاسی تر، لە چوارچێوەی لێکۆڵینەوەکانی زانستی سیاسی و یاسادا چەندین پێناسەی جیاواز هەیە بۆ دەوڵەت، کە ئەتوانین بە شێوەیەکی گشتی لە سێ ئاراستەی سەرەکیدا پۆلێنیان بکەین:

*1*. بونیادی دەوڵەت: ئەم ئاراستەیە جەخت ئەکاتەوە لەسەر لایەنی بونیادو پێکهاتەی دەوڵەت، بە شێوەیەکی گشتی زیاتر یاساییەکان سەر بەم ئاراستەیەن، "هارۆڵد لاسوێڵ" و"ئەبراهام کاپلان" ڕایان وایە کە دەوڵەت لە چوار ڕەگەزی سەرەکی پێکدێت کە بریتین لە (هەرێم و گەل و دەسەڵاتی سیاسی و سەروەری).

*2*ـ وەزیفەی دەوڵەت: ئەم ئاراستەیە گرنگی بە وەزیفەو ئەرکی دەوڵەت ئەدات و زیاتر لایەنی کرداری دەوڵەت و کاریگەرییەکانی لەسەر ژیانی خەڵك لە پێش چاو ئەگرێت، بۆ نموونە "بیلارد" ئەڵێت: دەوڵەت بریتییە لەو سیستمەی کە ئیرادەی خەڵك ڕێکدەخات بە شێوەیەکی سیاسییانەو لە ڕوانگەی لەبەرچاو گرتنی بەرژەوەندییە گشتییەکانەوە.

*3*ـ پەیوەندییەکانی دەسەڵات: ئەم پێناسەیە گرنگی بەو جیاکارییەی زانا "لیۆن دوگی" ئەدات کە کۆمەڵگەی سیاسی دابەش ئەکات بۆ دەستەی سەرەکی: کەمینەیەکی حاکم ودەسەڵاتدارو زۆرینەیەکی مەحکوم وفەرمانپێکراو. واتە دەوڵەت بەبێ ئەو جیاکارییە دروست نابێت، چونکە ئەو پرۆسەی جیاکارییە چەقی دەسەڵاتی سیاسی دیاری ئەکات.

ئەوەی لێرەدا شایانی ئاماژەیە ئەوەیە کە ناتوانین بە هیچ کام لەو ئاراستانە بڵێین هەڵەیە، لەگەڵ ئەوەشدا ناتوانین بڵێین کە هیچکامیان بە تەنها بەسە بۆ پێناسەکردنێکی هەمەلایەنەی دیاردەی دەوڵەت، بۆیە بۆئەوەی پێناسەیەکی



مەکتەبی بیروهۆشیاری

گشتگیرترمان دەست بکەوێت هەر سێ ئاراستەکە لە پێناسەیەکدا کۆ ئەکەینەوە: ﴿دەوڵەت = بونیاد + ئەرك + پەیوەندی﴾.

**چوارەم: پێکهێنەرە سەرەکییەکانی دەوڵەت:**

*1*. گەل / الشعب / *Population*: هەبوونی ژمارەیەك لە دانیشتوان کە سیفەتێکی سیاسییان هەیەو بە وشەی (گەل) گوزارشتی لێ ئەکرێت، مەرجێکی سەرەکییە بۆ دروست بوونی هەر دەوڵەتێك و، هەرگیز بەبێ هەبوونی (گەل) ناتوانین دەوڵەت بێنینە بەرچاو.

بۆ دانپێدانانی دەوڵەت ژمارەیەکی دیاری کراو لە دانیشتوان بە مەرج دانەنراوە، بۆیە ئەگونجێت چەند هەزارێك بن وەك "میرنشینی مۆناکۆ" یان زیاتر لە ملیارێك بن وەك "کۆماری چینی میللی"، بەڵام بێگومان ژمارەی دانیشتوان بە یەکێك لە پێوەرەکانی دیاریکردنی هێزی دەوڵەت دائەنرێت.

هەروەها مەرج نییە هەموو دانیشتوانی دەوڵەتێك سەر بە یەك ئایین و نەتەوەبن و بەهەمان زمان قسەبکەن، هەرچەندە ئەگەر گەلێك لەو خاڵانەدا هاوبەش بێت ئەوا بێگومان دەوڵەتەکەیان لە ڕووی جێگیری سیاسی و پێکەوەژیان و هاوکاری کۆمەڵایەتییەوە بەهێزتر ئەبێت، چونکە زۆرجار جیاوازی ئەو پێکهێنەرانە لە دەوڵەتدا ئەبێتە هۆی ناکۆکی سیاسی و ململانێی ئیتنی و نەتەوەیی و لە ئەنجامیشدا کاریگەری ئەبێت لەسەر پێگەو کۆی هێزی دەوڵەتەکە.

ئەم تێبینییە هەرگیز ئەوە ناگەیەنێت کە ئەگەر دانیشتوانی دەوڵەتێك لە یەکێك یان زیاتر لەو پێکهێنەرانەدا جیاوازبوون ئەوا ناتوانن لە چوارچێوەی قەوارەیەکی وەك دەوڵەتدا پێکەوەبژین و پەیوەندییەکانیان ڕێکبخەن. بەڵام ئەگەر جیاوازی هەبوو لەنێوان پێکهێنەرەکاندا ئەوا پێویستە لەسەر دەوڵەت و

دامودەزگاکانی کە لە ڕووی پێکهاتەو نوێنەرایەتیکردنو بەشداری سیاسیو دابەشکردنی بەهاکانەوە لە کۆمەڵگادا بە شێوەیەکی یەکسانو دادپەروەرانە کاربکەنو پێوەری هاولاتیبوون بەسەر تەواوی پێکهێنەرەکاندا بچەسپێنرێت بەبێ جیاوازی بۆ ئەوەی هیچ لایەنێك هەست بە پەراوێزخستنو دوورەپەرێزی نەکات لە پرۆسەی سیاسیدا، ئەمەش وا ئەکات هەموویان ئینتیمایان بۆ ئەو قەوارەیە بۆ دروست ببێت کە پێی ئەوترێت دەوڵەت هەرچەندە لە ڕووی ئایینو نەتەوەو زمانیشەوە جیاوازبن.

2. هەرێم / الإقليم / Territory: هەبوونی هەرێمێك بۆ ئەوەی گەلی دەوڵەتەکەی لەسەر بژی یەکێکە لە مەرجە سەرەکییەکانی دروست بوونی دەوڵەت، چونکە بەبێ خاکێك ناتوانین گەلێك پێکەوە کۆ بکەینەوە.

هەوەها هەبوونی هەرێمێك مەرجێکی سەرەتاییە بۆ ئەوەی دەوڵەت بتوانێت مومارەسەی سەروەیی خۆی بکات، چونکە مانای سەروەری نیشتمانی بەستراوە بە توانای دەوڵەتەوە بۆ سەپاندنی دەسەڵاتی خۆی بەسەر تەواوی گەلەکەیدا کە لەسەر خاکی هەرێمەکەی ئەژین، کەواتە بەبێ خاك سەروەریی لە کوێ جێبەجێ بکرێت؟! لە لایەکی ترەوە لە ناوچوونی خاکی دەوڵەتێك واتە لەناوچوونی دەوڵەتەکە.

بۆ هەرێمیش بە هەمان شێوەی دانیشتوان ڕووبەرێکی دیاریکراو بە مەرج دانەنراوە بۆ ئەوەی دەوڵەتێك ئیعترافی پێبکرێت، لەبەرئەوە دەوڵەتان جیاوازن لە ڕووی ڕووبەری خاکی هەرێمەکەیانەوە، هەیە بە دەوڵەتی زۆربچووك دائەنرێت وهەشە بە دەوڵەتی کیشوەری گەورە. خاکی دەوڵەت دابەش ئەکرێت بۆ چەند هەرێمێکی وەك هەرێمی وشکانیو ئاوو ئاسمانی، هەروەها فراوانی ڕووبەری خاکی دەوڵەت بە خاڵێکی هێز دائەنرێت لە دیاریکردنی پێگەی



مەکتەبی بیر و هۆشیاری

دەوڵەتە جیاوازەکاندا، چونکە ئەم فراوانیە لە ڕووی کشتوکاڵو سامانی سروشتی..هتد سوودی لێوەرئەگیرێت.

هەرێمی دەوڵەت گرنگە بۆ دیاریکردنی دانیشتوانی دەوڵەت، چونکە دانیشتوانی دەوڵەت ئەبێت لەسەر خاکەکەی بژین. هەروەها لە ڕێگەی خاكو سنوورەوە کاروباری ناوخۆی دەوڵەتو ئاستی نێودەوڵەتی لێکتر جیائەکرێتەوەو ئیختصاصی دەسەڵاتەکانی دەوڵەت بەسەر گەلەکەی خۆیدا دیاری ئەکرێت بە جیا لە بێگانەکان.

3. حکومەت / الحكومة / Government: حکومەت بریتییە لەو دەسەڵاتەی کاروباری گەلێك لەسەر خاکی هەرێمێکی دیاری کراو بەڕێوە ئەبات بە مەبەستی دابینکردنی پێویستییەکانیانو پاراستنی ژیانوماڵو ئاسایشیان لە هەڕەشەی ناوخۆییو دەرەکی، لە ڕێگەی سەپاندنی یاساو ڕێساکان بەسەر هەمووڵایەکدا بە بێ جیاوازی، هەروەها ڕووبەڕوو بوونەوەی دوژمنان لە دەرەوە.

بۆ ئەوەی دەوڵەت بتوانێت ئەو ئەرکانە ئەنجامبدات پێویستە بە تەنها موڵکایەتیو بەکارهێنانی ئامرازەکانی توندوتیژی لە کۆمەڵگادا بۆخۆی قۆرخ بکاتو هیچ لایەنێکی تر مافی بەکارهێنانی زۆرو ناچارکردنی نەبێت جگە لە حکومەت.

لە ڕووی مومارەسەکردنەوە پێویستە دەسەڵاتی حکومەت دابەشبکرێت بەسەر هەر سێ دەسەڵاتی یاسادانانو جێبەجێکردنو دادوەرییدا، هەروەها لە ڕێگەی ئەم دابەشکردنەوە سنوور لەسەر دەسەڵاتی یەکتر دابنێن، هۆکارەکانی ڕاگەیاندنیش چاودێربن بەسەریانەوە.

هەروەها بۆ ئەوەی پێناسەیەکی تەواوی حکومەت بکەین ئەوا ئەبێت پێناسەکەی ﴿دەسەڵات = ماف + توانست + کاریگەری﴾ بەبیر بهێنینەوە.

مەکتەبی بیرو هوشیاری

## پێنجەم: بیردۆزەکانی سەرهەڵدانی دەوڵەت

لەلایەن فەیلەسوفان و یاساناسان و زانایانی بواری زانستی سیاسییەوە چەندین هەوڵی جۆراوجۆر هەیە لە بارەی لێکدانەوەی چۆنیەتی دروستبوونی دەوڵەتەوە، کە لە شێوەی چەند بیردۆزێکدا پۆلێن ئەکرێن، کە ئەمانەن:

### 1. بیردۆزی گەشەکردنی خێزانی:

ئەم بیردۆزە جەخت لەسەر ئەوە ئەکاتەوە کە دەوڵەت لە ئەنجامی گەشەکردنی مێژوویی خێزانەوە دروست بووە، واتە پەیوەندییەکانی خوێن و خزمایەتی لە چوارچێوەی خێزاندا کە بە سەرەتایەك دائەنرێت بۆ پێکهاتنی زۆربەی کۆمەڵگا مرۆییەکان بەهەمان شێوە بریتییە لە سەرەتا بۆ دروست بوونی دەوڵەتیش، بەم شێوەیە:
﴿خێزان....بنەماڵە.....خێڵ.....شار....دەوڵەت).

ئەم بیردۆزە لەلایەکەوە گیانی هاوکاری و ئینتیمای هاووڵاتیان بۆ دەوڵەت بەراورد ئەکات بە گیانی هاوکاری و ئینتیمای نێوان ئەندامانی خێزان، هەروەها لەلایەکی ترەوە دەسەڵاتی سیاسیی دەوڵەت بەراورد ئەکات بە دەسەڵاتی باوك لە خێزاندا.

### 2. بیردۆزی تیۆکراتی (حوکمی ئیلاهی):

بیردۆزی تیۆکراتی بناغەی دەوڵەت و سەرچاوەی دەسەڵاتی سیاسی ئەگێڕێتەوە بۆ خوداوەند واتە مەترسی ئەم بیردۆزە لەوەدایە کە پیرۆزییەك ئەبەخشێت بە دەسەڵات و دەسەڵاتداران، ئەمەش ئەبێتە هۆی لەناوبردنی هەر هەوڵێك بۆ ڕەخنەگرتن و لێپرسینەوە لە کارەکانیان، چونکە ئەگەر دەسەڵاتدار نوێنەری خودا بێت واتە تەنها ئیرادەی ئەو جێبەجێ ئەکات و کەسییش مافی ئەوەی نییە کە ڕەخنەی لێبگرێت.



بێگومان ئەم پیرۆزییەش لە چەند شێوەیەکدا بەرجەستەبووە، کە ئەمانەن:

أ. سەرەتا دەسەڵاتداران خۆیان لە شێوەی خوداکاندا نمایش ئەکردو حاکم وەکو خودایەك لەسەر زەوی پیرۆزیی بە دەسەڵات و بڕیارو کردەوەکانی ئەبەخشی.

ب ـ پاشان دەسەڵاتداران خۆیان لە شێوەی هەڵبژێردراوانی خودا لەسەر زەویدا پیشان ئەداو بیروباوەڕی خەڵك وابوو کە ئەمانە بەناوی خوداوە لەسەر زەویدا حوکم ئەکەن.

جـ ـ لە دوا قۆناغدا دەسەڵاتدار پیرۆزییەکی ئەبەخشی بە دەسەڵاتەکەی لە ڕێگەی جەختکردنەوە لەسەر ئەوەی کە ئەم لای خۆیەوە ئیرادەی خودا جێبەجێ ئەکات.

### 3. بیردۆزی هێزو بالادەستی:

ئەم بیردۆزە بنەڕەتی دروستبوونی دەوڵەت ئەگێڕێتەوە بۆ هێزو بالادەستی لایەنێك بەسەر لایەنەکانی تردا، کە لە ئەنجامدا بڕیارەکانی خۆی ئەسەپێنێت بەسەر ئەوانی ترداو دەسەڵاتی خۆی جێگیر ئەکات. بەپێی ئەم بیردۆزە مێژووی زۆربەی گەل و نەتەوەکان بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە هەمیشە بەهێزەکان دەسەڵاتی خۆیان سەپاندووەو لاوازەکانیش گوێڕایەڵیان کردووە.

لەگەڵ ئەوەی ئەم بیردۆزە بنەڕەتێکی مێژوویی هەیە، بەڵام لە سەدەی بیستەمیشدا بیردۆزی داروینیزمی کۆمەڵایەتی بە یەکێك لە لایەنگرانی ئەم بیردۆزە دەژمێردرێت. بە گوێرەی ئەم بیردۆزە کۆمەڵگە مرۆڤایەتییەکان وەك هەر بوونەوەرێکی زیندوو لەسەر ئەم زەوییەدا گەشە ئەکەن و لە پەرەسەندندان لە ڕێگەی پرۆسەی ململانێیەکی درێژخایەنەوە کە لە کۆتاییدا مانەوە بۆ بەهێزترینیانە (البقاء للأقوى).

مەکتەبی بیر و هۆشیاری

داروینیە کۆمەڵایەتییەکان ڕایان وایە کە جەنگ پێویستە بۆ پێشکەوتنی شارستانیەتو پەرەسەندن، لەبەرئەوەی ڕۆڵو ئەرکی جەنگ بریتییە لە گواستنەوەی دەسەڵات لە لاوازەکانەوە بۆ ئەوانەی کە خاوەنی هێزێکی گەورەترو جوڵەو چالاکییەکی زیاترن. ئەم بیردۆزە ململانێی نێوان گەلانو ڕەچەڵەکە جیاوازەکان بە شتێکی حەتمیو پێویست دەزانێتو ڕای وایە کە ململانێی نێوان ڕەچەڵەکەکان یاسایەکی بنەڕەتیی سروشتە ( *Basic Law of Nature*).

لە نموونەی ئەم بیردۆزانە ئاماژە بۆ ئایدیۆلۆژیای (فاشیزم ونازیزم) ئەکەین کە پشت بە چەمکی ڕەچەڵەك (الجنس *Race*) ئەبەستن لە پۆلێنکردنی مرۆڤایەتیداو بەڕای ئەوان مرۆڤەکان نایەکسانو بە پێی جیاوازیی ڕەچەڵەکیان جیاواز دەبن لە پێگەی کۆمەڵایەتی وسیاسییاندا.

## *4*. بیردۆزی گەشەکردنی مێژوویی:

بە گوێرەی ئەم بیردۆزە سەرهەڵدانی دەوڵەت ئەگەڕێتەوە بۆ کارلێککردنی ژمارەیەك فاکتەری جۆراوجۆر پێکەوە، کە بە تێپەڕبوونی کاتو قۆناغە مێژووییەکان کاریگەرییان هەبووە لەسەر دروستبوونی دەوڵەتان، هەر بەهۆی جیاوازی ئەو فاکتەرانەوەیە کە دەوڵەتانی جیهان هەموو وەك یەك نینو جیاوازن لە پێکهاتەو ڕووبەرو ژمارەی دانیشتوانو هێزەکانیاندا.

ئەم بیردۆزە لەگەڵ لەبەرچاوگرتنی ڕۆڵی ئایینو خێزان لەنێو ئەو فاکتەرانەدا، بەڵام گرنگی ڕۆڵی هۆشیاری سیاسیو گەشەکردنی ئابووریو ئاستی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگا جیاوازەکان فەرامۆش ناکات لە سەرهەڵدانی دیاردەی دەوڵەتدا.



مەکتەبی بیر و هۆشیاری

ئەوەی جێگەی تێبینییە لەگەڵ ئەوەی ئەم بیردۆزە جەخت لەسەر ڕۆڵی گەشەکردنی مێژوویی ئەکاتەوە، بەڵام هیچکام لە بیردۆزەکانی تر فەرامۆش ناکاتو لێکدانەوەی جیاوازی هەیە بۆ دروستبوونی دەوڵەتە جیاوازەکان هەر یەکە وبەپێی مێژووی تایبەتی خۆی.

## *5*. بیردۆزی پەیمانی کۆمەڵایەتی:

بیردۆزەکانی پەیمانی کۆمەڵایەتی لە دیاریکردنی بنەمای دروستبوونی دەوڵەتدا یەك ئەگرنەوە، کە بریتییە لە بیرۆکەی پەیمانێك یان گرێبەندێکی کۆمەڵایەتی، کە ژیانی تاکەکان ئەگوێزێتەوە لە بارودۆخی سروشتییەوە بۆ ژیانی ڕێکخراو لە سایەی دەوڵەتدا. بەڵام لەگەڵ هاوبەشیی ئەم بنەمایەدا جیاوازی بەرچاو هەیە لە نێوان بیریارانی لایەنگری ئەم بیردۆزەدا سەبارەت بە بارودۆخی سروشتی مرۆڤ لەپێش بەستنی پەیمانەکەداو لایەنەکانی پەیمانەکەو دیاریکردنی ناوەڕۆكو دەرئەنجامەکانی پەیمانەکە. کە گرنگترینیان ئەمانەن:

أـ بیردۆزی تۆماس هۆبز (*1588–1679*): بەڕای هۆبز حاڵەتی سروشتی پێش دروستبوونی دەوڵەت بریتییە لە حاڵەتی جەنگی هەموو دژ بە هەموو، واتە حاڵەتی پشێویو فەوزا، چونکە مرۆڤ بە سروشتی خۆی خودپەرستەو تەنها بەرژەوەندییەکانی خۆی گرنگە بەلایەوە نەك هیچ شتێکی تر، ئەم بارودۆخەش پاڵنەری مرۆڤەکانە بۆ بەستنی پەیمانێك لە نێوان خۆیاندا کە پێکەوە دەست هەڵئەگرن لە مافەکانیانو کەسێك ئەکەن بە حاکمی خۆیان بۆ ئەوەی ئاسایشیان بۆ بەرقەرار بکاتو ژیانو موڵکیان بپارێزێتو ئەمانیش گوێڕایەڵی بکەن بۆ بەدیهێنانی ئەو ئامانجانە، واتە حاکم لایەنێکە لە پەیمانەکەداو پاشتریش مافی خەڵك نییە کە شۆڕش لە دژی ئەو بەرپا بکەن،

بەڵکو دەسەڵاتەکەی ڕەهاو بیّ سنوور دەبێت. بە ڕای هۆبز هەرچەندە دەسەڵات ستەمکاربێت هێشتا لە حاڵەتی سروشتیی پێش دەوڵەت باشترە.

<u>ب. بیردۆزی جۆن لۆك (*1622–1704*)</u>: لۆك لەوەدا لەگەڵ هۆبز هاوڕایە کە بنەمای گواستنەوە لە حاڵەتی سروشتییەوە بۆ کۆمەڵگای ڕێکخراو بریتییە لە پەیمانێك، بەڵام جیاوازن لەوەدا کە لۆك ڕای وایە بارودۆخی سروشتی ئەوەندە ناخۆش و بێبەزەیی نەبووە کە هۆبز باسی ئەکات، بەڵکو بە پێچەوانەوە بارودۆخێك بووە کە ئازادی و یەکسانی و دادپەروەری باڵی کێشابوو بەسەریدا لەسایەی یاسای سروشتیدا، ئەوەی پاڵنەربووە بۆ ئەوەی ئەم حاڵەتە بگۆڕن بریتی بووە لە ئارەزووی چەسپاندن و جێگیرکردنی ئەم حاڵەتە بەهۆی دامەزراندنی دەسەڵاتێکی ڕێکخراوەوە کە مافی ڕێکخستنی کۆمەڵگای هەبێت و دادپەروەری بەرقەرار بکات لە نێوان تاکەکانداو سزاش دابنێت بۆ سەرپێچیکەران و ئەوانەی کە دەستدرێژی ئەکەنەسەر ئازادییەکان و مافەکانی خەڵك. لە لایەکی تریشەوە لۆك ڕای وایە دەسەڵاتدار لایەنێکی پەیمانەکە پێکدێنێت لە بەرامبەر تاکەکاندا کە لایەنی دووەمی پەیمانەکەیە. هەروەها تاکەکان لە تەواوی مافەکانیان دەستیان هەڵنەگرتووە، بەڵکو ئەوەندەی کە پێویست بێت بۆ بنیادنانی دەسەڵاتە نوێیەکە، بەڵام لە مافەکانی تریان دەست هەڵناگرن و لەبەردەم دەسەڵاتدا پارێزگاری لێئەکەن، بۆ نموونە وەك مافی موڵکداری.



مەکتەبی بیر و هۆشیاری

**تەوەرەی سێیەم**

**بەشداری سیاسی** ( *Political participation* )

**<u>یەکەم: پێناسەی بەشداری سیاسی:</u>**

مەبەست لەزاراوەی بەشداری (المشارکة) بەشێوەیەکی گشتی بریتی یە لە هەر کارێکی خۆبەخشانە لە لایەن هاوڵاتیەوە بە مەبەستی کاریگەری لەسەر سیاسەتە گشتی یەکان و بەڕێوەبردنی کاروباری گشتی و هەڵبژاردنی سەرکردە سیاسی یەکان لەهەردوو ئاستی لۆکاڵی و نیشتمانیدا. بەم مانایە دەتوانرێت بەشداری جەماوەری دابەش بکرێت بۆ سیّ بواری سەرەکی:

*1*. بەشداری کۆمەڵایەتی.

*2*. بەشداری ئابوری.

*3*. بەشداری سیاسی.

هەرچەندە لە ئاستی واقیعدا بەشداری لەم بوارانەدا لێکتر دانابڕێن و جیاکردنەوەیان تەنها بۆ دیاریکردنی بواری چالاکییەکەیە، چونکە چالاکییە سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتییەکانی تاك پێکەوە گرێدراون و لە هەمان ڕۆژدا ئەتوانێت هەر سیّ بوارەکە پیادەبکات.

بەڵام چەمکی بەشداری سیاسی بە توندی بەستراوە بە سیستمە دیموکراسییەکانەوە، چونکە لە بنەڕەتدا بیرو فەلسەفەی دیموکراسی – بەشێوەیەکی گشتی– وا دەڕوانێتە بەشداری تاك لە چالاکییە سیاسییەکاندا کە:

*1*. خۆی لە خۆیدا بەهایەکی سەربەخۆیە.

*2*. ئەرکێکی مەدەنی و ڕێگەیەکی شیاوە لەپێناو بەرژەوەندی گشتیدا.

*3*. هۆکارێکی چالاکە بۆ چەسپاندنی سیستمی دیموکراسی.

بەشداری سیاسی   یەکێکە لەبابەتە گرنگەکانی گەشەپێدانی سیاسی لە کۆمەڵگادا بەتایبەت لە کۆمەڵگا تازە پێگەیشتووەکاندا، (صەموئیل هنتنگتۆن) ڕای وایە سێ مەرجی پێشوەخت پێویستن بۆ بەدیهێنانی نوێگەری سیاسی لە هەر کۆمەڵگایەکدا، ئەوانیش بریتین لە :

| | |
|---|---|
| 1. بە عەقڵانیکردنی دەسەڵات | *Rationalization Of Authority* |
| 2. جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان | *Differentiation* |
| 3. بەشداری سیاسی | *Political Participation* |

(بەشداری سیاسی ) بەپێی ((ئینسکلۆپیدیای نێودەوڵەتی زانستە کۆمەڵایەتیەکان)) (*International Encyclopedia Of The Social Science*):

(ئەو چالاکیە ئیرادیانەی ئەندامانی کۆمەڵگایە کە بەمەبەستی هەڵبژاردنی دەسەڵاتداران و نوێنەرەکان و بەشداریکردن لە داڕشتنی سیاسەتەکان و بڕیارەکاندا بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ ئەنجامی دەدەن ). واتە بەشداری تاك لەهەموو ئاستەکانی سیستمی سیاسیدا، ئەمەش بەرجەستەکردنی هاوولاتیبوونە بەشێوەیەکی کرداری.

لە لایەکی ترەوە لە سەرچاوەکاندا بەشداری سیاسی وەك ڕەفتارێك باسدەکرێت کە مرۆڤ لە کاتی گەشەکردنی کۆمەڵایەتی . سیاسی خۆیدا فێری دەبێت و بە تێپەڕبوونی کات ئەبێت بە ڕەفتارێکی بەردەوام و چەسپاو لای مرۆڤ. لێرەوە پەیوەندییەکی توند بە دی دەکرێت لە نێوان پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی . سیاسی تاك و ڕادەی بەشدارییپێکردن لە خێزان و دامودەزگاکانی سەرەتای ژیانیدا لەگەڵ ڕادەی چالاکی ئەو تاکە لە ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەکەیدا.

بەمانایەکی تر بەشداری سیاسی لە ئەنجامی پرۆسەیەکی درێژخایەنی فێربوون و ڕاهێنانەوە دروست دەبێت کە تێیدا مرۆڤ فێری مافەکان و



مەکتەبی بیر و هۆشیاری

ئەرکەکانی ئەبێت و پاشانیش بە شێوەیەکی کرداری ڕادەهێنرێت لەسەر مومارەسەکردن و پەرەپێدانیان. هەربۆیە هەرسێ چەمکی (هاوولاتی، بەرپرسیارێتی، بەشداری) پێکەوە تێکەڵ ئەبن و (هۆشیاری سیاسی)ش کاریگەری لەسەر هەر سێ بوارەکە دەبێت.

## دووەم: پاڵنەرەکانی ( بەشداری سیاسی )

1ـ هەستکردن بەوەی (بەشداری سیاسی) بریتیە لە ئەرکێکی سەرشانی هەموو تاکێك بەرامبەر ئەو کۆمەڵگەیەی تێیدا ئەژی.

2ـ بەکارهێنانی (بەشداری سیاسی) وەکو ئامرازێك بۆ چەسپاندنی بەها بەرزەکان و بیروباوەڕە مرۆڤدۆستەکان، ئەمە زیاتر لەو حاڵەتانەدا بەرجەستەئەبێت کە بەشداری خۆی لەخۆیدا بە بەهایەکی سەربەخۆ تەماشا بکرێت.

3ــ ڕەزامەندییەکی زۆر یان ناڕازی بوونێکی زیاد لەو سیاسەتانەی جێبەجێدەکرێت کە لە هەردوو حاڵەتەکەدا پاڵنەری بەشداری بە مەبەستی گۆڕانکاریی زیاد دەبێت.

4ــ بەشداری بەمەبەستی بەدیهێنانی بەرژەوەندی تایبەتی مرۆڤ. لێرەدا(بەشداری سیاسی) دەبێتە هۆکارێك بۆ گەیشتن بە نفوزی سیاسی و بەدەستهێنانی بەرژەوەندی مادی، هەرچەندە پاڵنەرەکەش بەرژەوەندی تاکەکەسی بێت، بەڵام لە ئەنجامدا بەشداری زیاد دەبێت.

## سێیەم: کەناڵەکانی بەشداری سیاسی

لە سیستەمە دیمۆکراتەکاندا چەندین کەناڵی دیارو ئاشکرا هەن بۆ بەشداری سیاسی وەك:

1. پارتە سیاسیەکان.

مەكتەبی بیروهۆشیاری

2. گروپەکانی فشارو بەرژەوەندی.

3. بەشداری ڕاستەوخۆی هاوولاّتی لە هەڵبژاردنەکان و ناڕەزاییە جەماوەرییەکان.

4. ڕادەربڕینی ئازاد سەبارەت مەسەلە سیاسیە ناوخۆیی و دەرەکیەکان ..هتد.

لێرەدا لەبری باسکردنی ئەو کەنالاّنە بواری چالاکییەکانی هاوولاّتی دابەشئەکەین بۆ چوار بواری سەرەکی کە لە ڕێگەی ئەو چالاکییانەوە ئەتوانێت سوود لە کەناڵەکان وەربگرێت:

1ـ <u>چالاکی هەڵبژاردنەکان</u> : دیارترین کەناڵ و زۆرترین چالاکی سیاسی پەیوەستە بە هەڵبژاردن وەك میکانیزمی دیاریکردنی شەرعیەتی سیاسی و ئاڵوگۆڕی ئاشتیانەی دەسەلاّت و ڕێکخستنی ململانێی سیاسی لە کۆمەڵگادا. چالاکیەکان لە دەنگدانەوە دەست پێدەکات تا دەگاتە بانگەشەکردن بۆ حزبێك یان کەسێکی دیاریکراو.

2. <u>چالاکی فشار دروست کردن</u> : لێرەدا ئەگونجێت چالاکیەکە بە تەنها یان بە کۆمەڵ ئەنجامبدرێت، کە مەبەستی سەرەکی بریتیە لە دروستکردنی کاریگەری لەسەر بڕیارەکان و سیاسەتەکانی حکومەت و دامودەزگا ڕەسمیەکان. لە ڕادەبڕین و ڕەخنەگرتنەوە دەست پێدەکات تا دەگاتە کۆکردنەوەی ئیمزا و ڕێپێوان و خۆپیشاندان و مانگرتن.

3. <u>چالاکی ڕێکخراو</u> : ئەم چالاکیە بەزۆری پەیوەندی هەیە بە ئەندامێتی لە پارتێکی سیاسی دیاریکراودا. لە ئەندامێکی ئاساییەوە دەست پێدەکات تا بەشداری چالاکانە لە کارەکانی ڕێکخستنی حیزبی و پاشانیش سەرکردایەتیکردنی چالاکی ڕێکخراوەکانی حزب.



مەكتەبی بیروهۆشیاری

4. <u>چالاکی توندوتیژ</u>: ئەم جۆرە چالاکیە کاتێك دروست ئەبێت کە کەناڵەکانی تر کاریگەر نەبن یاخود ڕێگە پێنەدراوبن، مەبەستی ئەم چالاکیە پیشاندنی هێز و دروستکردنی فشار و بلاّوکردنەوەی نا ئارامی و پشێویە بۆ ئەوەی حکومەت و دامودەزگاکانی ناچار بکات کە وەلاّمی داواکارییەکان بدەنەوە، ئەوەی جێگای تێبینیە ئەم جۆرە چالاکیانە لە زۆربەی ولاّتاندا بە کاری نایاسایی دادەنرێت لە خۆپیشاندانی توندوتیژەوە دەست پێدەکات تا دەگاتە دروستکردنی گروپی چەکدار و خەباتی چەکداری دژ بەحکومەتێکی دیاریکراو. لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر بوارێك نەمێنێت ئەوا خەباتی ڕزگاریخوازی نیشتمانی پەنای بۆ دەبات بۆ پارێزگاری لە خۆکردن و بەدەستهێنانی مافەکان.

## <u>چوارەم : ڕێگرەکانی بەردەم بەشداری سیاسی</u>

1ـ دورکەوتنەوە لەکاری سیاسی ڕاستەوخۆ بەهۆی ناوبانگی خراپی سیاسیەکان و کاری سیاسیەوە کە لە هەندێك کۆمەڵگادا سیاسەتکردن یەکسان دەکرێت لەگەڵ درۆکردن و خەڵەتاندن و چەواشەکردنی جەماوەر .

2. هۆکاری ترس: لەهەندێك کۆمەڵگادا بەشداری کاری سیاسی ئازاد نیەو ئەو کەسانەی کاری سیاسی دەکەن دوچاری مەترسی دەبنەوە، بۆیە زۆرکەس بۆپاراستنی خۆی و خێزان و ماڵ و سامانی، خۆی بە دوور دەگرێت لە چالاکی سیاسی بەتایبەت چالاکی ناڕەزایی و ئۆپۆزسیۆن.

3. بی متمانەیی بەرامبەر بەشداری سیاسی:ئەمە لەکاتێکدا دروست دەبێت کە هاوولاّتی دڵنیابێت لەوەی گۆڕانکاری لەڕێگەی بەشداری سیاسیەوە ناکرێت و تەنها شتێکی ڕەمزی و بێ بایەخ و کاریگەرییە، بۆیە بەشداری دەنگدان و فشارو ڕێکخستنەکان ناکات، یان لەئەنجامی ئەوەی کەڕای وایە سیاسیەکان کەسانی مشەخۆرو بێ متمانەن و مەبەستی سەرەکیان بریتی یە

مه کته بی بیروهۆشیاری



مه کته بی بیروهۆشیاری

لەبەرژەوەندی خۆیان، بۆیە پێویست ناکات بەشداری سیاسی بکەیت وخۆت بکەیت بە ئامڕازێك بەدەست ئەوانەوە.

4ـ لاوازی هەستی نەتەوەیی و نیشتمانی :ئەم خاڵە یەکێکە لەهۆکارە گرنگەکان و کاتێك دروست دەبێت کەبێ متمانەیی دەگاتە ڕادەیەك خەڵك باوەڕی بەکێشە نەتەوەیی و نیشتمانی یەکانیش نامێنێت، ئاستەکانی بەشداری زۆر کەم دەبێتەوە و کاری سیاسی ئەبێتە پیشەی کۆمەڵێك کە وەك سەرچاوەی ژیان و بازرگانی پێکردن بەکاردێت و زۆرینەش بێ کاریگەر دەبێت.

5ـ دواکەوتویی سیاسیی:دواکەوتنی سیاسیی کۆمەڵگا بریتیە لەهۆکارو ئەنجامیش لەهەمان کاتدا ,واتە دەتوانین بڵێین بریتیە لە ئەنجامی خاڵەکانی پێشەوە یان خۆی لەخۆیدا ئەبێت بە هۆکارێکی تر بۆ ڕێگرتن لەبەردەم چالاکی سیاسیدا کە گرنگترین نیشانەکانی بریتین لە :

- گەندەڵی سیاسی و ئیداری.
- لاوازی ڕای گشتی و نەبوونی هۆکاری ڕاگەیاندنی ئازاد لە حکومەت.
- ڕەچاو نەکردنی عەقلانیەت لە پرۆسەی داڕشتن و جێبەجێ کردنی سیاسەتی گشتیدا.
- لاوازی تەواوکاری نەتەوەیی و نیشتمانی و پشتگوێخستنی داواکارییە نەتەوەییەکان.
- لاوازی بەشداری سیاسی و نەبوونی کەناڵی یاسایی بۆ موماریەسەکردنی.

## لیستی ئەو سەرچاوانەی كە سوودیان لێوەرگیراوە:


1. د. بطرس غالي، د.محمود عيسى: المدخل في علم السياسة (القاهرة: الأنجلو المصرية،1986).

2. د. محمد نصر مهنا: العلوم السياسية بين الحداثة والمعاصرة (الإسكندرية: منشأة المعارف، 2002).

3. د. الصادق الأسود: علم الاجتماع السياسي: أسسه وأبعاده (بغداد: جامعة بغداد، 1990).

4. د. عبدالرضا الطعان، الصادق الأسود: مدخل الى علم السياسة (بغداد: جامعة بغداد، 1990).

5. د. كمال المنوفي: نظريات النظم السياسية (الكويت: وكالة المطبوعات، 1985).

6. د. حسن صعب: علم السياسة (بيروت: دار العلم للملايين، 1997).

7. د. حسن نافعة: مبادئ علم السياسة (القاهرة: مكتبة الشروق الدولية، 2002).

8. د. عبد المعطي محمد عسّاف: مقدمة إلى علم السياسة (عمان: دار مجدلاوي، 1987).

9. د. محمد محمود ربيع، د. إسماعيل صبري مقلد: موسوعة العلوم السياسية، (الكويت: جامعة الكويت، 1991).

10. د. عبد الوهاب الكيالي (محرر): موسوعة السياسة (بيروت: المؤسسة العربية،1990).





11. أندرو فنسنت: نظريات الدولة، ت: د. مالك أبو شهيوة (بيروت: دار الجيل، 1997).

12. ريتشارد هيجوت: نظرية التنمية السياسية، ت: د. حمدي عبد الرحمن، د. محمد عبد الحميد (عمان: المركز العلمي للدراسات السياسية، 2000).

13. د. عبد الغني بسيوني عبد الله: النظم السياسية والقانون الدستوري (الإسكندرية: منشأة المعارف، 1997).

14. د. علي محمد شمبس: العلوم السياسية (ليبيا: الدار الجماهيرية، 1993).

15. د. مالك عبيد أبو شهيوة و(آخرون): الأيديولوجيا والسياسة: دراسات في الأيديولوجيات السياسية المعاصرة، (ليبيا: الدار الجماهيرية، 1993).

16. **عەبدولرەحمان عالم: پێناسە وناوەڕۆك وماهیەتی زانستی سیاسەت، وەرگێڕانی لە فارسییەوە: محەمەد كەریم، گۆڤاری سەردەم. دەزگای چاپو پەخشی سەردەم، سلێمانی.** http://www.sardam.info/index.htm

مه کتەبی بیروهۆشیاری

# بەشی دووەم

# پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان



مه کتەبی بیروهۆشیاری

## تەوەری یەکەم

## پەرەسەندنی مێژوویی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان

لە مێژووی کۆندا مەعریفەی مرۆڤایەتی ئەم دابەشکردن و پۆلێنکردنە وردانەی ئێستای بەخۆیەوە نەدیبوو، بۆیە بوارەکانی لێکۆڵینەوە پێکەوە گرێدراو تێکەڵاوبوون، بەڵام لە مێژووی نوێدا وردە وردە زانستە سروشتییەکان و زانستە کۆمەڵایەتییەکان لێکتر جیاکرانەوەو پاشانیش بواری زانستە کۆمەڵایەتییەکان تایبەتمەندیو دابەشبوونی زیاتری بەخۆیەوە بینی.

بۆ یەکەم جار وشەی نێودەوڵەتی(*International*) لە بەشی دووەمی سەدەی هەژدەیەمدا لەلایەن فەیلەسوف و یاساناسی ئینگلیزی (<u>جێرمی بێنتام</u> *Jeremie Bentham* (*1748–1832*) بەکارهاتووە ، کەلەبەرامبەر وشەی ڕۆمانیی (*Jus gentium*) دا بۆ وەسفکردنی ئەو یاسایانەی پەیوەندی نێوان ڕۆمانەکان و بێگانەکان ڕێکدەخات بەکارهاتووە، کە بە (یاسای گەلان– قانون الامم) ناسراوە.

ئەم بەکار هێنانە ئەوە ناگەیەنێت کەپێش ئەو مێژووە پەیوەندی نێودەوڵەتی نەبووە، بەڵکو ئەوە سەرەتای بەکارهێنانی زاراوەکەیە، ئەگەرنا دیاردەی جەنگ و ئاشتی، کەبابەتی سەرەکی پەیوەندی نێوان وڵاتان و گەلان پێك دەهێنێت، هەمیشە بابەتی وتووێژو و لێکۆڵینەوەی فەیلەسووف و بیریاران بووە کە تا ئێستاش بەرهەمەکانیان لێکۆڵینەوەی لەسەر دەکرێت .

لە زۆربەی بوارەکانی لێکۆڵینەوەو نووسیندا مێژوو دابەش دەکرێت بۆ قۆناغەکانی (کۆن – ناوەڕاست – نوێ– هاوچەرخ). لێرەدا پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان بەپێی ئەم دابەش کردنە مێژووییە بۆ ئەم چوار قۆناغە دابەش دەکرێت:

مەکتەبی بیروهۆشیاری

1. میژووی کۆن: قۆناغی پەیوەندییەکانی دەوڵەتی شار (City-State).
2. میژووی ناوەڕاست: قۆناغی پەیوەندییەکانی ئیمپراتۆریەتە گەورەکان Empires.
3. میژووی نویٚ: قۆناغی پەیوەندییەکانی دەوڵەتی نەتەوەیی (Nation-State).
4. میژووی هاوچەرخ: قۆناغی پەیوەندییەکان لەسەردەمی بەجیهانیکردندا Globalization.

## یەکەم: قۆناغی پەیوەندییەکانی دەوڵەتی شار City-State:

دەوڵەتی شار یەکێکە لەگرنگترین بەرهەمەکانی فیکر و مومارەسەی یۆنانی کۆن کە (polis– شار) بریتی بوو لەو شێوازی حوکمڕانییەی کە لە سەدەی شەشەمی پێش زایندا پەرەیان پێداو پاشتر بە مۆدێلی دیموکراسی ڕاستەخۆ ناسرا لە بواری لێکۆڵینەوەکانی شێوازەکانی حوکمڕانیدا.

فەیلەسوفی ناسراوی یۆنانی (ئەرەستۆ) بەراوردێك دەکات لە نێوان (شار، خێزان و گوند) دا کە ئەو کاتە تەنها ئەو سیٚ شێوازەی ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی هەبوون، بە ڕای ئەو (خێزان) کۆمەڵێك خەڵك دەگرێتەوە کە پەیوەندی خوێن بەیەکیانەوە دەبەستێت، (گوند)یش لە کۆمەڵێك دراوسیٚ پێکدێت کە (بەرژەوەندی) کۆی کردوونەتەوە، ئەم دووانە پێکەوە تەنها دەتوانن مانەوەی جۆری مرۆڤایەتی زامن بکەن، لە کاتێکدا بە ڕای (ئەرەستۆ) (شار–دەوڵەت) ئەو جۆرە ژیانە زامن ئەکات کە پێویستە مرۆڤ بیگوزەرێنێت بۆ بە دیهێنانی مرۆڤایەتی خۆی.

شارە یۆنانییەکان بەهۆی سروشتی جوگرافییەوە لەکۆمەڵێك شار پێك هاتبوون کەشاخ و دەریاکان بەرگرییەکی سروشتییان بۆ دروست کردبوون.



مەکتەبی بیروهۆشیاری

ڕووبەری ئەم شارانە بچووك بوون،ژمارەی دانیشتووانیان لەسنووری (10000) دەهەزار کەسدا دەبوون، لەسەر بنەمای نەتەوەیی دروست نەبووبوون، نموونەشیان وەك: (ئەسیناو ئەسپارتەو تەروادە) .

ئەوەی کەشێوازی دەوڵەتی بەم شارانە دەبەخشی بریتیبوو لە:

1. <u>سەربەخۆییان لەیەکتری</u>: واتە هەر یەکێك لەم شارانە سەربەخۆیی خۆیان هەبوو لە ڕووی سنوورو سیستمی حوکمڕانی و سەربازییان و هەریەکەیان پەیوەندی دەرەکی و هاوپەیمانی تایبەت بەخۆیان ئەبەست لەگەڵ شارە یۆنانییەکانی تر یان دەرەوەی یۆنانیش.
2. <u>هێزی ئابووریان کە لەسەر بنەمای بازرگانی بونیادنرابوو</u> ، واتە هەریەکە لەم شارانە لە ڕێگەی پەیوەندییە بازرگانییەکانی ئەو سەردەمەوە، کە ڕێگای تایبەتیان هەبوو،شارەکانی ئەبەست بە جیهانی دەرەوە،لە هەمانکاتدا دابینکردنی سەلامەتی ڕێگای ئەو کاروانە بازرگانیانە ئەرکێکی گرانبوو، هەندێك جاریش ئەبوو بەهۆی دروستبوونی کێشەی گەورە لە نێوان شارەکاندا.
3. پەیوەندی نێوان ئەم شارانە لەسەر بنەمای (کێبڕکیٚ – تنافس) و هاوسەنگی هێزەکان و بەرژەوەندی جیاواز بنیادنرابوو، واتە ئەم شێوازانە لە شێوازە باوەکانی کارلێککردن وپەیوەندی نێوان ئەو شارانە بوون.
4. خاڵی پێشوو ئەوە ناگەیەنێت کە هاریکاری لە نێوانیاندا نەبوو بێت، بەڵکو تا بکرایە کێشەکانیان بەشێوازی دیبلۆماسی لە سنووری پەیماننامەکاندا چارەسەر ئەکران.
5. پەنابردن بۆ جەنگ وململانیٚ وچاندنی نائارامی لە ناوخۆی دوژمندا هۆکاری بەرپاکردنی دوژمنکاریبوون دژ بە یەکتر، واتە لە ڕێگەی ئەو هۆکارانەوە بەرەی دوژمنیان بێهێز ئەکرد.

6. شێوازێکیان هەبوو بۆ چارەسەری ململانێ لە ڕێگەی ئەنجومەنەکانەوە (المجالس) کە بەسەرەتایەکی ساکاری کاری ڕێکخراوی نێودەوڵەتی دائەنرێت، واتە چارەسەرکردنی کێشەکان بە فرەلایەنی.

7. گۆڕینەوەی نوێنەران و باڵیۆزی تایبەت لە نێوان یەکترداو، مۆرکردنی دوولایەنەی پەیماننامەکان و بەستنی هاوپەیمانێتییە سەربازییەکان بە فرەلایەنی نموونەی پەیوەندی نێوانیان بوو.

**دووەم: قۆناغی پەیوەندیی نێوان ئیمپراتۆرییەتەکان** *Empires*:

ئەم شێوازە لەسەر بنەمای ئەو ئیمپراتۆریەتانە دروست دەبێت کەرووبەرێکی جوگرافی فراوان داگیردەکەن و بۆچەند سەدەیەکیش بەردەوام دەبن، وەك ئیمپراتۆریەتی (فیرعەونی، فارسی، ڕۆمانی، ئیسلامی، مەسیحی) لەسەدەکانی ناوەڕاست دا.

هەر ئیمپراتۆریەتێك لە سەنتەرێك پێك دێت کە چەندین نەتەوەی تر لەخۆی دەگرێت و لەڕێگەی بەکارهێنانی هێزو بەخشینی ماددی و ڕێگای دیبلۆماسییەوە درێژەی بەبوونی خۆی دەدا، بەلاّم هەمیشە گەلی سەنتەر زۆرترین هێزو بەرژەوەندی بۆخۆی قۆرخ نەدەکردو نەتەوەکانی تریش (کەنار) لەزۆربەی حاڵەتەکان دا ئیستیغلال دەکران.

لاپەڕەکانی مێژووی کۆن و ناوەڕاست پڕن لە هەواڵی جەنگو پێکدادانەکانی نێوان ئیمپراتۆریەتە گەورەکان، بەلاّم لەگەڵ ئەوەشدا جۆرێك لە پەیوەندی دۆستانەشیان لە نێواندا هەبووە لە ماوە جیاوازەکاندا، بۆنموونە: لە سەردەمی کۆندا ئیمپراتۆریەتی فیرعەونیەکان پەیوەندی لەگەڵ دراوسێکانیدا بەستبوو، کە هەندێك بە جۆرێك لە سیاسەتی هاوسەنگی نێوان هێزەکانی لە قەڵەم ئەدەن بۆ ئەو سەردەمە.



ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی یەکێکە لەو ئیمپراتۆریەتانەی کەکاریگەری خۆی لەسەر مێژووی ئەوروپاو تەواوی مرۆڤایەتیش بەجێ هێشتووە، ئەوەی تێبینی ئەکرێت ئەوەیە کە بەشێوەیەکی گشتی بەکارهێنانی هێزیان پێشخستوە بەسەر پەیوەندی دیبلۆماسیدا، بەلاّم لەگەڵ ئەوەدا نموونەش هەیە لەسەر ئەوەی کە ڕۆمانیەکان ڕێکەوتننامەشیان مۆرکردوە لەگەڵ ئەو ولاّتانەی کە سەرکەوتوون بەسەریاندا.

1. ئەوەی ڕۆمانیەکانی پێئەناسرێتەوە بریتیە لە بەشداریان لە بواری یاسادا، کەیاساکانیان دابەش دەکرد بۆ سێ جۆر :

- یاسای مەدەنی *Jus civil*: کە تایبەتە بە هاوولاّتی ڕۆمانی .
- یاسای گەلان *Jus gentium*: کە تایبەتە بە پەیوەندی نێوان ڕۆمانی و بێگانەکان.
- یاسای سروشتی *Jus naturale*: بۆ تەواوی مرۆڤایەتی جێبەجێدەکرا.

2. لە بواری پەیماننامەکاندا هەندێك جۆری وەك (پەیماننامەی صولح، هودنە، ئاگربەست)یان مۆرکردووە.

لەسەدەکانی ناوەڕاستیشدا ئایین ڕۆڵی سەرەکی بینیوە لەبونیادنان و پارێزگاری کردن لەمانەوەی هەندێك لەئیمپراتۆریەتەکان وەك ئیمپراتۆریەتی پاپایی مەسیحی وخەلافەتی ئیسلامی، کەلەماوەو قۆناغی مێژووی جیاواز دا پەیوەندی جیاوازیان پێکەوە ڕێکخستووە وەك (هاوکاری، ململانێ، ئاشتی، جەنگ) .

مەکتەبی بیروهۆشیاری

## سێیەم: قۆناغی پەیوەندییەکانی دەوڵەتی نەتەوە (National State)

دەتوانین سەرەتاکانی مێژووی نوێ بەهەرەسهێنانی سیستمی دەرەبەگایەتی ئەوروپاو سەرهەڵدانی دەوڵەتی نەتەوەیی دیاری بکەین، ئەم پرۆسە درێژخایەنە دەتوانین ماوەی نێوان سەدەکانی (15 بۆ18)ی بۆ دیاری بکەین، کە پاش زنجیرەیەك لە جەنگ و ململانێ لەسەر ئاستی ئەوروپادا جێگیربوو، کە ململانێی (ئاینی و مەزهەبی، تیرەو بنەماڵەکان، نەتەوەیی ) لەخۆدەگرێت .

زۆرێك لە لێکۆڵیارانی بواری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان(بەتایبەت خۆرئاواییەکان) ڕایان وایە کە پەیوەندییە سیاسییە نێودەوڵەتییەکان دروست نەبووە تا سەردەمی مۆرکردنی ڕێکەوتننامەی سوڵحی وێستڤالیا لە (1648) دا،ئەم کۆنفرانسە بە خاڵێکی وەرچەرخان دائەنرێت لە مێژووی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا، چونکە بوو بەهۆی سەرهەڵدانی مۆدێلی دەوڵەتی نەتەوەیی. دەوڵەتی نەتەوە ئەو قەوارەیەیە کەلەنەتەوەیەك یان چەند نەتەوەیەکی هاوسۆزو پێکەوەژیاو پێکدێت، کە سەربەخۆیی هەیە لە جێبەجێکردنی دەسەڵاتەکانی لەسەر هەرێمێکی دیاریکراوو ژمارەیەك لە دانیشتوانی جێگیر لەو هەرێمەدا. سەرەتاکانی دەگەڕێتەوە بۆ دوورگەکانی ( بەریتانیا، فەرەنسا، ئیسپانیاو سوید) لە کۆتایشدا (ئیتاڵیاو ئەڵمانیا).

بەهۆی فراوانبوونی ئیستیعماری ئەوروپاوە ئەم نمونەیە گواسترایەوە بۆدەرەوەی ئەوروپا کە دەکاتە سەدەکانی 19 و 20.ئەم شێوازی دەوڵەتە بەتوندی بەستراوە بەمێژووی ئەوروپاو پرۆژەی مۆدێرنیزمی سیاسییەوە .

ڕێکەوتننامەی وێستڤالیا پەیوەندییەکانی لەسەر کۆمەڵێك بنەمای نوێ بنیادنایەوەو گرنگیەکەشی لەم خاڵانەدا زیاتر دەردەکەوێت:



مەکتەبی بیروهۆشیاری

1. بە سەرەتایەك دائەنرێت بۆ ئەوەی کە پاشتر ناوی لێنرا (دیبلۆماسیەتی کۆنفرانسەکان) کە شێوەی چاوپێکەوتنی ڕاستەوخۆی نێوان پادشاو میرەکانی بەخۆیەوە بینی، چونکە مۆرکردنی ئەم پەیماننامەیە بەرهەمی یەکەم کۆبونەوەی نێوان پادشاو میرەکان بوو لە شێوەی کۆنفرانسێکدا.
2. بنەمای یەکسانی نێوان دەوڵەتانی چەسپاند بەبێ ڕەچاوکردنی جیاوازی نێوان سیستمەکانی حوکمڕانی ناوخۆ وئاینەکانیان.
3. جێگیرکردنی نێردراوی دیبلۆماسی بەردەوام لەبری نێردراوە دیبلۆماسیە کاتیەکان، ئەم بڕیارە پاشتر بنەماکانی کاری دیبلۆماسی وحەصانات وئیمتیازاتی لێکەوتەوە.
4. دانپێدانانی پرانسیپی هاوسەنگی نێوان هێزەکان لە نێوان زلهێزە ئەوروپیەکاندا وەك هۆکارێك بۆ چەسپاندنی ئاشتی، لە ڕێگەی سنووردانان بۆ ئەو دەوڵەتەی کە ئەیەوێت دەستدرێژی بکاتە سەر دەوڵەتانی تر.
5. جێگیرکردنی چەمکی سەروەری نیشتمانی لەسەر بنەمای دەست تێوەرنەدان و وابەستەیی نەتەوەیی.

مەکتەبی بیروهۆشیاری

## تەوەری دووەم

## سیستمەکانی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان

لە ڕووی مێژووییەوە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان بە دوو قۆناغی سەرەکیدا تێپەڕبووە کە لە شێوەی دوو سیستمی سەرەکیدا کاریان کردووە بۆ ڕێکخستنی پەیوەندی نێوان هێزەکان، ئەوانیش بریتین لە سیستمی هاوسەنگی نێوان هێزەکان و سیستمی ئاسایشی بەکۆمەڵ.

### یەکەم: سیستمی هاوسەنگی نێوان هێزەکان (توازن القوی)

لە دێرزەمانەوە بیریارەسیاسیەکان و بڕیاردەرانی سیاسەتی دەرەوەی دەوڵەتان، هەوڵی ئەوەیان داوە کەدیاردەی بەکارهێنانی هێز لەپەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا ڕێکبخرێت و کۆنترۆڵ بکرێت، چونکە لە ئەنجامی بەکارهێنانی هێزەوە لەلایەن یەکێك لە بەرەکانی کێشەیەکی نێودەوڵەتییەوە دیاردەی ململانێی خوێناوی و جەنگ دروست ئەبێت.

لەبەر ئەوە بە درێژایی مێژوو لەپاش هەموو جەنگێکی هەرێمی گەورەوە ئەم هەستە لەشێوەی چەند هەوڵێکدا سەری هەڵداوەتەوە بۆ ڕێگەگرتن لەدووبارە بوونەوەی جەنگ و بەدەست هێنانی ئاشتی نێودەوڵەتی،نموونەی کۆنفرانسە نێودەوڵەتییەکانیش باشترین بەڵگەیە لەسەر ئەو ڕایە.

یەکێك لەو بیردۆزانەی کەهەوڵی داوە چارەسەری کێشەی بەکارهێنانی هێز لەپەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان دا بکات بریتییە لە (بیردۆزی هاوسەنگی هێزەکان) کە جەخت لەسەر ئەوە ئەکاتەوە تەنها لەڕێگەی هێزێکی گەورەترەوە ئەتوانرێت سنوور بۆ بەکارهێنانی هێز یان هەڕەشەکردنی بەکارهێنانی دابنرێت.



مەکتەبی بیروهۆشیاری

لەڕووی مێژووییەوە بەکارهێنانی ئەم ڕێگەچارەیە کۆنەو دەگەڕێتەوە بۆپێش زایین و تائێستاش لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا لەکاتی لێکدانەوەو شیکردنەوەکاندا کاری پێدەکرێت، بەڵام وەك قۆناغێکی مێژوویی یان وەك سیستمێکی کارپێکراو سەردەمی نێوان (ڕێکەوتننامەی صولحی وێستڤالیا و جەنگی جیهانی یەکەم (*1648–1914*) بە سەردەمی سیستمی هاوسەنگی نێوان هێزەکان دائەنرێت،چونکە لەوسەردەمەدا تاکە هۆکاری پارێزگاری کردن بووە لە ئاشتی جیهانی (ئاشتی ئەوروپی) و ڕێگرتن لە جەنگێکی گەردوونی، ئەوەش لە ڕێگەی سیاسەت و میکانیزمەکانی کارکردنیەوە.

بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی دروست لە سیستمی هاوسەنگی نێوان هێزەکان بدوێین پێویستە پێشوەخت باس لە چەمکی هێزی نیشتمانی دەوڵەت بکەین، مانا جیاوازەکانی هاوسەنگی نێوان هێزەکان بخەینە ڕوو، پاشتریش باس لە میکانیزمەکانی کارکردنی ئەم سیستمە بکەین لە فۆرمە کلاسیکیەکەیدا.

#### أ. پێکهێنەرە سەرەکییەکانی هێزی نیشتمانی دەوڵەت:

بێگومان هێزی نیشتمانی هەر دەوڵەتێك پێکهاتەیەکی ئاڵۆزی هەیەو لەچەندین توخمی جیاوازپێکدێت، هەندێکیان پەیوەستن بەسروشت و پێکهاتەی دەوڵەتەکەوەو هەندێکی تریان پەیوەندییان بەلایەنی دانیشتووانەکەیەوە هەیە لەڕووی چەندێتی و چۆنیەتییەوە، ئەمە جگە لە ڕەچاوکردنی توانای ڕێکخستن و سیستمی داهێنانکاری دەوڵەت و ئاستی هۆشیاری و تواناسازی گەلەکەی، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی پێکهێنەرە سەرەکییەکانی هێزی دەوڵەت لەمانە پێکدێت:

مه کته‌بی بیروهۆشیاری

1. <u>جوگرافیای دەوڵەت:</u>

یەکێکــە لەپێکهێنــەرە نــەگۆڕەکانو لەچــەند ڕوویەکــەوە گرنگییەکــەی دەردەکەوێت لەوانە: (پێگەی ستراتیژی دەوڵەت، ڕووبەری خاکەکەی، هـەبوونی خـاڵی تێپـەڕبوونی نێودەوڵـەتی، سروشـتی پێکهاتـەی خـاك و سـنوورەکانی، جۆری کەش و هەوای وڵاتەکە، هەبوونی سنووری دەریایی ... هتد).

2. <u>سامانی سروشتی:</u>

ئەم پێکهێنەرە هێزێکی بەردەوام دەبەخشێت بەدەوڵەتو لەکۆمـەڵێك ڕەگـەزی گرنگ پێکدێت (سامانی کانزایی، سامانی نـەوتو کانزاکان، سەرچاوەکانی ئاوی ژێرزەویو سەرزەوی، دارستانەکان...هتد).

3. <u>دانیشتوان:</u>

هـەموو هاولاَتیـانی دەوڵەتەکـە دەگرێتـەوەو ڕەگـەزێکی گرنگـە بـۆبرەودان بەســامانەکانی وڵات و چــۆنیەتی دامەزرانــدنی سیــستمە جیاوازەکــانی بـەڕێوەبردنو گەشـەپێدانی ئـابوریو سیاسـیو داڕشـتنی پەیوەندییـەکانی دەرەوە، هەروەها لەڕووی پێکهاتەی نەتەوەییو دابەشبوونی نێرومێو ئاستی تەمەنو ئاستی خوێندەواری و ڕۆشنبیرییەوە . واتە دابەشبوونی ئەتنۆگرافیو (دیمۆگرافی– ...هتد).

4. <u>توانای ئابوری:</u>

بەشێکی ئەم توانایە پەیوەندی بەسامانی سروشتیو جوگرافیـای دەوڵەتـەوە هەیـەو بەشـێکی تـری پەیوەسـتە بـە سێکوچـکەی چـۆنیەتی بەرهـەمهێنانو دابەشکردنو بازاڕپەیداکردنـەوە، بێگومـان توانـای ئابوری دەوڵـەت پێـوەرێکی سەرەکییە بۆدیاریکردنی کۆی هێزی نیشتمانی دەوڵەت .



مه کته‌بی بیروهۆشیاری

5. <u>هێزی سەربازی:</u>

لایـەنی سـەربازی پەیوەسـتە بـە ژمارەیـەك لـە ڕەگـەزو تواناکـانی تـری دەوڵەتەوە، وەك: توانای ئابوریو پێکهاتەی دانیشتوان و ئاستی چەکدارییەوە لە ڕووی چۆنیەتیو چەندێتییەوە.

6. <u>سیستمی سیاسی دەوڵەت:</u>

بێگومان پێکەوەگونجانی هاووڵاتیان و حکومەت و شەرعیبوونی دەسەڵاتی سیاسی و ڕادەی بەشداری سیاسی خەڵكو دەستەبەرکردنی ئازادی و مافەکان ڕۆڵێکی ئیجابی دەبینێت لەدیاری کردنی هێزی نیشتمانی دەوڵەتدا، هەروەها پێچەوانەی ئەم حاڵەتەش بە تەواوی ڕاستە .

7. <u>تەکنەلۆژیاو زانست:</u>

یەکێکە لەپێکهاتە گرنگەکانی هێزی هەر دەوڵەتێکی هاوچەرخ وکاریگەری هەیە لەسەر توانای ئابوری و هێزی سەربازی و گەشەپێدانی دانیشتوان و چـۆنیەتی بەرهـەمهێنانی سـامانە سروشـتییەکان. لـە ڕۆژگـاری ئـەمڕۆدا تەکنەلۆژیا پێوەرێکی سەربەخۆیە لە پۆلێنکردنی هێزو توانای دەوڵەتاندا.

8. <u>دبلۆماسییەتو ڕاگەیاندن:</u>

دبلۆماسییەتی دەوڵەت و ڕاگەیاندن دوو ڕەگەزی گۆڕاون لەدیاریکردنی کۆی هێـزی نیـشتمانی دەوڵەتێکـداو کاریگـەرییان هەیـە لەسـەرپێگەی دەوڵـەتو بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ بەستراون بەچالاکی حکومەت و دەزگاکانیەوە. لێرەدا زیاتر مەبەست لە گەیاندنی ڕووی گەشی وڵاتە بە جیهانی دەرەوە.

9. <u>هێزی مەعنەوی:</u>

ئـەم ڕگـەزە پەیوەنـدی هەیـە بـە پێکهاتـەی ئـایینیو نەتـەوەییو مەزهـەبیو ئاستی هۆشیاریو پێشکەوتنی شارستانیو مـەدەنی گەلانـەوە، هـەوەها چـەند

مەکتەبی بیروهۆشیاری

سیفەتێکی مەعنەوی لەخۆی دەگرێت، وەك: گیانی نیشتمان پەروەرێتیو قوربانیدانو لێبووردنو پێکەوەژیانو رێزگرتن لە جیاوازییەکان... هتد.

## ب. مانا جیاوازەکانی سیستمی هاوسەنگی نێوان هێزەکان:

لەگەڵ تێپەڕبوونی کاتو بەپێی بارودۆخە جیاوازەکان ئەم زاراوەیە بەکارهێنانی جیاوازی بەخۆیەوە بینیوە، کە گرنگترینیان ئەمانەن:

1. هاوسەنگی نێوان هێزەکان وەك گوزارشتێك لە دابەشکردنی هێز لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا (توزيع القوى *Distribution of Powers*).
2. هاوسەنگی نێوان هێزەکان وەك گوزارشتێك لە یەکسانی نێوان هێزە جیاوازەکان (تكافؤ القوى *Equilibrium*).
3. هاوسەنگی نێوان هێزەکان وەك گوزارشتێك لە هەژموونو هەیمەنەی هێزێك (هيمنة إحدى القوى *Hegemony*). بە پێی ئەم بەکارهێنانە هەژموونی هێزێك ئەبێتە هۆی بەرقەراربوونی ئاشتی جیهانی.
4. هاوسەنگی نێوان هێزەکان وەك گوزارشتێك لە ئارامیو ئاشتی نێودەوڵەتی (الاستقرار والسلام *Stability & Peace*).
5. هاوسەنگی نێوان هێزەکان وەك گوزارشتێك لە سیاسەتی هێز (سیاسات القوة *Power Politics*).
6. هاوسەنگی نێوان هێزەکان وەك گوزارشتێك لە ئاراستەکەری سیاسەتی دەوڵەتان (كموجه لسياسات الدول *Guide*).

* ئەوەی تێبینی ئەکرێت لە کۆی ئەو بەکارهێنانە جیاوازانەی (هاوسەنگی نێوان هێزەکان)ەوە بریتیە لە سەنتەربوونی چەمکی هێز لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا، ئەمەش ئەگەڕێتەوە بۆ کاریگەری قوتابخانەی واقیعیەت



مەکتەبی بیروهۆشیاری

(ریالیزم *Realism*)، ئەم قوتابخانەیە بەردەوام جەخت ئەکاتەوە لەسەر چەمکی هێز لە لایەك وەك هۆکارو میکانیزمو لە لایەکی تریشەوە وەك ئامانجو مەبەست لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا. بەپێی لێکدانەوەی ئەم قوتابخانەیە کاتێك دەوڵەت هەوڵئەدات لە ڕێگەی پرۆسەی ململانێی نێودەوڵەتیەوە بوونو ئاسایشو پێگەی نێودەوڵەتی خۆی بپارێزێت،ئەوا تاکە ڕێگەی بریتیە لە هەوڵدان بۆ جێگیرکردنی هاوسەنگی لە نێوان هێزەکاندا، چونکە لە ڕێگەی ئەم سیستمەوە هەموو دەوڵەتێك ئەتوانێت پارێزگاری لە قەوارەو ئاشایشی خۆی بکات.

## ج. میکانیزمەکانی بەردەوامبوونی سیستمی هاوسەنگی هێزەکان:

سیستمی هاوسەنگی نێوان هێزەکان بۆ ماوەی نزیکەی سێ سەدە لە ڕێگەی چەند میکانیزمێکەوە درێژەی بەمانەوەی خۆیداو توانی لەو ماوەیەدا ڕێگە لە بەرپابوونی جەنگێکی جیهانی بگرێت، کە ئەمانەی خوارەوە گرنگترینیانە:

### 1. سیاسەتی هاوپەیمانێتی (سياسة التحالفات *Alliances*):

لەسیستمی نێودەوڵەتیدا کەلەسەر بنەمای فرەیی نێوان دەوڵەتان دروست بووە، سیاسەتی هاوپەیمانێتی رۆڵێکی گرنگ دەبینێت لەپاراستنی سیستمی هاوسەنگی نێوان هێزەکاندا، ئەم هاوپەیمانێتییە هەندێك جار بۆ ئەوەیە کەهێزێك هەوڵ ئەدات قورسایی هێزەکان بەلای خۆیدا ڕابکێشێت، هەندێك جاری تر حاڵەتێکی ناچارییە بۆگێڕانەوەی هاوسەنگیەکی شێوێنراو بەهۆی لایەنێکی ترەوە .

### 2. سیاسەتی پەرتکە وزاڵبە (فرق تسد *Divide & Rule*):

لەم ڕێگەیەدا لەبری ئەوەی دەوڵەت هەوڵی زیادکردنی هێزی خۆی بدات لەڕێگەی هاوپەیمانێتییەوە بەپێچەوانەوە هەوڵی لاوازکردنی بەرامبەرەکانی

مەکتەبی بیروهۆشیاری

دەدات لە ڕێگەی جیاوازی دروست کردن و پەرتکردنەوە. ئەم سیاسەتە ڕێگەیەکی باوی دەوڵەتە ئیستیعمارییەکان بووە دژ بەو وڵاتانەی کە داگیریان کردبوون، چونکە گریمانەی سەرەکی لێرەدا کار لەسەر ئەوە ئەکات کە سیاسەتی پەرتکردن و دابەشکردنی ڕکابەرەکان ئەبێتە هۆی زاڵبوون بەسەریاندا، وەك سیاسەتی بەریتانیا بەرامبەر کیشوەری ئەوروپا لەلایەك و گەلانی ژێر دەستیشی لە لایەکی ترەوە.

*3*. **سیاسەتی قەرەبووکردنەوە (التعویضات *Compensation*):**

ئەم ڕێگەیە بریتی یە لەقەرەبووکردنەوەی هێزێکی هەرێمی کەبەهۆی جەنگەوە یان بەهۆی تێکچوونی باری هاوسەنگی یەوە تووشی زیان بووبێت بەمەبەستی پارێزگاریکردن لەبارودۆخی باو. یان مەبەست لێی بریتییە لە دابەشکردنی دەستکەوتەکان و ناوچەکانی نفوز لە نێوان دەوڵەتە ئیستعماریەکاندا. ئەوەی تێبینی ئەکرێت لەم ڕێگەیەدا بریتییە لەوەی کە هەمیشە دەوڵەتی بەهێز مەرجەکانی خۆی ئەسەپێنێت بەسەر دەوڵەتە لاوازەکاندا، بەتایبەت ئەگەر تازە کۆتاییان بە جەنگێك هێنابێت (وەك ڕێکەوتننامەی سایکس پیکۆ بۆ دابەشکردنی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لە نێوان فەرەنسا و بەریتانیادا پاش جەنگی جیهانی یەکەم).

*4*. **سیاسەتی ناوچە دابڕەکان (المناطق العازلة *Buffer Zones*):**

لەم ڕێگەیەدا بەمەبەستی دابڕین و جیاکردنەوەی هێزەکان لەیەکتری و دوورخستنەوەی مەترسی جەنگ لە نێوانیاندا، دەوڵەتێك یان هەرێمێکی لاواز وەك ناوچەیەکی ئارام لەنێوانیاندا دروست ئەکرێت و هەردوو هێزەکەش وەك وڵاتێکی سەربەخۆ سەیری دەکەن، وەك پۆڵەندا لەنێوان ڕوسیا و ئەڵمانیادا.



*5*. **سیاسەتی پڕچەککردن (التسلح *Armament*):**

چەمکی هێز بەتوندی گرێدراوە بە بوونی چەکەوە لە هەردوو لایەنی چەندێتی وچۆنیەتییەوە، لەبەرئەوە زلهێزان بەچەند شێوەیەك پەنای بۆ دەبەن بۆ پاراستنی هاوسەنگی نێوان هێزەکان، یان گواستنەوەی حاڵەتی هاوسەنگی بۆ ئاستێکی تر، یان گێڕانەوەی هاوسەنگییەکی تێکدراو لەلایەن هێزێکی ترەوە، ئەمەش بە چەند ڕێگەیەك دەبێت: (أ) دەوڵەتێك خۆی بەهێزتر بکات لە ڕێگەی خۆ پڕ چەککردنەوە. (ب) زلهێزێك هاوکاری هاوپەیمانەکانی بکات لە ناوچەیەکی دیاریکراودا. (ج) لە ڕێگەی پێشبڕکێی خۆپڕچەککردنەوە لە نێوان زلهێزاندا.

*6*.**سیاسەتی دەست تێوەردان و جەنگ (سیاسة التدخل والحرب *Intervention & War*):**

ئەم ڕێگەیە دوا قۆناغە لە میکانیزمەکانی پاراستنی سیستمەکەدا، سیاسەتی دەستتێوەردان شێوازی جیاوازی هەیە، جەنگیش یان ڕاستەوخۆ دەبێت یان لە ڕێگەی لایەنێکی ترەوە کە پێی ئەوترێت جەنگی بریکاری (<u>الحرب بالوكالة</u>).

مه کتەبی بیر و هۆشیاری

د. هەڵسەنگاندنی سیستمی هاوسەنگی نێوان هێزەکان:

| لایەنی ئیجابی | لایەنی سلبی |
|---|---|
| 1. ئەم سیستمە توانی حاڵەتی فرەیی لەنێوان دەوڵەتاندا بپارێزێت و ڕێگربوو لەتاکڕەوی تەنها دەوڵەتێك لەبواری نێودەوڵەتیدا . | 1. ئاڵۆزیو تەمومژاوییبوونی چەمکی هێزو نەبوونی دڵنیایی لەپێوانەی هێزەکاندا، کەهەمیشە ڕێگرە لەبەردەم پێناسەکردنی هێزە جیاوازەکاندا. |
| 2. ئەم سیستمە ڕۆڵێکی بەرچاوی بینیوە لەپاراستنی ئاشتی نێودەوڵەتیداو بۆ ماوەیەکی درێژخایەن ڕێگربووە لەبەردەم بەرپابوونی جەنگێکی جیهانی گەورە لە نێوان هێزە ئەورووپییەکاندا. | 2. لەگەڵ ئاڵۆزبوونی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا سیستمی هاوسەنگی هێزەکان گرنگی خۆی لەدەست داوە، بۆنموونە زاڵبوونی سیستمی دووجەمسەری بواری لەبەردەم دەوڵەتاندا تەسك کردۆتەوە بۆ گۆڕینی هاوپەیمانێتیەکانیان . |
| 3. ئەم سیستمە سەرەتایەك بوو بۆ هاتنەکایەی ئاسایشی بەکۆمەڵ و دروست بوونی ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان . | 3. هەندێك لەو گریمانانەی کەبیردۆزی هاوسەنگی هێزەکانی لەسەر بونیادنرابوو بەهەڵەدەرچوون، وەك سەربەخۆیی و یەکپارچەیی چەمکی هێز. |

<u>**دووەم: سیستمی ئاسایشی بەکۆمەڵ (الأمن الجماعي)**</u>

پاش هەڵگیرسانی جەنگی جیهانی یەکەم و شکستهێنانی سیستمی هاوسەنگی نێوان هێزەکان لە ڕێگرتن لە بەرپابوونی ئەو جەنگە جیهانیە لە



مه کتەبی بیر و هۆشیاری

لایەك و دەرکەوتنی ئاسەوارە کاولکارییەکانی ئەو جەنگە لەسەر هەموو گەلانی ئەورووپا بەگشتی لە لایەکی ترەوە، بارودۆخێك هاتە پێش کە بیر لە سیستمێکی بەدیل بکرێتەوە کە لە سیستمی پێشوو چالاکتر بێت لە ڕوو بەڕووبوونەوەی ئەو دەستدرێژی و دوژمنکاریانەدا کە تووشی ئاشتی و ئاسایشی جیهانی دەبنەوە.

بێگومان دامەزراندنی سیستمێکی لەم شێوەیە کارێکی ئاسان نییەو بە شەوو ڕۆژێك تەواو نابێت، بەڵام ئەوەی گرنگە بریتییە لە بوونی ئیرادەی دەوڵەتان بۆ چوونە نێو ئەو پرۆسەیەوە کە بە دروستکردنی ڕێکخراوی کۆمەڵەی گەلان سەرەتاکەی دەستی پێکردو پاشانیش ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان فۆرمێکی بالاتری هێنایە کایەوە.

<u>أ. بیرۆکە سەرەکییەکانی ئاسایشی بەکۆمەڵ</u>

1. بیرۆکەی ئاسایشی بەکۆمەڵ بەداهێنانێکی گرنگی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان دائەنرێت لەسەدەی بیستدا، بەتایبەت پاش جەنگی جیهانی یەکەم، بەپێی ئەم سیستمە چارەسەری کێشەی ئاسایشی نێودەوڵەتی بەهاوسەنگی هێزەکان ناکرێت، بەڵکو بە ئیلتیزامێکی هەمەلایەنەی دەوڵەتان دەکرێت بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو هەڕەشانەی کەتووشی دەوڵەتێك یان تەواوی سیستمەکە دەبنەوە.

2. ئەم سیستمە دەخوازێت کە <u>ڕێگربێت لەبەردەم هەر گۆڕانکارییەکی گەورە</u> لەواقیعی نێودەوڵەتیدا کەببێتە هۆی تێکدانی بارودۆخەکە بەئاراستەی خزمەتکردنی بەرژەوەندی تاکە هێزێك.

3. بەپێی ئەم سیستمە ڕێگرتن لەدوژمنکاری نێودەوڵەتی تەنها بەپشت بەستن بە یاسا و لۆجیك و ئەخلاقیات ناکرێت، بەڵکو ئەم سیستمە ڕووبەڕوی

مەکتەبی بیر و هۆشیاری

حاڵەتی دوژمنکاری دەبێتەوە لەرێگەی بەکارهێنانی هێزێکی گەورەتر، (واتە ئەخوازێت هەردوو لایەنی یاساو هێز پێکەوە کۆبکاتەوە).

4. لەسایەی ئەم سیستەمەدا ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی قابیلی دابەشکردن و سازشکردن نیە. چونکە هێرشکردنە سەر هەر دەوڵەتێك هەرکوێ بێت و هەرچۆنێك بێت، بە هێرشکردنە سەر ئاسایشی جیهانی تەماشا ئەکرێت و پێویستە هەموو دەوڵەتان پێکەوە بەبێ سازشکردن ڕووبەڕووی ببنەوە.

5. جێ بەجێ کردنی راستەقینەی ئەم سیستمە دەبێتە هۆی ڕێگرتن لەئەگەری بەکارهێنانی هێزو توندوتیژی لەپەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا، چونکە بەپێی ئەم سیستمە بەکارهێنانی هێز لەلایەن دەوڵەتێکەوە، واتا گرنگترین ڕووبەڕوبونەوەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی گشتی .

ب. گریمانەکانی سیستمی ئاسایشی بەکۆمەڵ

1. هەموو دەوڵەتانی بەشدار لە سیستمەکەدا لەسەر ئامانجێك کۆکن کە ئەویش بریتیە لەبەرهەڵستیکردنی دوژمنکاری،سەرچاوەکەی لای کێ و لە هەرکوێ بێت. لێرەدا پاراستنی ئاشتی و ئاسایشی جیهان بە یەك دەوڵەت ناکرێت و پێویستە هەموو دەوڵەتانی ئەندام لە سیستمەکەدا بەشداری بکەن.

2. لەکاتی هەڵگیرسانی ململانێیەکی چەکدارانەدا پێویستە ڕێکەوتنێکی نێودەوڵەتی دروست ببێت بۆ دیاریکردنی لایەنی دەست درێژیکەر. لێرەدا زۆر گرنگە کە ئەو ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەی دروست ئەبێت و نوێنەرایەتی سیستمی ئاسایشی بەکۆمەڵ ئەکات بە یەکسانی و دادپەروەری مامەڵە لەگەڵ دەوڵەتە ئەندامەکاندا بکات بەبێ جیاوازیکردن لەنێوانیاندا.



مەکتەبی بیر و هۆشیاری

3. هەموو دەوڵەتانی ئەندام ئازادن لە بوون بە ئەندام و بەشداریکردن لەڕێوشوێنەکانی سیستمی ئاسایشی بەکۆمەڵدا، بۆیە پێویستە هەر دەوڵەتێك بە بڕیاری ئازادانەی خۆی بەشدار بێت و بواریشی بۆ بڕەخسێنرێت تا بە یەکسانی لەگەڵ دەوڵەتانی تردا بەشداری بکات.

4. هێزو توانای ئەو دەوڵەتانەی کەسیستەمەکە پێك دێنن دەبێت ئەوەندە گەورەبێت کە بتوانێت ڕووبەڕووی لایەنی دەستدرێژیکەر ببێتەوەو پوچەڵی بکاتەوە، ئەمەش لە ئەنجامی پەیوەستبوونی دەوڵەتانی ئەندام بەپێشکەشکردنی هاوکاری پێویست بۆ سیستمەکە دروست ئەبێت.

5. ئەو دەوڵەتەی کە دەیەوێت دەستدرێژی بکاتە سەر دەوڵەتێکی ئەندامی سیستمەکە ئەگەر بزانێت ئەم حاڵەتە ڕووبەڕووی کۆی هێزی سیستمەکەی دەکاتەوە،بێگومان خۆی تووشی حاڵەتێکی ئاوا ناکات کە شکست چاوەڕوانی بێت. ئەم خاڵە گرنگی هەبوونی متمانە بە جێبەجێکردنی گریمانەکانی سیستمەکە ئەسەلمێنێت.

ج. ئاسایشی بەکۆمەڵ و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان

لە ڕاستیدا ناتوانرێت بە شێوەیەکی ڕوون و دیاریکراو باس لە سەردەم و سیستمی ئاسایشی بەکۆمەڵ بکرێت لە پێش سەرهەڵدانی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکاندا، چونکە بنەماکانی ڕێکخستنی نێودەوڵەتی لەسەر بناغەی بیرۆکەی هاوکاری نێوان ئەندامانی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بنیادنراوە لە هەموو بوارە جیاوازەکانی ئابووری، سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە، هەر ئەم هاوکاریەشە وائەکات کە دەوڵەتان هەوڵ و کۆششی هاوبەش بدەن لە پێناو بەدیهێنانی بەرژەوەندی و خۆشگوزەرانی هاوبەش بۆ هەموو ئەندامانی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی، نەك بەرژەوەندی تایبەتی تاکە دەوڵەتێك بە تەنها.

مەکتەبی بیر و هۆشیاری

کەواتە لە ژێر سایەی سیستمی ئاسایشی بەکۆمەڵدا کۆمەڵگای نێودەوڵەتی لە ڕێگەی ئەو ڕێکخراوە نێودەوڵەتییە جیهانییە گشتییەوە کە پێکدەهێنرێت ئەرکی پارێزگاریکردن‌و برەودان بە ئاشتی‌و ئاسایشی جیهانی لە ئەستۆی خۆی ئەگرێت‌و لە ڕێگەی میکانیزمەکانی کارکردنیەوە ڕێگرو لەمپەر دائەنێت لە بەردەم هەردەوڵەتێکی ئەندام لە ڕێکخراوەکەدا کە تاك لایەنەو بەمەبەستی بەدیهێنانی بەرژەوەندییەکانی خۆی هێز بەکاربهێنێت یان هەڕەشەی بەکارهێنانی بکات لە بەرامبەر دەوڵەتێکی ئەندامدا، بەڵکو ئەبێت هەردوولا پابەندبن بە ڕێکخراوەکەوەو لەڕێگەی گفتوگۆو چارەسەری ئاشتیانەو میکانیزمە یاساییەکانەوە چارەسەر بکرێت.

ئەوەی لێرەدا شایانی ئاماژەیە ئەوەیە کە سیستمی ئاسایشی بەکۆمەڵ‌و دروستبوونی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی مانای کۆتایهاتنی هەموو ململانێ‌وجەنگەکان نییە لە ئاستی نێودەوڵەتیدا، بەڵکو وەك (ئینیس کلۆد Inis Claude) ئەڵێت: (بریتییە لە ناوەڕاستی ڕێگە لە نێوان بارودۆخی پشێوی‌و فەوزای نێودەوڵەتی لە لایەك‌و دروستبوونی حکومەتی جیهانی لە لایەکی ترەوە)، چونکە فەوزای نێودەوڵەتی بارودۆخێکە کە چیتر مایەی قبوڵکردن نییە، بەڵام هێشتا حکومەتی جیهانیش نەیتوانیوە چوارچێوەی خەونەکان بە جێبهێڵێت‌و لە واقیعدا ببینرێت.

بە دروستبوونی ڕێکخراوی (کۆمەڵەی گەلان – عصبة الأمم – League of Nations) کە لە ئەنجامی ڕێکەوتننامەی (ڤێرسای) لە (1919) و بە مەبەستی داڕشتنی بنەماکانی ئاشتی نێودەوڵەتی‌و دوورکەوتنەوە لە دێوەزمەی جەنگ لە لایەك‌و، دابەشکردنی میراتییەکانی ئیمپراتۆریەتی ئەڵمانیاو سەڵتەنەتی عوسمانی بەسەر سەرکەوتووانی جەنگدا لەلایەکی ترەوە، لەلایەن (32)



مەکتەبی بیر و هۆشیاری

دەوڵەتەوە ئیمزای لەسەر کراو بۆ یەکەمینجار بیرۆکەی ئاسایشی بەکۆمەڵ کەوتە بواری جێبەجێکردنەوە.

ئامانج لە دروست بوونی ئەم ڕێکخراوە بریتی بوو لە ئاشتی‌و ئاسایشی نێودەوڵەتی‌و بەهێزکردن‌و برەودان بە پەیوەندی دۆستانەی نێوان دەوڵەتان، بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجانەش دەوڵەتانی ئەندام ئەبێت پەیوەستبن بەم پرانسیپانەوە:

- قەدەغەکردنی پەنابردن بۆ هێز لە چارەسەرکردنی کێشە نێودەوڵەتییەکاندا.
- ڕێزگرتن لە بنەماکانی یاسای نێودەوڵەتی.
- ڕێزگرتن لە بەڵێن وئیلتیزامەکانی پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان.
- بنیادنانی پەیوەندی دۆستانە لە نێوان دەوڵەتاندا لەسەر بناغەی دادپەروەریی‌و شەرەف.

نەتەوە یەکگرتووەکانیش نموونەیەکی پەرەسەندووتری ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتییە کە لەسەر گریمانەکانی ئاسایشی بەکۆمەڵ بنیادنراوەو، کۆمەڵێك ئامانجی جیهانی‌و ژمارەیەك بنەمای کارکردنی بۆ داڕێژراوە لە لایەن دەوڵەتانی ئەندامەوەو، خاوەنی ژمارەیەك دامودەزگای تایبەتمەندی خاوەن ئەرك‌و دەسەڵاتەو لە تەواوی بوارەکانی سیاسی‌و ئەمنی‌و ئابووری‌و کۆمەڵایەتی‌و فەرهەنگی‌و مرۆیی..هتد، کارئەکات، لە تەمەنی (61) ساڵەیدا ئەو ڕێکخراوە کۆمەڵێك کێشەی نێودەوڵەتی چارەسەر کردوە .

مەکتەبی بیر و هۆشیاری

**د. ئەو ڕەخنانەی ئاراستەی سیستمی ئاسایشی بەکۆمەڵ ئەکرێن:**

"جۆن میرزهایمەر)ی بیریاری سەر بە قوتابخانەی ڕیالیزمی – *Realist School*) ئەمریکی لە وتارێکیدا لە گۆڤاری (ئاسایشی نێودەوڵەتی – *International Security*) کە لە زستانی (*1995–1994*) بڵاوکراوەتەوە بەناونیشانی (*The False Promise of International Institutions*) ئەڵێت: نۆ هۆکاری سەرەکی هەن کە ئەگەری شکستهێنانن بۆ سیستمی ئاسایشی بەکۆمەڵ، کە بریتین لە:

1. زۆرجار شتێکی ئاسان نییە، ئەگەر ئەستەمیش نەبێت، کە دەوڵەتان لایەنی (دەستدرێژیکار) و(قوربانی) دەستنیشان بکەن لە کێشەو ململانێکاندا.
2. ئاسایشی بەکۆمەڵ کار لەسەر ئەو گریمانەیە ئەکات کە هەموو دەستدرێژییەك کارێکی هەڵەیە، لە کاتێکدا لەوانەیە بارودۆخێك بێتەکایەوە کە هێرشکردنە سەر وڵاتێکی دراوسێ کە هەڕەشەی بەکارهێنانی هێز ئەکات، کارێکی شیاو بێت!!
3. هەندێك لە دەوڵەتان بەهۆی فاکتەری پەیوەندی مێژوویی و بەرژەوەندی هاوبەش و دۆستایەتی ئایدیۆلۆژیەوە زیاتر لێکتر نزیکن، لەبەرئەوە ئامادەنین دژایەتی یەکتر بکەن و بەشداری بکەن لە ڕێوشوێنەکانی ئاسایشی بەکۆمەڵدا.
4. لە هەمانکاتدا دوژمنایەتی مێژوویی درێژخایەنی نێوان هەندێك لە وڵاتان، ڕێگر ئەبێت لەبەردەم جێبەجێکردنی ئاسایشی بەکۆمەڵ بە شێوەیەکی نموونەیی.
5. لە کاتی ڕووبەڕووبوونەوەی حاڵەتی دوژمنکاریدا، هەر دەوڵەتێك لایخۆیەوە هەوڵئەدات خۆی دوور خاتەوە لە ئەرك و لێپرسراوێتییەکان.



مەکتەبی بیر و هۆشیاری

6. لە کاتی پێویستی ڕووبەڕووبوونەوەی خێرای حاڵەتێکی دوژمنکاریدا، دەوڵەتان درەنگ ئارەزووی خۆیان پیشان ئەدەن بۆ بەشداریکردن لە پلانێکی داڕێژراو بۆ مامەڵەکردنی پێشوەخت لەگەڵ قەیرانەکەدا.
7. زۆرجار دەوڵەتان ناچنەڕیزی هاوپەیمانیەتییەکانەوە، چونکە لەوانەیە کاری هاوبەشی بەکۆمەڵ ململانێیەکی ناوخۆیی سنووردار بکات بە ململانێیەکی نێودەوڵەتی.
8. دەوڵەتان هەمیشە بە بیانووی سەروەری نیشتمانییەوە، خۆیان بە دوور ئەگرن لە پێشکەشکردنی هاوکاری و بەشداریکردن لە کاری بەکۆمەڵدا.
9. دژیەکبوونێك (تناقض) هەیە لە چۆنیەتی مامەڵەکردنی ئاسایشی بەکۆمەڵ لەگەڵ هێزی سەربازیدا، چونکە لە لایەکەوە بەکارهێنانی بە ناشیاو ویاساغ لە قەڵەم ئەدات و، لە لایەکی تریشەوە جەخت ئەکاتەوە لەسەر گرنگی و پێویستی ئامادەباشی بۆ بەکارهێنانی هێز دژی لایەنێکی دوژمنکار و دەستدرێژیکار.

**ه. لایەنی لێکچووی هاوسەنگی هێز. ئاسایشی بەکۆمەڵ**

1. بابەتی سەرەکی لەهەردووسیستمەکەدا بریتیە لەڕووبەڕووبونەوەی کێشەی بەکارهێنانی هێز لەپەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا.
2. هەردوو سیستمەکە پشت دەبەستن بەبیرۆکەی بەرگرتن (الردع) دژی لایەنی دەست درێژیکەر.
3. هەردوو سیستمەکە کۆکن لەسەر ئەوەی کە بەهێزترین ڕێگە بۆ پاراستنی ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی بریتیە لەئامادەیی بۆ بەکارهێنانی هێز دژی لایەنی دەستدرێژیکار .
4. هەردوو سیستمەکە کۆکن لەسەر ئەوەی ڕووبەڕووبونەوەی دەست درێژی بەدەستە جەمعی یاخود بەکۆمەڵ دەبێت .

مەکتەبی بیروهۆشیاری

5. هەردوو سیستمەکە هاوبەشن لەوەی کەدەوڵەتانی ئەندام سەربەخۆو ئازادن لەهەڵوێستەکانیاندا.

**و. لایەنی جیاوازی هاوسەنگی هێز. ئاسایشی بەکۆمەڵ**

1. هاوسەنگی هێزەکان پشت دەبەستێت بە هاوپەیمانێتیە کیٚ بەرکیٚ ییەکان ( التحالفات المتنافسه)، لەبەرامبەردا ئاسایشی بەکۆمەڵ پشت دەبەستێت بەهاوپەیمانێتیەکی جیهانی (تحالف عالمي) بۆ ڕووبەڕوبونەوەی سەرچاوەکانی دوژمنکاری .

2. هاوسەنگی هێزەکان لەسەر ئەو بنەمایە کاردەکات کەحاڵەتی باو لەپەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا بریتیە لەململانیٚ (الصراع)، لەبەرامبەردا سیستمی ئاسایشی بەکۆمەڵ لەسەر ئەو بنەمایە کاردەکات کە هاوکاری ئازادانە (التعاون) بنچینەی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان پێك دێنێت.

3. لە سیستمی هاوسەنگی هێزەکاندا دەوڵەتان هەوڵی دابینکردنی بەرژەوەندی نەتەوەیی (المصلحة الوطنية) خۆیان دەدەن بەبیٚ ڕەچاوکردنی ئاشتی وئاسایشی نێودەوڵەتی، بەلاّم لەئاسایشی بەکۆمەڵدا بەرژەوەندی نەتەوەیی دەوڵەتان دژ نیە بەئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی، چونکە بەپێی ئەم سیستمە (بەرژەوەندی دەوڵەتان پێکەوە گونجاون – تجانس المصالح).



مە کتەبی بیر و هۆشیاری

## تەوەری سێیەم

## پێناسەی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان

لەبەڵگە نەویستەکانە کەدیاریکردن‌و پێناسەکردنی زاراوەی لێکۆڵینەوە دەروازەیەکی گرنگ پێکدێنێت بۆ تێگەیشتن لەبابەتی لێکۆڵینەوەکە. لەبەرئەوە ناساندن‌و دیاریکردنی مانا‌و ڕوونکردنەوەی چەمکی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان‌و جیاکردنەوەی لەو زاراوەو چەمکانەی کە لێوەی نزیکن یەکێکە لە مەبەستەکانی ئەم تەوەرەیە.

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ پێناسە جۆراوجۆرەکانی نێو کتێبەکانی تایبەت بە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان ئەوا ئەبینین کە بە شێوەیەکی گشتی لەسەر بنەمای چەند پێوەرێك پێناسەکانیان داڕشتووە کە بریتین لە:

**یەکەم: پێناسەی پەیوەندیە نێودەوڵەتییەکان بە هۆی لایەنەکانی پەیوەندییەوە:**

1. تاکەکەس (الفرد) وەك لایەنی پەیوەندییەکان:

"نیکۆلاس سپایکمان *Nicolas Spykman*" دەڵێت: (پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان بریتی یە لەپەیوەندیی نێوان کۆمەڵێك تاکەکەس کە بەسەر چەند دەوڵەتێکی جیاوازدا دابەشبوون . هەروەها ڕەفتاری نێودەوڵەتیش (السلوك الدولی) بریتییە لە ڕەفتاری کۆمەڵایەتی چەند کەس‌و گروپێك کە سەر بە چەند دەوڵەتێکی جیاوازن).

واتە هەرچەندە دەوڵەتەکانیش جیاوازبن، بەلاّم لە کۆتاییدا هەر تاکەکەس بەسیفەتی کۆمەڵایەتی‌و سیاسی خۆی پەیوەندییەکان ئەنجام ئەدات، جا نوێنەری دەوڵەتێك بێت یان ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتی یان هەر کۆمەڵەو گروپێکی تر.

بلاوبونەوەی کۆمەڵێك چەمك و بیروباوەڕی تایبەت بە فەلسەفەی تاکگەرایی (الفلسفة الفردية)كە گرنگی دەدەن بە بەهاکانی تاکەکەس و سەربەخۆیی تاك و لێپرسراوێتی تاکەکەس، سەرەڕای تەشەنەکردنی بەهاکانی مافی مرۆڤ لەجیهاندا پشتگیری ئەم پێناسەیە دەکەن.

لە گرنگترین ئەو ڕەخنانەی کە ئاراستەی ئەم بۆچوونە کراوە بریتین لەوەی کە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان لە ئەنجامی پەیوەندی ئینسانەکان بەسیفەتی تاکەکەس دروست نابێت، بەڵکو بەسیفەتی نوێنەرایەتیکردنی قەوارەو گروپی جیاواز دروست دەبێت.

2. دەوڵەت وەك لایەنی پەیوەندییەکان:

کۆمەڵێکی زۆر لەلێکۆڵەران لەسەر ئەم ڕایەن، هەندێك ڕایان وایە کەدەوڵەت تاکەلایەنی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانە (قوتابخانەی ڕیالیزم). هەندێکی تر پێیان وایە کەلەگەڵ دەوڵەتدا چەند قەوارەیەکی تر لە دەرەوەو ناوخۆی دەوڵەت بەشداری دەکەن لەپەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا، وەك ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان و کۆمپانیا فرە ڕەگەزەکان ..هتد. (قوتابخانەی لیبرالیزم).

لە گرنگترین ئەو زانایانەی سەربەم ئاراستەیەن: (هانس مۆرجینتاو Hans J. Morgenthau) کە دامەزرێنەری بیردۆزی ڕیالیزمە لەسیاسەتی دەرەوەی ئەمریکادا. (ڕیمۆن ئارۆن R. Aron)ی فەرەنسی کە باوەڕی بە پێکەوە گرێدانی هێزو دیبلۆماسیەت هەیە. (ستانلی هۆفمانS Hofmann)ی ئەڵمانی/ئەمریکی. (کوینسی ڕایت Q. Wright) و(ڤیرالی Virally)..هتد.

(مۆرجینتاو) ڕای وایە کرۆکی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان بریتیە لەسیاسەتی نێودەوڵەتی کەبابەتی سەرەکی تیایدا بریتیە لەململانێی نێوان دەوڵەتانی خاوەن سەروەری لەپێناو بەدەستهێنانی هێزو دەسەڵاتدا.



ئەوەی پشتگیری ئەم ڕایە دەکات بریتییە لەو حاڵەتەی کە تائێستاش دەوڵەت سەنتەری سەرەکیی دروستکردنی بڕیارە لەسیاسەتی نێودەوڵەتیدا، هەروەها خاوەنی شەرعییەت و سەورەییە لە بەرامبەر ئەکتەرو یەکە نێودەوڵەتییەکانی تردا.

3. سیستمی نێودەوڵەتی وەك ژینگەی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان:

چەمکی (سیستم System) لە زانستە سروشتییەکانەوە وەرگیراوەو هاتۆتەنا و بواری زانستە سیاسییەکان و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان. زانای بایۆلۆژی (بیرتا لانفی Bertalanffy) لەوانە بوو کە لە سەرەتاوە پێناسەی وشەی (سیستم)ی کردبوو، بە ڕای ئەو (سیستم لە کۆمەڵێك ڕەگەز یاخود توخم پێکدێت کەپێکەوە گرێدراون، هەبوونی هەر یەکەیان پشت بە ئەویتر دەبەستێت، هەروەها گۆڕانکاری لەیەکێکیاندا دەبێتە هۆی گۆڕانکاری لەوانی تردا، تا لە کۆتاییدا شێوازی سیستمەکەش دەگۆڕێت).

کۆمەڵێك لەزانایانی بواری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان لەسەر ئەو ڕایەن کە خواستنی وشەی (سیستم) بۆ لێکدانەوەی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان شتێکی گونجاوە، لەوانە:

(مۆرتۆن کاپلان Morton Kaplan)، (جۆرج مۆدیلیسکی G. Modeleski)، (کینیث والتز K. Waltz)، (ئیمانۆئیل والەرشتاین I. Wallerstein)، (ڕۆبێرتۆ میسا R. Mesa) ..هتد. شایانی ئاماژە پێدانە کە ئەم زانایانە لەسەر بەکارهێنانی چەمکی سیستەم کۆکو هاوڕان، بەلام بە ڕێگەی جیاواز بەکاریدەهێنن.

مەکتەبی بیروهۆشیاری

(ڕۆبێرتۆ میسا *R. Mesa*) دەڵێت: (زانستی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان ئەو زانستەیە کە لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەکۆڵێتەوە لە هەردوو باری جولاّو وەستاودا *Static & Dynamic*.

شایانی ئاماژە پێدانە ئەم بۆچوونە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان وەك یەکەیەکی گشتگیرو پێکەوەبەستراو تەماشا ئەکاتو ڕای وایە گۆڕانکاری لە هەر بەشێکی جیهاندا یان لە هەر بابەتێکی نێودەوڵەتیدا ئەبێتە هۆی گۆڕانکاری لە بابەتو بەشەکانی تری جیهاندا، ئەمەش بەهۆی کارلێککردنی بەردەوامو پێکەوەبەسترانو پشت بەیەکتربەستنی دەوڵەتو پێکهاتە جیاوازەکانی سیستمی نێودەوڵەتی کە ناودەبرێت بە حاڵەتی (الاعتماد الدولی المتبادل المعقد *Complex Interdependence*).

## دووەم: ئەو پێناسانەی کە گرنگی بەماهییەتی پەیوەندییەکان دەدەن:

کۆمەڵێك پێناسەی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان هەن کەگرنگی بە ناوەڕۆکی پەیوەندییەکان یان ماهیەتو بابەتی سەرەکی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان دەدەن، واتە خاڵی جەختکردنەوەیان بریتییە لە چییەتی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان؟ ئایا تەنها بابەتو بوارێکی تایبەت لەخۆی ئەگرێت یان مانایەکی فراوانو گشتگیری هەیە؟

بە شێوەیەکی گشتی لە نێوان لێکۆڵەراندا دوو ڕای جیاواز سەبارەت بەم بابەتە هەیە:

1. پەیوەندییە سیاسییەکان وەك ماهییەتی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان:

گومانی تێدانییە کە پەیوەندییە سیاسییە نێودەوڵەتییەکان بەشی سەرەکی بابەتی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان پێك دێنێت کە بە (سیاسەتی نێودەوڵەتی) گوزارشتی لێدەکرێت، بەلاّم هەندێك لە لێکۆڵەرانی بواری پەیوەندییە



مەکتەبی بیروهۆشیاری

نێودەوڵەتییەکان ڕایان وایە کە پەیوەندییە نێو دەوڵەتییەکان تەنها لەپەیوەندییە سیاسیە نێودەوڵەتییەکان پێکدێت، هەرچی بوارەکانی تریشن وەك پەیوەندییە ئابوریەکانو فەرهەنگیەکانو هتد، ئەوا زانستەکانی تر لێیان دەکۆڵنەوە.

لەم بارەیەوە " د.محمد سامی عبدالحمید" دەڵێت: (پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان بریتی یە لەهەموو ئەو پەیوەندییانەی کەسروشتێکی سیاسیانەیان هەبێت یان لەئەنجام دا کۆمەڵێك ئاسەوارو ڕەنگدانەوەی سیاسییان لێ بکەوێتەوە، کە سنووری تاکە دەوڵەتێك تێ بپەڕێنێت .

2. چەمکی گشتگیر بۆ پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان:

لایەنگرانی ئەم بۆچوونە ڕایان وایە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان لە لایەکەوە هەموو پەیوەندییەکانی دەرەوەی دەوڵەت دەگرێتەوە بە جیاوازی بابەتو بوارەکانیەوە (ئابوری، سیاسی، کەلتووری، فەرهەنگی.. هتد). لە لایەکی تریشەوە هەموو ئەو پەیوەندییانە دەگرێتەوە کە دەوڵەتانو ئەکتەرەکانی تری جگە لە دەوڵەتیش ئەنجامی دەدەن وەك (ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان، کۆمپانیا فرەڕەگەزەکان، گروپو تاکەکەسی خاوەن نفوز..هتد)، واتە هەموو پەیوەندییەکانی دەرەوەی دەوڵەت.

(د. بترس غالی) دەڵێت: من وەسفکردنی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان تەنها بەپەیوەندی سیاسی نێودەوڵەتی بەگونجاو نازانم، چونکە ئەگەر لایەنی سیاسیش لایەنی زاڵ بێت لەو پەیوەندییەدا ئەوا هەندێك لایەنی ئابوری و فەرهەنگی و کۆمەلاّیەتیش کاریگەری تایبەتیان هەیە کەلەلایەنە سیاسییەکە کەمتر نین .

مەکتەبی بیرو هۆشیاری

**سێیەم: ئەو پێناسانەی کەگرنگی بەمەبەستی پەیوەندییەکان دەدەن:**

1 . (تیــۆری ): هەنــدێکیان ڕایــان وایــە مەبەســت لــە پەیوەندییــە نێودەوڵەتییەکان بۆ تێگەیشتنی سیاسەتی نێودەوڵەتی و گۆڕانکارییەکانیەتی، واتە ناسینی واقیع و کێشەکانی.

(پاڵمــەرو پیرکــنس Perkins & Palmer) ڕایــان وایــە پەیوەندییــە نێودەوڵەتییــەکان ئــەو زانستەنییە کــە کێشەکانی کۆمــەڵگای نێودەوڵــەتی پــێ چارەسەر بکەین، بەڵکو لە باشترین حاڵەتدا بریتییە لە دەروازەیەکی گونجاو بۆ تێگەیشتن لەو کێشە نێودەوڵەتییانە.

2. (مەیــدانی): هەنــدێکی تــر ڕایــان وایــە مەبەســتی پەیوەندییــە نێودەوڵەتییــەکان بریتــی یــە لەچارەســەرکردنی کێــشە نێودەوڵەتییــەکان و بەدیهێنانی ئاشتی جیهانی.

(گــۆرگی شــاخنزارۆف) دەڵێــت: (هەوڵــدان بــۆ بــە دەســتهێنانی ئاشــتی هەمیشەیی مەبەستی سەرەکیی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان دەبێت).



مە کتەبی بیر و هۆشیاری

**تەوەری چوارەم**

**دەروازەو میتۆدەکانی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان**

جیاوازی زۆرو بەرچاو هەیە لەپۆلێنکردن‌و بەکارهێنانی زاراوەکانی بواری لێکۆڵینــەوەی تیــۆری لەپەیوەندییــە نێودەوڵەتییەکانــدا. لێــرەدا بەشــێوەیەکی گــشتی قۆناغــەکانی پەرەســەندنی لێکۆڵینــەوەی تیــۆریی بــواری (پەیوەندییــە نێودەوڵەتییەکان) دابەش دەکەین بۆ سێ قۆناغی سەرەکی:

**یەکەم : قۆناغی تەقلیدگەرایی (المرحلة التقليدية)**

ئەم قۆناغە مێژوویەکی فراوانی هەیە، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی سەرەتاکانی سەدەی بیستەم‌و ساڵەکانی پێش‌و پاش جەنگی جیهانی یەکەم بە سەردەمی زێڕینی ئەم قۆناغە دادەنرێت.

لێرەدا ئەوەندەی شێوازی لێکۆڵینەوەو چۆنێتی مامەڵەکردنی تیۆریانەی ئەم قۆناغە لەگەڵ کایەی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا جێگەی گرنگی پێدانی ئێمەیە، ئەوەندە بەلامانەوە گرنگ نییە کە وەك قۆناغێکی مێژوویی مامەڵەی لەگەڵدا بکەین‌و بەسەرهات‌و ڕووداوەکانی بواری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان لەو قۆناغەدا بەسەر بکەینەوە.

لێرەوە دەتوانین بڵێین لەم قۆناغەدا پشت دەبەسترا بەکۆمەڵێك (دەروازە . مدخل . Approach)ی فەلسەفی‌و یاسایی‌و ئەخلاقی‌و مێژوویی...هتد، بۆ لێکۆڵینەوەی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان.

* **مەبەست لە (دەروازە . مدخل . *Approach*) چی یە؟**

لەبواری لێکۆڵینەوەدا ئەم وشەیە لەپێش (میتۆد بیردۆز – المنهج والنظریة) بەکارهێنراوە، کەمەبەست لێی ئەو پێوەرەیە کە لێکۆڵەرێك بەکاری دەهێنێت لە لێکۆڵینەوەکانیدا، واتە ئەو گۆشەنیگایەی کە لێکۆڵیار دیاری دەکات بۆ خۆیو لێیەوە دەڕوانێتە شتەکان، لێرەوە دەتوانرێت بۆ یەك بابەت چەند دەروازەیەکی جیاوازمان هەبێت بۆ لێکۆڵینەوە، وەك: دەروازەی یاسایی، مێژوویی، فەلسەفیی، ئەخلاقیی و ئابوری..وهتد.






**(أ). دەروازەی مێژوویی (المدخل التاریخی):**

*1*ــ بەکۆنترین دەروازەی لێکۆڵینەوەی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان دادەنرێت،پشت دەبەستێت بەمێژووی ڕابردوو بۆ لێکدانەوەی ئێستاو پێشبینیکردنی داهاتوو لەسەر بنەمای یاسا مێژووییەکان (القوانین التاریخیة).

*2*ـ بنەماکانی پەیوەندی نێوان دەوڵەتان بەهۆی ئەزموونو مومارەسەی مێژوویی درێژخایانەوە جێگیربوون، مێژووی پەیوەندییە دیبلۆماسییەکانیش شاهیدی ئەوەن کە چۆن کاربەدەستانی دەوڵەتان توانیویانە سەرکەوتن بەدەستبهێنن یان بەپێچەوانەوە چۆن تووشی شکست بوون، هەموو ئەمانەش جێگەی پەند وەرگرتنن بەهۆی دەروازەی یاساییەوە.

*3*ـ مێژوو تاقیگەیەکی گەورەیە بۆ ڕوونکردنەوەو شیکردنەوەی ئەو بارودۆخانەی کە بڕیارە گەورەو گرنگەکانی تێدا دراوە لەڕێگەی ڕوونکردنەوەی هۆکارو ئامانج (السبب والنتیجة).

*4*ـ ئەم دەروازەیە پشت بە (بەڵگەنامە دیبلۆماسییەکان، پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان، ڕاپۆرتی حکومەتەکانو ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان، زانیارییەکانی هۆکارەکانی ڕاگەیاندن) دەبەستێت.

*5*ـ ڕاستە مێژوو دەقاودەق خۆی دووبارە ناکاتەوە، بەڵام لەهەندێك هێڵی گشتیدا قابیلی دووبارە بونەوەیە، واتە ئەتوانرێت بە سوودوەرگرتن لە فەلسەفەی مێژوو گرنگی ئەو هێڵە گشتییانەی مێژووی مرۆڤایەتی بزانین. بۆنموونە: فەیلەسوفی بەریتانی (تۆینبی) کار بە یاسای تەحەداو بەدەنگەوەهاتن (التحدی والاستجابة) دەکات بۆ لێکدانەوەی مێژوو، نەتەوەیەك لە کاتی ڕێنیسانسو خۆبنیادناندا تووشی کۆمەڵێك (ئاستەنگ/تحدی) دەبێت کەپێویستیان بە وەڵامدانەوەیە، کاردانەوەو وەڵامدانەوەی ئاستەنگەکە

مەکتەبی بیر و هۆشیاری

یاسایەکە لەگەڵ جیاوازی بارودۆخەکاندا دووبارە دەبێتەوەو ئەتوانرێت سوود لە هێڵە گشتییەکانی چۆنیەتی مامەڵەکردنی نەتەوەکانی تر وەربگیرێت.

*** ڕەخنەکان:**

1. مێژوو ناتوانێت هەموو شتێکمان لەبارەی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانەوە پێبڵێت ئەگەر سوود لەبوارەکانی تری وەك: کۆمەڵناسی، ئابوری..هتد وەرنەگرێت.
2. مێژوو ناتوانێت پێشبینی داهاتوو بکات، چونکە ڕووداوەکان دەگۆڕێن و کاردانەوەی مرۆڤیش لەگەڵیاندا دەگۆڕێت، بۆیە ناتوانین لە ڕێگەی کۆمەڵێك شتی گۆڕاوەوە پێشبینیەکی نەگۆڕ بکەین.
3. هەموو سەرچاوە مێژووییەکان جێگەی ڕەخنەو ڕەتکردنەوەن، بۆ نموونە بەڵگەنامە گرنگەکان بەخێرایی ئاشکرا ناکرێن، هەروەها (دژیەك بوون/تناقض) هەیە لەنێوان گێڕانەوەی ڕەسمی و نارەسمیدا، هەروەها هەموو گروپێك لایەنگری هەیە بۆ مێژووی خۆی، ئەمە سەرەڕای نەبوونی ئازادی ڕاگەیاندن.

**(ب). دەروازەی ئەخلاقی . المدخل الاخلاقي):**

1. ئەم دەروازەیە کار لەسەر دروستکردنی قەناعەتێکی گشتی دەکات لەنێوان گەلانی جیهاندا، (ڕای گشتی جیهانی – الرأی العام العالمی) سەبارەت بەڕۆڵی ئەخلاق و بەها مرۆڤایەتییە باڵاکان، لەبونیادنانی پەیوەندی ئاشتیانە لەجیهاندا.
2. بە ڕای بیریارانی ئەم دەروازەیە بەرژەوەندی باڵای دەوڵەتان پێکەوە ناکۆك نییە، کە خۆی لە هاندانی ڕۆحی هاوکاری و برەودان بەڕێگەچارەی



مەکتەبی بیر و هۆشیاری

ئاشتیانەدا دەبینێتەوە. لەبەر ئەوە ڕایان وایە ئاشتیی جیهانی بەرژەوەندی هەموو لایەکی تێدایە، بەڵام جەنگ ناتوانێت وابێت.

3. سروشتی مرۆڤایەتی بنەڕەتێکی خێرخوازانەی هەیەو، مرۆڤ پەیوەندییەکانی خۆی لەسەر بنەماکانی خۆشەویستی و چاکەکاری و یەکسانی نێوان مرۆڤەکان ڕێکدەخات، لەبەر ئەوەی ئیرادەی دەوڵەت درێژکراوەی ئیرادەی مرۆڤە (سەرکردەکانە)، کەواتە دەوڵەتیش برەو بەو بەهایانە دەدات.
4. ئەم دەروازەیە بەتوندی دژی بەکارهێنانی هێزە لە یەکلایکردنەوەی کێشەکاندا، دژی بیردۆزی هاوسەنگی نێوان هێزەکانە، هەروەها جەنگ بەڕەفتارێکی ناعەقلانی و نائەخلاقی دادەنێت.
5. سەرچاوەکانی ئەم دەروازەیە بریتین لە (ئایینە ئاسمانییەکان، فەلسەفە مرۆڤدۆستەکان، بیروباوەڕە گەردوونیەکانی وەك ڕۆشنگەری و لیبرالیزم).

**ڕەخنەکان:**

1ـ ئەم دەروازەیە باس لەجیهانێکی خەیاڵی دەکات کەپێویستە بنیاد بنرێت، نەك باس لە جیهانێك کە دەگوزەرێت و ئێمە تیایدا دەژین. (یبحث فی مایجب أن یکون ولیس فی ماهو کائن!!).

2ـ لەئاستی نێودەوڵەتی و مێژووی پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکاندا نموونەی بەهێزو بەردەواممان زۆرکەمە کە تا سەرکاریان بەم بنەما ئەخلاقییانە کردبێت، بەڵکو زۆرجار هاوسەنگی هێزەکان و بەرژەوەندییە جیاوازەکان ڕێڕەوی ڕووداوەکان دیاریدەکەن.

3ـ مرۆڤ هەمیشە خێرخوازنیە!! هەروەها مەرج نییە ئیرادەی دەوڵەت بۆ هەمیشە درێژکراوەی ئیرادەی خێرخوازیی ئەندامەکانی بێت، بەڵکو سروشتی

مەکتەبی بیر و هۆشیاری

پەیوەنـــدی نێـــوان هێزەکـــان وئـــاڵۆزیی بەرژەوەندییـــەکانو ســـەختی بارودۆخـەکان زۆرجار بیروباوەڕی خێرخوازانـەی هەنـدێك لـە سـەرکردەکانیش دەگۆڕن.

*4*ـ هەنـدێکجار بیروباوەڕە ئەخلاقییـەکانو بـەها مرۆڤایەتییـەکان لـە نـاوخۆی دەوڵەتدا کاریان پێدەکرێت بەهۆی هەبوونی کۆمەڵێك هەلومەرجی ناوخۆیی کـە لـە دەوڵـەتێك بـۆ یـەکێکی تـر دەگۆڕێـت، بـەڵام گواسـتنەوەی ئـەم بەهایانـە بـۆ جیهانی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان شتێکی ئاسان نییـەو ڕێگرو ئاستەنگی زۆرە. بـۆ نمونـە زۆرێـك لـەو دەوڵەتانـەی لـە نـاوخۆی خۆیانـدا ڕێـز لەمافـەکانی مرۆڤ دەگرن، لە ئاستی نێودەوڵەتییدا ئەو مافانە پێشێل دەکەن.

<u>(ج). دەروازەی یاسایی (المدخل القانونی):</u>

*1*ــ بیرۆکـەی سـەرەکیی ئـەم دەروازەیـە پەیوەسـتە بـەڕادەی ملکەچبوونی ئەندامانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بە یاسا نێودەوڵەتییەکانەوە، هەروەها لەسەر بنـەمای هـەمان پێـوەر حـوکم لەسـەر سیاسـەتی نێودەوڵـەتی دەدات. واتـە ئـەم دەروازەیـــە هەمیـــشە جـــەخت لەســـەر جێبـــەجێکردنی یاســـای نێودەوڵـــەتی وپەیماننامەو ڕێکەوتننامە نێودەوڵەتییەکان دەکاتەوە.

*2*. بە پێی ئەم دەروازەیە پاراستنی ئاشتیو ئاسایشی نێودەوڵەتی ئەرکی یاسای نێودەوڵەتییە، چونکە چارەسەری کێشەکان پەیوەستە بەهۆکارەکانی چارەسـەرکردنەوە، لەبـەر ئـەوە بـۆ بنـەبڕکردنی سەرچاوەکانی شـەڕەنگێزیو دەستدرێژی لەجیهاندا پێویستە جێبەجێکردنی یاسا نێودەوڵەتییەکان چالاکتر بکـرێنو میکانیزمـەکانی ناچـارکردنی دەوڵـەتان بـۆ جێبـەجێکردن فـراوانتر بکرێن.

*3*ـ ڕێکخـراوە نێودەوڵەتییـەکان لـە گـرنگترین ئـەو هۆکارانـەن کـە دەروازەی یاسـایی جـەختی لەسـەر دەکاتـەوە بـۆ ڕەخـساندنی بـواری هاوکـاری نێـوان



مەکتەبی بیر و هۆشیاری

دەوڵەتانو ڕووبەڕووبوونەوەی هەڕەشـەی جـەنگ، چونکە ئەم ڕێکخراوانـە بـوار ئەڕەخـسێنن بـۆ هاوکـاری ئازادانـەی نێـوان دەوڵـەتانو میکـانیزمی گونجـاو فەراهەمـدێنن بـۆ پێکـەوە گونجانـدنی بەرژەوەندییـە جیاوازەکـانو کۆبونـەوە لەسـەر بەرژەوەنـدی هاوبەشـی جیهـانی (وەك نموونـەی نەتـەوە یـەکگرتووەکان ودامودەزگاکانی).

*4*. سەرچاوەکانی ئەم دەروازەیـە بـریتین لـە یاسـای نێودەوڵـەتیو پـەیماننامـە نێودەوڵەتییـــەکانو هەوڵـــەکانی ڕێکخـــراوە نێودەوڵەتییـــەکانو دابونەریتـــە نێودەوڵەتییـەکان کـە هـەموویان جـەخت لەسـەر گرنگـی یاسـای نێودەوڵـەتیو پێویستبوونی دەکەنەوە.

*5*. ئامانجی کۆتایی ئەم دەروازەیە بریتییە لە گۆڕینی کۆمەڵگای نێودەوڵـەتی لەسـەر شـێوازی سیـستمی نـاوخۆی دەوڵـەت، واتـە چـۆن سیـستمی نـاوخۆی دەوڵەت خاوەن سێ دەسەڵاتی سەرەکی خۆیەتیو پێویستە بە هـەمان شێوەش کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بەرەو ئەو ئامانجە هەنگاو بنێت.

<u>ڕەخنەکان:</u>

*1*ــ لــەواقیعی نێودەوڵەتیــدا زۆرجــار بنــەماکانی ســەروەریی نیــشتمانیو بەرژەوەندی نەتەوەیی دەسەپێندرێت بەسەر یاسای نێودەوڵەتیدا.

*2*ـ لـەڕووداوە گرنگـەکان دا دەوڵەتـە بـەهێزەکان پـەنا بـۆ بـەکارهێنانی هێـز دەبـەن، دەوڵەتـە لاوازەکـانیش پـەنا بـۆ یاسـای نێودەوڵـەتی دەبـەن. لـەکاتی سوڵحیشدا هەمیشە مەرجەکان بەسەر لایەنی دۆڕاودا دەسەپێنرێت.

تـا ئێـستا کۆمەڵگـەی نێودەوڵـەتی ناتوانێـت یاسـا نێودەوڵەتییـەکان بەباشـی جێبەجێبکات، هەمیشە سەروەری دەوڵەتان ڕێگرە لەم بوارەدا .

مەکتەبی بیر و هۆشیاری

**دووەم : قۆناغی ڕەفتارگەرایی (المرحلة السلوكية)**

"هیدل بۆڵ *Hedley Bull*" کە یەکێکە لە زانا ناودارەکانی بواری پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکان، لە ساڵی *1966* داو لە وتارێکی ناوداریدا دەڵێت: دوو میتۆدی جیاواز لە حاڵەتی کێبڕکێدان لەسەر بواری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان کە بریتین لە (تەقلیدگەرایی و ڕەفتارگەرایی)، یان بە لێکدانەوەیەکی تر لە نێوان (مێژووخوازی و زانستخوازی)دا. ئەم حاڵەتی دابەشبوونە لە نێوان ئەو دوو جۆرە میتۆدەدا درێژەی خایاندو تائێستاش ئاسەواری بەسەر لێکۆڵینەوەکانی بواری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانەوە دیارە. لێرەدا بە کورتی ئاماژە بە هەندێك لەو گفتوگۆیە دەکەن:

**(أ). <u>جیاوازی نێوان تەقلیدگەرایی وڕەفتارگەرایی:</u>**

*1*ـ تەقلیدییەکان گرنگیان دەدا بە بابەتی لێکۆڵینەوە، لە بەرامبەردا ڕەفتارگەراییەکان گرنگییان دەدا بەمیتۆدەکانی لێکۆڵینەوە. "نیکۆلاس سپایکمان" ڕای وایە جیاوازی هەیە لە نێوان مێژوونووس و تیۆریسێن (منظر _ *Theorist*)دا، چونکە مێژوو گرنگی بە حاڵەتێکی دیاریکراو دەدا، بەلاّم بیردۆزی زانستی بە دوای خاڵی هاوبەشدا دەگەڕێت لە نێوان چەندین حاڵەتی جیاوازدا، واتە بە دوای یاسادا دەگەڕێت.

*2*ـ تەقلیدییەکان لەدەروازەی جیاوازەوە یان لە ڕێگەی دامەزراوەکانەوە (المؤسسات) لێکۆڵینەوەکانیان لەبواری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان ئەنجام دەدا، لەبەرامبەردا ڕەفتارگەراکان ڕەفتاری سیاسی تاکیان دەکرد بەیەکەی لێکۆڵینەوەکانیان.

*3*. تەقلیدییەکان پشتیان دەبەست بە (مێژوو، یاسا، ئەخلاق، فەلسەفە..هتد) بۆ لێکۆڵینەوەکانیان، بەلاّم ڕەفتارگەراکان موفرەداتی زانستی بوارەکانی سۆسیۆلۆژیا و ئابورییان بەکاردەهێنا بۆ لێکۆڵینەوەکانیان، سەرەڕای گرنگیدان بەئامارو تەکنیکی بیرکاری و کۆکردنەوەی داتا.

*4*ـ تەقلیدییەکان بەشێوەیەکی گشتی و لە ئاستی فراواندا باسیان لەپەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان دەکرد، لە بەرامبەردا ڕەفتارگەراکان هەوڵیان دەدا بچنەناو وردەکارییەکانی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، وەك:﴿ تەواوکاری ئابوری، هۆکارەکانی جەنگ، چەك داماڵین..هتد).

*5*ـ بەلای تەقلیدییەکانەوە کێشە لە نێوان <u>زانست و بەهاکاندا</u> نەبوو، بەلاّم ڕەفتارگەراکان هەوڵیان دەدا زانستێکی خاڵی لە بەهاکان (علم خالي من القيم) دروست بکەن، بە بیانوی گەیشتن بەبێلایەنی و بابەتیبوون (الحياد والموضوعية).

| ژ | تەقلیدییەکان | ڕەفتارگەراکان |
|---|---|---|
| *1* | گرنگی دەدات بە بابەتی لێکۆڵینەوە. | گرنگی دەدات بە میتۆدی لێکۆڵینەوە. |
| *2* | جەخت دەکات لەسەر دامەزراوەکان. | جەخت دەکات لەسەر ڕەفتاری سیاسی تاك. |
| *3* | (مێژوو، ئەخلاق، فەلسەفە) بەکاردەهێنێت. | (موفرەداتی زانستی) بەکاردەهێنێت. |
| *4* | گرنگیدان بە پەیوەندییەکان بە گشتی. | گرنگیدان بە وردەکارییەکانی پەیوەندییەکان. |
| *5* | پێکەوە گونجاندنی زانست/بەهاکان. | زانستی پەتی (خاڵی لە بەهاکان). |

<u>(ب). پێناسەی میتۆد (المنهج – *Method*):</u>

فەیلەسوفی فەڕەنسی (ڕینیە دیکارت) لە وتارێکی بەناوبانگیدا بەناوی (مقال في المنهج) دەڵێت: (میتۆد بریتییە لە ڕێگەیەك بۆ بە دادوەریکردنی عەقڵ لە لێکدانەوەی شتەکاندا– طریقة لإحكام العقل) کە پاشتر ڕێبازی عەقلانیەتی لێکەوتەوە لە بواری فەلسەفەو زانستدا.

بە دەربڕینێکی تر لە هەر بوارێکی مەعریفیدا میتۆد بریتییە لەوڕێگەیەی کە عەقڵ دەیگرێتەبەر بۆ گەیشتن بە کۆمەڵێك بنەمای گشتی یان یاسای گشتی لەبارەی ئەو بوارە مەعریفییەوە، بۆیە هەموو ئەو ڕێوشوێنانە دەگرێتەوە کە بەهۆیانەوە زانیاریەکان (معلومات – *Data*) بەدەست دەهێنرێن، پاشان بەکار دەهێنرێن بەمەبەستی ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەی زانستی.

* (د. عبدالرحمن بدوی) لە کتێبی (مناهج البحث العلمي)دا دەڵێت: بە شێوەیەکی گشتی لەڕووی تەکنیکییەوە (میتۆد) دوو مانای هەیە:

- میتۆدی شیتەڵکردن (المنهج التحليلى) بۆ کەشفکردنی ڕاستییەکان بەکاردەهێنرێت.
- میتۆدی دووبارە بنیادنانەوە (المنهج التركيبى) بۆ گەیاندنی ئەو ڕاستیانە بە خەڵك، بەکاردەهێنرێت.

<u>میتۆدەکانی قۆناغی ڕەفتارگەرایی:</u>

ئەم قۆناغە ژمارەیەك میتۆدی بەرهەمهێناوە بۆ بواری زانستە سیاسییەکان گرنگترینیان ئەمانەن:

أ. میتۆدی لێکدانەوەی سیستمیی (منهج تحليل النظمي – *System Method*)

ب . میتۆدی هاوسەنگی (منهج التوازن – *Equilibrium Method*)



ج . میتۆدی دروستکردنی بڕیار (منهج صنع القرار – *Decision Making Method*)

د . میتۆدی لێکدانەوەی گەمەی نێودەوڵەتی (منهج المباريات – *Game Method*)

دواتر باس لەمیتۆدی لێکدانەوەی سیستمیو میتۆدی دروستکردنی بڕیار وەك لایەنی پراکتیك دەکەین، بەڵام لێرەدا تەنها میتۆدی لێکدانەوەی گەمەی نێودەوڵەتی باس دەکەین.

<u>(ج). میتۆدی لێکدانەوەی گەمەی نێودەوڵەتی:</u>

ئەم میتۆدە پشت دەبەستێت بە حاڵەتی لێکچوونی نێوان هەندێك لەو یاریانەی کە جۆرێك لە یاساو بەرنامەیان تێدایە لەگەڵ هەندێك لە دیاردەو مەسەلەکانی بواری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا.

سەرەتای ئەم میتۆدە دەگەڕێتەوە بۆ بواری بیرکاریو ئابووری، بەڵام لەلایەن هەندێك لە زانای وەك (مارتن شوبیك، کارل دۆیچ)ەوە هێنرایە بواری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانەوە.

ئەم میتۆدە گرنگی دەدات بە ڕەفتاری یاریزانەکان (دووان بن یان زیاتر) لە کاتی پەیوەندیو کارلێككردندا سەبارەت بە بابەتێك کە جێگەی گرنگی پێدانی هەموویان بێت، هەرکەس لای خۆیەوە هەوڵبدات زۆرترین قازانج بۆ خۆی دابین بکاتو دووربکەوێتەوە لە دۆڕانو زیان، زۆر بێت یان کەم.

ئەم میتۆدە میتۆدێکی ستراتیژیەو گرنگی دەدات بە بواری بڕیاردانو چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ پێشهاتەکاندا بە تایبەت لە بواری هاوکاریو

مه‌كته‌بی بیر و هۆشیاری

ململانێکانی سیاسەتی دەرەوەی دەوڵەتاندا، کە هەمیشە جەخت دەکاتەوە لەسەر هەڵبژاردنی باشترین ئەگەر (خیار) لەنێو چەند ئەگەرێکدا.

## مەرجەکانی دروست بوونی گەمەی نێودەوڵەتی:

*1*. **بوونی ئامانجی جیاواز** : واتە هەر لایەنێك چەند ئامانجێك بۆ خۆی دیاری دەکات و پەیوەست دەبێت پێیەوەو هەوڵی بەدەستهێنانی دەدات، ئەگەر لەسەر حیسابی لایەنەکانی تریش بێت.

*2*. **بوونی ئەگەری جیاواز (کرانەوەی ئەگەرەکان)**: واتە پێویستە ئەگەرەکان کراوەبن و بواری هەڵبژاردنی چەند بڕیارێك هەبێت لە یەك کاتدا، بۆ ئەوەی لایەنەکان ئازادبن لە هەڵبژاردنی باشترین بڕیاردا.

*3*- **بوونی ڕێژەیەك لەعەقلانییەت لە بڕیارداندا**: چونکە بەشێکی گەورەی یاریەکە لەسەر ئەوە دەڕوات کە دەبێت پێشهاتەکان دیاری بکرێن و تەوەقوعی هەنگاوەکانی لایەنی بەرامبەر بکرێت، ئەوەش تەنها بە حیساباتی عەقلانی ئەبێت لە بڕیارداندا، واتە بەرچاوکردنی هاوکێشەی(قازانج/زیان).

## ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی گەمەی نێودەوڵەتی لە حاڵەتی نموونەییدا:

*1*. هەبوونی کۆمەڵێك یاریکەر (لاعب).
*2*. هەبوونی کۆمەڵێك بنەمای دیاریکراو بۆ یارییەکە (قواعد اللعبة).
*3*. هەر لایەنێك خاوەن ستراتیژیەتی خۆی بێت.
*4*. چاوەڕوانکردنی بەرژەوەندیو داهات (الفوز أو الربح).
*5*. دەستکەوتنی زانیاری پێویست لەبارەی یاریەکەو یاریزانەکانیترەوە.
*6*. ڕازیبوون بە ئاکامەکان (الالتزام بالنتائج).



مه‌كته‌بی بیر و هۆشیاری

## جۆرەکانی گەمەی نێودەوڵەتی:

*1*. **یاری سفری ( اللعبة الصفرية *Zero-Sum Game*):**

ئەو جۆرە یارییەیە کە ڕێژەی ئەو قازانجەی لایەنێك بەدەستی دێنێت یەکسانە بەهەمان ڕێژە لەزیانی بەرامبەر ، واتە ئەم یارییە سروشتێکی ململانێیانەی هەیەو زۆرجار لەنێوان دوولایەندا دەبێت، هەروەها بواری دانوستان و ڕێکەوتن لەسەر چارەسەری مامناوەند نییە، وەك (یاری شەترەنج).

کە دەوترێت یارییەکە سفرییە مەرج نییە یەکێك لە دوو لایەنی ململانێکە تەواو لەناوبچن، بەڵام مەرجە ئەو بابەتەی ململانێی لەسەر دەکەن یەکلا بکرێتەوە بۆ یەکێکیان، نموونەی ئەم جۆرە یارییە لە بواری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا، وەك جەنگی جیهانی دووەم، جەنگی ئەمریکا دژی ڕێکخراوی (قاعیدە) و ڕژێمی سەدام حسەین).

*2*. **یاری ناسفری (اللعبة غير الصفرية *Non-Zero Game*):**

ئەم جۆرە یارییە بوارێك بۆ دانوستان و ڕێکەوتن دەهێڵێتەوە، بۆیە دەگونجێت هەموو لایەنەکان بەڕێژەی گونجاوو جیاواز زیان و قازانج بکەن (بۆ نموونە بە ڕێژەی سەددی ٪)، وبواری هاوکاریو ڕێگەی سێیەم وچارەسەری مام ناوەند کراوەیە، بەڵام پێویستە کەناڵێك بۆ پەیوەندیکردن هەبێت.

لێرەدا پێویستە ئاماژە بکەین بۆ ئەوەی کە زۆربەی کێشە نێودەوڵەتییەکان بنەماکانی ئەم جۆرە یارییەیان لەسەر دەچەسپێت و، دەشگونجێت لە دوو لایەن زیاتر بەشداری بکەن و کێبڕکێ وململانێ بکەن لەسەر بەدەستهێنانی ڕێژەی جیاواز لە قازانج و خۆپاراستن لە زیان، وەك ئەو یارییانەی کە لەسەر کۆکردنەوەی خاڵ دەڕۆن، بۆ نموونە یارییەکانی ئۆڵۆمپی نێودەوڵەتی، نموونەی ئەم یارییەش لە ئاستی نێودەوڵەتیدا وەك (پەیوەندییە ئاساییەکانی هەموو دەوڵەتان، یان بەشداری لە بازرگانی جیهانیدا).

مەکتەبی بیرو هۆشیاری

**رەخنەكان:**

1. كێشەی سەرەكی ئەم میتۆدە ئەوەیە كە سیاسەتی نێودەوڵەتی لەهەموو یارییەك ئاڵۆزترەو، ناكرێت پەیوەندییە نێودەوڵەتییەكان سادە بكرێتەوە بۆ هیچ یارییەك.

2ـ هەمیشە كێشەی نەبوون یان كەمی زانیاری لەسەر بەرامبەر هەیە، هەروەها كێشەی پەیوەست بوون بە بنەماكانی یارییەكە هەیە، چونكە ڕەنگە لە چركە ساتێكدا بنەماكانی پەیوەندییەكانو هاوسەنگی هێزەكان بگۆڕێتو پاشتر لایەنی بەهێز بنەماكان بگۆڕێت!.

3ـ مەرج نیە هەموو هەنگاوەكان بەپێی حساباتی عەقڵانی بێت، بەڵكو جیاوازی بیروباوەڕو كەلتورو ژینگەی مرۆڤەكان كاریگەری تایبەتیان لەسەر بڕیارەكان هەیە.

4ـ ئەم میتۆدە زۆرجار بواری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەكان بەرتەسك دەكاتەوە بۆ ململانێ، لە كاتێكدا واقیعی نێودەوڵەتی لە هەمان كاتدا ململانێ و هاوكاریش هەڵدەگرێت.

**(د). میتۆدی لێكدانەوەی سیستمی (منهج التحلیل النظمي):**

1. ئەم میتۆدە سەرەتاكەی دەگەڕێتەوە بۆ بواری بایۆلۆژیا، پاشان لەلایەن ڕەفتارگەراكانەوە (السلوكیون) هێنرایە بواری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەكانەوە. ئامانجی سەرەكی ئەم میتۆدە ئەوەیە كە لەپێناو ئاسانكردنی لێكۆڵینەوەدا وەك دوو سیستمی جیاواز مامەڵە لەگەڵ ئاستی ناوخۆ و نێودەوڵەتیدا دەكات، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت كە دابڕان لە نێوانیاندا دروست بكات.



مەکتەبی بیرو هۆشیاری

2. ئەم میتۆدە گرنگی دەدات بە لێكۆڵینەوەی تایبەتمەندییە بونیادی (هیكلی) و ڕەفتاری (سلوكی) یەكانی سیستمی نێودەوڵەتی بەگشتیو بونیادو ڕەفتاری ئەو سیستمە لاوەكییانەی كە لێی جیادەبنەوەو بە بەشێك لە سیستمە گشتییەكە دادەنرێن (Sub Systems).

3. ئەم میتۆدە گرنگی دەدات بە لێكۆڵینەوەی ئەو توانایانەی كە سیستمی نێودەوڵەتی هەیەتی لە چارەسەركردنی كێشەكانی نائارامیو ناجێگیری كە تووشی سیستمەكە دەبن، واتە توانای پارێزگاری لەخۆكردنی سیستمی نێودەوڵەتی لە بەرامبەر فشاری دەرەكیو قەیرانی ناوخۆییدا.

4. ئەم میتۆدە گرنگی دەدات بە بابەتی گواستنەوەی زانیارییەكان لەنێو سیستمی نێودەوڵەتیدا چونكە لە لایەكەوە بڵاوبوونەوەی زانیاری بە شێوەیەكی دروست كاریگەری ئیجابی دەبێت لەسەر كاركردنی سیستمەكە، هەروەها لەلایەكی ترەوە دەبێتە مایەی جێگیریو بەردەوامی بۆ سیستمەكە.

5. ئەم میتۆدە لەگەڵ گرنگیدانی بە دامودەزگاكانی سیستمی نێودەوڵەتیو كاردانەوەی ڕەسمیی دەوڵەتە جیاوازەكان، گرنگیی ڕۆڵی بیروباوەڕو ڕەفتاری دەستەبژێری دەسەڵاتدار (النخبة الحاكمة) لەبیر ناكات، چونكە لە كۆتاییدا لە ئەنجامی بڕیارەكانی ئەم نوخبە دەسەڵاتدارانەوە سیستمی نێودەوڵەتی بەجێگیری دەمێنێتەوە، یان تووشی ناجێگیریو گۆڕانكاری دەبێت.

**چەمك و پێناسەی سیستمی نێودەوڵەتی:**

بە شێوەیەكی گشتی دوو ئاراستەی سەرەكی هەیە بۆ پێناسەكردنی سیستمی نێودەوڵەتی:

مەکتەبی بیروهۆشیاری

ئاراستەی یەکەم: پشت دەبەستێت بەمانای زمانەوانیی وشەی (سیستم) کە بەم شێوەیە پێناسەی دەکات: (بریتییە لەحاڵەتێك لە پێکەوەگونجان و ئینزیبات (التوافق والانضباط) لە نێوان پێکهێنەرە سەرەکییەکانی سیستمی نێودەوڵەتی دا، بەشێوەیەك ڕێگربێت لەپشێویو ئاژاوە، ئەمەش یان بەهۆی پەیوەستبوون بەیاسای نێودەوڵەتی یان ڕێزگرتن لەدەسەلاّتێکی نێودەوڵەتی دەبێت، واتە سیستمی نێودەوڵەتی لەکۆمەڵێك یاساو بنەما پێکدێت کەپێویستە پێکهێنەرەکانی سیستمەکە پێوەی پەیوەستبن.

بەپێی ئەم پێناسەیە سیستمی نێودەوڵەتی دەبێت ئەم مەرجانەی تێدا هەبێت:

1. هەبوونی ڕێژەیەك لە پابەندبوونو ڕێوشوێنی هاوبەش لە نێوان ئەندامانی سیستمەکەدا (قواعد الالتزام والانضباط المشترك).

2ـ هەبوونی کۆمەڵێك یاساو بنەما کە ڕەفتاری دەوڵەتان ڕێکبخەن (شەرعییەتی نێودەوڵەتی: الشرعية الدولية).

3ـ هەبوونی یەکسانی و دادپەروەری لە جێبەجێکردنی ئەو یاساو بنەمایانەدا (دادپەروەری نێودەوڵەتی:العدالة الدولية).

4ـ هەبوونی کۆمەڵێك میکانیزمو دامودەزگای جیاواز کە ئەو یاسایانە جێبەجێ بکەن (میکانیزمەکانی کاری نێودەوڵەتیی هاوبەش: آليات العمل الدولى المشترك).

ئاراستەی دووەم: ئەم ئاراستەیە باس لە حاڵەتی دابەشبوونی هێزو گرنگی ڕەچاوکردنی واقیعی نێودەوڵەتی دەکات. بەپێی ئەم ئاراستەیە سیستمی نێودەوڵەتی بریتییە لە کۆمەڵێك یەکەی نێودەوڵەتی کە بەپێی پلەبەندی لە هێزدا پێکەوە بەستراونو لە حاڵەتی کارلێککردنی بەردەوامدان لەسەر کۆمەڵێك



مەکتەبی بیروهۆشیاری

بابەت کەجێگەی گرنگی پێدانی هەموویانە بەشێوازی جیاوازی وەك ململانێ و هاوکاری و کێبڕکێ لە سنوری ژینگەیەکی دیاریکراودا.

ئەم پێناسەیە ئەم ئەنجامانەی لێ دەکەوێتەوە لەبواری نێودەوڵەتیدا:

1ـ ئەگەری ئەوە لە ئارادایە کە پەنا ببرێت بۆ هێزو توندوتیژی لە کێشە نێودەوڵەتییەکاندا.

2ـ ڕێك نەکەوتن لەسەر کۆمەڵێك یاساو بنەمای نێودەوڵەتی کە جێگەی ڕەزامەندی هەموولایەك بێت.

3. ڕێك نەکەوتن لەسەر تەفسیرێکی هاوشێوە بۆ یاسا نێودەوڵەتییەکان.

4ـ مەرج نییە حوکمەکانی یاسا نێودەوڵەتییەکان بە یەکسانی جێبەجێبکرێن.

5. نەبوونی سزای ڕوونو خێرا بۆ سەرپێچیکاران لە یاسای نێودەوڵەتیدا.

## تایبەتمەندییەکانی سیستمی نێودەوڵەتی:

### (1) گشتگیری (الشمولية):

سەدەیەك پێش ئێستا ئاسان نەبوو باس لەسیستمێکی نێودەوڵەتیی گشتگیر بکرێت، وەك ئەوەی کەئێستا بواری بۆ ڕەخساوە، بە تایبەت پاش کۆتایهاتنی دیاردەی کۆڵۆنیالیزم (الاستعمار) و بەدەستهێنانی سەربەخۆیی سیاسی لە لایەن زۆربەی دەوڵەتانەوە، کە بەهۆیەوە بوون بەخاوەن قەوارەی سیاسی خۆیانو بوون بەئەندام لەنەتەوەیەکگرتووەکاندا، کە ئێستا ئەو ڕێکخراوە تەواوی دەوڵەتانی جیهان لەخۆ دەگرێت، واتە سیستمێکی گشتگیری پێکهێناوە.

مەکتەبی بیر و هۆشیاری

(2) **ناتەبایی وجیاوازی** (عدم التجانس):

سیستمی نێودەوڵەتی لەکۆمەڵێك دەوڵەت پێکدێت کە لەڕووی پێکهاتەو ژمارەی دانیشتوانو سیستمی ئابوریو فەرهەنگییەوە جیاوازنو، ناگونجێت لەسەر یەك شێوازی دیاریکراو پۆلێن بکرێن، ئەمە سەرەڕای جیاوازی بەرژەوەندییەکانو جیاوازی ئامانجەکانیاندا، کە هەموویان پێکەوە تایبەتمەندیی ناتەبایی بە سیستمەکە دەبەخشن.

(3) **کارلێککردنی بەردەوامو خۆلادان لەگۆشەگیری** (الابتعاد عن العزلة):

وەك ئاشکرایە بەهۆی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیو پەیوەندییە ئابورییەکانەوە جیهان وەك گوندێکی گەورەی لێهاتووە، کە لە ڕووی ئابوریو پەیوەندی تەکنەلۆژیو ئاڵوگۆڕی فەرهەنگیو کارلێکی سیاسییەوە هیچ دەوڵەتێك نایەوێت دوورەپەرێزبێت لەڕووداوە جیهانییەکانو، ئەگەر بیشیەوێت ئەوا بەهۆی ئەو گۆڕانکارییانەوە ناتوانرێت.

(4) **نەبوونی دەسەڵاتێکی جیهانی** (غیاب سلطة عالمیة):

گرنگترین سیفەتێك کەجیاوازی نێوان سیستمی ناوخۆی دەوڵەتو سیستمی نێودەوڵەتی بەڕوونی دیاری دەکات بریتییە لە نەبوونی دەسەڵاتێکی شەرعیی باوەڕپێکراو کەخاوەنی کۆمەڵێك دامودەزگای جیاوازو سەربەخۆ بێت لەئاستی نێودەوڵەتیدا.

**سێیەم : قۆناغی پاش ڕەفتارگەرایی ( مرحلة مابعد السلوکیة )**

دوو شکستی بەرچاوی میتۆدەکانی قۆناغی ڕەفتارگەرایی لە ڕووی میتۆدیو بابەتییەوە، ڕێگەیان خۆشکرد بۆ قۆناغی پاش ڕەفتارگەرایی، کەبریتی بوون لە:



مەکتەبی بیر و هۆشیاری

1- **زاڵبوونی چەندایەتی بەسەر چۆنایەتیدا** (سیطرة الکمیة علی الکیفیة):

هەرچەندە ڕەفتارگەرایی شەپۆڵێکی گەورەی لە لێکۆڵینەوەی سیاسی دروست کرد، لە ڕێگەی پشت بەستن بەمیتۆدە جیاوازەکانیەوە، بەلاّم بە ڕای زۆر لەزانایان ئەم قۆناغە سەرکەوتوو نەبوو لەبەدەست هێنانی ئامانجەکانیدا، بەهۆی دروستبوونی دابڕانێك لە نێوان لێکۆڵەرانو بابەتی لێکۆڵینەوەکانیاندا لە ئەنجامی زۆر گرنگیدانیان بە ووردەکاری میتۆدەکانو هەوڵدان بۆ گەیشتن بە بابەتیبوونو بێلایەنی (الموضوعیة والحیاد)، لەسەر حسابی بابەتی لێکۆڵینەوەو پێداویستییەکانی واقیع.

2- **زاڵبوونی گیانی پارێزگاری بەسەر لێکۆڵینەوەکاندا** (سیطرة الروح المحافظة): زۆربەی میتۆدەکانی قۆناغی ڕەفتارگەرایی کەوتبوونە ژێر کاریگەریی بارودۆخی سیاسیو ئایدیۆلۆژی جەنگی ساردەوە، کە ئامانجی سەرەکییان بریتی بوو لەپارێزگاریکردن لەبارودۆخی باو (الوضع القائم) لەبەردەم هەوڵەکانی گۆڕانکاریدا، وەك (پاراستنی سیستمو هاوسەنگیو بنەماکانی یارییەکان..هتد).

پاش ڕەفتارگەرایی (مابعد السلوکیة) وەك ئاراستەیەکی فراوان هاتەکایەوە بۆ گێڕاندنەوەی هاوسەنگیو تەواوکاری (التوازن والتکامل) بۆ لێکۆڵینەوەکان، لە ڕێگەی پاراستنی پەیوەندی نێوان (بەهاکانو واقیع) لەلایەكو (میتۆدو بابەتی لێکۆڵینەوە) لەلایەکی تر، لەگەڵ گرنگیدان بە کێشە مرۆڤایەتییەکان، وەك (ئازادی، یەکسانی، ئاشتی، دادپەروەری).

بیریارانی پاش ڕفتارگەرایی بە تەواوی میتۆدەکانی ڕەفتارگەراکان ڕەتناکەنەوە، بەڵکو ڕەخنەکانیان چڕ دەکەنەوە لە چۆنیەتی مامەڵەکردنی ڕەفتارگەراکان لەگەڵ داتاکانو واقیعدا، هەروەها چۆنیەتی بەکارهێنانو کەڵك وەرگرتن لە فەلسەفەو مێژوو لە لێکۆڵینەوەکاندا.

قۆناغی پاش ڕەفتارگەرایی لەسەر ئەوە بەندە کە زانستو میتۆدو بەهاکان هیچیان ڕەهانین، بەڵکو هەموویان ڕێژەیین، بۆیە چارەسەر ئەوەیە کە برەوبدرێت بەپاراستنی (جیاوازی و فرەیی) نەك جەختکردنەوەی بەردەوام لەسەر چەندایەتیو ژمارەکاری بیرکارییانە. لێرەوە لێکۆڵینەوەکانی بواری ئاشتی جیهانیو ئابووری سیاسی نێودەوڵەتیو شیکردنەوەی سیاسەتی دەرەوەو کاریگەری لایەنەکانی جگە لە دەوڵەت لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا لەلایەكو، بەکارهێنانی چەمکەکانی (نەرمە هێز . *Soft Power*)، سەنتەرو کەنار لەلایەکی تر، ئەم قۆناغە جیادەکەنەوە.

**چوارەم: <u>پێشنیارەکانی (دەیڤید ئیستن) سەبارەت بە قۆناغی پاش ڕەفتارگەرایی:</u>**

<u>*1*. پێشخستنی ناوەڕۆك لە تەکنیك لەبواری لێکۆڵینەوە سیاسییەکاندا:</u> واتە ئەگەر تەکنیکی لێکۆڵینەوە گونجاو نەبوو بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ کێشە سیاسیو کۆمەڵایەتییەکاندا ئەوا شتێکی بێ سوود دەبێت. لێرەوە ئەو دروشمەی کە ڕەفتارگەراکان بەرزیان کردبووەوە ﴿باشتروایە لەسەر هەڵە بیت، نەك تەمومژاوی بیت﴾ گۆڕا بۆ دروشمی ﴿باشتر وایە تەمومژاوی بیت، نەك دابڕاوبیت لە بابەتی لێکۆڵینەوەکەت﴾.

<u>*2*ـ گرنگیدان بەبابەتی گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی لە زانستی سیاسی هاوچەرخدا:</u> واتە لەبری ئەوەی پارێزگاری لە بارودۆخی باو بکەیتو هەمیشە خەریکی لێکدانەوەو وەسفکردنی بارودۆخەکە بیت پێویستە هەوڵی تێگەیشتنی کۆی ئەو ژینگە کۆمەڵایەتیو سیاسییە بدەیت کە ئەو بارودۆخەی خوڵقاندوەو هەوڵی گۆڕانکاری بدەیت.

<u>*3*ـ گرنگیدان بەواقیعی سیاسیو ژیانی ڕۆژانەی خەڵك:</u> چونکە زانستی سیاسی ڕەفتارگەرایی بەشێوەیەکی گشتی لە واقیعی سیاسی دابڕابوو، لەبەر



ئەوە پاش ڕەفتارگەرایی ئاراستەیەك بوو بۆ دوورکەوتنەوە لە زانستی پەتی (العلم البحت) و ڕووکردنە زانستی سوودبەخش (العلم النفعي) واتە بەگەڕخستنی ئەو ڕاستیانەی کە زانست پێیان دەگات بۆ خزمەتی کۆمەڵگاو چارەسەرکردنی کێشەکانیو هێنانەدی واقیعێکی سیاسیو کۆمەڵایەتیی باشتر.

<u>*4*ـ گەڕاندنەوەی ئیعتیبار بۆ لایەنی ئەخلاق و بەهاکان:</u> لێکدانەوەی ڕەفتارگەرایی ڕۆڵی بەهاکانی پشتگوێ خستبوو، بەڵام لە واقیعدا بەهاکان پاڵنەرێکی بەهێزن بۆ گەیشتن بە مەعریفەو ڕۆڵێکی بەرچاو لە زانستی سیاسیدا دەبینن، ناتوانین بە بیانووی زانستیبوونو بابەتیبوونەوە لە واقیعو لێکدانەوەی سیاسی دایانبڕین. لێرەوە بەهاکان ڕۆڵی ئاراستەکەر لە زانستی سیاسیدا دەبینن.

<u>*5*ـ جەختکردنەوە لەسەر ڕۆڵی ئیجابی کۆمەڵی زانستی (الجماعة العلمية) لەکۆمەڵگەدا:</u> چونکە لە لایەکەوە ئەرکی پاراستنی بەها مرۆییو شارستانیەکان لە ئەستۆی ئەواندایە، لە لایەکی تریشەوە تاکەکانی کۆمەڵگا ناتوانن بە بیانووی بێلایەنیو بابەتیبوون ژیانیان بەسەر بەرنو بێدەنگ بن لە ئاست کێشە کۆمەڵایەتییەکانداو، تەنها وەك کۆمەڵێك کەسی تەکنیککار وپیشەگەر مامەڵە بکەن.

<u>*6*ـ پێکەوە گرێدانی تیۆر وپراکتیك لە زانستی سیاسیدا (الفكر والممارسة):</u> چونکە پێویستە مەعریفە بەگەڕبخرێتو کاری پێبکرێت، لێرەوە ئاراستەی پاش ڕەفتارگەرایی زانستی پەتی ڕەت دەکاتەوەو لە هەمانکاتدا جەخت لەسەر پابەندبوون بە تیۆر وپراکتیك دەکاتەوە لە زانستی سیاسەتدا.

*1*. <u>بەشداری پێکردنی خەڵکی ئەکادیمیو دامو دەزگا زانستییەکان لەپرۆسەی سیاسیدا:</u> لە خاڵەکانی پێشووەوە دەگەینە ئەو ڕاستییەی کە

مەکتەبی بیر و هۆشیاری

پێویستە کایەی زانستی سیاسیو هەموو دامودەزگا پیشەییو زانکۆکان بە چالاکی وخەباتی ڕۆژانەی خەڵکەوە ببەسرێنەوە.

**پێنجەم: مشتومڕی نێوان پارادا یمەجیاوازەکان** *(Inter Paradigm debates)*

قۆناغی پاش ڕەفتارگەرایی مشتومڕێکی گەورەی بەخۆیەوە بینیوە لە نێوان پارادایمە جیاوازەکاندا، واتە لەم قۆناغەدا لە بری چەند دەروازەو میتۆدێك، ژمارەیەك پارادایمی جیاواز لە کێبڕکێدان لەسەر وەسفکردنو لێکدانەوەی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانو سیاسەتی نێودەوڵەتیو، هەریەکە لەم پارادایمە جیاوازانە لێکدانەوەی تایبەتی هەیە سەبارەت بە: شێوەو پێکهاتەی جیهان، ئەکتەرە کاریگەرەکانی بواری نێودەوڵەتی، ئامرازەکانی جێبەجێکردنی سیاسەتی نێودەوڵەتی، ئامانجەکانی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانو، هەر پارادایمێکیش خاڵی لاوازی خۆی هەیە.

لێرەدا بە کورتی ئاماژە دەکەین بۆ سێ پارادایمی جیاواز لە بواری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا کە بریتین لە (ریالیزم، لیبرالیزم، کۆنسترەکتیڤیزم- بونیادی کۆمەلآیەتی).



| پارادایم / پێوەر | ریالیزم | لیبرالیزم | کۆنسترەکتیڤیزم- بونیادی کۆمەلآیەتی |
|---|---|---|---|
| بۆچوونی سەرەکی | دەوڵەتان خاوەن بەرژەوەندی جیاوازنو لەحاڵەتی ململانێدان لە پێناو هێزو بەرژەوەندیدا . | بەرژەوەندی دەوڵەتان پێکەوەگونجاون، دەتوانرێت لەرێگەی هاوکاری نێودەوڵەتییەوە ئاشتی و ئاسایش دەستەبەر بکرێت. | جیهان بریتییە لە گۆڕەپانی کارلێککردنی ئایدیا وبیروباوەڕەکانو ناسنامەکانو بەها کۆمەلآیەتییەکان |
| ئەکتەرەکان | بریتین لە دەوڵەتە خاوەن سەروەرییەکان | بریتین لە دەوڵەتان، ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان، کۆمپانیا فرەڕەگەزەکان | بلآوکەرەوەی بیروباوەڕە تازەکان، چالاکییە بان- نەتەوەییەکان و *INGO* |
| ئامرازەکان | هێزی سەربازیو دیبلۆماسییەتی دەوڵەت | ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، ڕێکخراوی بازرگانی جیهانی. | بیروباوەڕو بەهاکانو کەلتوورە جیاوازەکان. |
| ئامانجەکان | پارێزگاری لە ئاسایشی نەتەوەییو بەدەستهێنانی هێزو بەرژەوەندی نیشتمانی | بەرژەوەندی دەوڵەتان لە شوێنو بابەتی جیاوازدا دەگۆڕێت (ئاسایش، هێز، ژینگە، ئابوری..هتد) | تەنها هۆکارە مادییەکان بەس نیین بۆ دیاریکردنی ئامانجەکان، چونکە دەگونجێت (ئایدیاڵ) بن |
| خاڵە لاوازەکان | ڕەچاوی گۆڕانکارییەکانی بواری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان ناکات، (پەیوەندییەکانی هێز | جەخت لەسەر سیستەمە دیموکراتەکان دەکاتەوە، ناتوانێت تەفسیری سیستەمە نادیموکراتەکان بکات. | لێکدانەوەی پێویستی نییە بۆ بونیادەکانی هێزو ئەو بارودۆخەی کە گۆڕانکاری بەهاکانی تێدا ڕوودەدات |

مەکتەبی بیروهۆشیاری

## تەوەرەی پێنجەم:
## هێز لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا

**یەکەم: چەمك و مانای هێز:**

**أ. مانای هێز لە زانستی سیاسەتدا:**

لێرەدا بواری ئەوە نییە بەووردی چەمکی هێزو پەیوەندیی بە هەریەکە لە (النفوذ والقدرة والسلطة والإكراه والهيبة والسلطان)ەوە ڕوونبکەینەوە، بەڵکو تەنها چەند ئاماژەیەك تۆمار دەکەین لە ماناکانی چەمکی هێز. بۆ نموونە:

1- (بیرتراند ڕاسل) ڕای وایە هێز بریتییە لە بەدەستهێنانی دەرئەنجامە ویستراوەکان.

2. (ڕۆبیرت داڵ) دەڵێت: مەبەست لە هێز ئەوەیە لایەنی (أ) توانایەکی هەیە بەسەر لایەنی (ب)وە کە وای لێدەکات هەندێك کار ئەنجامبدات، کە بەبێ ئەو توانایە ئەنجامی نادات.

3- (ڕایت میل): هەموو سیاسەتێك بریتییە لە ململانێ لە پێناو هێزدا، شێوازی کۆتایی بەکارهێنانی هێزیش بریتییە لە توندوتیژی.

4- (شاپلی *Shpley*): بە شێوەیەکی بیرکارییانە لە مەسەلەکە دەڕوانێت و، ڕای وایە (هێزی دەنگدەر) بریتییە لە (دوایین دەنگ) کە ئەنجامی کۆتایی دەنگدانێك یەکلایی دەکاتەوە.

(فلیکس ئۆپنهایم *F. Oppenheim*) ڕای وایە هێز بریتییە لە توانای ملکەچکردنی ئەوانی تر بۆ باڵادەستی کەسێکی دیاریکراو سنووردارکردنی ئازادییەکانیان.



مەکتەبی بیروهۆشیاری

**ب. مانای هێز لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا:**

1- هێز یەکێکە لەو فاکتەرانەی گرنگییەکی زۆری هەیە لە ئاستی نێودەوڵەتییدا. لێرەوە تەنها پێناسەی تیۆری بەسنییە، بەڵکو پێش هەموو شتێك دەبێت باس لە پەیوەندییەکانی هێز ودابەشبوونی هێزو کاریگەریی لایەنەکانی تریش بکرێت. لەبەرئەوە ڕاستتر وایە لە بری چەمکی ئەبستراکتی هێز باس لە (تواناکان *Capabilities*) بکرێت. ئایا کۆی تواناکانی دەوڵەت چین؟

2- هەروەها ناگونجێت تەنها چەمکی هێز لە مانای هێزی فیزیکی و توندو تیژی (*Force and Violence*) دا کورت بکرێتەوە، هەرچەندە توانای بەکارهێنانی هێزو توندوتیژی بەشێکی سەرەکی و پێوەرێکی گرنگە بۆ پێوانی هێزی دەوڵەت بەڵام هەموو شتێك نییە.

3- پەیوەندییەکی توندوتۆڵ هەیە لە نێوان بڕی هێزی دەوڵەت و شێوازی بەکارهێنانی هێزدا، بۆ نموونە دەگونجێت دەوڵەتێك لە هەندێك بواردا دەوڵەمەندو بەهێز بێت، بەڵام نەتوانێت ئەو هێزەی خۆی بەگەڕبخات بۆ بەدەستهێنانی پێگەیەکی ئەوتۆ کە لە ئاستی هەرێمی و نێودەوڵەتیدا بخوێندرێتەوەو حسابی بۆ بکرێت. لەبەرئەوە یەکێك لە پێوەرەکانی هێزی دەوڵەت بریتییە لە ڕادەی کاریگەری لەسەر هەڵوێست و ڕەفتاری دەوڵەتانی ترو، گۆڕینی ڕەفتارەکان بە ئاراستەی خزمەتکردنی بەرژەوەندی دەوڵەتەکەی خۆی، بۆ نموونە لە پاش (جەنگی جیهانیی دووەمدا) ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پلانێکی فراوانی هەبوو سەبارەت بە دووبارە بنیادنانەوەی ئەوروپا و بنیادنانەوەی هێزی سەربازی ئەڵمانیا بە مەبەستی دروستکردنی هاوسەنگی لە ئەوروپادا بەرامبەر یەکێتی سۆڤیەتی جاران، بەڵام فەرەنسا وەك وڵاتێکی هاوپەیمانی ئەمریکا ئەم هەنگاوەی پێ باش نەبوو، چونکە فەرەنسییەکان لە

مەسەلەی ئاسایشی نەتەوەیی خۆیان لە داهاتوودا دەترسان، بەڵام کاریگەری فەرەنسا ئەوەندە نەبوو کە ئەمریکا ناچاربکات لە هەڵوێستەکەی پەشیمان ببێتەوە.

4. سروشتی پەیوەندییەکانی نێوان دوو دەوڵەت کاریگەری بەرچاوی هەیە لەسەر شێوازی بەکارهێنانی ئەو هێزەی کە جێبەجێ دەکرێت، بۆ نموونە شێوازی کاریگەریی لەسەر دەوڵەتێکی هاوپەیمان زۆر جیاوازە لە کارتێکردنی هەڵوێستو ڕەفتاری دەوڵەتێکی نەیارو دوژمن. هەر تێکەڵاوکردنێکی هەڵەش لەم بوارەدا ئاسەواری خراپ بەجێدەهێڵێت لەسەر داهاتووی پەیوەندییەکانی ئەو دەوڵەتانە پێکەوە، بۆ نموونە نابێت ئەمریکا بە هەمان شێواز هەوڵی دروستکردنی کاریگەری بدات لەسەر سیاسەتەکانی بەریتانیاو ڕوسیاو چین.

5. مەسەلەیەکی تر هەیە کە کاریگەری لەسەر سیاسەتی بەکارهێنانی هێز لە ئاستی نێودەوڵەتیدا هەیە بەبێ ئەوەی بە ڕاستەوخۆ بەشێك بێت لە پێکهێنەرە سەرەکییەکانی هێزی دەوڵەت، ئەویش بریتییە لە هەڵسەنگاندنی دەوڵەتان بۆ هێزی خۆیان یان هێزی دەوڵەتانی تر، ئایا تا چەند بە شێوەیەکی بابەتیو هاوسەنگ دەتوانن پێگەی هێزی هەمەلایەنی خۆیانو دەوڵەتانی تریش دیاری بکەن؟ ئەم مەسەلەیە بە ڕادەیەك هەستیارو مەترسیدارە کە زۆرجار جەنگێك یان ململانێیەکی درێژخایەن لەسەر بنەمای پێوەری هەڵە یان هەڵسەنگاندنی نابابەتی دروست دەبێت. لێرەدا چەند مەترسیدارە دەوڵەتێك خۆی بە بەهێزتر بزانێت لە توانای ڕاستەقینەی خۆیو پاشان تووشی شکست بێت بەهەمان شێوە، شتێکی مەترسیدارە کە بە هەڵە توانای دوژمنەکەت هەڵسەنگێنیتو بەکەمتر یان زیاتر لە توانای خۆی حسابی بۆ بکەیت. هەر ئەم هەڵە هەڵسەنگاندنە بوو لە پێش (جەنگی جیهانی دووەم) کە ئیتالیای لە توانای خۆی زیاتر پیشاندابوو تا هەڵگیرسانی جەنگەکە.



**دووەم: پەیوەندیی هێزی دەوڵەت بە ڕەزامەندیی دەوڵەتەوە لە بارودۆخی نێودەوڵەتی دا:**

زانای بواری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان (أ. ئۆرگانسکی *A. Organski*) پۆلێنکردنێکی بەناوبانگی هەیە بۆ دیاریکردنی پەیوەندی نێوان هێزی دەوڵەتو ڕادەی ڕەزامەندی لەسەر بارودۆخی نێودەوڵەتی، کە دەوڵەتان دابەش دەکات بۆ چوار دەستەی سەرەکی، بەم شێوەیە:

1. دەستەی دەوڵەتە بەهێزو ڕەزامەندەکان *Powerful and Satisfied*:

بە ڕای ئۆرگانسکی ئەم دەستەیە لە دەوڵەتە بالأدەستەکان *Dominant Powers* و دەوڵەتە زلهێزەکان *Great Powers* پێکدێن، چونکە هەرچەندە دەوڵەتە بالأدەستەکان بە پلەی یەکەم سوودمەندن لە بارودۆخی نێودەوڵەتی، بەلأم لەگەڵ ئەوانیشدا زلهێزان بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ سوودمەندن لە بەردەوامبوونی ئەو بارودۆخە، بۆیە هەموو پێکەوە ڕەزامەندن لەسەر بارودۆخەکەو پارێزگاریلێکردنی.

2. دەستەی دەوڵەتە بەهێزو ناڕازییەکان *Powerful and Dissatisfied*:

ئەمانە ئەو دەوڵەتانە پێکدێنن کە خاوەنی هێزن، بەلأم بەهۆی جیاوازییان لەگەڵ دەوڵەتە بالأدەستەکانو زلهێزانی تردا وەکو پێویست سوودمەند نابن لە بارودۆخی نێودەوڵەتی. بەڕای (ئۆرگانسکی) بە شێوەیەکی گشتی ئەم حاڵەتە کاتییەو زۆر درێژە ناکێشێت، چونکە ئەم جۆرە دەوڵەتانە لە نێوان دوو ئەگەردان: یان ئەبێت هەوڵی گۆڕانکاریی لە بارودۆخەکەدا بدەنو ئەگەر سەرکەووتوو بوون ئەوا بارودۆخەکە لە بەرژەوەندی خۆیان بەکاربهێنن یان ئەوەیە بە ڕۆڵێکی کەمتر لە توانای خۆیان ڕازی بنو لە حاڵەتی چاوەڕوانیدابن بۆ هەر هەلێکی گونجاو تا بگەنە ئاستی خۆیان. کەواتە لە هەردوو حاڵەتەکەدا ئەم دەستەیە بە سەرچاوەی ململانێو جەنگ دادەنرێن لە ئاستی نێودەوڵەتیدا.

**3. دەستەی دەوڵەتە لاوازو ڕەزامەندەکان Weak and Satisfied:**

ئەم دەستەیە لە کۆمەڵێك دەوڵەتی مامناوەندو لاواز پێکدێت کە بەهۆی پاراستنی هاوسەنگیو پەیوەندییەکانیان لەگەڵ دەستەی دەوڵەتە بەهێزو ڕەزامەندەکاندا سوودمەندن لە درێژەکێشانی ئەو بارودۆخە نێودەوڵەتییە کە ڕەنگە بە گۆڕانی بارودۆخ ئەو دەستکەوتانە لەدەست بدەن.

بە ڕای (ئۆرگانسکی) ئەم دەوڵەتانە ژمارەیان هەرچەند بێت هێشتا بەبێ مەترسیترین دەستەی دەوڵەتان دادەنرێن لەسەر بارودۆخەکە، چونکە لەلایەك ناتوانن هیچ گۆڕانکارییەك بکەن، لەلایەکی تریشەوە بەهۆی بەرژەوەندییەکانیانەوە پارێزگاریشی لێ دەکەن.

**4. دەستەی دەوڵەتە لاوازە ناڕازییەکان Weak and Dissatisfied:**

ئەم دەستەیە ژمارەیەکی زۆر لە دەوڵەتانی لاوازی بێبەشو بێکاریگەری لە خۆ دەگرێت کە دەکەونە بنکەی هەرەمی پەیوەندییەکانو دابەشبوونی هێزەوە لە ئاستی نێودەوڵەتیدا. ئەم دەوڵەتانە لەگەڵ ئەوەی لە بارودۆخەکە سوودمەند نین، بەڵام هەمیشە جێگەی چاوتێبڕینی دەوڵەتە زلهێزەکانن و بە شێوازی ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆ (إستغلال) ئەکرێنو دەبن بە بابەتی بەرژەوەندییەکانی دەوڵەتانی ترو هۆکاری ڕەزامەندی دەوڵەتانی باڵادەستو زلهێزانی ڕەزامەند لە بارودۆخی نێودەوڵەتی.

بە ڕای (ئۆرگانسکی) ئەم دەوڵەتانە خۆیان ناتوانن هیچ گۆڕانکارییەك دروست بکەن، بەڵام هەمیشە چاویان لە دەوڵەتە بەهێزو ناڕازییەکانە بۆ ئەوەی گۆڕانکارییەك دروست بکەن.

**سێیەم: شێوازەکانی بەکارهێنانی هێز لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا**

لە بارودۆخی نێودەوڵەتیدا هەمیشە ژمارەیەك دەوڵەتی جیاوازمان هەیە کە خاوەنی بەرژەوەندی جیاوازو ئامانجی هەمەجۆرن، هەموو لایەنێك لە هەوڵی



ئەوەدایە کە کاریگەری دروست بکات لەسەر لایەنەکانی تر بە ئاڕاستەی خزمەتکردنی بەرژەوەندییەکانی خۆی. بە واتایەکی دیکە دەتوانین بڵێین پەیوەندییەکانی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی تەنها بریتی نییە لە کۆمەڵێك پەیوەندی دووقۆڵی کە ئامانجەکانیان دیاریکراوبێت، بەڵکو بریتییە لە تۆڕێکی ئاڵۆز لە پەیوەندی فرەلایەن کە دەگونجێت لە هەندێك ئامانجدا یەك بگرنەوەو لە هەندێکی تریشدا دژبەیەکبن. لێرەوە جیاوازی لایەنەکانو ئاڵۆزی بەرژەوەندییەکانیان چەندین شێوازی بەکارهێنانی هێزی لێدەکەوێتەوە، کە گرنگترینیان ئەمانەن:

أ. **شێوازی باوەڕپێهێنان (أسلوب الاقتناع):** ئەم شێوازە ئەگەر سەرکەوتووبێت ئاسانترین ڕێگەیە بۆ کاریگەریی دروست کردن لەسەر لایەنەکان، کە بەشێوەیەکی گشتی پشت دەبەستێت بە دیبلۆماسیەتو پەیوەندی ڕاستەخۆو دانوستان لە نێوان لایەنەکانو لە ڕێگەی کۆنفرانسە نێودەوڵەتییەکانو ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانەوە دەبێت.

پوختەی ئەم شێوازە بریتییە لەوەی کە نوێنەرانی دەوڵەتێکی دیاریکراو بە شێوازێکی ڕوونو متمانەبەخش وردەکاری بارودۆخەکەو هەڵوێستی خۆیانو ئاکامە چاوەڕوانکراوەکان بۆ لایەنی بەرامبەر ڕوونبکەنەوە، بەشێوەیەك لایەنی بەرامبەر جۆرێك لە تێگەیشتنو قبوڵکردنی لەلادروست ببێت سەبارەت بە بارودۆخەکەو هەڵوێستی لایەنی یەکەم.

پرۆسەی تێگەیاندنو باوەڕپێهێنانی بەرامبەر چەند هۆکارێکی جیاواز لەخۆی دەگرێت کە بریتین لە جەختکردنەوە لەسەر بنەماو بیروباوەڕە هاوبەشەکانو هەستی هاوبەشو ڕوونکردنەوەی ڕاستییەکانو لەبەرچاوگرتنی ئاکامە چاوەڕوانکراوەکان..هتد.

مەکتەبی بیروهۆشیاری

لە ڕاستیدا بەکارهێنانی ئەم شێوازە لە پێش ئاڵۆزبوونی هەڵوێستەکان و کاروکاردانەوەکاندا سەرکەوتووتر دەبێت، چونکە زیاتر شێوازێکی سیاسییەو لەکاتی ئاشتیدا کاریگەرە.

ب. شێوازی بەخشین (أسلوب الإغراء): بەکارهێنانی ئەم شێوازە بەپێی ئەو بارودۆخەی کە تێیدا جێبەجێدەکرێت گۆڕانی بەسەردا دێت، هەندێکجار تەنها شێوازێکی دەروونی لە خۆی دەگرێت بە مەبەستی ڕازیکردنی بەرامبەر وەك ئەوەی گۆڕانکارییەکی کەم لە دیبلۆماسیەتی دەوڵەتدا بکرێت بۆ بەدەست هێنانی متمانەو ڕەزامەندی لایەنەکانی تر.

بەڵام لەزۆربەی حاڵەتەکاندا شێوازی بەخشین سروشتێکی ماددی هەیەو دەبێت سوودو قازانجی بۆ لایەنی دووەم تێدابێت، وەك پێش کەشکردنی کۆمەکی سەربازی لە بواری ڕاهێنان و چەك و یارمەتی لۆجستی و پشتگیری کردنی لەکاتی پەلاماردان و هەڕەشەی دەرەکیدا.

هەروەها دەگونجێت بەخشینەکان لەشێوەی کۆمەکی ئابووری و یارمەتی و قەرزی درێژخایەندابێت، وەك ئەوەی (ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا) دەیبەخشێت بە دەوڵەتانی تر لە چوارچێوەی پرۆگرامی کۆمەکی دەرەکی خۆیدا (برنامج المعونات الخارجية)، کە لە ڕاستیدا ئەم پرۆگرامە بە یەکێك لە ئامرازە چالاکەکانی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا دادەنرێت.

هەروەها دەگونجێت بەخشین لە شێوەی سیاسیدابێت (الاغراء السياسي) وەك بەخشینی حوکمی زاتی یان سەربەخۆیی سیاسی بە ناوچەیەك یان بە نەتەوەیەکی دیاریکراو، یان پشتگیریکردنی دەوڵەتێك لە کۆنفرانسێکی نێودەوڵەتیدا یان دەنگدان لە ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتیدا لە بەرژەوەندی



مەکتەبی بیروهۆشیاری

دەوڵەتێك یان بێدەنگبوون لە مەسەلەیەکی دیاریکراو کە باسکردنی زیان بە دەوڵەتێکی دیاریکراو بگەیەنێت.

ج. شێوازی سزادان (العقوبات): لە ڕاستیدا پەیوەندییەکی توندوتۆڵ لە نێوان بەخشین وسزاداندا هەیە، چونکە گرنگترین و کاریگەرترین شێوەکانی سزادان بریتییە لە کۆتایهێنان بە بەخشینەکان، هەروەها لە لایەکی تریشەوە گرنگترین بەخشین ئەوەیە کە لایەنێك لە سزادان ڕزگاربکرێت، بۆیە دەتوانین بڵێین ئەم دوو شێوازە یەکتر تەواوکەرن و دوو دیوی یەك دراون.

ئەم شێوازە لە کۆنەوە بەکاردەهێنرێت و شێوازێکی باویشە لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا، بەڵام ئەوکاتە کاریگەرتر دەبێت کە دەوڵەتی سزادراو پێشتر ئاگادار بکرێتەوە بۆ ئەوەی هەلی پەشیمانبوونەوەی پێبدرێت لەو هەڵوێست و کارەی کە بەهۆیەوە سزادەدرێت، هەروەها پێویستە ئاگادارکردنەوەکە بەشێوەیەك بێت کە بواری لێخۆشبوون هەبێت لە سزادان ئەگەر دەوڵەتی سزادراو پەشیمانبووەوە لە هەڵوێستەکەی.

لە نموونەی سزاکان لە ئاستی نێودەوڵەتیدا دەتوانین ئاماژە بکەین بۆ (پڕوپاگەندەی دوژمنکارانە، پشتگیری سیاسی بۆ دوژمنانی دەوڵەتێکی دیاریکراو، سنووردارکردنی بازرگانی و سەفەرو گواستنەوەو گەیاندن و سزا ئابوورییەکان..هتد).

د. شێوازی بەکارهێنانی هێزی سەربازی (أسلوب استخدام القوة العسكرية): ئەم شێوازە بە خاڵی کۆتایی شێوازەکانی بەکارهێنانی هێزی نیشتمانی دەوڵەت دادەنرێت کە بریتییە لە پەنابردن بۆ هێزی سەربازی، ئەمەش لە کاتێکدا دەبێت کە هیچکام لە ڕێگەکانی تر سوودیان نەبێت یان کاریگەر نەبن.

جیاوازی نێوان سزا سەربازییەکانو بەکارهێنانی ڕاستەوخۆی هێزی سەربازی لەوەدایە کە یەکەمیان دەیەوێت هەندێك ڕێوشوێن بگرێتەبەر بۆ ئەوەی ڕێگربێت لە زیانێکی چاوەڕوانکراو لە داهاتوودا، بەڵام دووەمیان بریتییە لە پەنابردن بۆ ملکەچکردنو ناچارکردنی بەرامبەر بە مەبەستی دەستکەوتنی دەرئەنجامی ڕاستەوخۆو لە کاتێکی کەمدا، هەروەها لەم شێوازەدا لایەنی دووەم بواری هیچ بڕیارێکیتری نییەو ئیرادەی ڕەها بە دەست لایەنی بەهێزەوەیە.

دەرئەنجامی بەکارهێنانی هێزیش لە بواری نێودەوڵەتیدا هەڵگیرسانی جەنگی لێدەکەوێتەوە، کە لە ڕێگەی هێزەوە هەندێك دەوڵەت دەیانەوێت نفوزی هەرێمی خۆیان فراوانبکەن یان هەندێك ئیمتیازاتی ماددی ومەعنەوی بۆ خۆیان دەستبخەن یان بەهۆی هێزەوە ڕژێمێکی سیاسی لە ناوچەیەکی دیاریکراودا بڕوخێنن..هتد.

* <u>لێرەدا پرسیارێك دێتە پێشەوە: ئایا چ شێوازێك لەم شێوازانە باشترین ڕێگەیە بۆ ئەوەی دەوڵەت پەنای بۆ بەرێت لە کاتی بەکارهێنانی هێزدا؟</u>

* وەڵامی ئەم پرسیارە بە تاکە ڕستەیەك نادرێتەوە، بەڵکو پەیوەستە بە بارودۆخی نێودەوڵەتیو پەیوەندی نێوان هێزەکانەوەو دەتوانین بە شێوەیەکی گشتی بڵێین:

*1*. ئەگەر لە نێوان دوو دەوڵەتدا حاڵەتی ڕێکەوتن هەبوو ئەوا بە شێوەیەکی گشتی پەنا بردن بۆ بەکارهێنانی هێز شتێکی چاوەڕوان نەکراو دەبێت، چونکە لە نێوان دەوڵەتانی دۆستو هاوپەیماندا زیاتر باس لە پێکەوەگونجانو یەکسانی پەیوەندیەکان دەکرێت.

*2*ـ ئەگەر دوو دەوڵەت لە سنوورێکی کەمو دیاریکراودا ڕێکەوتن لە نێوانیاندا هەبوو ئەوا شێوازی باوەڕپێهێنان زاڵدەبێت لە پەیوەندییەکاندا.



*3*ـ ئەگەر مەودای ڕێکنەکەوتن زیاتربوو ئەوا دەوڵەتی بەهێزتر هەوڵدەدات بەشێوازی بەخشین دەوڵەتانی تر لەخۆی نزیك بکاتەوە.

*4*ـ ئەگەر جیاوازی سەبارەت بە مەسەلە جۆربەجۆرەکان زیادی کرد ئەوا شێوازی سزادان بەکاردەهێنرێت بۆ ناچارکردنی لایەنی دووەم.

ئەگەر هەڵوێستەکە گەیشتە پێکدادانو نەگونجانی یەکجارەکی بەرژەوەندییەکان ئەوا بێگومان لایەنی بەهێز پەنادەبات بۆ بەکارهێنانی هێزی سەربازی بۆ یەکلاکردنەوەی کێشەکان.

## <u>چوارەم: ڕێگرەکانی بەکارهێنانی هێز لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا</u>

گومانی تێدا نییە هەموو دەوڵەتێك لای خۆیەوە هەوڵدەدات هێزی نیشتمانی خۆی بخاتەگەڕ بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانیو بەدەستهێنانی بەرژەوەندییە باڵاکان، بەڵام لێرەدا پرسیارێك دێتە پێشەوە ئەویش ئەوەیە: ئایا هیچ ڕێگرێك هەیە لە ئاستی نێودەوڵەتیدا کە سنوورێك دابنێت بۆ ئەم هەوڵەی دەوڵەتە جیاوازەکان؟

توێژەرانی بواری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان وەڵامی ئەم پرسیارانەیان داوەتەوەو ڕایان وایە کە ژمارەیەك ڕێگری یاساییو ئەخلاقیو سیاسی هەن کە گرنگترینیان ئەمانەن:

<u>أ. ئەخلاقیاتی نێودەوڵەتی (الأخلاقيات الدولية):</u> گرنگیدان بە ڕۆڵو بایەخی ئەخلاقیاتی نێودەوڵەتی لەلایەن پسپۆڕانی بواری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانەوە لەو ڕاستییەوە سەرچاوە دەگرێت کە بەهاو ئەخلاقیات کاریگەرییەکی بەرچاویان هەیە لەسەر ڕەفتاری مرۆڤ لە بواری کۆمەڵایەتیدا، چونکە بەهاو ئەخلاق پێوەرێکن بۆ جیاکردنەوەی ڕاستو ناڕاست لە یەکتر،

مەکتەبی بیروهۆشیاری

یان بە دەربڕینێکی تر هۆکارێکە بۆ جیاکردنەوەی مەسەلە ویستراوەکان و مەسەلە نەویستراوەکان لە ڕووی کۆمەڵایەتی و مرۆییەوە. لێرەوە جیاوازی پێوەرە ئەخلاقیەکان لە ناوخۆی کۆمەڵگایەکدا دەبێتە هۆی پارچەپارچەبوون و دابڕانی کۆمەڵایەتی و هەندێکجار ململانێی کۆمەڵایەتی و سیاسیش.

ئەگەر ئەو دەرئەنجامەی پێشوو ڕاست بێت لە ئاستی ناوخۆی کۆمەڵگاکاندا ئایا هەمان شت ڕاست دەبێت لە ئاستی نێودەوڵەتیشدا؟ ئایا دەگونجێت لە ئاستی نێودەوڵەتیشدا بەها و ئەخلاقیات هەمان ڕۆڵ ببینن؟

بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە لە نێو پسپۆڕاندا سێ ڕای سەرەکی هەیە، بەم شێوەی خوارەوە:

1. لایەنگرانی بیردۆزی ڕیالیزم ڕایان وایە لە ئاستی نێودەوڵەتیدا پێوەری ئەخلاقی بوونی نییە و تاکە هۆکاری کاریگەر لە ئاستی نێودەوڵەتییدا بریتییە لە بەرژەوەندییەکانی دەوڵەتان کە دروستکەری ڕاستەقینەی سیاسەتی دەرەوەی دەوڵەتانە. هەروەها ئەم ئاراستەیە ڕای وایە کە پێوەری ئەخلاقی لە بواری نێودەوڵەتیدا دەبێتە ئاستەنگێك لەبەردەم بەدیهێنانی بەرژەوەندییە باڵاکانی دەوڵەتاندا.

2. کۆمەڵێکی تر ڕایان وایە جۆرێك لە جیاوازی هەیە لەنێوان پێوەرە ئەخلاقییەکانی تاکەکەس و پێوەرە ئەخلاقییەکانی دەوڵەتدا. لایەنگرانی ئەم ئاراستەیە دەڵێن دەگونجێت لە ئاستی ناوخۆدا پەیوەستبوونێك هەبێت بە ئەخلاقیاتەوە، بەڵام لە ئاستی نێودەوڵەتیدا بەهۆی جیاوازی دەوڵەتەکان و بەرژەوەندییەکانیانەوە شتێکی ئەستەمە کە هەموولایەك پەیوەستبن بە هەمان پێوەری ئەخلاقییەوە، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە کە ئەخلاقیاتی نێودەوڵەتی بوونی نییە، بەڵکو لە چەند حاڵەتێکدا هەستی پێدەکرێت، وەك: (ئیدانە کردنی بیرۆکەی جەنگی دوژمنکارانە لە هەرکوێ بێت، ئیدانە کردنی دەستێوەردانی



چەکدارانە لە کاروباری دەوڵەتانی تردا، ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ و دژایەتیکردنی سیاسەتی جیاکاری ڕەگەزپەرستی، دانان بە مافی چارەنووس بۆ هەموو نەتەوەکان، خۆدوورگرتن لە دروستکردنی ئاستەنگ لەبەردەم گەشەی ئابووری دەوڵەتاندا..هتد). لایەنگرانی ئەم ڕایە دەڵێن بوونی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان یارمەتیدەرێکی باشە بۆ چەسپاندنی ئەم پێوەرانە.

3. دەستەی سێیەم ڕایان وایە ئەخلاقیاتی نێودەوڵەتی بریتییە لە درێژکراوەی بەها و ئەخلاقیاتی تاکەکەسی، واتە ئەم دەستەیە ڕایان وایە جیاوازی نییە لە نێوان ئەخلاقیاتی ناوخۆ و نێودەوڵەتی، بەڵکو هەردووکیان پشت بە سەرچاوەیەکی باڵا دەبەستن، هەروەها کەسێتی مرۆڤایەتی بریتییە لەو سەنتەرەی کە تەواوی بەها ئەخلاقییەکان بە دەوریدا دەسوڕێتەوە. بەڕای ئەم دەستەیە بنەمای پەیوەستبوون بە ئەخلاقیاتی تاکەکەسەوە بریتییە لە ڕێزگرتنی هەمەلایەنەی مافەکانی کەسانی تریش، لێرەوە دەگونجێت پەیوەستبوون بە ئەخلاقیاتی نێودەوڵەتیەوە لەسەر هەمان بنەمابێت و دەوڵەتانیش لە پابەندبوونی ڕەها بە مەسەلەی بەرژەوەندییە بەرتەسکەکانەوە ڕزگاربکات.

<u>ب. ڕای گشتی جیهانی (الرأي العام العالمي)</u>: مەبەست لە ڕای گشتی جیهانی بریتییە لەو هاوڕاییەی کە لە نێوان گەلانی چەند دەوڵەتێکدا دروست دەبێت سەبارەت بە مەسەلەیەکی دیاریکراو لە سیاسەتی نێودەوڵەتیدا، واتە لە سنووری دەوڵەتان تێپەڕدەبێت و بوارێکی هاوبەش لە دەرەوەی دەوڵەتان دروست دەکات.

مەکتەبی بیروهۆشیاری

ئەوەی سەبارەت بە ڕای گشتی جیهانی تێبینی ئەکرێت ئەوەیە کە پسپۆڕان هاوڕانین سەبارەت بە ڕادەی کاریگەری ئەم بابەتە لەسەر سیاسەتی نێودەوڵەتی و دابەشدەبن بەسەر چەند دەستەیەکدا بەم شێوەیەی خوارەوە:

1. هەندێك ڕایان وایە کە ئەگەر ڕایەکی گشتی جیهانی سەبارەت بە مەسەلەیەك دروست ببێت ئەوا بێگومان کاریگەری دەبێت لەسەر سیاسەتی نێودەوڵەتی و مێژووی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانیش شاهیدی ئەوەیە کە چەندین پرۆژەی نێودەوڵەتی لە ژێر کاریگەری ڕای گشتی جیهانیدا دروستبوون، وەك: داواکاری لەسەر پێکهێنانی کۆمەڵەی گەلان لە پاش جەنگی جیهانی یەکەم و پێکهێنانی نەتەوە یەکگرتووەکان لە پاش جەنگی جیهانی دووەم.

2. دەستەی دووەم ڕایان وایە کە ڕای گشتی جیهانی کاریگەرییەکی ئەوتۆی نییە لەسەر سیاسەتی دەرەوەی دەوڵەتان و بە چەندین نموونەش بۆچوونەکەی خۆیان پشت ئەستوور ئەکەن، وەك ئەوەی کە ڕای گشتی جیهانی نەیتوانیوە و ناتوانێت ڕێگە لە هەڵگیرسانی جەنگەکان بگرێت، وەك: (هێرشەکانی نازییەکان لە (جەنگی جیهانی دووەمدا)، دەستتێوەردانەکانی یەکێتی سۆڤیەت لە کاروباری وڵاتانی ئەوروپای خۆرهەڵات، جەنگی ئەمریکا دژ بە ڤێتنام...،هتد).

3. لێرەوە هەندێکی تر ڕایان وایە کە ناتوانین بە تەواوی ڕای گشتی جیهانی پشتگوێ بخەین و هیچ دەوڵەتێك هەرچەندە بەهێزیش بێت بەڵام ئەو بابەتە فەرامۆش ناکات، ئەمەش مانای ئەوە ناگەیەنێت کە ڕای گشتی جیهانی سیاسەتی نێودەوڵەتی دروست بکات و کاریگەری تەواوی هەبێت لە هەموو کێشەکاندا، بەڵکو کاریگەرییەکەی بەپێی بابەت و کات و شوێن دەگۆڕێت.

ماوەتەوە بڵێین دوو هۆکاری سەرەکی هەن بۆ دروستکردنی ڕای گشتی جیهانی <u>یەکەمیان</u> بریتییە لە جەختکردنەوە لەسەر بنەمای دەروونی کە



مەکتەبی بیروهۆشیاری

خاڵێکی هاوبەشە لەنێوان نەتەوە جیاوازەکاندا، <u>دووەمیان</u> بریتییە لە بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا و میدیای جیهانی بۆ دروستکردنی ڕای گشتی جیهانی.

<u>ج. یاسای نێودەوڵەتی (القانون الدولی):</u> یەکێکە لەوهۆکارانەی کە سنوورێك دادەنێن بۆ بەکارهێنانی هێزی نیشتمانی دەوڵەت بەتایبەت پەنابردن بۆ هێزی سەربازی لە شێوەی جەنگدا. لە کۆنەوە زانایانی بواری یاسای نێودەوڵەتی جیاوازییان کردووە لە نێوان دوو جۆر جەنگدا، جەنگی ڕەوا (جەنگی دادپەروەرانە-الحرب العادلة) و جەنگی ناڕەوا (جەنگی نادادپەروەرانە-الحرب غیر العادلة). بە ڕای ئەوان لە حاڵەتی ناچاری و پارێزگاری لە خۆکردن و بەرپەرچدانەوەی هێرشی دوژمنکارانەدا دەوڵەت مافی ئەوەی هەیە کە هێزی سەربازی خۆی بەکاربهێنێت دژی دوژمن و ناویان لێناوە جەنگی ڕەوا-دادپەروەرانە. بێگومان هەر جەنگێکی تریش بە پێچەوانەی ئەم حاڵەتانەوە بێت بە جەنگێکی ناڕەوا-نادادپەروەرانە دەژمێردرێت.

لێرەدا پرسیارێك دێتە پێشەوە: ئایا دیاردەی جەنگ تەنها بە لێکدانەوەی یاسایی چارەسەر دەکرێت بەبێ ئەوەی ڕەچاوی بارودۆخی سیاسی بکرێت؟

بێگومان نەخێر، چونکە هەرچەندە بە پێوەری یاسایی باس لە ڕەوابوون یان ناڕەوایی هەر جەنگێك بکرێت، بەڵام سەرەتای دروستبوونی ئەو جەنگە بە هۆکارو پاڵنەری سیاسی و لە پێناو بەرژەوەندییەکاندا بەرپابووە. لەبەرئەوە خاڵی هەڵگیرسانی جەنگ بریتییە لە کۆبوونەوەی هۆکارە سیاسی و ئابووری و یاساییەکان پێکەوە، واتە بە تاکە هۆکارێك ڕێگە لە بەرپابوونی جەنگەکان بگرین.

مەکتەبی بیر و هۆشیاری

بە شێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین یاسای نێودەوڵەتی چ لە ڕێگەی نەریتە نێودەوڵەتییەکان و ڕێکەوتننامە نێودەوڵەتییەکانەوە بێت یان لە ڕێگەی میکانیزمی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانەوە بێت هەمیشە هەوڵیداوە دیاردەی بەکارهێنانی هێز لە ئاستی نێودەوڵەتیدا کۆنترۆڵ بکات و سنوورێکی بۆ دابنێت لە ڕێگەی جەختکردنەوە لە چەند بنەمایەکی گرنگی وەك: (ڕێزگرتنی هەمەلایەنەی دەوڵەتان لە سەروەری و سەربەخۆیی سیاسی یەکتر، خۆبەدوورگرتن لە کارە دوژمنکارییەکان، هەوڵدان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان بە ڕێگەچارەی ئاشتییانە، ئیعتراف نەکردن بە دەرئەنجامەکانی بەکارهێنانی هێز بە شێوەیەکی ناشەرعی و دوژمنکارانە، پشتگیری نەکردنی دەوڵەتی دوژمنکار..هتد).

لەگەڵ داننان بە گرنگی ئەم بنەمایانەدا، بەڵام هێشتا ژمارەیەکی بەرچاو لە پسپۆڕان لەسەر ئەو ڕایەن کە یاسای نێودەوڵەتی و میکانیزمەکانی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان ناتوانێت سنوورێك بۆ دەوڵەتە زلهێزەکان دابنێت کاتێك بیانەوێت هێزی نیشتمانی خۆیان بەکاربهێنن کە هەندێکجار لە شێوەی بەکارهێنانی هێزی سەربازی و بەرپاکردنی جەنگیشدا دەبێت.

د. ڕێزگرتن لە سەروەریی دەوڵەت (احترام السيادة الوطنية للدول): بەپێی ئەم بنەمایە دەوڵەتان مافی ئەوەیان هەیە بەشێوەیەکی یاسایی گونجاو پارێزگاری لە بەرژەوەندییەکانی خۆیان و سەربەخۆیی بڕیاری سیاسی و قەوارەی جوگرافی خاکەکەیان بکەن، بە مەرجێك ئەم پارێزگاریکردنە نەبێتە هۆی دەستدرێژی و دوژمنکاری دژ بە سەروەریی دەوڵەتانی تر و شکاندنی سنوورەکانی یاسای نێودەوڵەتی کە مافی هەموو دەوڵەتان بە یەکسانی دەپارێزێت، کە بریتییە لە مافی هەر دەوڵەتێك لە: (پارێزگاری لە مانەوەی،



مەکتەبی بیر و هۆشیاری

پارێزگاری لە سەربەخۆیی سیاسی، مافی یەکسانی لەگەڵ دەوڵەتانی تر، دەستتێوەرنەدان لە کاروباری ناوخۆی دەوڵەتانی تر، مافی ئاڵوگۆڕی بازرگانی لەگەڵ دەوڵەتانی تر..هتد).

لێرەدا پێویستە ئاماژەبکەین بۆ خاڵێکی گرنگ ئەویش ئەوەیە کە پابەندبوونی دەوڵەتان بە دەقەکانی ڕێکەوتننامە نێودەوڵەتییەکانەوە کە ئیمزای کردوون یان ڕازیبوونی بە ڕێوشوێنەکانی سیستمی ئاسایشی بەکۆمەڵ لە چوارچێوەی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکاندا یان ڕازیبوون بە چەکداماڵینی دوولایەنە یان فرەلایەن لەگەڵ دەوڵەتانی تردا بە هیچ شێوەیەك دژی بنەمای سەروەریی نیشتمانی دەوڵەت نییە ئەگەر ئەم کارانە بە ئیرادەی ئازاد و سەربەخۆی دەوڵەتەکان خۆیان ئەنجامبدرێت.

ماوەتەوە بڵێین لە ڕووی ڕەچاوکردنی واقیعی نێودەوڵەتییەوە پابەندبوون بە ڕێزگرتن لە سەروەریی نیشتمانی دەوڵەتان لە تەواوی هۆکارەکانی تر زیاتر ڕەچاو دەکرێت لە ڕووی سنووردانان بۆ بەکارهێنانی هێزی نیشتمانی دەوڵەتان.

مەكتەبی بیروهۆشیاری

## تەوەرەی شەشەم

## ململانێی نێودەوڵەتی ( الصراع الدولی )

**یەكەم: چەمك و مانای ململانێی نێودەوڵەتی:**

دیاردەی ململانێی نێودەوڵەتی بەوە لە دیاردەكانی تری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەكان جیادەكرێتەوە كە دیاردەیەكی زۆر ئاڵۆزە، هۆكاری ئەو ئاڵۆزییەش لە لایەكەوە دەگەڕێتەوە بۆ فرەڕەهەندی دیاردەكەو دەركەوتنە جۆراوجۆرەكانی لە لایەكی تریشەوە پەیوەستە بە كاریگەرییە ڕاستەوخۆ وناڕاستەوخۆكانی.

ململانێی نێودەوڵەتی بارودۆخێكی سیاسی نێودەوڵەتییە كاتێك پەیدا دەبێت كە دوو لایەن یان زیاتر هەوڵی بەدیهێنانی هەندێك ئامانجی دژبەیەك یان پێكەوە نەگونجاو بدەن. بە دەربڕینێكی تر ململانێی نێودەوڵەتی دیاردەیەكە یان بارودۆخێكە كە لە ئەنجامی بەرژەوەندییە دژیەكەكان یان بەهاو بیروباوەڕە دژیەكەكان دروست دەبێت، لە ئەنجامی قایل نەبوونی لایەنەكانی ململانێكە بە ئەو بارودۆخەی كە لە ئارادایە، لەبەر ئەوە هەریەكەیان لە هەوڵی ئەوەدان بارودۆخەكە بە ئاراستەی خزمەتكردنی بیروباوەڕو بەرژەوەندییەكانی خۆیان بگۆڕن.

هەندێكجار تێكەڵكردنێك لە نێوان ململانێ وجەنگدا دروست دەكرێت، بەڵام جیاوازییەكی گەورە لە نێوانیاندا هەیە، بۆنموونە:

1ـ ململانێ كێشمەكێشی ئیرادەی دەوڵەتەكانە كە لە ئەنجامی جیاوازیی پاڵنەرەكان و بیربۆچوونەكان و داهات و چاوەڕوانییەكانەوە دروست دەبێت،



بەڵام لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا هێشتا ناگاتە خاڵی تەقینەوەو بەكارهێنانی هێزی سەربازیو جەنگ.

2. ململانێ شێوازو دەركەوتنی جۆراوجۆری هەیە، وەك( ململانێی سیاسیو ئابووریو مەزهەبی)، بەڵام جەنگ یەك شێوازی باوی هەیە كە بریتییە لە پێكدادانی لایەنەكان لە ڕێگەی بەكارهێنانی هێزی سەربازییەوە.

3ـ ململانێ هۆكار ومیكانیزمی جیاوازی هەیە، وەك (فشار دروستكردنو گەمارۆدانو ئیحتیواكردنو هەڕەشەو سزادان)، بەڵام دیسان جەنگ هۆكارێكی ڕاستەخۆو دیاری هەیە كە بریتییە لە بەكارهێنانی هێزو توندوتیژی دژی بەرامبەر.

4. لەبەر ئەوە دەتوانین بڵێین جەنگ بریتییە لە دواخاڵی پەرەسەندنی هەندێك لە ململانێ نێودەوڵەتیەكان، واتە هەموو جەنگێك ململانێ لەخۆ دەگرێت، بەڵام مەرج نییە هەموو ململانێیەك بە جەنگ كۆتایی بێت.

5. هەرچەندە ململانێی نێودەوڵەتی لە میكانیزمو شێوازدا جیاوازە، بەڵام لە ڕووی قوربانیەكانەوە بە هیچ شێوەیەك بەراوورد ناكرێت لەگەڵ ئەو قوربانییانەی كە لە جەنگەكان دەكەونەوە.

**دووەم: بیردۆزەكانی لێكدانەوەی هۆكاری دروستبوونی ململانێی نێودەوڵەتی:**

أ. بیردۆزە دەروونییەكان (النظریات النفسیة – *Psychological Theories*):

ئەم بیردۆزانە پێگەیەكی فراوان داگیردەكەن لە لێكۆڵینەوەكانی تایبەت بە لێكدانەوەی دیاردەی ململانێدا. هەندێك لەم بیردۆزانە سادە وساكارن، بەڵام هەندێكی تریان زۆر ئاڵۆز وناڕاستەوخۆو فرەلایەنن. لایەنگرانی ئەم بیردۆزانە بە جیاوازی بیروڕاكانیانەوە زۆر جەخت لەسەر گرنگیو دەوڵەمەندی ئەم

مەكتەبی بیر و هۆشیاری

بیردۆزانە دەکەنەوە تا ئاستی ئەوەی کە پێیان وایە دەتوانن تەواوی ململانێکان تەفسیر بکەن و لێکدانەوەی دەروونیی بۆ بکەن.

1. **بیردۆزی دەروونشیکاریی فرۆیدی:**

(سیگمۆند فرۆید) یەکێکە لە دیارترین تیۆرسێنەکان (منظر) بیردۆزی سایکۆلۆژی بۆ لێکدانەوەی ململانێ و جەنگ لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا، کە پشت دەبەستێت بە مەیلی شەڕەنگێزی و دوژمنکاریی لە سروشتی مرۆڤدا بۆ لێکدانەوەی دیاردەی ململانێ و جەنگ.

(فرۆید) ڕای وایە ڕەفتاری دوژمنکاریی (*Aggressive Behavior*) دەگەڕێتەوە بۆ ووزەیەکی شاراوەی دوژمنکارانە لە نەستی مرۆڤدا، ئەم ووزەیە لە کاتی ئاشتی و ئاسایشدا بواری خۆ دەرخستن ودەربڕینی نییە بۆیە دەچەپێنرێت (یکبت) لە لایەن مرۆڤەوە بەهۆی یاسا و نەریتە کۆمەڵایەتییەکانەوە، بەڵام لە کاتی ململانێ و جەنگدا بوارێکی گونجاو دەڕەخسێت بۆ دەرکەوتنی ئەو مەیلە دوژمنکارییەو مرۆڤ لە شێوەی دڕندەیەکدا ڕەفتاردەکات.

لە ڕوانگەی ئەم لێکدانەوەیەوە (فرۆید) ئەگاتە ئەو دەرئەنجامەی کە جەنگ پرۆسەیەکی قەدەرییە (*Fatalistic*) و سەرەتاکەی دەگەڕێتەوە بۆ سروشت و پێکهاتەی سایکۆلۆژیی مرۆڤ، لەوەش زیاتر ئەگەر لە کۆمەڵگایەکدا یان لە دەوڵەتێکدا بواری دەربڕینی ئەو مەیلی دوژمنکارییە نەڕەخسێت بۆ ئەوەی دژی دوژمنە دەرەکییەکان بەکاربێت ئەوا ئەم ووزە شاراوەیە دەبێتە هۆی تێکشکاندنی ناوەکی (*Self-Destruction*) لە شێوەی خۆکوشتنی تاك و توندوتیژی کۆمەڵایەتی و جەنگی ناوخۆییدا.

2. **بیردۆزی وێنە زەینییەکان (الصور الذهنية – *Images*):**



مەكتەبی بیر و هۆشیاری

بە گوێرەی ئەم بیردۆزە بەشێکی گەورەی ململانێ و جەنگەکان دەگەڕێتەوە بۆ ئەو وێنە زەینییانەی کە لە مێشکی هاوڵاتیانی دوو دەوڵەتدا بەرامبەر بە یەکتر دروستکراون و بەهۆی چەند هۆکارێکی جیاوازی وەك (سیستمی پەروەردەیی و هۆکارەکانی ڕاگەیاندن و فۆلکلۆری میللی و ئامرازەکانی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی و سیاسی)یەوە.

لایەنگرانی ئەم بیردۆزە ڕایان وایە کێشە وململانێ نێودەوڵەتییەکان لە بنەڕەتدا دەگەڕێنەوە بۆ کاریگەریی ئەو وێنە زەینییانە لە بارەی یەکترەوە، کە زۆرجار ناواقیعیشن.

**ب. بیردۆزە سۆسیۆلۆژیەکان (النظريات الأجتماعية *Sociological Theories*):**

ئەم بیردۆزانە بە شێوەیەکی گشتی جەخت لەسەر کاریگەری هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان لە ململانێ نێودەوڵەتییەکاندا دەکەنەوە، لە نموونەی ئەم بیردۆزانەش:

1. **بیردۆزی داروینیزمی کۆمەڵایەتی نێودەوڵەتی (*International Social Darwinism*):**

بە گوێرەی ئەم بیردۆزە کۆمەڵگە مرۆڤایەتییەکان وەك هەر بوونەوەرێکی زیندوو لەسەر ئەم زەوییەدا گەشە دەکەن ولە پەرەسەندندان لە ڕێگەی پرۆسەی ململانێیەکی درێژخایەندا کە لە کۆتاییدا مانەوە بۆ بەهێزترینیانە (البقاء للأقوى).

داروینییە کۆمەڵایەتییەکان ڕایان وایە کە جەنگ بۆ پێشکەوتنی شارستانیەت و پەرەسەندن پێویستە، چونکە ڕۆڵ وئەرکی جەنگ بریتییە لە گواستنەوەی دەسەڵات لە دەوڵەتە لاوازەکانەوە بۆ ئەو دەوڵەتانەی کە خاوەنی

هێزێكی گەورەترو جوڵەو چالاكییەكی زیاترن. لە نموونەی ئەم بیردۆزانە ئاماژە بۆ ئایدیۆلۆژیای (فاشیزم ونازیزم) دەكەین كە پشت بە چەمكی ڕەچەڵەك و ڕەگەز (الجنس *Race*) دەبەستن لە پۆلێنكردنی مرۆڤایەتیداو، بەڕای ئەوان مرۆڤەكان نایەكسانن و بە پێی جیاوازیی ڕەچەڵەكیان لە پێگەی كۆمەڵایەتی وسیاسیاندا جیاوازدەبن.

داروینیزمی كۆمەڵایەتی نێودەوڵەتی ململانێی نێوان گەلان و ڕەچەڵەكە جیاوازەكان بە شتێكی حەتمی و پێویست دەزانێت بۆ یەكلاكردنەوەی بالآدەستی بەسەر جیهانداو ڕای وایە كە ململانێی نێوان ڕەچەڵەكەكان یاسایەكی بنەڕەتیی سروشتە (*Basic Law of Nature*).

<u>2. بیردۆزی میحوەری پیشەسازی– سەربازی ( *The Industrial – Military Complex*):</u>

سەرەتای ئەم بیردۆزە ئەگەڕێتەوە بۆ زانای كۆمەڵناسی ئەمریكی (س. رایت میلز) كە ڕای وایە پاش جەنگی جیهانیی دووەم، ئەوەی كە خۆی سەپاندوە بەسەر سیاسەتی ئەمریكادا بریتییە لە هاوپەیمانێتییەكی بەهێز لە نێوان سەركردەكانی بواری (پیشەسازی و سەربازی)دا.

ئەو هاوپەیمانێتییە لە ڕێگەی كۆنترۆڵكردنی نیمچە تەواوی ئامرازەكانی ڕاگەیاندنی جەماوەرییەوە هەمیشە لە هەوڵی ئەوەدا بووە كە جۆرێك لە بێخەمی و بێباكیی سیاسی لە نێو ڕای گشتی ئەمریكیدا دروست بكات سەبارەت بە سیاسەتی ناوخۆیی و دەرەكیی وڵاتەكەیان.

(س. رایت میلز) ڕای وایە هاوپەیمانێتیی نێوان كەمینەكان حوكمی ئەمریكا ئەكات، كە لێرەدا مەبەستی كەمینەكانی خاوەن كۆمپانیا گەورەكانی نەوت و چەك و ڕاگەیاندنە، كە بە شێوەی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ دروستكردنی بڕیار لە ئەمریكادا لە دەست ئەواندایە.



ئەم بیردۆزە جەخت لەسەر ئەوە دەكاتەوە كە ئەم نوخبە كەمینەیە باڵی توندڕەوی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریكا پێكدێنێت و، هەمیشە بۆ بەردەوامبوونی بەرژەوەندییەكانی كۆمپانیا زەبەلاحەكانی خۆیان ئاگری ململانێ و جەنگ لە جیهاندا خۆش دەكەن.

<u>ج. بیردۆزە ئابوورییەكان (النظريات الأقتصادية *Economic Theories*):</u>

به شێوەیەكی گشتی دابەش دەبن بۆ دوو ئاراستەی سەرەكی:

<u>1. بیردۆزە ئابوورییە ماركسییەكان (*The Economic Marxist Theories*):</u>

بە پێی ئەم بیردۆزە هۆكاری سەرەكیی پشت ململانێ و جەنگ بریتییە لە هۆكاری ئابووری و لە چوارچێوەی لێكدانەوەی مادی بۆ مێژوو ﴿مادیەتی دیالەكتیكی ومادیەتی مێژوویی﴾دا دیاردەی ململانێ و جەنگ شیتەڵ دەكات.

كورتەی ئەم بیردۆزە ئەوەیە كە لە پشت هەموو ململانێیەكەوە هۆكارێكی ئابوری هەیە بەتایبەت لە قۆناغی سەرمایەداریدا كە دژایەتییە بنەڕەتیەكانی ناو ئەم سیستمە شێوازی جۆراوجۆری ململانێی چینایەتی دروست دەكەن، لە ناوخۆی دەوڵەتدا ململانێی چینی بۆرژوازی دژی چینی پرۆلیتاریا، لە ئاستی نێودەوڵەتیشدا لە نێوان دەوڵەتە سەرمایەدارییەكان خۆیاندا كە هەندێكجار دەگاتە ململانێی خوێناوی و جەنگی گەورە كە بەشەكانی تری جیهان باجەكەی دەدەن.

<u>2. بیردۆزە ئابوورییە ناماركسییەكان:</u>

ئەم ئاراستە چەند بیردۆزێك لە خۆی دەگرێت كە دیارترینیان بریتییە لە:

<u>2–1. بیردۆزی ئەرك و فرمانی ئابوورییانەی جەنگ (الوظيفة الاقتصادية للحرب):</u>

بە پێی ئەم بیردۆزە ململانێ و جەنگ چەندین ئاسەواری ئیجابی هەیە بۆ پێشکەوتنی زانست و تەکنەلۆژیا و خێراترکردنی پرۆسەی بە پیشەسازیکردنی وڵات، چونکە لە کاتی جەنگدا پیشەسازییەکان لە برەودا دەبن و داواکاریی لەسەر کاڵاکان زیاتر دەبێت و دەستی کار چالاکانە لەکاردا دەبێت و داهاتی تاك زیاتر دەبێت، باشترین نموونەش بریتییە لە بەرەوپێشچوونی ئابوریی ئەمریکا لە کاتی جەنگی جیهانیی دووەمدا.

ئەم بیردۆزە تووشی ڕەخنەی توند بووەتەوە، وەك ئەوەی کە دەوترێت مەرج نییە پێشکەوتنی پیشەسازیی سەربازی هۆکارێکی بەهێزبێت بۆ پێشخستنی ئابوریی دەوڵەت چونکە مەرج نییە بگۆڕدرێت بۆ بواری تری ناسەربازی، یان دەوترێت هەڵگیرسانی جەنگ ئاسەواری خراپی ئابوری لەوانە گەورەی هەیە وەك هەڵاوسان و داخرانی ڕێگەکانی بازرگانی جیهانی و وێرانبوونی بونیادو ژێرخانی ئابوریی دەوڵەت.

*2–2*. بیردۆزی بێبەشبوونی ڕێژەیی (نظرية الحرمان النسبي):

ئەم بیردۆزە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە بێبەشبوونی ئابوری مرۆڤ و ژیان و گوزەرانی سەخت و دژوار کاردانەوەی خراپی لەسەر تێگەیشتن وپێگەیشتنی مرۆڤ دەبێت هۆکارێکی سەرەکیشە بۆ سەرهەڵدانی ململانێ وهەڵگیرسانی جەنگ.

د. بیردۆزە سیاسییەکان (النظريات السياسية – *Political Theories*):

*1*. لە ئاستی نێودەوڵەتییدا:

(لیڤی وارنەر *L. Werner*) ڕای وایە سێ هۆکاری سەرەکی لە پشت بەردەوامبوونی ململانێی نێودەوڵەتیەوەیەن، ئەوانیش:



* نەبوونی دەسەڵاتێکی شەرعی جیهانی کە هێزی سەپاندنی بڕیارەکانی هەبێت بەسەر دەوڵەتانداو بتوانێت ئاشتی وئاسایشی دەوڵەتان بپارێزێت.

* ئەو هەڕەشانەی ئاراستەی بوون وئاسایش وبەرژەوەندی دەوڵەتان دەکرێن کات و شوێنی دیاریکراویان نییەو هەمیشە لە گۆڕاندان و ئەگەری بەرپابوونیان بەردەوامە.

* ڕەگ وڕیشەی ململانێی نێودەوڵەتی دەگەڕێتەوە بۆ حاڵەتی نەبوونی متمانە لە نێوان دەوڵەتاندا، کە لەگەڵ تێپەڕبوونی کات و گۆڕانکاریەکاندا دەگۆڕێت بۆ هەستی دوژمنکاری و دژایەتیکردنی یەکتر.

گرنگترین بیردۆزە سیاسییەکان لە ئاستی نێودەوڵەتیدا ئەمانەن:

*1–1*. بیردۆزی ناهاوسەنگی لە دابەش بوونی هێزدا لە ئاستی نێودەوڵەتیدا:

ئەم بیردۆزە نایەکسانی لە دابەشبوونی هێزی نێوان دەوڵەتەکان و لە ئاستی نێودەوڵەتیدا بەگەورەترین هۆکاری هەڵگیرسانی ململانێ و جەنگ دادەنێت، چونکە کاتێك ناهاوسەنگی و ناجێگیری پەیوەندییەکانی هێز لەبەرژەوەندی دەوڵەتیك نەبێت بێگومان دەبێتە هۆی دروستبوونی نائارامی و ترس و بێمتمانەیی لای ئەو دەوڵەتە بەرامبەر لایەنی سوودمەند لە ناهاوسەنگییەکە، ئەمەش زۆرجار دەبێتە پاڵنەرێکی بەهێز تا وابکات لە دەوڵەتە زیانلێکەوتووەکە کە کاردانەوەی بەرگری لەخۆکردن یان دوژمنکارانە بگرێتەبەر لە ڕێگەی خۆپڕچەککردن یان دروستکردنی هاوپەیمانێتییەوە، ئەمانەش هۆکاری سەرەکین بۆ خوڵقاندنی ململانێ وبەرزکردنەوەی ئاستەکانی.

لەلایەکی ترەوە ئەو دەوڵەتانەی کە سوودمەند دەبن لە ناهاوسەنگییەکە لەوانەیە هەستکردن بە زاڵبوون و بەهێزی پاڵنەریان بێت بەرەو دوژمنکاری و

بەکارهێنانی هێز دژی لایەنە لاوازەکانی هاوکێشەی هێز لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا.

بەکورتی لە ڕوانگەی ئەم بیردۆزەوە ناهاوسەنگی لە دابەشبوونی هێزدا لە ئاستی نێودەوڵەتیدا (بۆشایی هێز Power Vacuums) دروست دەکات و دەبێتە هۆی ئەوەی دەوڵەتە بەهێزەکان هەوڵی پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە بدەن لە بەرژەوەندی خۆیاندا.

بە گوێرەی ئەم بیردۆزە ململانێی نێودەوڵەتی لە ئەنجامی ئەو کێشمەکێش و ڕووبەڕووبوونەوەیەوە دروست دەبێت کە لە نێوان دوو بەرەی جیاواز لە دەوڵەتاندا پەیدادەبێت، بەرەیەك هەوڵی پاراستنی بارودۆخی باو دەدات کە خزمەت بە بەرژەوەندییەکانی دەکات، بەڵام بەرەی دووەم بە ئەو بارودۆخە ڕازی نییە و هەوڵی گۆڕانکاریی دەدات بە ئاراستەی بارودۆخێکی نوێ کە خزمەت بە داواکارییەکانی بکات.

لێرەوە ئەگەر بەرەی پارێزگاریکەر لە بارودۆخ بەهێزتر بن ئەوا ئارامی و جێگیری دەسەپێنن لە ئاستی نێودەوڵەتیدا، بەڵام ئەگەر بەرەی گۆڕانکاریخوازی ناڕازی بەهێزتربن ئەوا بێگومان بارودۆخی نێودەوڵەتی ململانێ و پێکدادان بەخۆیەوە دەبینێت و ئەگەرەکانی هەڵگیرسانی جەنگ لە زیادبووندا دەبێت.

<u>1–2. بیردۆزی کاریگەری هاوپەیمانێتییەکان لەسەر ململانێی نێودەوڵەتی:</u>

ئەم بیردۆزە ڕای وایە هاوپەیمانێتییە جیاوازەکان هۆکاری سەرەکین لە دروستبوونی ململانێ و خێراکردنی هەڵگیرساندنی جەنگدا، چونکە هاوپەیمانێتییەکان کۆڵەکەی سەرەکی جێبەجێکردنی سیاسەتەکانی سیستمی هاوسەنگی نێوان هێزەکانن، واتە هەر کاتێك کە گۆڕانکاریی لەو هاوپەیمانێتییانەدا دروست ببێت ئەوا ڕاستەوخۆ بە شێوەیەکی ئیجابی یان



سەلبی کاریگەری لەسەر جێگیریی یان ناجێگیریی بارودۆخی نێودەوڵەتی دەبێت.

هەرچەندە ئامانجی سەرەکی هاوپەیمانێتییەکان جیاوازبن لە ڕووی هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی هێز و زامن کردنی ئاسایشی نەتەوەیی یان هەوڵدان بۆ دابینکردنی بەرژەوەندییە باڵاکانی دەوڵەتان یان پاڵپشتیکردن لە ئایدیۆلۆژیایەکی دیاریکراو، بەڵام هەموویان لەوەدا کۆکن کە هۆکارێکن بۆ دابەشکردنی هێزەکان لە جیهاندا، ئەمەش ناکۆکی و ململانێ لە نێوان ئەو هێز و دەوڵەتانەدا دروست دەکات.

<u>1–3. بیردۆزی کاریگەریی سەروەریی دەوڵەت لەسەر ململانێ و جەنگ:</u>

ئەم بیردۆزە ڕای وایە سیستمی سیاسی نێودەوڵەتی کە لەسەر بنەمای ئەندامێتی دەوڵەتانی خاوەن سەروەری دروستبووە، خۆی لە خۆیدا سەرچاوەی سەرەکیی هۆکارەکانی ململانێ و فەوزایە لە ئاستی نێودەوڵەتیدا.

"واڵت ڕۆستۆ Walt Rostow" کە یەکێکە لە لایەنگرانی ئەم بیردۆزە دەڵێت: هۆکاری سەرەکی ململانێ و جەنگەکان لە لێکدانەوەی کۆتاییدا دەگەڕێتەوە بۆ بەردەوامبوونی دەوڵەتان لەسەر بنەمای سەروەریی نیشتمانی و ڕازیبوونیان بە مەشروعیەتی ئەو بنەمایە وەك بناغەی پەیوەندییەکان لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتیدا.

لێرەوە لایەنگرانی ئەم بیردۆزە ڕایان وایە بۆ ئەوەی ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی بچەسپێنرێت ئەوا پێویستە ئەم سیستمە فرە دەوڵەتییە لاببرێت، تەواوی دەوڵەتان لەسەر بنەمای بیروباوەڕی جیهانی و گەردوونیی گشتگیر

کۆبکرێنەوەو هەوڵی بنیادنانی حکومەتێکی جیهانی بدرێت بۆ چەسپاندنی ئاشتی و ئاسایشی جیهانی.

**1–4. بیردۆزی کاریگەری زیادبوونی دەوڵەتان لەسەر ململانێی نێودەوڵەتی:**

بەگوێرەی ئەم بیردۆزە لەگەڵ فراوانبوونی سیستمی نێودەوڵەتی و تێپەڕاندنی چوارچێوە ئەوروپییەکەی و هاتنەکایەی دەوڵەتانی سەربەخۆ لە هەموو بەشێکی جیهاندا بەتایبەت لە جیهانی سێیەمدا، دەبێتە هۆی زیادبوونی ئەگەری سەرهەڵدانی ململانێ و هەڵگیرسانی جەنگ لە ئاستی نێودەوڵەتییدا. چونکە ئەم دەوڵەتە نوێیانە بە تەواوی پەیوەست نابن بە بنەماکانی سیستمی نێودەوڵەتییەوە کە بناغەیەکی ئەوروپیی هەیەو بەرهەمی مێژوو و کەلتووری ئەوروپایە، نەك جیهانی سێیەم.

لایەنگرانی ئەم بیردۆزە ڕایان وایە زیادبوونی ژمارەی دەوڵەتان بەم شێوەیەی ئێستا کە نزیك بووەتەوە لە (200) دەوڵەت بارودۆخێکی خوڵقاندووە کە ناتوانرێت بە هیچ شێوەیەك پێشبینیی ڕەفتارو هەڵوێستی داهاتووی ئەو هەموو دەوڵەتە بکرێت، هەروەها بەهۆی ناڕەزایی بەردەوامی زۆرینەی ئەم دەوڵەتە نوێیانە لەسەر سیاسەتی جیهانی و ستراتیژیەتی دەوڵەتە زلهێزەکان هەمیشە ئەگەری هەڵگیرسانی ململانێ و جەنگ کراوەیە لە شوێنە جیاجیاکانی جیهاندا. سەرەڕای ئەوەی کە ژمارەیەکی زۆر لەم دەوڵەتە تازانە خاوەن سامانی سروشتی و پێگەی ستراتیژیی بەهێزن لە ئاستی نێودەوڵەتییدا کە کاریگەرییان هەیە لەسەر سیاسەت و ئابووری جیهانی و لە ئەنجامیشدا دەبنە هۆی هەڵگیرسانی ململانێی نێودەوڵەتی.

**2. لە ئاستی ناوخۆی دەوڵەتدا:**

**گرنگترین بیردۆزە سیاسییەکان لە ئاستی ناوخۆی دەوڵەتدا ئەمانەن:**



**2–1. بیردۆزی کاریگەریی ئایدیۆلۆژیا لەسەر ململانێی نێودەوڵەتی:**

ئەم بیردۆزە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە ئایدیۆلۆژیا جیاوازو دژ بەیەکەکانی دەوڵەتە زلهێزەکان هۆکاری سەرەکین بۆ دروستبوونی ململانێی و هەڵگیرسانی جەنگ لە ئاستی نێودەوڵەتیدا، هەروەها ململانێی ئایدیۆلۆژی لە ڕووی ناوەڕۆك و ڕووبەری تەشەنەکردنیەوە لە ململانێ نێودەوڵەتییە مێژووییەکانی تر مەترسیدارترە.

**به پێی ئەم بیردۆزە ئایدیۆلۆژیا دەتوانێت بەم شێوازانەی خوارەوە ببێتە هۆکاری ململانێ:**

* ئایدیۆلۆژیا دیدگایەکی تایبەت لەبارەی جیهان و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانەوە بە هەڵگرانی دەبەخشێت.

* ئایدیۆلۆژیا ئامرازێکە بۆ پۆلێنکردن و دابەشکردنی جیهان بەسەر بەرەیەکی دۆست و بەرەیەکی دوژمنداو داڕشتنی سیاسەتی دەرەوە لەسەر ئەو بنەمایە.

* ئایدیۆلۆژیا هۆکارێکی گرنگە بۆ دیاریکردنی ئامانجە هەنووکەیی و مامناوەندو درێژخایەنەکان لە سیاسەتی دەرەوەدا.

* دابەشبوونی جیهان بەسەر ئایدیۆلۆژیا جیاوازەکاندا ڕێگر دەبێت لە بەردەم دروستبوونی کۆمەڵێك بەهای گەردوونی و جیهانیدا کە هەموو دەوڵەتان لەسەری کۆکبن و بیکەن بە پێوەری ڕەفتارەکانیان.

* ئایدیۆلۆژیا چەکێکی سەرەکیە لە دوژمنکاریی ناڕاستەوخۆدا (Indirect Aggression) دژی دەوڵەتان و کۆمەڵگاکانی تر، لە ڕێگەی هێرش کردنە سەر بیروباوەڕو بەهاو کەلتووری ئەو وڵاتانەوە یان هاوکاری کردنی ئەو هێزانەی کە سەر بە ئایدیۆلۆژیایەکی دیاریکراون لە ڕووی فیکری و بابەتی پڕوپاگەندەوە دژی دەوڵەتەکەی خۆیان.

### 2-2. بیردۆزی هەستی جیاوازیخوازی نەتەوەیی و یەکگرتنی نەتەوەیی:

ئەم بیردۆزە گرنگی دەدات بە لایەنی هەست یان مەیلی نەتەوەکان بە ئاراستەی یەکگرتن و پێکەوەژیان یان بە ئاراستەی جیاوازیخوازی و سەربەخۆیی و کاریگەریی هەریەکە لەو مەیلانە لەسەر دروست بوونی ململانێ و هەڵگیرساندنی جەنگ بۆ نموونە کاتێك نەتەوەیەك ئاستی هۆشیاری وهەستکردن بە تایبەتمەندیی خۆی دەگاتە ئاستێکی باڵا هەوڵدەدات بۆ بەدەستهێنانی سەربەخۆیی و جیابوونەوە لەو دەوڵەتەی کە تێیدا دەژی یان لانی کەم بەدەستهێنانی جۆرێك لە خودموختاری کە پاراستنی مۆرك و ناسنامەی نەتەوەیی خۆی بۆ زامن بکات ورزگاری بکات لە وابەستەیی سیاسی بۆ ئەو دەوڵەتە. بەڵام لێرەدا بەهۆی رەفزکردنی ئەم داواکارییانە لە لایەن دەسەڵاتی ڕەسمی ئەو دەوڵەتانەوە ململانێ و جەنگ دروست دەبێت لە نێوانیانداو ئەگەر پشتگیری دەرەکی هەبێت بۆ نەتەوە ستەملێکراوەکە ئەوا ڕەنگە ببێتە هۆی جەنگێکی هەرێمی.

بەهەمان شێوە ئەگەر هەستێکی یەکگرتنی نەتەوەیی هەبێت و بەشێك لە نەتەوەیەك یان وڵاتێك دابڕابێت بەهۆی داگیرکاری یان هەر هۆکارێکی ترەوە و ئەو نەتەوەیە یان ئەو دەوڵەتە هەوڵی گێڕانەوەی بدات واتە یەکگرتنەوە لەگەڵ ئەو پارچەیەدا ئەوا بەهۆی ڕەفزی دەسەڵاتەوە ئەو هەوڵ و داواکارییە دەبێتە هۆی ململانێ و ڕەنگە پەرەبسێنێت بۆ جەنگ.

### 2-3. بیردۆزی کاریگەریی سیستمی ناوخۆ لەسەر ململانێی نێودەوڵەتی:

ئەم بیردۆزە لەسەر ئەو گریمانەیە کاردەکات کە سروشت و پێکهاتەی سیستمە سیاسییە تۆتالیتارییەکان (النظم الشمولیة) بە حوکمی ئایدیۆلۆژیا و



ئامانجەکانی سیاسەتی دەرەوە وشێوازەکانی کارکردنیان هۆکاری سەرەکین لە پەرەپێدانی ململانێی نێودەوڵەتیدا.

<u>بەپێی ئەم بیردۆزە پەیوەندییەکی بەهێز هەیە لە نێوان دیکتاتۆریەت وململانێدا لەو ڕووەوە کە:</u>

* سیستمی تۆتالیتار لەسەر ئەوە ڕاهاتووە کە لە ناوخۆی وڵاتدا ڕای خۆی دەسەپێنێت بەسەر تەواوی کۆمەڵگاداو هەمیشە مەیلی هەژموونکردن و کۆنترۆڵکردنی هەیە هەر بۆیە لە ئاستی نێودەوڵەتیشدا هەوڵی هەیمەنە و کۆنترۆڵ و سەپاندنی باڵادەستی خۆی دەدات.

* سیستمی تۆتالیتار هەمیشە پشت بە هێز ئەبەستێت لە سەپاندنی سیاسەتەکانی لە ناوخۆی وڵاتدا، بۆیە لە ئاستی نێودەوڵەتیشدا ئەگەر دڵنیا بێت کە ئەتوانێت هێزی خۆی بسەپێنێت ئەوا دوو دڵی ناکات لە بەکارهێنانی هێز بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکانی.

* دیکتاتۆریەت بە سروشتی خۆی لەسەر ئەوە دروست بووە کە مافی بڕیاردانی ڕەهای هەیە بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکانی، هەروەها هەموو سنووردانانێك بۆ ڕەفتارەکانی ڕەت دەکاتەوە مەگەر بە شێوازی ناچارکردن و فشارخستنەسەری ناچار بکرێت.

### 2-4. بیردۆزی ململانێی دەرەکی لە پێناو تەبایی ناوخۆییدا:

ئەم بیردۆزە ڕای وایە جەنگ لە ئەنجامی کۆمەڵێك سیاسەتی بەرنامە بۆ داڕێژراوەوە دروست دەبێت کە ئامانجی سەرەکی بریتییە لە پاراستنی تەبایی ناوخۆیی کۆمەڵگا و دەوڵەت لە ڕێگەی سوودوەرگرتن لەو هاوکارییەی کە لە نێوان هاوڵاتییانی دەوڵەتەکەوە دروست دەبێت کاتێك ڕووبەڕووی دوژمنێکی دەرەکی دەبنەوە واتە بەپێی ئەم بیردۆزە لەوانەیە بڕیار بە دەستانی دەوڵەتێك

پەناببەن بۆ بەرپاکردنی جەنگ بۆ ئەوەی ئاستی تەبایی ناوخۆیی دەوڵەتەکەیانی پێ بپارێزن و کێشەو قەیرانە ناوخۆییەکانی پێداپۆشن.

ئەم بیردۆزە توانای لێکدانەوەی هەندێك لە ململانێ نێودەوڵەتییەکانی هەیە کە حکومەتی هەندێك وڵات پشت بەوە دەبەستن کە وێنەی دوژمن لە زەینی هاوڵاتیانیاندا تۆخبکەنەوەو بەردەوام سوودی لێوەربگرن بۆ ئاراستەکردنی ناڕەزاییەکان دژ بە دوژمنی دەرەکی.

ئەم بیردۆزە چەند ڕەخنەیەکی لێگیراوە، بۆ نموونە مەرج نییە هەمیشە بڕیاری جەنگ و ئاشتی لە ژێر کۆنترۆڵی سیاسەتمەدارانی وڵاتدا بمێنێتەوە، بەڵکو ئەگەری ئەوە هەیە جەنگ پەرەبسێنێت و دەرئەنجامی پێچەوانەی لێبکەوێتەوەو ببێتە هۆی لەبەریەك هەڵوەشانی دەوڵەتەکەش بە تەواوەتی، چونکە لە کاتی جەنگدا هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی وڵاتەکە هەلی لاوازبوونی حکومەت و دەسەڵات دەقۆزنەوەو داواکارییەکانیان بەسەر دەسەڵاتدا دەسەپێنن.

<u>سێیەم: بیردۆزەکانی بەڕێوەبردنی ململانێی نێودەوڵەتی:</u>

لە بواری بەڕێوەبردنی ململانێ نێودەوڵەتییەکاندا سێ بیردۆزی سەرەکیمان هەیە کە بریتین لە: (بیردۆزی بەرزکردنەوەی ئاستی ململانێ، بیردۆزی ڕێگرتن (الردع)، بیردۆزی جەنگی سنووردار).

(أ). بیردۆزی بەرزکردنەوەی ئاستی ململانێ (تصعید الصراع – *Escalation*):

بەرزکردنەوەی ئاستی ململانێ بەوە پێناسە دەکرێت کە بریتییە لەو زیادەیەی ڕوویداوە یان ڕوودەدات لە چڕی و ئاڵۆزی ململانێدا یان لە



فراوانکردنی چوارچێوەو مەوداکانیدا، بێگومان ئەمەش بە هۆی میکانیزمی جیاوازەوە دەبێت و هۆکارو پاڵنەری جۆراوجۆریشی لە پشتەوە دەبێت.

بە شێوەیەکی گشتی ژمارەیەك هۆکاری وەك: (سنووری جوگرافیی ململانێ و ژمارەی لایەنە بەشدارەکانی و ئەو ئامانجانەی کە لایەنەکانی ململانێ هەوڵی بەدەستهێنانی دەدەن) ئاراستەی کارو کاردانەوەی لایەنەکانی ململانێیەك دیاری دەکەن، ئایا کاردانەوەی فراوانیان دەبێت یان سنووردار، سەرەڕای ئەمانە ئاستی ئەو ئاسەوارانەی کە ئەم ململانێیە لە پەیوەندییە نێودەوڵتییەکاندا دروستی دەکات و کاریگەریی لەسەر لایەنەکانی تری دەرەوەی هاوکێشەکە گرنگیی خۆیان هەیەو هەموو ئەوانە پێکەوە ئاسۆی داهاتووی ئەو ململانێیە دیاری دەکەن.

<u>ئەو هۆکارانەی ئاستی ململانێی نێودەوڵەتییەکان بەرزدەکەنەوە، ئەمانەن:</u>

1. ئەگەر لایەنێك وابزانێت <u>لایەنێکی تر دژ بە دەم ئەیەوێت</u> ئاستی چڕی و فراوانی ململانێکە زیادبکات، ئەوا ئەم لای خۆیەوە دەستپێشخەری دەکات بۆ ئاگادارکردنەوەو ترساندنی بەرامبەر.

2. ئەگەر لایەنێك واهەست بکات <u>بەردەوامبوونی ململانێیەك بە هەمان ئاست بەرژەوەندییەکانی دەخاتە مەترسییەوە</u>، ئەوا هەوڵی بەرزکردنەوەی ئاستی ململانێ دەدات بۆ ئەوەی لایەنی دووەم هەست بە جیددی بوونی ئەم بکات و بیرلەچارەسەر بکاتەوە.

3. دڵنیابوونی لایەنێك لەوەی بەرزکردنەوەی ئاستی ململانێ خاڵی <u>هێزی پێ دەبەخشێت</u>و <u>پێگەی نێودەوڵەتی باشتر ئەکات و بەرژەوەندی تێدا دەبێت.</u>

4- هەندێك جار کاریگەری <u>فشاری ناوخۆیی</u> لە کێشەیەکی دیاریکراودا دەبێتە پاڵنەر بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی ململانێ هەرچەندە لایەنەکەی تریش ویستی لەسەر بەرزکردنەوە نەبێت.

5. هەندێك جار بەرزكردنەوەی ئاستی ململانێ بەهۆی دەستتێوەردانی لایەنی سێیەمەوە دروست دەبێت کە خۆی لە دەرەوەی بازنەی ململانێکەیە.

ئەو هۆکارانەی ئاستی ململانێ نێودەوڵەتییەکان دادەبەزێنن، ئەمانەن:

1. باوەڕنەبوون بە جیددی بوونی هەڕەشەکانی لایەنێك دەبێتە هۆی ئەوەی لایەنی دووەم کاردانەوەی زۆری نەبێت بۆ هەڕەشەکان و ململانێکە بە سنوورداری بمێنێتەوە.

2- هەندێك جار لایەنێك ئەیەوێت نیاز پاکی خۆی نیشان بدات بۆ ئەوەی ململانێکە چارەسەر بکرێت و پەیوەندییەکان باشتر بکرێن.

3- فشاری ناوخۆیی و نەبوونی ڕای گشتی بۆ پشتگیریکردنی ململانێیەك، دەتوانێت هەمان ڕۆڵی دابەزاندنی ئاستی ململانێ ببینێت.

4. حیسابکردنی عەقلانی بۆ ئاکامەکانی ململانێ و ئەگەری پەرەسەندنی بۆ جەنگێکی وێرانکەر دەبێتە هۆی خاوکردنەوە و دابەزاندنی ئاستی ململانێ.

5. هەندێك جار لە ئەنجامی ترسان لە کۆنترۆڵنەکردنی ئاراستەی ڕووداوەکان یان گۆڕانی گرنگی پێدانی لایەنێك بە بابەتی ململانێکە دەبێتە هۆی نزمکردنەوەی ئاستی ململانێ.

(ب). بیردۆزی ڕێگرتن (نظرية الردع – *Deterrence*):

بیرۆکەی ڕێگرتن (ڕەدع) بیرۆکەیەکی کۆنە، وتەیەکی کۆن هەیە دەڵێ: ﴿ئەگەر ئاشتیت دەوێت، ئەوا خۆت بۆجەنگ ئامادە بکە﴾ یان ﴿پێویستە بیسەلمێنیت کە بەهێزیت، بۆ ئەوەی ناچار نەبیت هێز بەکاربهێنیت﴾. ئەم وتانە سەرەتایەکن بۆ چەمکی ڕێگرتن (ڕەدع)، بەلاّم مانای زاراوەی ڕێگرتن (ڕەدع) بریتییە لە (دروستکردنی باوەڕ لای دوژمن بە مەترسی ڕووبەڕووبوونەوە، لە ڕێگەی پێشکەشکردنی بەڵگەی پێویست و تەواو بۆ



دوژمن لە بارەی هەبوونی توانا و هێزی تۆڵەسەندنەوەی خێراوە، کە دەبێتە هۆی سزادانی توندی هەر هەوڵێکی دوژمنکاری کە مەبەستی بەدەستهێنانی دەستکەوتێك بێت لەسەر حیسابی دەوڵەتە ڕێگرەکەوە).

لەو پێناسەیەوە ئەوە ڕوون ئەبێتەوە کە (ڕەدع) لە بنەڕەتدا ڕەهەندێکی دەروونی (سایکۆلۆژی) هەیە، کە ناتوانرێت بەدیبهێنرێت لە ڕێگەی هەڕەشە و ترساندنەوە نەبێت، ئەم شێوازەش پێویستە بەڵگەی تەواوی لەگەڵدا بێت و ڕەنگدانەوەی جیدی بوونی ئەو دەوڵەتە بێت کە بە ڕاستی توانای تۆڵەسەندنەوەی خێراو توندی هەیە بەرامبەر هەر دەستدرێژییەك.

ژەنەڕاڵ (ئەندریە بوفەر *Beaufre*) ڕای وایە کە ڕێگرتن (ڕەدع) بریتییە لە دروستکردنی ڕێگرێکی دەروونی لای دەوڵەتی دوژمن تا نەتوانێت بڕیاری بەکارهێنانی هێز بدات یان بە شێوەیەکی گشتی چاوترساندنی دوژمن لەوەی کە هێز بەکاربهێنێت بەرامبەر هەڵوێستێکی دیاریکراو... واتە ئەنجامی ڕێگرتن (ڕەدع) بریتییە لە ئەنجامێکی سایکۆلۆژی. لە پێناسەکەوە ئەوە ڕوون دەبێتەوە کە بۆ هێنانەدی ڕێگرتن (ڕەدع) پێویستە بارودۆخێك دروست بکرێت کە لایەنەکانی ململانێکە لە ململانێی ئیرادەدابن دوور لە بەکارهێنانی هێزی ڕاستەوخۆ، هەرچەندە توانای بەکارهێنانی هێز مەرجێکی بنەڕەتییە.

* سێ مەرجی سەرەکی هەن بۆ کردەوەیەکی کاریگەر:

1. توانای تۆڵە سەندنەوە (*Capability to Retaliate*).

2- سووربوون لەسەر بەکارهێنانی ئەو توانایە لە هەڵوێست و بارودۆخی دیاریکراودا.

3- زیان گەیاندن بە دوژمن بە ڕێژەیەك کە زیاتر بێت لە هەر سودێك کە بەهۆی دەستپێشخەریەوە بۆ هەنگاوی یەکەم دەستی بکەوێت.

(ج). **بیردۆزی جەنگی سنووردار** (الحرب المحدودة *Limited War*):

جـەنگی سـنووردار بـەوە پێناسـە دەکرێـت کـە ململانێیەکـە لـە ڕووی هەرێمییەوە چوارچێوەیەکی سنوورداری هەیە، کە تێیدا لایەنەکانی ململانێ لە ڕێگەی بڕیارێکی پێش وەختەوە هێزو توانا سەربازییەکانیان لە سنوورێکی بەرتەسكو دیاریکراودا بەکاردەهێنن. واتە لایەنەکان توانایان هەیە جەنگ بە فراوانیو چڕی بکەن، بەڵام بە ئیرادەی خۆیان جەنگەکە سنووردار دەکەن، ئەمەش جیاوازە لەوەی کە هەندێك لەبەر لاوازیو بێ توانایی لایەنەکانی سنووردار ئەکرێت.

زۆرجار دەوڵەتە زلهێزەکان لە ڕێگەی لایەنی سێیەمەوە (*War by Proxy*) ئەم جۆرە جەنگانە دەکەن، هەندێکجاری تر زلهێزان بەشداری ئەم جەنگانە دەکەن لەبری لایەنێکی تر، بەڵام بەمەرجێك جەنگەکە دووربێت لە خاکی زلهێزەکە. لێرەوە زۆرجار مەبەستی جەنگی سنووردار ئەوەیە کە لایەنی دووەم ناچار بکرێتو فشاری بخرێتە سەر بۆ ئەوەی پەنا بەرێت بۆ گفتوگۆو دانوستان تاکۆتایی بە کاری سەربازی دوژمنکاری بهێنرێت.

هەندێك لە پسپۆڕان ڕایان وایە کە دەتوانرێت چەکی ئەتۆمی تەکتیکی (*Tactical Nuclear Weapons*) لە جەنگی سنووردار‌دا بەکاربهێنرێت. بۆ نموونە (هێنری کیسنجەر) ڕای وایە دەتوانرێت ئەم جۆرە چەکە بەکاربهێنرێت لە هەندێك هەڵوێستو بارودۆخدا بە مەبەستی وێرانکردنی هێزی دەوڵەتی دوژمنکارو دەستدرێژیکەر یان بە مەبەستی بەهێزکردنی توانای بەرگری لەخۆکردن لە جەنگە تەکتیکییەکاندا.



مەکتەبی بیر و هۆشیاری

**چوارەم: بیردۆزەکانی چارەسەرکردنی ململانێی نێودەوڵەتی:**

چەند هەوڵێکی تیۆریی جیاوازمان هەیە بۆ چارەسەرکردنی ململانێی نێودەوڵەتی، کە دەتوانین بە شێوەیەکی گشتی پۆلێنیان بکەین بۆ سێ بواری سەرەکی:

أ. **بیردۆزە دیبلۆماسیەکان** (دانوستان – التفاوض – *Negotiation*)

بەڕای ژمارەیەك لە لێکۆڵیاران پرۆسەی دانوستان بریتییە لە ئامرازی سەرەکی بۆ یەکلاکردنەوەی کێشە وململانێ نێودەوڵەتییەکان. بۆیە ئەگەر دیبلۆماسیەت ئامرازی سەرەکی سیاسیانە وئاشتییانەی جێبەجێکردنی سیاسەتی دەرەوە بێت، ئەوا دانوستان بریتییە لە ئامرازی سەرەکی دیلۆماسیەت بۆ یەکلاکردنەوەی کێشەیەك بە ڕێگە چارەی ئاشتیانەو گەشتن بە چارەسەری سێیەمو مامناوەند کە مایەی ڕەزامەندی لایەنە جیاوازەکان بێت، بۆ ئەوەی هەڵوێستو ڕەفتارەکانی داهاتوویان لەسەر بنەمای ئەو ڕێکەوتنە ڕێکبخەنو لەلایەك ببێتە سەرەتایەك بۆ پێکەوەژیانو ئارامی سیاسیو ئاشتی، لەلایەکی تریشەوە ببێتە هۆی دوورکەوتنەوە لە ململانێو بەکارهێنانی هێزو توندوتیژیو لە ئاستی نێودەوڵەتییدا.

*1*. ڕەگەزەکانی پرۆسەی دانوستان:

*1–1*. ئامانجی لایەنە جیاوازەکان: ناتوانین بە شێوەیەکی نەگۆڕ چەند خاڵێك دیاری بکەین وەك ئامانجی هەمیشەیی لە پرۆسەی دانوستاندا بۆ هەموو لایەنە جیاوازەکان، چونکە پرۆسەی دانوستان خۆی لە خۆیدا پرۆسەیەکی پڕ لە گۆڕانکارییەو بریتییە لە گەڕان بە دوای ڕێگەیەکی نوێدا بۆ ڕێکخستنی پەیوەندییەکانو بەرژەوەندییەکانی لایەنە جیاوازەکان. لێرەوە

مەكتەبی بیروهۆشیاری

ئەتوانین بڵێین کە ئاستی پەیوەندییەکانو سروشتی بارودۆخەکە ئاراستەی پرۆسەی دانوستانو ئامانجەکانی دیاری ئەکەنو بەشێوەیەکی گشتی:

* ئەگەر دانوستان لە بارودۆخێکی متمانە بەیەکتربوونو نیەتپاکی دوولایەنەدا بەڕێوەبچێت، ئەوا دەتوانرێت بگوترێت ئامانجە ڕاگەیەندراوەکانی لایەنە جیاوازەکان بریتیین لە ئامانجی ڕاستەقینەی لایەنەکانو هەوڵی بەدەستهێنانیان دەدەن.

* بەڵام ئەگەر بارودۆخی دانوستانەکە بە گومان وبێمتمانەیی تەنرابێت، ئەوا ئەگەری ئەوە هەیە کە ئامانج لە دانوستان تەنها بۆ بەدەستهێنانی کات بێت یان بە مەبەستی پروپاگەندە بێت یان تەنها بۆ ئەوە بێت کە کەناڵێکی پەیوەندی هەبێت بۆ چەواشەکردنی لایەنی دووەمو ڕای گشتی یان بۆ مەبەستی سیخوڕیکردن بەکاربهێنرێت..هتد.

* هەروەها سروشتی بەرژەوەندییە چاوەڕوانکراوەکانی لایەنەکان فاکتەرێکی سەرەکییە بۆ دیاریکردنی ئامانجی دانوستانەکە، بۆ نموونە/ (كارڵ فردریك *Carl Friderich*) بەرژەوەندییەکان دابەش بۆ چوار جۆری سەرەکی دەکات کە بریتیین لە:

. بەرژەوەندی هاوبەش *Common Interest*

. بەرژەوەندی یەکتر تەواوکەر *Complementary Interest*

. بەرژەوەندی ناتەبا *Conflicting Interest*

. بەرژەوەندی دژبەیەك *Contradictory Interest*

لێرەوە لە کاتی هەبوونی بەرژەوەندیی هاوبەشو یەکتر تەواوکەردا لایەنەکان دەتوانن لە ڕێگەی دانوستانەوە بگەن بە ئامانجی هاوبەش، بەڵام لەکاتی هەبوونی بەرژەوەندی ناتەباو دژبەیەکدا ڕێکەوتنی لایەنەکان لەسەر ڕێگە چارەی سێیەم کەمتر دەبێتەوە.



مەكتەبی بیروهۆشیاری

*1–2*. <u>پرۆسەی دانوستان:</u> پرۆسەی دانوستان هەموو ئەو پەیوەندیو ڕەفتارانە دەگرێتەوە کە لایەنەکانی دانوستان پێی ئەنجامی دەدەن بەمەبەستی کاریگەری لەسەر ئەنجامەکانی دانوستان، کە بە شێوەیەکی گشتی دەتوانین هەندێك فاکتەر دیاری بکەین کە کاریگەرییان لەسەر ئەنجامەکانی دانوستان هەیە:

* جیاوازی کەلتووری نێوان لایەنە جیاوازەکان *Cultural Variation*.

* هەبوونی وێنەی زەینیو بیرۆکەی پێشوو (التصورات والآراء المسبقة) لەبارەی یەکترەوە.

* ئەو بارودۆخەی لایەنە جیاوازەکان پێیدا تێپەڕئەبن وپەیوەندی بە ڕای گشتییەوە.

* هەبوونی کەناڵی پەیوەندی وڕادەی ئاڵوگۆڕی زانیارییەکان.

* سروشتی دابەشبوونی هێز لە نێوان لایەنەکاندا.

*1–3*. <u>ئەنجامەکانی دانوستان:</u> بۆ هەر پرۆسەیەکی دانوستان ئامانجی لایەنەکانی هاوبەش یان جیاوازبێتو، پرۆسەکە بە ئاسانی تەواوبێت یان توشی تەنگ وچەڵەمە بێت، بێگومان دەبێت ئەنجامێکی لێبکەوێتەوە. گرنگیی ئەنجامی دانوستانەکان لەوەدایە کە کاریگەری لەسەر ئەو بارودۆخەو پەیوەندییەکانی داهاتووش هەیە، چونکە سەرکەوتن یان شکستی دانوستان لە بابەتو کاتو شوێنێکی دیاریکراودا دەبێتە ئەزموونێك بۆ داهاتوو، بەهەمان شێوەش شکستی دانوستان دەبێتە پێشینەیەك بۆ ئەوەی لە داهاتوودا پەنای بۆ نەبرێت.

مەکتەبی بیروهۆشیاری

**ب. بیردۆزە ستراتیژییەکان (چەکداماڵینو کۆنترۆڵکردنی – نزع السلاح أو الرقابة علیه):**

لە نێوان بیردۆزەکانی چارەسەری ململانێی نێودەوڵەتیدا ئەم بیردۆزە گرنگی دەدات بە ئامرازەکانی ململانێو جەنگ لە ئاستی نێودەوڵەتیدا. واتە بیروڕای سەرەکی لێرەدا ئەوەیە کە هۆکاری سەرەکی لە پشت بەردەوامبوونی ململانێ نێودەوڵەتییەکان بریتییە لە بەرهەمهێنانو تەشەنەکردنی ئامرازەکانی جەنگ واتە چەندو چۆنیەتی ئەو چەکانەی کە بەکاردەهێندرێن.

هەوڵی سەرەکی ئەم بیردۆزە لە پێناو ئەوەدایە چەكو جبەخانەکان لەناوببات لە ڕێگەی چەکداماڵینەوە یان کەمیان بکاتەوە لە ڕێگەی کۆنترۆڵکردنی (بەرهەمهێنانو فرۆشتنو بڵاوبوونەوە)یەوە، بۆ ئەوەی دەوڵەتان لە بری ئەم ئامرازانە پەنا ببەنەبەر یەکلاکردنەوەی کێشەکانیان بە ڕێگەچارەی ئاشتییانەو یاساییانە.

چەکداماڵین بەمانا گشتییەکەی بریتییە لە کەمکردنەوەی بەشێکی کاریگەرو کۆکوژ یان لە ناوبردنی گشتیی ئامرازەکانی جەنگو توندوتیژی لە ئاستی نێودەوڵەتیدا. بەڵام کۆنترۆڵکردنی خۆپڕچەککردن بریتییە لە هەر هەوڵێکی هاریکارییانە لەنێوان دەوڵەتاندا لە پێناو سنووردارکردنی خۆپڕچەککردن یان کەمکردنەوەی ئەگەرەکانی جەنگو بەرتەسککردنەوەی مەودای ململانێو دابەزاندنی ئاستی توندوتیژی بەکارهاتوو لە ململانێکاندا. لێرەوە چەند بیردۆزێکی تایبەت بە چۆنیەتی چەکداماڵین هەن، وەك:

* چەکداماڵینی یەکلایەنە – النزع المنفرد للسلاح
* چەکداماڵینی هاوسەنگ لە نێوان لایەنەکاندا – النزع المتوازن للسلاح
* چەکداماڵینی پلەبەند (هەنگاو بەهەنگاو) – النزع التدریجی للسلاح



مەکتەبی بیروهۆشیاری

**تەوەری حەوتەم**

**بەجیهانیکردن** *Globalization*

وەك سەرەتایەك پێویستە ئاماژە بکەین بەوەی کە جیاوازییەکی گرنگ هەیە لە نێوان خەونی بەجیهانیکردن و واقیعی بەجیهانیکراودا، چونکە ئەوەی یەکەمیان ڕەنگە لە ئاستی ئایینەکانو بیرکردنەوەو خەونی بیریارانو فەیلەسوفانو ئارەزووی فراوانخوازی ئیمپراتۆرو پاشاکاندا هەر لە مێژوویەکی کۆنەوە ئامادەیی هەبووبێت، بەڵام ئەوەی گرنگە ئەوەیە کە بەجیهانیکردن وەك واقیعی ڕۆژانەو فەزایەکی فراوان کە تەواوی بوارەکانی ژیانو چالاکی مرۆڤ لەخۆی بگرێت شتێکی نوێو، پەیوەستە بە کۆمەڵێك داهێنانی گەورەی سەدەی بیستەمەوە، کە لە ئاستێکی جیهانی فراواندا بەتایبەت لە کۆتاییەکانی سەدەکەدا بە تەواوی کاریگەرییان دەرکەوت لە بوارەکانی تەکنەلۆژیاو ئابوریو سیاسەتو کەلتوورو ناسنامەکاندا. لێرەدا بەپێی پێویست ئاماژە بەو بوارانە دەدەین:

**یەکەم: بەجیهانیکردنی ئابوری**

یەکەم دەرکەوتەی بەجیهانیکردن لایەنی ئابوری گرتوەتەوە، لە سەرەتای نیوەی دووەمی سەدەی بیستەمەوە دەوڵەتە پێشکەوتووە ئابوریەکان سیاسەتی زیادکردنی ڕێژەی ئاڵوگۆڕی ئابوریو ئازادکردنی بازرگانیان لەنێوان یەکتردا گرتەبەر، بۆ ئەو مەبەستەش ژمارەیەك بنەماو دامودەزگای نێودەوڵەتییان دامەزراند، کە سەرەنجام دیاردەی بەجیهانیکردنی ئابورییان لێکەوتەوە.

بەجیهانیکردن لە ڕووی ئابورییەوە مانای زیادکردنی ئاڵوگۆڕی بازرگانیو ئابوری نێوان وڵاتان دەگەیەنێت بەهۆی ئازادی هاتوچۆکردنی کاڵاو

مەکتەبی بیروهۆشیاری

خزمەتگوزارییەکانەوە لە نێوان سنوورە جیاوازەکاندا، چونکە هیچ دەوڵەتێك بە تەنها ناتوانێت پێویستییە ئابوریەکانی خۆی دابینبکات بەبێ پشتبەستن بە وڵاتانیتر، بەمەش هەر دەوڵەتێك لای خۆیەوە هەوڵدەدات تایبەتمەندی وەربگرێت لە بەرهەمهێنانی کاڵایەکی دیاریکراودا، کە سەرەنجام دیاردەی پێکەوەبەستران و پشتبەستنی ئابوری هەمەلایەنەی لێدەکەوێتەوە (الاعتماد الاقتصادی المتبادل).

لەپاڵ ئاڵوگۆڕی بازرگانیدا چەند شێوازێکی نوێ لە چالاکی ئابوری سەریهەڵدا کە گرنگترینیان بریتی بوو لە سەرهەڵدان و دروستبوونی کۆمپانیا فرەڕەگەزەکان. ئەم کۆمپانیایانە بە داهێنانێکی گەورەی سەدەی بیستەم دادەنرێن، چونکە بۆ یەکەمجارە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا جۆرێك لە بەڕێوەبردن دروست دەبێت لە سەرووی سنوورەکانی زمان و شوێنەوە کاردەکات، سەرتاپای جیهان دەبێت بە بازاڕێکی گەورە کە لەلایەن چەند عەقڵێکەوە کێبڕکێی لەسەر دەکرێت. ئەم کۆمپانیایە بە فرەڕەگەز ناودەبرێن، چونکە دەگونجێت سەرمایە لە وڵاتێك بێت و بەرهەمهێنان لە وڵاتێکی ترو دابەشکردن و بازارپەیداکردن لە یەکێکی ترو داهاتەکانیش بخرێنە بانکی وڵاتێکی ترەوە. ئۆفیسی سەرەکیی ئەم کۆمپانیایانە لە وڵاتە پێشکەوتووەکاندایە بە تایبەت لە ئەمریکاو ئەوروپای خۆرئاواو یابان، هەروەها لقەکانیان لە شێوەی تۆڕێکی فراواندا بە جیهاندا بڵاودەبنەوە. بە پێی ڕاپۆرتێکی ڕێکخراوی بازرگانی و گەشەپێدانی نەتەوەیەکگرتووەکان (UNCTAD) کە لە ساڵی 2001 دەرچووە، لە جیهاندا نزیکەی (63) هەزار کۆمپانیای فرەڕەگەز هەن، کە نزیکەی (800) هەزار لقیان هەیە لە جیهاندا، کە سەرمایەکانیان نزیکەی دوو لەسەر سێی بازرگانی جیهانی پێکدێنن.



مەکتەبی بیروهۆشیاری

دیاردەیەکی تری بەجیهانیکردنی ئابوری بریتیە لە چڕبوونەوەی چالاکی ئابوری لە دەستی ژمارەیەکی کەمی ئەو کۆمپانیایانەدا، بۆنموونە لە ڕاپۆرتێکی گۆڤاری (ئیکۆنۆمیست) دا هاتووە کە تەنها (5) کۆمپانیای گەورە کۆنترۆڵی نزیکەی (50٪)ی بازاری جیهانیان کردوە لە بوارەکانی (پیشەسازی قورس، ئۆتۆمبێل، هێڵە ئاسمانیەکان، کارەبا،کاڵای ئەلکترۆنی)دا، هەروەها (5) کۆمپانیای تر نزیکەی (40٪)ی بازاڕەکانی نەوتیان کۆنترۆڵ کردوە.

لەگەڵ بەجیهانیکردنی بەرهەمهێناندا بوارێکی تری کارلێککردنی جیهانی لە بواری دراوو کارکردندا (المال والاعمال) دروستبووە کە بریتیە لە بازاڕە داراییە نێودەوڵەتییەکان (الاسواق المالیة الدولیة) هەروەها کاریگەری نێوان بۆرسە نێودەوڵەتییەکان، بۆ نموونە لە بینایەکی شاری نیۆیۆرکدا بەهۆی سیستمێکی ئەلکترۆنی پێشکەوتووەوە دەتوانرێت لە سەرانسەری جیهاندا ئاڵوگۆڕ بە سەدەها ملیار دۆلار بکرێت. هەروەها بازرگانی ئەلکترۆنیش بەشێکی بەرچاوی بازرگانی جیهانی ئەم سەردەمە پێکدێنێت. بەپێی سەرچاوەکان لە ساڵی 1999 دا کۆی ئەم بازرگانییە نزیکەی (100) ملیار دۆلاربوو، بەڵام لە ساڵی (2005) دا نزیکەی (2 تا 3) تریلیۆن دۆلار پێکدێنێت.

لەبواری دامودەزگا ئابورییە نێودەوڵەتیەکانیشدا سێکوچکەی (سندوقی دراوی نێودەوڵەتی، بانکی نێودەوڵەتی، ڕێکخراوی بازرگانی جیهانی) سیستمی ئابوری جیهانی پێکدێنن. کە بەهۆی زاڵبوونی بیروباوەڕی سەرمایەداری و بازاڕی ئازادەوە مەرجەکانی ئەم دەزگایانە بەسەر تەواوی وڵاتاندا دەسەپێنرێن بەتایبەت لە بواری بەتایبەتکردن (الخصخصة) دا کە هەنگاو بە هەنگاو پێویستە دەوڵەت دەست لە کۆمەك و یارمەتیدانی چینە هەژارەکان هەڵگرێت و ئەو میکانیزمانەش هەڵوەشێنێتەوە کە سنوور بۆ ئازادی کارکردنی

مەکتەبی بیر و هۆشیاری

کۆمپانیاکان دادەنێن، بۆنموونە کۆمەك و قەرزی گەشەپێدان و قەرزی ئاسایش بە جێبەجێکردنی ئەو سیاسەتانەوە دەبەسترێتەوە.

<u>هەڵسەنگاندنی دەرەنجامە ئابورییەکانی بەجیهانیکردن:</u>

<u>ا. لایەنی ئیجابی</u>: هەندێك باس لەوە دەکەن کە بەهۆی ئەم پرۆسەیەوە جیهان ڕووی لە باشتر کردووەو، بە دەروازەیەکی گۆڕان و گەشەکردنی ئابوریی لەقەڵەم دەدەن کە بەڕووی جیهاندا کراوەتەوە، ملیۆنان هەلی کارکردنی لە تەواوی جیهاندا خوڵقاندوەو چەندین وڵاتی وەك (مالیزیا، هۆنگ کۆنگ، سەنگافورە، هیند) بەشێوەیەکی باش سوودیان لەم پرۆسەیە وەرگرتووە.

بۆ نموونە وڵاتێکی وەك مالیزیا لە ڕێگەی لابردنی ڕێگرە ناوخۆییەکانەوە لەبەردەم وەگەڕخستنی سەرمایەی دەرەکیدا، ژمارەیەکی زۆر لە کۆمپانیا جیهانییەکانی ڕاکێشاوەو سەرمایەیەکی گەورەی دەرەکی ڕاکێشاوەتە ناو وڵاتەکەوەو هەلی کارکردنی بۆ پیاوان و ژنانی ئەو وڵاتە ڕەخساندووە. هەروەها سەنگافورەش لەگەڵ ئەوەی کە ژمارەی دانیشتوانەکەی نزیکەی (4) ملیۆن کەسە، بەڵام بە تەنها نزیکەی نیوەی ئەو (سیدی) یە جۆراوجۆرانە بەرهەمدێنێت کە پیشەسازی کۆمپیوتەر لە جیهاندا پێویستی پێیەتی، ئەمەش لەڕووی کارکردن و بەرهەمهێنانیشەوە خزمەتی ئابوری ئەو وڵاتە دەکات و دەیخاتە ڕیزی ئەو وڵاتانەی کە لە بەرهەمهێنانی تەکنەلۆژیادا بەشدارن.

<u>ب. لایەنی سەلبی</u>: هەندێکی تر بەپێچەوانەوە ڕایان وایە جیهان خراپتر بووە،بەجیهانیکردنیش شتێك نییە جگە لە هەژموونی سیستمی سەرمایەداری جیهانی بەسەر ئابوری تەواوی وڵاتانی جیهاندا، بۆ نموونە دەڵێن ڕاستە گۆڕانکاری ڕوویداوە، بەڵام بەپێی ئامارەکان لە کۆی نزیکەی (200) وڵات لە جیهاندا تەنها (30) وڵات بەچالاکی لە بەجیهانیکردنی ئابوریدا بەشدارن کە بریتین لە وڵاتانی ئەوروپای خۆرئاواو ئاسیای ڕۆژهەڵات و ئەمریکای باکور.



مەکتەبی بیر و هۆشیاری

لەلایەکی ترەوە جیاوازی نێوان بەشە دەوڵەمەندو بەشە هەژارەکەی جیهان بەتەواوەتی لە زیادبووندایە، هەندێك کۆمپانیای فرەڕەگەز دروست بوون کە بەتەنها بەقەدەر هەموو وڵاتانی ئەفریقا دەوڵەمەندن و سەرمایەداری واهەیە ئەوەندەی چەند وڵاتێکی هەژار پارەدارە. بەپێی هەندێك ئاماریش (400) دەوڵەمەندترین کەسی جیهان سەرمایەکانیان ئەوەندەی نیوەی سەرمایەی وڵاتانی جیهانە.

ئەم مەترسیانە تەنها بۆ وڵاتە هەژارەکان نییە تەنانەت کۆمپانیا ئابورییە ئەمریکاییەکان مەترسیان بۆ سەر ئابوری وڵاتێکی وەك کەنەداش هەیە بۆ نموونە دەوترێت بڕیارە سیاسیەکانی کەنەدا لە پایتەختدا واتە لە (ئۆتاوا) دەردەکرێن، بەڵام بڕیارە ئابوریەکان بە شێوەیەکی فراوان لە شارە ئەمریکاییەکانەوە دەردەکرێن، چونکە کۆمپانیا ئەمریکیەکان نزیکەی (50٪) سەرمایەی پیشەسازی کەنەدا پێکدێنن. لەوەش خراپتر بابەتێك کە لە بەجیهانیکردنی ئابوریدا ناتوانرێت هەرگیز فەرامۆش بکرێت ئەوەیە کە بەهۆی بەشێك لەم چالاکییە ئابوریانەوە ژمارەیەك کێشەی نێودەوڵەتی دروستبوون کە کاریگەری نێگەتیڤیان هەیە لەسەر ژیانی تەواوی مرۆڤایەتی وەك: پیسبوونی ژینگەی جیهانی و بڵاوبوونەوەی تاوان و توندوتیژی.

## <u>دووەم: بەجیهانیکردنی کەلتووری</u>

کەلتوور بە شێوەیەکی گشتی بریتیە لە یادەوەری بەکۆمەڵی هەر کۆمەڵگایەك یان نەتەوەیەك، کە بەهاکان و ڕەفتارەکانی ئەو کۆمەڵگایە پێکدێنێت، کە بەهۆیانەوە دەبێتە سەرچاوەی ناسنامە وئینتیمای ئەو کۆمەڵگایەو لە کۆمەڵگاکانی تر جیای ئەکاتەوە. چونکە نزیکترین ئاماژەی ناسنامە بریتیە لە جیاوازی لەوانی تر، هەروەها بەهۆی جۆراوجۆری کەلتوورە

مەکتەبی بیروهۆشیاری

جیهانییەکانەوە کە لە سەدەها جۆر پێکدێن، خاسیەتی فرەیی و جیاوازی بووە بە ناونیشانی کەلتوورەکان هەرچەندە لە هەندێك خاڵدا هاوبەشی و یەکدەنگی لە نێوان کەلتوورەکاندا دەبینرێت. کەواتە ئەوەی ڕاستییەکی حاشا هەڵنەگرە ئەوەیە کە تاکە کەلتوورێك ناتوانێت و ناکرێت ببێتە کەلتووری هەموو جیهان، بەڵکو ئەوەی لەسەر ئاستی واقیعی بەرچاو دەکەوێت بریتییە لە ژمارەیەك کەلتووری جیاواز.

لەوەش زیاتر دەگونجێت لە تەنها کۆمەڵگایەکدا چەندین ناسنامەی جیاواز هەبێت، لەسەر ئاستی ڕەگەزو زمان و داب و نەریت و ناوچەگەرێتی و ئایین و ئاینزاو ئایدیۆلۆژیا و تەنانەت پێگەی کۆمەڵایەتیش. بێگومان ئەم جیاوازییە لە ئاستی جیهانی و لە نێوان کەلتوورە جیاوازەکاندا زەقتر دەبێتەوە و سنوورەکانیشی ئاسانتر دیاری دەکرێت، کە بێگومان ئایینەکان و زمانەکان و نەتەوەکان لە گرنگترین ناسنامە جیهانییەکانن.

یەکێك لە دەرکەوتەکانی کەلتووری بەجیهانیکردن بریتییە لە کەلتووری وێنە لەبری کەلتووری نووسراو کە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا کاریگەربووە، ئەمڕۆ وێنە بەشێکی گەورەو بەرچاو لەسیستمی هۆشیاری جیهانی پێکدێنێت کە بێگومان پێشتر ووشە ئەوڕۆڵە گرنگەی بینیوە. لێرەوە ئەو کەلتوورەی لە جیهاندا پشت بەبڵاوکردنەوەی وێنە دەبەستێت بریتییە لە کەلتووری باو، شارەزایان باس لە بڵاوبوونەوەی کەلتووری ریکلامەکان و کۆکا کۆلاو ماکدۆناڵدو بەرکاری و کەیفسازی دەکەن لە جیهاندا کە لە ڕوویەکەوە بریتییە لە کەلتووری ئەمریکی کە پشت بە سادەیی و خێرایی دەبەستێت، لەبەرامبەر کەلتوورەکانی تردا کە ئاڵۆزترو هێمنترن.

بەهۆی هۆکارەکانی گەیاندن و گواستنەوەو هەڵگرەکانی ناسنامەکانەوە ئێستا لە هەموو کاتێك زیاتر بەریەککەوتن لە نێوان کەلتوورە جیاوازەکاندا



مەکتەبی بیروهۆشیاری

هەیە، بە شێوەیەك هیچ کەلتوورێك ناتوانێت ڕۆڵ و کاریگەری ئەوانی تر فەرامۆش بکات و دووربێت لە کارلێککردن و ئاڵوگۆڕکردن بە هەردوو ئاراستەیەوە بۆ دەرەوەو بۆ ناوەوە. ئەم بابەتە لە نەوەدەکانی سەدەی بیستەمەوە قسەی زۆری لەسەر دەکرێت و تا ئێستاش بەردەوامە، هۆی سەرەکی ئەو مەسەلەیەش دەگەڕێتەوە بۆ ڕوخانی دیواری ئایدیۆلۆژی نێوان هەردوو بلۆکی خۆرهەڵات و خۆرئاوا لەلایەك و پێشکەوتنی تەکنەلۆژی لەلایەکی ترەوە. کە مرۆڤەکان هەست دەکەن لە جیهانێکی هاوبەشدا دەژین و سنوورەکان کەمتر دەتوانن لێکیان جیابکەنەوەو خەمەکانیان وەکیەکن وەهەموو دەتوانن لەسەر کۆمەڵێك خاڵی هاوبەش پێکبێن، یان بە پێچەوانەوە جیاوازییەکانیان زەقتربوون و خاڵی بەریەککەوتنیش زیاتربووە، بۆیە پێکدادان و ململانێ دەبێتە ناونیشانی ساڵانی داهاتوو.

لێرەدا دەگونجێت بەجیهانیبوونی کەلتوورەکان دوو ئەنجامی دژبەیەکی لێبکەوێتەوە، یەکەمیان بە ئاراستەی نزیکبوونەوەو پێکەوەژیان و هاوکاری و هاوبەشی لەسەر خەم و کێشەمرۆڤایەتییەکان و هەوڵی چارەسەرکردنیان (نموونەی گفتوگۆی ژیارەکان)، دووەمیان بە ئاراستەی دژبوون و دوورەپەرێزی و لێکدابڕان و قوڵبوونەوەی جیاوازییەکان و هەرلایەك خۆی لە ماڵە کەلتوورییەکانی خۆی توندبکات و ئامادەی تێکەڵاوبوون و کارلێککردن و نزیکبوونەوە نەبێت (پێکدادانی ژیارەکان). ئەم ئاڵۆزییەش وایکردوە هەندێك لە بیریاران ئەم پرۆسەیە ناوبنێن (گلۆکەلایزەیشن) کە لە تێکەڵاوکردنی (گلۆبەلایزەیشن) و(لۆکەلایزەیشن) پێکدێت.

مەکتەبی بیروهۆشیاری

**<u>سێیەم: بەجیهانیکردنی سیاسی:</u>**

لەسەرەتای هاتنەکایەی (دەوڵەتی–نەتەوە) وەك یەکەیەکی (سیاسی– جوگرافی–نەتەوەیی) لە ئەوروپاو پاشان بڵاوبوونەوەی لە جیهاندا وەك نموونەی سیستمێکی سیاسی مۆدێرن، هەمیشە خاسیەتی سەروەری یەکێك بووە لە مەرجەکانی مانەوەی ئەو دەوڵەتەو بنەمایەك بووە بۆ مامەڵەکردنی دەوڵەتانی تر لەگەڵیداو پاراستنی لە دەستێوەردانی هێزە دەرەکییەکانی تر لە ڕێگەی پشتبەستن بە بنەمای یەکسانی دەوڵەتان‌و قەدەغەکردنی دەستێوەردانەوە.

(دەوڵەتی نەتەوەیی) لەماوەی سێ سەدەی ڕابردوودا <u>تاکە یاریکەری</u> نەتەوەیی‌و سەروونەتەوەییش بووە، واتە لە ئاستی ناوخۆو نیشتمانیدا ئەو هێزەبووە کە بڕیاری لەسەر مەسەلە نیشتمانییەکان داوەو لە ئاستی نێودەوڵەتیشدا بەهاوبەشی لەگەڵ دەوڵەتانی تردا بڕیاریان لەسەر مەسەلە نێودەوڵەتییەکان داوە، واتە لەماوەی پێشوودا یەکەیەکی نێودەوڵەتی ترمان نەبینیوە کە کێبڕکێ لەگەڵ مۆدێلی (دەوڵەتی–نەتەوە)دا بکات.

یەکێك لەو خاڵانەی کە یارمەتیدەری سەرەکی بوو لە جێگیرکردنی سیستمی (دەوڵەتی–نەتەوە) وەك یەکەیەکی سیاسی بنەڕەتی لە پێکهێنانی سیستمی سیاسی نێودەوڵەتیدا (النظام السياسي الدولي) بریتییە لە <u>سنووری جوگرافی دەوڵەت</u>و بە پیرۆز سەیرکردنی ئەو سنوورانە، تەنانەت زۆربەی جەنگەکانیش لە ئەنجامی پێشێلکردنی ئەو سنوورانەوە بەرپابوون، ئەم دۆخە لە سەدەی بیستدا زیاتر دیارە بەڕادەیەك دەتوانرێت بوترێت کە سیستمی نێودەوڵەتی لە سەدەی بیستدا پێش هەموو شتێك، پێوەرەکانی جیۆپۆلەتیك بەسەریدا زاڵبووە، بەڵام ئەوەی ئێستا لەسەر ئاستی سیاسەتی نێودەوڵەتی دەگوزەرێت بەردەوام ئەو ڕاستییە دووپات دەکاتەوە کە سنوورەکانی دەوڵەت ئەو



مەکتەبی بیروهۆشیاری

پیرۆزییەی جارانیان کەمبووەتەوە وچیتر ناتوانن دیوارێکی قایم بن لەبەردەم شەپۆلەکانی دەرەوەدا بەتایبەت لەبوارەکانی ئابوری‌و بڵاوبوونەوەی زانیارییەکاندا.

لە ڕاستیدا گفتوگۆکردن لەسەر <u>ڕەهابوون یان ڕێژەیی بوونی سەروەری دەوڵەت</u> مەسەلەیەکی تازە نییە لە بواری نێودەوڵەتیدا، بەڵکو لە سەرەتای دروستبوونی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییە گشتییەکانی وەك کۆمەڵەی گەلان‌و نەتەوە یەکگرتووەکانەوە ئەو مەسەلەیە لەو کاتەوە باسکراوە، چونکە بەهۆی ئەندامێتی لەو ڕێکخراوانەدا دەوڵەت –بە ئیرادەی خۆی– دەستهەڵدەگرێت لە بەشێك لە سەروەریەکەی بۆ ئەوەی ڕێکخراوەکە مافی بڕیاردانی هەبێت لە هەندێك مەسەلەی گرنگدا، بەڵام ئەوەی تازەیە لە <u>سەردەمی بەجیهانیکردندا کۆمەڵێك پرسیاری گرنگتر خراونەتە ڕوو</u> وەك: ئایا کاریگەری پرۆسەی بەجیهانیکردن چییە لەسەر تواناکانی دەوڵەتی نەتەوەیی بۆ چاودێریکردنی پرۆسە ئابوری‌و سیاسی‌و کەلتوورییەکان؟ کاریگەری بەجیهانیکردن چییە لە سەر تواناکانی دەوڵەت بۆ دەرکردنی یاساو پاراستنی بیرۆکەی سەروەری؟ کاریگەری بەجیهانیکردن لە سەر گۆڕانی کەلتووری و کۆمەڵایەتی چییە؟

هەموو ئەم مەسەلە جیاوازانەش سەرلەنوێ لە پرۆسەی پێداچوونەوەو پێناسەکردنەوەو ڕاڤەکردنی نوێدان بە ڕەچاوکردنی ئەو گۆڕانە گەورانەی بواری ئابوری‌و تەکنەلۆژیاو تەشەنەکردنی زانیارییەکان. سەرەنجام ئەوەی زۆربەی چاودێران لەسەری کۆکن ئەوەیە کە دەیەی کۆتایی سەدەی بیستەم هەرگیز ساڵانێکی لەبارنەبوون بۆ دەوڵەتی نەتەوەیی، چونکە زۆربەی ئەرکە ئابوری‌و ئەمنییەکان‌و تەنانەت سەروەرییەکەشی خستۆتە ژێر پرسیارەوە. هۆکاری سەرەکی ئەم گۆڕانکاریەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ئەو هێزانەی لە سیاسەتی نێودەوڵەتیدا باڵادەستن و ئەو بەها سیاسیانەی هەڵیانگرتووە

مەکتەبی بیرو هۆشیاری

پێوەرە سیاسییەکان (سەروەری نەتەوە) دەخەنەپێش ڕێوشوێن و پێوەرە یاساییەکان (سەروەری دەوڵەت) ەوە.

بیریاری ئەمریکی ناسراو (پۆڵ کنیدی) ڕای وایە چەمکی سەروەری نیشتمانی بەردەوام لە پاشەکشەدایە، چونکە لە بارودۆخی ئەمڕۆدا دەوڵەت لەلایەك وەك قەوارەیەکی زۆر گەورەتر لەوە دەردەکەوێت کە لە هەندێك بواردا دەستێوەردان بکات، لەلایەکی تریشەوە هەندێك کێشە هەیە کە دەوڵەت لە چاویاندا گەلێك بچوکترە لەوەی کاریگەریی هەبێت لەسەریان. ئەم گۆڕانکاریەش دۆخێکی هێناوەتەکایەوە کە بە دوو ئاراستەی جیاواز فشار بخرێتەسەر دەوڵەت بۆ ئەوەی دەستهەڵگرێت لە هەندێك لە دەسەڵاتەکانی، ئاراستەیەك دەیەوێت بەشێك لە دەسەڵاتەکان بەرەو ناوخۆی دەوڵەت و کۆمەڵگای مەدەنی و گروپەکان و ڕێکخراو و دامەزراوە ئابورییەکانی تری دەوڵەت بەرێت، لە کاتێکدا ئاراستەی دووەم دەیەوێت بەشێك لە دەسەڵاتەکان بۆ ئاستێکی بالاٌتری دەرەکی قۆرخبکات و هەندێك قەوارەی (سەروو- نەتەوەیی) بخاتە پێش دەوڵەتەوە. بێگومان ئاراستەی یەکەم لە ڕێگەی پرۆسەی بە تایبەتیکردنی دامودەزگاکانی دەوڵەتەوە (الخصخصة) کارەکانی ئەنجام دەدات، ئاراستەی دووەمیش لە ڕێگەی پرۆسەی بەجیهانیکردن و دامودەزگا نێودەوڵەتییەکانەوە ئەنجامی دەدات.

کەواتە ئەوەی لێرەدا سەرنج ڕاکێشە ئەوەیە کە بنەماکانی سیستمی وێستڤالیا کە بریتیبوون لە (یەکسانی نێوان دەوڵەتان، سەروەری نیشتمانی دەوڵەت، دەستێوەرنەدان لە کاروباری ناوخۆی ولاٌتانی تر، مەبدەئی وەلائی نەتەوەیی) لە بارودۆخی سەردەمی بەجیهانیکردندا هەموویان بە ڕێژەی جیاواز لە پاشەکشەدان و هەندێك لە پسپۆران باس لە هاتنە کایەی سیستمی پاش وێستڤالیا دەکەن لە سەدەی بیست و یەکدا.



مەکتەبی بیرو هۆشیاری

لە پاش جەنگی سارد و بەهۆی لەبەریەك هەڵوەشانەوەی هەندێك دەوڵەت و سەرهەڵدانی ژمارەیەك ململانێ و جەنگی ناوخۆییەوە کە ژمارەو ڕێژەی قوربانییەکانی تەواوی جیهانی تووشی شۆك کرد، وەك ململانێ و جەنگەکانی ناوچەی بەڵقان بەتایبەت جەنگی بۆسنەو پاکتاوکردنی موسڵمانانی ئەو ولاٌتە لەلایەن سربەکانەوە، هەروەها ململانێ و جەنگە ئیتنیەکانی ئەفریقا بەتایبەت جەنگی ناوخۆیی ڕواندا کە قوربانیەکانی بە سەدەها هەزار کەس بوون. ئەم جەنگانە هەندێك دەوڵەتی تووشی شکست و ناتوانایی کرد لە ئەنجامدانی ئەرك ولێپرسراوێتی خۆی بەرامبەر بە هاولاٌتیانی.

ئەم گۆڕانکاریانە بوونەهۆی ئەوەی کە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی دەستەوسان نەبێت لەبەردەم ئەم کارانەداو بە شێوەیەك لە شێوەکان ئەرکی مرۆییانەی خۆی جێبەجێ بکات بەرامبەر بە ئەو گەل ونەتەوانەی تووشی ئەو کارەساتانە بوو بوون لە ڕێگەی دەستێوەردانی مرۆییەوە لە کاروباری ناوخۆی ئەو ولاٌتانە، بۆیە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی لە ڕێگەی پرۆسەی بەجیهانیکردنەوە لە چەند ئاستێکدا چەمکی ڕەهای سەروەریی نیشتمانی دەوڵەتی تێپەڕاندوەو هەندێکجار پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و بەدەمەوەچوونی گروپە لاوازەکانی ناو دەوڵەتێکی نەتەوەیی دیاریکراوی خستۆتە پێش بیرۆکەی پاراستنی سەروەریی نیشتمانی دەوڵەتەوە.نموونەکانی (دەستێوەردان لە کاروباری سربیا بۆ پاراستنی ئەلبانە کۆسۆفۆییەکان و بڕیاردان بۆ سەربەخۆیی تەیموری ڕۆژهەلاٌت و بڕیاری پاراستنی کوردستانی عیراق دژ بە حوکمی ڕژێمەکەی سەدام حسێن) نموونەی بەرجەستەو بەرچاوی لاوازبوونی بنەمای سەروەریی نیشتمانین.

سەرەڕای ئەو هەموو هەڕەشەو مەترسییانەی باسکران سەبارەت بە ڕۆڵی دەوڵەت وسەروەریی نیشتمانی لە سەردەمی بەجیهانیکردندا، بەلاٌم هەندێك لە

پسپۆڕان ڕایان وایە کە پرۆسەی بەجیهانیکردن هەرگیز دەستبەرداری ڕۆڵی دەوڵەت نابێت بۆ ئەنجامدانی کارەکانی و دابینکردنی بەرژەوەندییەکانی، بەڵکو بە پێچەوانەوە دەڵێن ئەم گۆڕانکارییانە لە کۆتاییدا لە بەرژەوەندی دەوڵەت دەشکێنەوە و ئەوەی پێویستە تەنها ئەوەندەیە کە دەوڵەت هەندێك گۆڕانکاری لە میکانیزم و ڕۆڵە ئابوریەکەیدا بکات بۆ ئەوەی لەگەڵ بەجیهانیکردندا بگونجێت.

(کۆفی ئەنان) ی سکرتێری گشتی پێشووی نەتەوەیەکگرتووەکان لە بارەی ئەم مەسەلەیەوە لە گۆڤاری (ئیکۆنۆمیست)دا وتارێکی بلاْوکردوەتەوە و ڕای وایە کە چەمکی سەروەری نیشتمانی دەوڵەت بە مانا بنەڕەتی و فراوانەکەی ئێستای لە ژێر پرۆسەیەکی دووبارە داڕشتنەوە و هەموارکردندایە، لانی کەم بەپێی داواکارییەکانی هێزەکانی بەجیهانیکردن و پرۆسەی هاریکاری نێودەوڵەتی، هەروەها دەڵێت لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا حکومەتەکان دەبێت لە بەرژەوەندی و خزمەتی خەڵك کاربکەن نەك بە پێچەوانەوە، لە هەمان کاتیشدا چەمکی سەروەری تاك و ڕێزگرتن و چاودێریکردنی ماف و ئازادییەکانی مرۆڤ کە لە میساقی نەتەوە یەکگرتووەکان باسکراون لە ئاستی جیهانیدا پشتگیری دەکرێن.

لە سەردەمی بەجیهانیکردندا دیاردەیەکی جیهانی تر بەرچاو دەکەوێت کە بریتیە لە بەستنی ژمارەیەك کۆنفرانسی نێودەوڵەتی فراوان سەبارەت بە مەسەلە مرۆییەکانی جیهان، وەك کێشەکانی (هەژاری، ماف و بەشداری ژنان، پاراستنی ژینگە، ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆر، پەتا و نەخۆشییەکان) لەم کۆنفرانسانەدا شانبەشانی بەشداری نوێنەرانی ڕەسمی دەوڵەتان ژمارەیەکی زۆر لە ڕێکخراوە ناحکومییەکانیش بەنوێنەرایەتی کۆمەڵگەی مەدەنی جیهانی و گەلانی جیهان بەشداری دەکەن بۆ خستنە ڕووی بیروبۆچونی ناڕەسمی لە



بارەی ئەو کێشانەوە بۆ فشارخستنەسەر لایەنە ڕەسمییەکان. لە بنەڕەتدا ئەم دیاردەیە بەشێکە لە پرۆسەی بەجیهانیکردن، بەلاْم لە زۆربەی حاڵەتەکاندا بە پێچەوانەی ئاراستەی بەرژەوەندی زلهێزانی ئابوری و سیاسیەوە کاردەکەن، وەك بزوتنەوەکانی دژی بەجیهانیکردن.

یەکێکی تر لە دەرکەوتەکانی پرۆسەی بەجیهانیکردن بریتیە لە تەشەنەکردنی کۆمەڵێك بەها و پرانسیپی سیاسی کە پێویستە تەواوی دەوڵەتانی جیهان ڕەچاوی بکەن لە پرۆسەی حوکمکردنی ولاْتەکانیاندا، وەك ڕێزگرتنی مافەکانی مرۆڤ و جێبەجێکردنی میکانیزمەکانی دیمۆکراسی و فرەلایەنی سباسیی و ئازادی بیروڕا لە ژیانی سیاسیدا، ڕێزگرتنی ئەم بەهایانە وەك ڤیزایەکی نێودەوڵەتی لێهاتووە بۆ چوونەناو هەندێك ڕێکخراوی نێودەوڵەتی و سودمەندبوون لە کۆمەکی ئابوری نێودەوڵەتی، لێرەدا هەندێك لە پسپۆڕان باس لە دۆخێك دەکەن کە تێیدا مۆدێلێکی حوکمکردن لە جیهاندا دروستبووە و دەبێت دەوڵەتان ڕەچاوی بکەن.

لەلایەکی ترەوە لە زەمەنی بەجیهانیکردنداو لەگەڵ بلاْوبوونەوە و فراوانبوونی بازنەی هەڕەشەکانی تیرۆردا، ئیتر ئەو سەردەمە بەسەرچووە کە دەوڵەت بۆ پاراستنی ئاسایشی ولاْتەکەی تەنها پشت بەخۆی ببەستێت یان بەمەسەلەیەکی ناوخۆیی دابنێت، چونکە لە هەموو کاتێکدا تەشەنەکردنی مەترسی تیرۆرو گواستنەوەی لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر ئەگەرێکی کراوەیە بۆیە زلهێزانی جیهان دەستەوسان نابن لەبەردەم کەمتەرخەمی ولاْتاندا لەمبارەیەوە. لێرەدا هەروەك چۆن هەڕەشەی تیرۆر مەترسیەکی جیهانیە لە هەمانکاتدا مەترسی دەستێوەردانی دەرەکی و سەپاندنی مەرج و فشاری زلهێزانیش بەناوی دژایەتی تیرۆرەوە مەترسیەکی جیهانیە و هەندێك لە پسپۆڕان باس لە دروستبوونی ئیمپراتۆریەتێکی ئەمریکی جیهانی دەکەن کە

لە هەموو شوێن و کاتێکدا دەستێوەردان ئەنجام دەدات و، مەبەستی یەکەمیش بریتیە لە پاراستنی بەرژەوەندییەکانی خۆی.

مەکتەبی بیروهۆشیاری

## چوارەم: بەجیهانیکردن و میدیای نێودەوڵەتی:

یەکێکی تر لەو بوارانەی کە لە کاتی باسکردن لە بەجیهانیکردندا ناکرێت فەرامۆش بکرێت بریتییە لە بابەتی کاریگەرییەکانی تەکنەلۆژیا و میدیای نێودەوڵەتی لە سەر تەواوی ئەو پرۆسەیەو بە پێچەوانەشەوە.

لەسەرەتاوە پێویستە ئاماژە بکەین بۆ ئەوەی کە باسکردن لە میدیای نێودەوڵەتی لە کاتی ئێستادا یەکێکە لە بابەتە ئاڵۆزەکان ئەویش بەهۆی کاریگەری ئەم هۆکارانەوە:

- کاریگەری شۆڕشی تەکنەلۆژیا (شۆڕشی دیجیتاڵ).
- گۆڕانکاری لە دامودەزگا تەکنیکی و یاساییەکاندا.
- دروستبوونی کۆمەڵگەی مەعریفەو میدیا و گەیاندن.

بەهۆی کاریگەری ئەم هۆکارانەوە کە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا بە هەنگاوێکی بێ وێنە دادەنرێت لە بواری کۆکردنەوەو کەڵەکەبوونی زانیارییەکان و بڵاوکردنەوەیان بە خێرایی لەلایەکەوەو پێکەوەگرێدانی ﴿زانیاری(خوێندنەوە)+بینین+بیستن﴾ لە کۆکردنەوەو بڵاوکردنەوەدا لەلایەکی ترەوە، ئەم شۆڕشە بارودۆخێکی دروست کردووە کە هەندێك لە لێکۆڵەران ڕایان وایە مرۆڤایەتی لەبەردەم گۆڕانکارییەکی کەلتووریی گەورەدایە ئەویش بریتییە لە گواستنەوە لە کەلتووری نووسراوەوە (ووشە) بۆ کەلتووری بینراو (وێنە)، کە لەم کەلتوورە نوێیەدا وێنە (صورە– image) ڕۆڵی سەرەکی دەبینێت لە تەواوی بوارەکاندا.



مەکتەبی بیروهۆشیاری

هاوکات لەگەڵ ئەو هۆکارانەدا تەکنەلۆژیای پێشکەوتوو کە لەگەڵ هەموویاندا ئامادەیی و کاریگەریی هەیە ڕۆڵێکی گەورە دەبینێت لە دروستکردنی ئەم کەلتوورو کۆمەڵگە نوێیەدا، بۆ نموونە ئەو چوار جۆرە سەرەکیەی تەکنەلۆژیا کەبە تەکنەلۆژیای هەستیارو دەگمەن دادەنرێت کاریگەرییان لەسەر ژیان و گوزەرانی تەواوی مرۆڤایەتی و پەیوەندییەکانیان هەیە کە بریتین لە بوارەکانی:

- تەکنەلۆژیای ئەلکترۆنیاتی وورد.
- تەکنەلۆژیای بۆشایی ئاسمان و پەیوەندی و گەیاندن.
- تەکنەلۆژیای بایۆلۆژی.
- تەکنەلۆژیای ناوکی.

بەڵام ئەوەی جێگەی تێبینییە تا ئێستا ئەم تەکنەلۆژیایانە قۆرخکراون لەلایەن بەشێك لە وڵاتانەوە کە ئەمەش ڕێگرە لەبەردەم سوودوەرگرتنی تەواوی مرۆڤایەتی لەم دەستکەوتە گەورانە.

لێرەدا چەند تێبینیەکی گرنگ تۆماردەکەین سەبارەت بە کاریگەریی ئابووری بازاڕو تەکنەلۆژیای پێشکەوتوو لەسەر میدیای نێودەوڵەتی:

1- پرۆسەکانی بەجیهانیکردنی ئابووری و شۆڕشی تەکنەلۆژیا و دامەزراوە زەبەلاحە نێودەوڵەتییەکان بازاڕێکی جیهانی و گەردوونی گەورەی میدیا و گەیاندن (کۆمیونیکەیشن) پێکدێنن کە کێبڕکێ لەگەڵ بازاڕی ئۆتۆمبیل و پیشەسازییە قوورسەکاندا دەکات، بۆ نموونە: لە کۆی (1000$) لە داهاتی جیهانی (الناتج العالمی) (59$)یان لە بواری میدیا و گەیاندندایە. هەروەها میدیا و گەیاندن (6–7٪) لە داهاتی جیهانی پێکدێنێت لە کاتێکدا بازاڕی ئۆتۆمبیل (4–5٪) داهاتی جیهانی پێکدێنێت. بەشی ئەمریکا لەم بازاڕەدا بە

مەکتەبی بیروهۆشیاری

(20%)و بەریتانیا بە (18%)و ئەڵمانیا بە (11%)و یابان بە (8%) مەزەندە دەکرێت.

2. ئەوەی تێبینی دەکرێت لەم بازاڕە گەردوونیەی میدیا و گەیاندندا ئەوەیە کە ڕێژەی داهاتی خزمەتگوزارییەکان لە بەرزبوونەوەدایە لە بەرامبەر ڕێژەی داهاتی ئامێرو کەرەستەکان، بۆ نموونە: لە بواری پەیوەندییەکاندا (الاتصالات) ڕێژەی (82%) بۆ خزمەتگوزارییەکانە لە بەرامبەر (18%) بۆ ئامێرو کەرەستەکان.

3. هەروەها بە ئاشکرا هەژموونی دەوڵەتە پیشەسازییە گەورەکان بەسەر ئەم بازاڕە گەردوونیەی میدیا و گەیاندندا دەبینرێت بە تایبەت سێکوچکەی (ئەمریکا+یەکێتی ئەوروپا+یابان) نزیکەی (85–90%) ئەم بازاڕە پێکدێنن. هەروەها ئەگەر پیشەسازییە گەورە جیهانییەکان بە (25خاڵ) دابنرێت ئەوا پشکی ئەمریکا (9خاڵ)و یەکێتی ئەوروپا (8خاڵ)و یابان (7خاڵ)و کۆریای باشوور (1خاڵ) دەبێت.

4- یەکێکی تر لەو دیاردانەی کە کاریگەری بەرچاوی هەیە بریتییە لە یەکگرتن و هاوپەیمانێتی لە نێوان ئەو کۆمپانیا فرەڕەگەزانەی کە لەو بوارانەدا کاردەکەن بە مەبەستی هەژموونی زیاتر بەسەر ئەو بازاڕەدا. بۆ نموونە دیاردەی یەکگرتن لە نێوان کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنی ناوەڕۆک (المحتوی) وەك (پیشەسازی فیلمسازی و هەواڵ و ئاژانسەکان..هتد) لەگەڵ کۆمپانیاکانی هۆکارەکانی میدیا و گەیاندندا، وەك: یەکگرتنی کۆمپانیای تایم وارنەری بەرهەمهێنی ناوەڕۆك و کۆمپانیای ئەمەریکان ئۆن لاین (AOL)ی بواری ئینتەرنێتدا. ئەم دیاردەیە بەردەوام لە زیادبووندایە بۆنموونە: لە ساڵی (1993)دا (15) هاوپەیمانێتی و یەکگرتن هەبووە، بەڵام لە (1995)دا بەرزبووەتەوە بۆ (150)حاڵەت.



مەکتەبی بیروهۆشیاری

5. ئەم هەژموون و قۆرخکردنە تەنها لە بواری تەکنەلۆژیا و داهات و بەرهەمە میدیاییەکاندا نامێنێتەوە بەڵکو هەنگاوێکە بۆ باڵادەستی زمان و کەلتووری وڵاتە بەرهەمهێنەرەکانی بەسەر زمان و کەلتووری وڵاتانی تردا. بۆ نموونە تۆڕی زانیاری نێودەوڵەتی (ئینتەرنێت) بە تۆڕێکی ئەنگلۆ ساکسۆنی ناودەبرێت چونکە زمانی ئینگلیزی زمانی سەرەکی و یەکەمینە لە سەرچاوەی زانیارییەکان و بەکارهێناندا کە بەتەنها نزیکەی (95%) پێکدێنێت، هەروەها ئەڵمانی (2.5%)و فەڕەنسی (2%).

6. وڵاتانی باشووری گۆی زەوی و جیهانی سێیەم زۆر لاوازو بێکاریگەرن لەم بوارانەداو ڕۆڵیان لەم بازاڕە گەورەیەدا تەنها بەکارهێنان و بەکاربردنی کاڵاکانی وڵاتە پێشکەوتووەکانی باکوورو خۆرئاوای گۆی زەوییە، ئەمەش ئەو بیردۆزە ڕەتدەکاتەوە کە پێی وایە زانیارییەکان بە تەشەنەکردن و بڵاوبوونەوەیەکی ئازاد لە جیهاندا پەرش دەبنەوە (نظریە التدفق الحر) بەڵکو ئامارەکان ئەوە دەسەلمێنن کە گواستنەوەو تەشەنەکردنەکە تەنها بە یەك ئاراستەیە ئەویش (باکوور بۆ باشوور) یان (خۆرئاوا بۆ خۆرهەڵات). بۆنموونە: لە بری (110)خاڵ لە تەکنەلۆژیای هەستیار ئەمریکا (43خاڵ) و یەکێتی ئەوروپا (34خاڵ) و یابان (33خاڵ)ی بەردەکەوێت. جیهانی سێیەمیش تەنها تەماشاکەرو بەکاربەری بەرهەمەکانی ئەو تەکنەلۆژیا پێشکەوتووەن و لە هەندێك حاڵەتی کەمدا نەبێت هیچ هەوڵێکی جیددیش لە ئارادا نییە بۆ کۆتایی هێنان بەم حاڵەتی پاشکۆیەتی و بێکاریگەرییە.

7- خاڵێکی تر کە پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە بواری سیاسەتی دەرەوەی وڵاتانەوە هەیە بریتییە لە بەکارهێنانی سیاسیانەی میدیا و هۆکارەکانی گەیاندن وەك ئامرازێکی جێبەجێکردنی سیاسەتی دەرەوەی دەوڵەت لە شێوەی پروپاگەندەی سیاسی و تەنانەت جەنگی دەروونی و شاردنەوەی

مەکتەبی بیر و هۆشیاری

ڕاستییەکان و بڵاوکردنەوەی هەندێك زانیاری کاریگەر لەسەر سیاسەتی دەوڵەتانی نەیارو دوژمن. بۆ نموونە ئەمریکا لە جەنگی جیهانی دووەمدا ستراتیژیەتێکی تایبەتی هەبوو بە ناوی (ستراتیژیەتی ڕاستی *Strategy of Truth*) بە مەبەستی پروپاگەندەو جەنگی دەروونی. هەروەها لە لێکۆڵینەوەیەکدا کە سەبارەت بە بەکارهێنانی (دعایە) لە سیاسەتی دەرەوەدا لە قۆناغی جەنگی ساردا کراوە ئەوە ئاشکرا دەکات کە ئەم وڵاتانە بە ریز لە زۆرەوە بۆ کەم (ئەمریکا، بەریتانیا، یەکێتی سۆڤیەت، ئەڵمانیا، یابان، فەرەنسا) زۆرترینجار (دعایە)یان بەکارهێناوە.

*8*ـ خاڵێکی تر کە لێرەدا جێگەی ئاماژە پێدانە بریتییە لە بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا و میدیا و گەیاندن بە مەبەستی سیخوڕیکردن بەرامبەر دەوڵەتانی تر، بۆ نموونە لە ساڵی (*1948*)ەوە ئەمریکا و بەریتانیا ئاژانسی یۆکۆسا (*UK-USA*) یان دروست کردووە بە مەبەستی سیخوڕی کردن و کۆکردنەوەی زانیاری نهێنی سەبارەت بە یەکێتی سۆڤیەت و هاوپەیمانەکانی، پاشانیش هەریەکە لە (ئوستралیا+کەنەدا+نیوزلاند) پەیوەندییان پێوەکردو بوو بە ئاژانسی (ئیشلۆن). لەم بارەیەوە ڕاوێژکاری پێشووتری ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا (بێرژنسکی) دەڵێت: ئەمریکا تەنها گوێگرتن (تنصت) لەسەر دوژمنەکانی ناکات بەڵکو (تنصت) لەسەر چالاکی هاوپەیمانەکانیشی دەکات. هەروەها ڕاپۆرتێکی پەرلەمانی ئەوروپا لە ساڵی (*1998*)دا هاتووە کە ئەمریکا سیخوڕی ئەکات لە بەرژەوەندی کۆمپانیاکانی خۆی لەسەر (فاکس+ئیمەیل+تەلەفۆن)ی کۆمپانیا جیهانییەکانی تر.

لە ڕوانگەی ئەو ڕاستیانەی سەرەوە ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە لە ڕێگەی باڵادەستی دەوڵەتە زلهێزەکان و کۆمپانیاکانیانەوە هەژموونێکی تەواو هەیە بە سەر بواری میدیای نێودەوڵەتیدا.



مە کتەبی بیر و هۆشیاری

## تەوەری هەشتەم

## سیاسەتی دەرەوە ( السياسة الخارجية )

### یەکەم: پێناسەی سیاسەتی دەرەوە

بۆ پێناسەکردنی سیاسەتی دەرەوە چەندین هەوڵی جیاواز هەن، کە جەخت لەسەر لایەنی جۆراوجۆر دەکەنەوە لە ناساندنی سیاسەتی دەرەوەدا، بەڵام لێرەدا خۆمان بە دوور دەگرین لە ڕیزکردنی پێناسەکان و دووبارەکردنەوەیان، لە بری ئەوە جەخت دەکەین لەسەر کۆمەڵێك خاسیەت و تایبەتمەندی کە سیاسەتی دەرەوەیان پێدەناسرێتەوە، گرنگترین ئەو خاسیەتانەش بریتین لە :

*1*. تایبەتمەندی تاك لایەنی (الطابع الواحدي):

مەبەست لەم خاسیەتە ئەوەیە کە سیاسەتی دەرەوە لەلایەن تاکە دەوڵەتێکەوە بەرنامە ڕێژی بۆ دەکرێت و دەست دەکرێت بە جێبەجێکردنی لە بەرامبەر دەوڵەتانی ترو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا. هەر ئەم تایبەتمەندیەشە کە سیاسەتی دەرەوە لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان جیادەکاتەوە، چونکە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان تەواوی کارلێککردنە جیاوازەکانی نێوان یەکە نێودەوڵەتییەکان دەگرێتەوە بەڵام سیاسەتی دەرەوە بریتییە لە سیاسەتی دەرەوەی تەنها یەك دەوڵەت، بۆیە دەگونجێت بگوترێت کە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان بریتیە لە کۆی سیاسەتی دەرەوەی هەموو دەوڵەتە جیاوازەکان.

*2*. تایبەتمەندی فەرمیبوون (الطابع الرسمي):

سیاسەتی دەرەوە بریتییە لە کۆی ئەو سیاسەتانەی کە لەلایەن نوێنەرە ڕەسمییەکانی دەوڵەتەوە، کە مافی بڕیاردانیان پێسپێردراوە لە کاروباری

مەکتەبی بیر و هۆشیاری

سیاسەتی دەرەوەدا، دادەڕێژرێت و پاشان جێبەجێدەکرێت. کە بە شێوەیەکی گشتی لە دەوڵەتی هاوچەرخدا بریتین لە (سەرۆکی دەوڵەت، سەرۆك وەزیران و وەزیری دەرەوەو هەر کەسێکی تریش کە ڕێگە پێدراون لەلایەن ئەمانەوە. واتە ئـــەم تایبەتمەندییـــە سیاســـەتی دەرەوە دەبەســـتێتەوە بـــە دەســـەڵاتی جێبەجێکردنەوە.

لێرەدا بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم خاسیەتە دەتوانین ئاماژە بکەین بۆ دوو نموونەی جیاواز:

أ. پەرلەمانی ئیتاڵیا لە (*1986*) بڕیارێکی دەرکردو داوای کرد لە جکومەتی ئیتالیا کە بە فەرمی دانبنێت بە ڕێکخراوی ڕزگاری خوازی فەلەستینیدا، بەڵام ئەم بڕیارە نەبوو بە بەشێك لە سیاسەتی دەرەوەی ئیتالیا چونکە حکومەت ڕازی نەبوو لەسەر ئەو هەنگاوە.

ب. کۆنگرێسی ئەمریکی لە ساڵی (*1990*)دا بڕیارێکی دەرکرد سەبارەت بەوەی ئیدارەی ئەمریکی دان بنێت بە شاری قودس وەك پایتەختی هەمیشەیی دەوڵەتی ئیسرائیل، بەڵام ئەم هەوڵە بە سیاسەتی دەرەوەی ڕەسمی ئەمریکا دانەنرا چونکە ئیدارە بەم هەنگاوە ڕازی نەبوو.

*3*. <u>تایبەتی ئاشکرایی (الطابع العلني)</u>

مەبەست لەم خاسیەتە ئەوەیە کە سیاسەتی دەرەوەی دەوڵەت پێویستە ڕوون و ئاشکرا کراوبێت و دەوڵەت خۆی بەخاوەنی بزانێت، واتە تەواوی ئەو ووتەو کردارو چالاکییانە دەگرێتەوە کە لە دروستکەری بڕیاری دەرەکییەوە ئاراستە دەکرێن و دەتوانرێت بە ڕێگەی زانستییانە چاودێری بکرێت. لێرەدا کاری ڕێکەوت و نیەتخوێندنەوەی بەرامبەرو هەندێکجار دەرئەنجامی لاوەکی و نەخشە بۆ نەکێشراو بە سیاسەتی دەرەوەی ڕەسمی وڵات ناژمێردرێت. بۆ نموونە هەندێکجار دەوڵەت دەیەوێت جۆرە سیاسەتێك پەیڕەو بکات، بەڵام لە



مەکتەبی بیر و هۆشیاری

ئەنجامـــدا دەرئـــەنجامێکی لێدەکەوێتـــەوە کـــە جیـــاوازە لـــە ئەنجامـــە چـــاوەڕوانکراوەکان، بۆیـــە ناتوانرێـــت بـــە سیاســـەتی دەرەوەی دەوڵـــەت بـژمێردرێت، وەك ئەرئەنجامـەکانی جـەنگی جیهـانی یەکـەم کـە بـە شـێوەیەکی گـشتی لـە بەرژەوەنـدی ئـەمریکا بـوو، بـەڵام ناتوانرێـت بگوترێـت لەبەرئـەوەی دەرئەنجامـەکان لـە بەرژەوەنـدی ئـەون کەواتـە جەنگەکـە لـە لایـەن ئـەمریکاوە بەرنامەی بۆ داڕێژراوەو بە شێکە لە سیاسەتی دەرەوەی ئەو وڵاتە.

*4*. <u>خاسیەتی هەڵبژاردنی ئازادانە (الطابع الاختياري)</u>

مەبەسـت لـەم تایبەتمەندیـە ئەوەیـە کـە هـەر دەوڵـەتێك پێویـستە زیـاد لـە هـەنگاو ئەگـەرێکی لـە بەردەسـتدا بێـت بـۆ ئـەوەی ئازادانـە بڕیاربـدات و سیاسـەتێکی ئازادانـەی تایبـەت بـەخۆی هەڵبـژێرێت. ئەمـەش لـە سـێ ڕووەوە بەرجەستە دەبێت:

أ- سیاسەتەکە لەلایەن نوێنەرە ڕەسمییەکانەوە بە ئازادی داڕێژرابێت.

ب- لـە کـاتی هەڵبـژاردنی ئـەو سیاسـەتەدا چـەند هـەنگاوێکی تـری بـەدیل هەبووبێت.

ج- لایەنی بڕیاربەدەست بتوانێت گۆڕانکاریی لەو سیاسەتەدا بکات ئەگەر پێویست بوو.

واتـە ئەگـەر دەوڵـەتێك ناچـارکرا بـەوەی جـۆرە سیاسـەتێك قبوڵبکـات ئـەوا ناتوانین بڵێین کە سیاسەتێکی دەرەوەی ئازادانەی هەیە، بەڵکو بریتی دەبێت لە دەرئەنجامی گوشارو فشاری دەرەکی.

*5*. <u>تایبەتمەندی ئامانجداری (الطابع الهدفي)</u>

سیاسـەتی دەرەوە بریتیـە لـە پرۆسـەیەکی فـراوان کـە تێیـدا چـەند ئامانجێك لەلایەن لێپرسراوانی دەوڵەتەوە دیاریدەکرێت و پاشان ڕێژەیـەك لـە داهـاتی ئـەو وڵاتەی بۆ تەرخان دەکرێت بە مەبەستی بەدیهێنانیان، واتـە سیاسـەتی دەرەوە

مەکتەبی بیروهۆشیاری

لــە بنەڕەتــەوە پرۆســەیەکی هۆشــیارانەیە کــە دەوڵــەت بــە دوای ئامــانج و بەرژەوەندییەکانیدا دەگەڕێت. بە پێی ئەو پرۆسەیە بڕیاردەرانی سیاسەتی دەرەوەی دەوڵــەت دەیانــەوێت کاریگــەرییان هــەبێت لەســـەر بــارودۆخی نێودەوڵەتی یان لانی کەم خۆیان بگونجێنن لەگەڵ ئەو بارودۆخەدا بە مەبەستی بەدیهێنانی ئامانجەکانیان.

6. خاسیەتی دەرەکیبوون (الطابع الخارجي)

سیاسـەتی دەرەوە بـەوە لـە سیاسـەتی نـاوخۆ جیادەکرێتـەوە کـە دەیـەوێت چەند ئامانجێك بەدەست بهێنێت لە دەرەوەی سنووری دەوڵـەت، واتـە بواری چالاکی سیاسـەتی دەرەوە لـە ژێـر کـۆنترۆڵی دەوڵەتـدا نییـەو بەشـێکی زۆری دەکەوێتە ژێر کاریگەری یاریزانەکانی ترەوە لە ئاستی نێودەوڵەتییدا.

7. تایبەتمەندی بەرنامەڕێژی (الطابع البرنامجي)

سیاســەتی دەرەوە پرۆســەیەکی فرەلایەنــە، چــونکە بریتییــە لــە کــۆی ئــەو پرۆسەیەی دەوڵەتێك ڕای دەگەیەنێت لە بەرامبـەر ڕای کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا بـە دەوڵەتـە جیاوازەکـان و پێکهاتـەکانی تریـشەوە. واتـە سیاسـەتی دەرەوەی دەوڵەت لە هەمانکاتدا بریتییە لە داڕشتنی چەند ئامانجێك و دیاریکردنی چەند هۆکارێك و دەرکردنی ژمارەیەك بڕیاری هەمەچەشن و نواندنی کۆمەڵێك ڕەفتارو هەڵوێستی هەمەلایـەن لـە بەرامبـەر تـەواوی ئـەو یەکـە نێودەوڵەتییانـەی کـە لـە دەرەوەی ســنووری دەوڵەتــەوەن. لێــرەدا پێویــستە بــە ڕیژەیــەکی گونجــاو بەرنامەڕێـژی و هەماهـەنگی هـەبێت بـۆ پێکـەوەگونجان و پێکـەوە گرێـدانی ئـەو (ئامانج، هۆکار، بڕیارو ڕەفتارانە) کە هـەموویان پێکـەوە وێنەیـەکی گشتگیر بـە سیاسەتی دەرەوەی دەوڵەتەکە دەبەخشن.



لێرەدا مەرج نییە هەموو دەوڵەتێك، بۆ هەموو بابـەت و کێـشەیەك، پێـشوەخت سیاسـەتێکی ئامـادەکراوی هـەبێت، بـەڵام مەرجـە سیاسـەتەکانی سـەبارەت بـە بابەت و بوارە جیاوازەکان پێکەوە گونجاوبن.

## دووەم: ئامانجەکانی سیاسەتی دەرەوە

ئامانج لە سیاسـەتی دەرەوەی دەوڵەتانـدا بریتیـە لـە هەوڵـدان بـۆ بـەدیهێنانی دەستکەوتێك (مـادی یـان مەعنـەوی) یـاخود هەوڵـدان بـۆ گـەیشتن بـە ئاسـتێکی دیـاریکراو لــە کۆمــەڵگای نێودەوڵەتیــدا، ئەمــەش بەتــەرخانکردنی ڕێژەیــەکی گونجاو لە داهاتی دەوڵەت دەبێت.

هەرچـەندە ئامـانجی سیاسـەتی دەرەوەی زۆربـەی دەوڵـەتان لـێکتر نزیکـە، بەڵام بە پێی جیاوازیی نێوانیان و ئاست و پێگـەیان لـە کۆمـەڵگای نێودەوڵەتیـدا پلەبەندیی ئامانجەکانیان دەگۆڕێت.

بەشێوەیەکی گشتی ئامانجەکان سێ ئاستیان هەیە:

1. ئامانجە زیندووو ڕاستەوخۆکان: ئەو ئامانجانە پێکدێنن کـە پەیوەستن بـە مانــەوەی دەوڵــەت و پاراســتنی ســەربەخۆیی سیاســیەوە، وەك (ســەروەری نیــشتمانی و پاراســتنی ســنوورەکان و ئاسایــشی نەتــەوەیی، بەرژەوەندییــە زیندووەکان).ئەم ئامانجانە چاوپۆشییان لێناکرێت و پێویـستە دەوڵـەت هـەموو تواناکانی بخاتە گەڕ بۆ بەدەستهێنان و پاراستنیان.

2ــ ئامانجــە ناوەندییــەکان: ئــەم ئامانجانــە بەپلــەی دووەم دێــن، بــۆ بەدەستهێنانیان پێویـستە گۆڕانکاریـیەکی دیـاریکراو لـە بارودۆخی هـەرێمی و نێودەوڵـەتی دا دروسـت بکرێـت. هـەموو دەوڵـەتێك هەوڵـدەدات بـە شـێوەیەکی جدییانە پەیوەست بێت پێیانەوە، بەڵام لـە گرنگیـدا ناگەنـە ئاسـتی یەکـەم، وەك (بنیادنـانی نفـوزو دەسـەڵات لـە پەیوەندییـەکانی دەرەوەدا، گـەڕان بـەدوای

مەکتەبی بیروهۆشیاری

ڕۆلێکی گرنگتر لەئاستی هەرێمی و نێودەوڵەتی دا، خزمەتکردنی بەرژەوەندییە گشتیەکانی دەوڵەت لەجیهاندا).

*3*. <u>ئامانجە دوور مەوداکان:</u> ئەم ئامانجانە زیاتر تەعبیر لە ئاوات وخۆزگەی دەوڵەت دەکەن سەبارەت بەو بارودۆخەی کە پێویستە لە ئاستی هەرێمی و نێودەوڵەتیدا بێتەکایەوەو جیهان و مرۆڤایەتی پێی بگات، وەك (هاتنەکایەی سسیستمێکی ئابوری نێودەوڵەتی عادیلانە، سسیستمێکی هەرێمایەتی پێکەوەژیان). لەراستیدا دەوڵەت بەشێکی کەم لەداهات و تواناکانی بۆ خزمەتکردنی ئەم ئامانجانە تەرخان دەکات و ئەگەر لەگەڵ ئاستی یەکەم و دووەمدا دژبوەستێتەوە ئەوا بێگومان پشتگوێ دەخرێت.

<u>* بۆ نموونە:</u> ویلایەتە یەککگرتووەکانی ئەمریکا (*USA*) بۆ هەموو دووساڵێك ستراتیجێکی نوێی ئاسایشی نەتەوەیی هەیە کە تێیدا ئەم ئامانجانە دیاری دەکات بەپێی پلەبەندییان:

أـ ئامانجە زیندووەکان: وەك پارێزگاری مانەوەو ئاسایشی نەتەوەیی، لەم حاڵەتەدا ئامادەیە هێز بەکار بهێنێت بۆ پاراستنیان، وەك جەنگی کەنداو.

ب . ئامانجە گرنگەکان: وەك ئاستی خۆشگوزەرانی ئەمریکیەکان. لێرەدا بەکارهێنانی هێز ئەگەری یەکەم نییە، وەك ئەوەی دەڵێن هاتنی کۆچکردنی نایاسایی بۆ ئەمریکا ئاستی خۆشگوزەرانی دادەبەزێنێت.

ج . ئامانجە دوورەکان (بەرژەوەندییە مرۆڤایەتیەکان): وەك برسێتی و هەژاری و جەنگەکان، لەم ئاستەدا دەستێوەردان ناکات مەگەر مەترسی بۆ سەر یەکەم و دووەم دروست بێت.

بەڵام بە شێوەیەکی گشتی دەکرێت ئامانجە سەرەکییەکانی سیاسەتی دەرەوەی دەوڵەت لەم خاڵانەدا کۆبکەینەوە:



مەکتەبی بیروهۆشیاری

*1*<u>ـ پاراستنی سەروەریی نیشتمانی و ئاسایشی نەتەوەیی:</u> لە نێوان پسپۆرانی بواری (پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکاندا)دا کۆدەنگییەك هەیە سەبارەت بەوەی کە ئامانجی یەکەم لە سیاسەتی دەرەوەی دەوڵەتدا (سەرەڕای جیاوازی سیستمی سیاسی و بیروباوەڕی ئایدیۆلۆجی و ئاستی هێز) بریتیە لە پارێزگاریکردن لە بوون و مانەوەی دەوڵەتەکە، پاشان دابینکردنی ئاستێکی گونجاوی ئاسایشی نەتەوەیی بە تەرخانکردنی بەشێك لە داهاتی نیشتمانی یان بە هاوکاری دەوڵەتە دۆست و هاوپەیمانەکان.

لە گرنگترین ئەو هۆکارانەی کە دەوڵەتێك لە سیاسەتی دەرەوەی خۆیدا بەکاریدێنێت بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجە بریتیە لە بەستنی پەیوەندی دووقۆڵی دۆستانە،بەدەستهێنانی هاریکاری ئابوری و سەربازی لەدەرەوە، مۆرکردنی پەیماننامەی دەستدرێژی نەکردنەسەر یەکتر (عدم الاعتداء) لەگەڵ دەوڵەتانی تردا، خۆبەدوورگرتن لەو هاوپەیمانێتیانەی کە دەوڵەت دەکەن بەدوژمنی بەرەیەکی تر لە دەوڵەتان.

*2*<u>ـ پەرەپێدانی هێزی نیشتمانی دەوڵەت:</u> لێرەدا دەوڵەت هەوڵدەدات لە ڕێگەی بەکارهێنانی هۆکارەکانی جێبەجێکردنی سیاسەتی دەرەوەوە کۆی هێزی نیشتمانی خۆی زیاتر بکات، ئەگەر لەسەر حسابی دەوڵەتانی تریش بێت، (لێرەدا رای جیاواز هەیە ئایا هێز هۆکارە یان ئامانج یان هەردووکیان؟!).

*3*<u>ـ بەرزکردنەوەی ئاستی ئابوری دەوڵەت:</u> هەموو دەوڵەتێك لای خۆیەوە هەوڵدەدات بەدوای بەرژەوەندییەکانیدا بگەڕێت لە دەرەوەی سنوورەکانی خۆی بەمەبەستی بەرزکردنەوەی ئاستی ژیان و دابینکردنی خۆشگوزەرانی هاولاتیانی. لێرەدا هەرچەندە ئاستی داهاتی دەوڵەتێك لەناوخۆدا بەرزبێت، ئەوە ڕێگرنابێت لەبەردەم دەوڵەتدا بۆ هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی بەرژەوەندی

زیاتر لەدەرەوەی سنوور. (ئەمریکا وئەڵمانیا ویابان) باشترین نموونەن لەمبارەیەوە.

گومانیش لەوەدا نیە بەرزی ئاستی خۆشگوزەرانی خەڵكو بەرزیی داهاتی تاك لە هەر ولأتێكدا ئاماژەیە بۆ رۆڵو نفوزو ناوبانگی ئەو دەوڵەتە لە ئاستی نێودەوڵەتیدا. هەروەها ئەم حاڵەتە وەك جۆرێك لە شانازیکردنو پڕوپاگەندە لەدەرەوە بەکاردەهێنرێت.

4- فراوانخوازی (التوسع): ئەمەش یەکێکی ترە لە ئامانجەکانو لەهەندێك بارودۆخی مێژوویيدا بەستراوە بە بیروباوەڕی ناسیونالیزمەوە وەك (حاڵەتی فەرەنساو ئەڵمانیا). هەندێك لە پسپۆران رایان وایە فراوانخوازی جۆرێکە لە سەلماندنی خودو سەپاندنی قەبارەی دەوڵەت کەلە ئەنجامی هەستکردن بە گەورەیيو رەسەنایەتیو هێزەوە دروست دەبێت.

(مارتن وایت)ی پسپۆری (پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان) رای وایە مەیلی فراوانخوازی بەشێکە لە سروشتی هەموو هێزەکان لە بواری (پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکان)دا چونکە گەشەکردنی توانای سیاسیو ئابووریو فەرهەنگی هەر دەوڵەتێك مەیلێکی فراوانخوازی هەرێمی بەدوادا دێت ئەگەر هێزێکیتر لە دەرەوە رێگرنەبێت.

5. بەرگریکردن لە ئایدیۆلۆجیای دەوڵەتو بلأوکردنەوەی لەدەرەوە: هەندێك جار بۆ پارێزگاریکردنە لە بیروباوەڕو خەتی ئایدیۆلۆژی دەوڵەت لەبەرامبەر نەیارانیدا، هەندێك جاری تر وەك پرۆپاگەندە بەکاردەهێنرێت. مێژووی جەنگی سارد بریتیە لە مێژووی ململانێی نێوان ئایدیۆلۆژیای کۆمۆنیزمو سەرمایەداری یان رۆژهەلأتو رۆژئاوا.



شایانی ئاماژەیە هەندێکجار پەیوەستبوون بە ئایدیۆلۆژیا گەورەکانەوە کێشەی دروستکردوە و وەلائی نەتەوەیيو ئینتیمای نیشتمانی بوونی خستۆتە ژێر پرسیارەوە.

6- ئامانجی کەلتووریو فەرهەنگی: بەتەنیشت ئەم ئامانجانەوە هەندێك لە دەوڵەتان یان دەوڵەتێك لە حاڵەتێکی دیاری کراودا لەلایەکەوە هەوڵی پاراستنی فەرهەنگو ناسنامەی کەلتووری خۆی دەداتو لەلایەکی تریشەوە هەوڵی ناساندنو بلأوکردنەوەی دەدات لە جیهاندا. چونکە کەلتووری هاوبەشی هەر نەتەوەیەك بەشێکە لە هێزی نیشتمانی دەوڵەت.

لە راستیدا ناسنامەی کەلتووری بە هێڵێکی روونو جیاکەرەوەی سنووری ناوخۆیيو دەرەکی دەوڵەت دادەنرێتو هۆکارێکی گرنگە لە پاراستنی مۆركو تایبەتمەندی هەر نەتەوەیەك لەبەرامبەر توانەوە لەدەرەوەدا. بێگومان ئەمە مانای دابڕان و پەناگیریو دوورکەوتنەوە لە جیهان ناگەیەنێت، ئەوەندەی هەوڵێکە بۆ پاراستنی جیاوازیو پارێزگاری لە قەوارەی نەتەوەو نیشتمان.

7- ئاشتی وەك ئامانجێکی سیاسەتی دەرەوە: بێگومان ئەم ئامانجە لە سەدەی بیستەمدا زیاتر دەردەکەوێت بەدیاریکراویش پاش کۆتایی هاتنی دوو جەنگی جیهانی وێرانکارو مەینەتهێن بۆ تەواوی نەتەوەکان بەتایبەت ئەوروپا، ئەمە سەرەڕای تەشەنەکردنی چەکی ئەتۆمیو چەکی کۆمەڵکوژی بایۆلۆژیو کیمیایی کە بارودۆخێکیان هێنایەبوون کە جەنگ تێیدا ئەگەرێکی نەویستراو بێت لەلایەن زۆربەی هەرەزۆری دەوڵەتانەوە.

## سێیەم: دروستکردنی بریار لە سیاسەتی دەرەوەدا

زۆربەی پسپۆران بە شێوەیەکی گشتی سیاسەتی دەرەوە دابەش دەکەن بەسەر دوو قۆناغدا، ئەوانیش قۆناغی داڕشتنی سیاسەتی دەرەوەو قۆناغی

مەکتەبی بیروهۆشیاری

جێبەجێکردنی سیاسەتی دەرەوەن. مەبەستیش لەم دابەشکردنە ئاسانکردنی لێکۆڵینەوەو پۆلێنکردنەو هەرگیز ئەوە ناگەیەنێت کە ئەو دوو قۆناغە لێکتر دابڕاوو جیاوازن.

بەشێکی سەرەکی لە قۆناغی داڕشتنی سیاسەتی دەرەوە بریتیە لە پرۆسەی دروستکردنی بڕیار بەڕادەیەك هەندێك لە پسپۆران رایان وایە کە سیاسەتی دەرەوە بریتیە لە کۆمەڵێك بڕیاری یەك لەدوای یەك سەبارەت بە هەڵوێستو بابەتە جیاوازەکان. هەر لەبەر ئەوەشە کە ئەم پرۆسەیە زۆرترین باسی لێکۆڵینەوەی لەسەر کراوە لە ناو بابەتەکانی سیاسەتی دەرەوەدا.

مەبەست لە خودی بڕیار هەڵبژاردنی هەڵوێستێکە لەناو کۆمەڵێك بەدیلی جیاوازداو لەکاتێکی دیاریکراودا، بەڵام پرۆسەی بڕیاردان هەموو ئەو کارلێککردنانە دەگرێتەوە کەلە کۆتاییدا بریارێك دروست دەکەن. واتە لە بنەڕەتدا جیاوازیەك هەیە لەنێوان لایەنی بەرپرسیار لە بڕیاردانو پرۆسەی بڕیار دروستکردندا. لایەنی لێپرسراو لە بڕیاردان تەواوی ئەو کەسو دەزگایانە دەگرێتەوە کە راستەوخۆ بڕیار دەردەکەن لەگەڵ لەبەرچاوگرتنی چۆنیەتی دابەشکردنی ئەركو رۆڵە جیاوازەکانو ئەو پەیوەندییانەی کە لەنێوانیاندایە. لەبەرامبەردا پرۆسەی بڕیاردان بریتیە لە کۆمەڵێك بنەماو شێوازی جۆراوجۆر کە لە رێگەیانەوە لێپرسراوان ئەگەرێکی دیاریکراو هەڵدەبژێرن لە نێوان ژمارەیەك بەدیلی جیاوازدا.

سەبارەت بەلایەنی لێپرسراو لەبڕیاردان کۆمەڵێك هۆکاری جیاواز کاریگەرییان هەیە لەسەر پێکهاتەو میکانیزمی کارکردنی لەوانە (چۆنیەتی دابەشبوونی دەسەڵاتەکان لە نێوان بەشداربووواندا، رۆڵو چالاکیو هەر یەکێك لەو لایەنە بەشدارانە، رادەی بەدامەزراوەبوونی پرۆسەی بڕیاردان، شێوازی پەیوەندیەکان لەناو بونیادی بڕیاردندا).



مەکتەبی بیروهۆشیاری

أ. قۆناغەکانی پرۆسەی دروستکردنی بڕیار:

*1*. هەبوونی پاڵنەرێك یان بابەتێکی گرنگ کە پێویستی بە بڕیار هەبێت: وەك (گۆڕانکارییەکی سیاسی، بەرژەوەندیەکی ئابوری، کارەساتێکی مرۆیی، پەرەسەندنی کێشەیەك، دروستبوونی مەترسیەکی دەرەکی). واتە پاڵنەر شتێکی دەرەکیو سەربەخۆیەو سەرنجی دەوڵەت رادەکێشێت بۆ کارلێککردنو وەڵامدانەوە.

*2*. چۆنیەتی تێگەیشتن و وەڵامدانەوەی لێپرسراوان بۆ پاڵنەرەکە: واتە تەنها هەبوونی پاڵنەرێك لە ژینگەی نێودەوڵەتیدا بەس نییە بۆ ئەوەی هەموو دەوڵەتێك بەرنامەی تایبەت یان کاردانەوەی هەبێت. بەڵکو کاردانەوەکە لەسەر دووخاڵ بەندە ئەوانیش ناسینو تێگەیشتنن لە پاڵنەرەکە، لێرەدا تێگەیشتنی لێپرسراوان لە ئامارژە ئیجابی وسلبیەکانی هەر پاڵنەرێك رۆڵی بەرچاوی دەبێت لەسەر بڕیاردان.

*3*ـ قۆناغی کۆکردنەوەی زانیاری تەواو لەسەر پاڵنەرەکە: واتە پشکنینو گەڕان بەدوای هەموو لایەنەکانی بابەتەکەو هەر زانیارییەکی تر کە پێویستە بۆ بڕیاردان سەبارەت بە پاڵنەرەکە. لێرەدا سروشتو پێکهاتەی دەزگاکانی کۆکردنەوەی زانیاریو گەیاندنی زانیاریەکانو مامەڵەکردن لەگەڵ سەرچاوەکانی زانیاریە جۆراوجۆرەکاندا رۆڵێکی سەرەکی دەبینێت. هەندێك جار کەمی زانیاریەکان یان شێواندنیان یان گواستنەوەی زانیاری هەڵە کاریگەری سلبی راستەوخۆی دەبێت لەسەر جۆری بڕیارو چۆنیەتی بڕیاردان.

*4*. قۆناغی لێکدانەوە وشیکردنەوەی زانیاریەکان: لە پاش ناسینی پاڵنەرو کۆکردنەوەی زانیاری پێویست رۆڵی سەرەکی بڕیاربەدەست دەردەکەوێت لە چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ زانیاریەکان، ئەو وێنەیەی کە زانیاریەکان دروستی دەکەن لە بیروهۆشی کەسانی بڕیاربەدەستدا. بێگومان لەم حاڵەتەدا

سروشتو بیروباوەڕ وئەزموونی پێشووی کەسی بڕیاربەدەست ڕۆڵی خۆی دەبینێت لە هەڵبژاردنی هەندێك زانیاریو پشتگوێخستنی هەندێکی ترو هەروەها لە چۆنیەتی شیکردنەوەو لێکدانەوەی زانیاریەکاندا. واتە بە کورتی دەبێت لە روانگەی زانیاریەکانەوە پێناسەی بارودۆخەکە بکات (تعریف الموقف).

5ـ قۆناغی بەراوردکردنی ئەگەرەکانو دەرکردنی بڕیاری گونجاو: لە پاش پێناسەکردنی حاڵەتەکەو تێگەیشتنی تەواو، قۆناغی یەکلاکەرەوە دێتە پێشەوە کە بریتیە لە هەڵبژاردنی باشترین ئەگەرو بڕیار لەنێوان بەدیلە جیاوازەکاندا.

## ب. شێوازەکانی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەگەرەکاندا:

1. <u>شێوازی لێکدانەوەی ئەقلانی</u>: ئەم شێوازە لەسەر ئەو رایە بنیادنراوە کە دەڵێت پرۆسەی بڕیار دروستکردن لەچەند هەنگاوێك پێکدێت کە بەرێگەی حیسابێکی ئەقلانیانە بەڕێوەئەچێتو ئامانجی سەرەکی تێیدا بریتیە لە بەدەستهێنانی زۆرترین قازانجو گەورەترین بەرژەوەندی، لەهەمان کاتدا دوورکەوتنەوە لە زیان. ئەم کارەش بەوە دەکرێت کە لایەنی بەرپرسیار لە بڕیار دروستکردن بەووردی لە هەموو ئەگەرەکان بکۆڵێتەوەو سیناریۆ جیاوازەکان دابڕێژێتو لە کۆتاییدا ئەو سیناریۆیە هەڵبژێرێت کە بە حیسابی (تێچوون/قازانج) زۆرترین قازانجی تێدا بێتو کەمترین زیانیش چاوەڕوان بکرێت، بێگوێدان بە هیچ مەسەلەیەکی تر.

ئەم شێوازە لەسەر بنەمای چەند گریمانەیەکی سەرەکی کاردەکات، لەوانە:

- حکومەت یەکەی دروستکەری بڕیاری دەرەکیە.



- حکومەت یەکەیەکی پێکەوە گونجاوی یەکپارچەیەو پێکهێنەرەکانی بڕوایان بەهەمان ئامانج هەیەو لە هەڵسەنگاندنیشدا هاوڕان.
- حکومەت قەوارەیەکی ئەقلانیەو پێش هەموو شتێك حیساب بۆ قازانجو زیان دەکات.
- پێش هەر بڕیارێك حکومەت لە ئەگەرەکان دەکۆڵێتەوەو لە روانگەی ئاکامە چاوەڕوانکراوەکانەوە بڕیار لەسەر ئەو هەنگاوە دەدات کە زیاترین قازانجی تێدایە بۆ دەوڵەتەکەی.

2. <u>شێوازی مەعریفی</u>: لەم شێوازەدا بڕیاربەدەست بەدوای ئەو بەدیلەدا دەگەڕێت کە لەلایەکەوە لەگەڵ بیروباوەڕەکانیدا بگونجێتو لەلایەکی تریشەوە بە ئەزموونی پێشووی نامۆ نەبێت. بۆیە خۆی بەدوور دەگرێت لەو ئەگەرانەی کە لەگەڵ سیستمی بیروباوەڕو بیروبۆچوونەکانیدا ناکۆکن، یان بە پێی بەراوردکردن لەگەڵ ئەزموونی رابردوویدا بە بێسوودیان دەزانێت. واتە لێرەدا بەراورد لەنێوان بەدیلەکاندا لەسەر بنەمای رێژەی قازانجو زیان نیە، بەڵکو لەسەر بنەمای گونجانە لەگەڵ بیروباوەڕو ئەزموونی بڕیاربەدەستدا.

ئەم شێوازە لەسەر بنەمای چەند گریمانەك بنیادنراوە، لەوانە:

- تاك یەکەی لێکدانەوەیە لە پرۆسەی بڕیار دروستکردندا، جا ئەگەر بە تەنها هەڵسوکەوت بکات، یان لەچوارچێوەی دەستەیەکی بچووکی هاوبیرانیدا بێت.
- بابەتی لێکدانەوە بریتیە لە بیروباوەڕو عەقیدەی لێپرسراوانو راوبۆچوونیان لەسەر ژینگەی نێودەوڵەتی.
- بیروباوەڕی لێپرسراوان کاریگەری هەیە لەسەر قۆناغەکانی دروستکردنی بڕیار هەر لە هەڵبژاردنی جۆرێکی تایبەت لە زانیاریەکانەوە تا دەگاتە هەڵسەنگاندنیانو هەڵبژاردنی بەدیلێکی دیاریکراو.

مەکتەبی بیر و هۆشیاری

2. <u>شێوازی تەنزیمی:</u> بە پێی ئەم شێوازە پرۆسەی دروستکردنی بڕیار خاسیەتێکی رۆتینی هەیەو بەپێی هەندێك رێوشوێنی زانراو بەڕێوەدەچێت کە پێشتر بە حوکمی ئەزموونی کارکردن چەسپاون‌و لە بواری سیاسەتی دەرەوەدا کاریان پێدەکرێت.

ئەم شێوازە پشت بە هەندێك گریمانەی دیاریکراو دەبەستێت سەبارەت بە میکانیزمی کارکردنی عەقڵی مرۆڤ، کە لە کاتێکی کورتدا چەندین بڕیاری جیاواز دەنێرێت بۆ بەشەکانی لەش بە پێی پرۆگرامێکی ئامادە لە مێشك‌و لەشدا، بۆ نموونە یاریزانێکی تێنسی سەرمێز دەیەها بڕیاری خێرا دەردەکات سەبارەت بە هێزو ئاراستەو جوڵەی تۆپەکە لە بەرامبەر یاریزانەکەی تردا، کە تەواوی ئەم بڕیارانە بەپێی پرۆگرامێکی ئامادە لە مێشکدا بەڕێوە دەچێت.

بەهەمان شێوە دامودەزگاکانی حکومەتیش بەپێی رێوشوێنی کارکردنی ئاسایی مامەڵە لەگەڵ هەڵوێست‌و پاڵنەرە دەرەکی یەکاندا دەکەن. بۆیە پرۆسەی بڕیار دروستکردن بریتیە لە دیاریکردنی ئەو گۆڕاوانەی (متغیرات) کە پەیوەستن بە هەڵوێستە نوێیەکەوەو هەڵسەنگاندنی زانیاریەکان وبەدیلەکان بە پێی ئەو رێوشوێنانەی کە پێشتر ئامادەکراون.

بە پێی ئەم شێوازە هەر کاتێك بڕیاربەدەست ئەگەرێکی دەستکەوت کە لەگەڵ رێوشوێن‌و تەعلیماتەکاندا بگونجێت‌و قازانجی لە زیانی زیاتر بێت، بڕیاری لەسەر دەدات‌و هەڵیدەبژێرێت. بۆیە بنەمای بڕیاردان لەسەر گەیشتن بە (ئەگەرێکی گونجاو *satisficing*) وەستاوە لەکاتێکی دیاریکراودا،نەك حیسابکردنی ئەگەرەکان‌و گەڕان بەدوای گەورەترین بەرژەوەندیدا، یان هەڵبژاردنی ئەگەری گونجاو لەگەڵ بیروباوەڕدا. لەراستیدا ئەم شێوازە لەگەڵ پێشهاتە خێراو لەناکاوەکاندا زیاتر دەگونجێت نەك بەرنامەڕێژی بۆ داهاتوو.



مەکتەبی بیر و هۆشیاری

ج. کارکردنی بڕیاربەدەست بە هەر یەکێك لەم شێوازانە پشت بە کۆمەڵێك هۆکار دەبەستێت، وەك:

1. رادەی روونی ئامانجەکان‌و توانای بە دەستهێنانیان‌و هەبوونی بەدیلی گونجاو لەبەردەم بڕیاربەدەستدا، سەرەڕای رێژەی زانیاری راست‌و دروست لەسەر حاڵەتەکەو ئەگەرەکان، چونکە تا ئەم گۆڕاوانە لە بەردەستدا بن ئەوا بڕیاربەدەست زیاتر شێوازی ئەقلانی هەڵدەبژێرێت.
2. رادەی دەستگرتنی بڕیاردەران بە ئایدیۆلۆژیا و بیروباوەڕشێکی سیاسی دیاریکراوەوە، کە بێگومان کاریگەری دەبێت لەسەر ئاراستەی بڕیارو هەڵوێستەکان‌و بڕیاربەدەستیش شێوازی مەعریفی دەگرێتەبەر.
3. رادەی هەبوونی پرۆگرام‌و بەرنامەی ئامادە سەبارەت بە هەڵوێست‌و پێشهاتەکان، چونکە تا دەوڵەت زیاترین پرۆگرام‌و ئەزموونی پێشووی هەبێت ئەوا زیاتر نزیکە لە شێوازی تەنزیمیەوە.
4. پێویستە ئاماژە بەوە بکەین کە لێرەدا ئەم شێوازانە بە شێوەیەکی نموونەیی باسکراون، بۆیە مەرج نیە بڕیاربەدەست بەتەواوی پەیوەست بێت بە یەکێك لەو شێوازانەوە، یان ئەمە رێگر نیە لەبەردەم ئەوەدا کە بڕیاربەدەست بەپێی پێویست‌و هەڵوێست‌و پێشهاتەکان تێکەڵاویەك بکات لە نێوان شێوازە جیاوازەکاندا.

مەکتەبی بیروهۆشیاری

* ئەم خشتەیەی خوارەوە جیاوازی نێوان هەرسێ شێوازەکە بە کورتی روون دەکاتەوە:

| شێواز پێوەر | لێکدانەوەی ئەقڵانی | شێوازی مەعریفی | شێوازی تەنزیمی |
|---|---|---|---|
| گەڕان بەدوای زانیاریو بەدیلەکاندا | گەڕانی هەمەلایەن بەدوای هەموو زانیاریو بەدیلەکاندا | ئەو زانیارییانە قبوڵ دەکات کە لەگەڵ بیروباوەڕدا بگونجێت | پرۆگرامی ئامادە پێشوەختی هەیە بۆ چۆنیەتی مامەڵەکردن |
| هەڵسەنگاندنی زانیاریو بەدیلەکان | حیسابێکی هەمەلایەنە بۆ تێچوونو قازانجی هەموو ئەگەرەکان | حیسابێکی دیاریکراو بۆ ئەو بەدیلانەی کە لەگەڵ بیروبۆچوونیدا بگونجێت | حیسابێکی دیاریکراو لەسەر بنەمای ئەزموونو رێوشوێنی ئامادەکراو |
| رادەی موخاتەرە | حسابی موخاتەرە ئەکات،جیا لە پێشبینی قازانجو زیان | موخاتەرە قبوڵ دەکرێت لەسەر بنەمای بیروباوەڕ | خۆدوورخستنەوە لە موخاتەرەو گرنگیدان بە ئامانجی کاتی |
| بنەمای بڕیاردان | گەورەترکردنی قازانجو بەرژەوەندی | قیاسکردن لەسەر بیروباوەڕ | بەدیلی گونجاو |



مە کتەبی بیروهۆشیاری

**<u>چوارەم: ئەو هۆکارانەی کە سیاسەتی دەرەوە دیاری دەکەن</u>**

پاش دیاریکردنی ئامانجەکانی سیاسەتی دەرەوەی دەوڵەتو روونکردنەوەی چۆنیەتی بڕیاردان لە سیاسەتی دەرەوەدا، هێشتا پرسیارێکی گرنگ دەمێنێت کە پێویستی بە وەڵامە، کە دەپرسێت: بۆچی سیاسەتی دەرەوەی دەوڵەتێك جیاوازە لە دەوڵەتێکیتر؟ یان بە دەربڕینێکیتر ئەو هۆکارانە چین کە سیاسەتی دەرەوەی دەوڵەتێك دیاری دەکەن؟ بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە دەتوانین هۆکارەکان لە دوو تەوەردا کۆبکەینەوە کە بریتین لە: هۆکارە خودییەکان و هۆکارە بابەتییەکان.

**<u>أ. هۆکارە خودییەکان:</u>**

مەبەست لە هۆکارە خودیەکان ئەو هۆکارانەن کە راستەوخۆ بەستراون بە سەرکردەی سیاسیەوە، چونکە رادەی کاریگەریی سەرکردەی سیاسی لەسەر پرۆسەی دروستکردنی سیاسەتی دەرەوە جیاوازە لە سەرکردەیەکەوە بۆ یەکێکیترو لەگەڵ گۆڕانی ژینگەو بارودۆخیشدا گۆڕانی بەسەردا دێت.

<u>*چەند فاکتەرێك ڕۆڵی سەرەکیان هەیە لە دیاریکردنی ڕۆڵی سەرکردەدا، کە بریتین لە:</u>

1. <u>رادەی گرنگیدانی سەرکردەی سیاسی بە سیاسەتی دەرەوە:</u> بەشێوەیەکی گشتی گرنگیپێدانی زۆر دەبێتە هۆی بەشداری چالاکانە لە دروستکردنی سیاسەتی دەرەوەدا، پێچەوانەکەشی راستە.
2. <u>چۆنیەتی گەیشتن بە کورسی دەسەڵات:</u> ئەو سەرکردانەی لە ئەنجامی شۆڕش، یان کودەتایەکی سەربازی، یان سەرکەوتنێکی گەورە لە هەڵبژاردنەکاندا گەیشتوونەتە دەسەڵات، زیاتر جێدەستی خۆیان لەسەر سیاسەتی دەرەوە بەجێدەهێڵن.

مەکتەبی بیروهۆشیاری

3. **<u>کاریزماییبوونی سەرکردەی سیاسی</u>:** سەرکردە کاریزمییەکان دەتوانن لەڕێگەی پشتبەستن بە متمانەو خۆشەویستیو وەلائی جەماوەرەوە ڕاستەوخۆ خۆیان سیاسەتی دەرەوە دروست بکەن، بەرادەیەك وێنەی وڵات لەدەرەوە بریتی دەبێت لە وێنەیەکی گەورەی سەرکردەی کاریزمی.

4. **<u>دەسەڵاتی سەرکردە لە سیاسەتی دەرەوەدا</u>:** لە سیستمێکەوە بۆ یەکێکیتر دەگۆڕێت. لە سیستمە دیموکراتخوازەکاندا بەگوێرەی ئەو دەسەڵاتانە دەبێت کە دەستوور دەیبەخشێت بە سەرکردە. لە سیستمە تۆتالیتارەکانیشدا هەمیشە سەرۆك دەستڕۆیشتووترە لە سەرۆکی دیموکراتی.

5. **<u>شارەزایی سەرکردە لە کاروباری نێودەوڵەتیو سیاسەتی دەرەوەدا</u>:** بۆ نموونە ئەو سەرکردانەی کە پێشتر لە لیژنەیەکی تایبەتی پەرلەماندا بووبن یان پۆستی وەزارەتی دەرەوەیان لەلابووە بە شێوەیەکی گشتی ڕۆڵیان زیاتر دەبێت لە دروستکردنی سیاسەتی دەرەوەدا لە سەرکردەیەکی بێئەزموون کە زۆرجار دەسەڵاتەکانی دەدات بە وەزیری دەرەوە لەو بوارەدا.

6. **<u>هەبوونی قەیرانی سیاسی لە وڵاتدا</u>:** هەمیشە قەیرانەکان بوارێکی گەورەتر دەڕەخسێنن بۆ سەرکردەی سیاسی تا ڕۆڵی زیاتر ببینێت لە سیاسەتی دەرەوەدا، لەلایەك بەبیانووی ئەوەی وڵات لەبەردەم هەڕەشەو مەترسیدایەو لەلایەکی تریش بەبیانووی خێرایيو چالاکی لە جوڵەدا.

7. **<u>جۆری کەسایەتی سەرکردەی سیاسی</u>:** هەندێك کەسایەتی بە سروشتی خۆیان زیاتر دەسەڵاتخوازترن یان خاوەن عەقڵێکی تاکڕەون و کەمتر ڕاوێژ دەکەن بە کەسانی ترو بەدوای سەلماندنی تواناکانی خۆیاندا دەگەڕێن، واتە تا ئەو سیفەتانە زیاتربن رادەی بەشداری چاوەڕوانکراو زیاتر دەبێت.

8. **<u>ژینگەی دەروونی سەرکردەی سیاسی</u>:** ئەمەش لە خۆیدا لە کۆمەڵێك هۆکاریتر پێکدێت کە بیروباوەڕو تێگەشتن و پێشبینیو پێگەیشتنی



مەکتەبی بیروهۆشیاری

کۆمەڵایەتيو سیاسی سەرکردەو مامەڵەی دەوروبەرەکەی ڕۆڵی سەرەکییان دەبێت لە دیاریکردنی ڕێژەی بەشداری سەرکردە لە سیاسەتی دەرەوەدا.

**<u>ب. هۆکارە بابەتییەکان:</u>**

ئەو هۆکارانە دەگرێتەوە کە ژینگەی دەرەکی پرۆسەی دروستکردنی بڕیار لە سیاسەتی دەرەوەدا پێکدێنن و لە هۆکارە ناوخۆيیو هۆکارە دەرەکییەکان پێکدێن.

1. **<u>هۆکارە بابەتییە ناوخۆییەکان</u>:** ئەمانە کۆمەڵێك فاکتەریتر دەگرنەوە کە تارادەیەك نەگۆڕن و بەپاڵنەری سەرەکی سەرکردە دادەنرێن لە کاتی هەڵبژاردنی سیاسەتێك یان بڕیارێکی دیاریکراودا، گرنگترینیان ئەمانەن:

1-1. **<u>خاسیەتە نەتەوەییەکان</u>:** بە پێی ئەو کەسانەی کەسەر بەم ڕایەن هەر نەتەوەیەك خاسیەتی تایبەتی خۆی هەیە کەزۆرینەی هەرەزۆری دانیشتوانی وڵاتەکە لەسەری کۆکن و بەهۆیانەوە نەتەوەیەك لە یەکێکیتر جیادەکرێتەوە، ناتوانرێت بە خێرایی گۆڕانکارییان تێدا بکرێت و کاریگەری ڕاستەوخۆیان هەیە لەسەر دیاریکردنی ئامانجەکانی سیاسەتی دەرەوەی دەوڵەت.

<u>* خاسیەتە نەتەوەییەکانی هەر دەوڵەتێك لە پێنج بواردا دەردەکەون:</u>

- کۆی هێزی نیشتمانی دەوڵەت.
- سروشتی کێشە کۆمەڵایەتیەکانی وەك بێکاریی درێژخایەن.
- پێکهاتەی کۆمەڵایەتی لە رووی دەستەبژێری سیاسیو دابەشبوونی چینایەتيو گروپەکانەوە.
- پێکهاتەی نەتەوەیی وڵات ئایا یەك نەتەوەیە یان زیاترو رادەی پێکەوەگونجان و پێکەوەژیانیان.
- ئاراستە کۆمەڵایەتیەکان و بیروباوەڕە کۆمەڵایەتیەکان.

مەکتەبی بیر و هۆشیاری

<u>بۆ نموونە</u>: سروشتی ژیانی بەرخۆری (استهلاکی) لە ئەمریکادا وایکردووە کە دابینکردنی خۆشگوزەرانی بۆ گەلی ئەمریکا ئامانجی یەکەمی سیاسەتی دەرەوەی ولاٌتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بێت.

*1–2*. <u>جۆری سیستمی سیاسی دەوڵەت</u>: بێگومان لایەنی بەرپرسی راستەوخۆ لە دروستکردنی سیاسەتی دەرەوە بریتیە لە دەسەلاٌتی راپەڕاندن لە دەوڵەتدا، بەلاٌم لە راستیدا ئەم دەسەلاٌتە بە تەنها کارناکات و پەیوەندیەکی توند وتۆڵ دەیبەستێتەوە بە دامودەزگاکانی تری دەوڵەتەوە کە هەموویان پێکەوە بونیادی سیستمی سیاسی دەوڵەت پێکدێنن. هەر لەبەر ئەو هۆیەشە کە چۆنیەتی بڕیاردان یان سنورداركردنی سیاسەتی دەرەوە لە سیستمێکی دیموکراتیدا جیاوازە لە سیستمێکی دەسەلاٌتخوازی تۆتالیتاری، هەروەها کاریگەری رایگشتی و هێزەکانی دەرەوەی دەسەلاٌت و گروپەکانی فشار لەسەر رادەی کراوەیی و قبوڵکردنی جیاوازی لە سیستمی سیاسیدا دەوەستێت.

<u>بۆ نموونە</u>: گۆڕانی سیستمی حوکمڕانی لە سەڵتەنەتی عوسمانیەوە بۆ تورکیای ئەتاتورکی، یان گۆڕانی رژێمە پاشایەتیەکان بۆ کۆماریەکان، یان گۆڕانی یەکێتی سۆڤیەت بۆ کۆماری روسیای فیدراڵ.

تەنانەت لە سیستمێکی دیموکراتخوازیشدا رادەی چالاکی دامەزراوە سیاسیەکان و کاریگەری رای گشتی و گروپەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و کاریگەری راگەیاندن لەسەر دەسەلاٌتی راپەڕاندن تارادەیەك جیاوازن.

<u>بۆ نموونە</u>: دەسەلاٌتەکان لە دەستووری سیستمی پارلمانی و سیستمی سەرۆکایەتدا، یان رادەی چالاکی گەل و هاوولاٌتیان.

* شایانی ئاماژە بۆکردنە لێرەدا جیاوازی ڕاوبۆچوون هەیە لە نێوان پسپۆرانی هەردوو قوتابخانەی ریالیزم ولیبرالیزمدا سەبارەت بە ڕادەی چالاکی سیاسەتی دەرەوە لە سیستمی دیموکراتی و سیستمی تۆتالیتاریدا،



مەکتەبی بیر و هۆشیاری

ریالیستەکان بە پشتبەستن بە رای کەسانی دیموکراتخوازی وەك (ئەلکسیس دی تۆکفیل) و(جۆن لۆك) و لەسەر رای (هانس مۆرگینساو)ی دامەزرێنەری قوتابخانەی ریالیزم ڕایان وایە کە سیستمی دیموکراتخواز لەگەڵ پێداویستیەکانی سیاسەتێکی دەرەکی چالاکدا یەکناگرێتەوە، بەهۆی ئاشکرایی هەنگاوەکانی دەسەلاٌت و شەفافیەتی زانیاریەکان و لێپرسینەوەو چاودێری گەل و بیرۆکراتیەتی سیستمەکەوە کە رێگرن لەبەردەم نهێنی بوون و خێرایی جوڵەو رەفتاری دەرەکی. لە هەمان کاتدا لە سیستمە تۆتالیتارەکاندا خێرایی بریاردان و یەکدەنگی سەرکردایەتی سیاسی و توانای جێبەجێکردنی بڕیارەکان و نهێنی بوونی هەنگاوو زانیاریەکان خاڵی بە هێز پێکدێنن.

بە پێچەوانەوە لیبرالیستەکان رایان وایە کە سیستمی دیموکراتخواز لە مەودای دووردا چالاکترو مەحکەمترە لە سیاسەتی دەرەوە، چونکە سیستمی تۆتالیتار کێشەی گەورەی بۆ دروست دەبێت لەکاتی گۆڕانی سەرکردەکاندا کە لە هەندێك حاڵەتدا بریتیە لە وەرچەرخانی سیاسەتی دەرەوە بە ئاراستەی پێچەوانەدا، یان بەهۆی ناکۆکبوون لەگەڵ رای گشتیدا، یان نەبوونی شەفافیەت لە لێکدانەوەی زانیاریەکان و شاردنەوەی ئەو زانیاریانەی کە بەدڵی سەرکردەنین. بەلاٌم لە بەرامبەردا سیستمە دیموکراتخوازەکان سەلماندوویانە کە لە بەرێوەبردنی سیاسەتی دەرەوەدا توانیویانە ئاشتیی نێوان خۆیان بپارێزن (بیردۆزی ئاشتی دیموکراتی).

*2*. <u>هۆکارە بابەتییە دەرەکییەکان</u>: یەکێك لە خاسیەتە جیاکەرەوەکانی سیاسەتی دەرەوە لە سیاسەتی ناوخۆی دەوڵەت بریتیە لە خاسیەتی دەرەکی بوون. ئەم خاسیەتەش ڕۆڵێکی گەورە دەبینێت لە دیاریکردن و سنووردارکردنی سیاسەتی دەرەوەدا. گرنگترین ئەو هۆکارانەش بریتین لە:

- چۆنیەتی دابەشبوونی هێز لەنێوان یەکە نێودەوڵەتییەکاندا.

مەکتەبی بیر و هۆشیاری

- رادەی جەمسەرگیری سیاسی و ئابوری و سەربازی لە نێوان جەمسەرەکانی هێزدا.
- شێوازی باوی کارلێککردن و رادەی ململانێ و کێبڕکێی خۆپڕچەککردن.
- رادەی پشتبەستنی ئابوری و تەکنەلۆژی لە نێوان وڵاتاندا (پێکەوە بەستران و تەواوکاری).
- چۆنیەتی دابەشبوونی وڵاتان بەسەر هاوپەیمانێتییە جیاوازەکان و بلۆکە سیاسی و ئایدیۆلۆژی و ئابوریەکاندا.
- بواری جوڵەی دەوڵەتان لە نێو تەواوی ئەو بارودۆخە نێودەوڵەتیە ئاڵۆزەدا.

## پێنجەم: جێبەجێکردنی سیاسەتی دەرەوە

پێش ئەوەی باس لە چۆنیەتی جێبەجێکردنی سیاسەتی دەرەوەی دەوڵەت بکەین، یان هۆکارە جۆربەجۆرەکانی دیاری بکەین، پێویستە وەڵامی ئەو پرسیارە بدەینەوە کە ئایا دەوڵەت دەیەوێت چ ڕۆڵێکی هەبێت لە بارودۆخی نێودەوڵەتیدا؟ بۆ وەڵامی ئەم پرسیارەش پێویستە باس لە گرنگترین ڕۆڵە جیاوازەکان بکەین لە سیاسەتی دەرەوەدا.

بەشێوەیەکی گشتی سێ جۆر سیاسەتی دەرەوەی نموونەیی هەن، بۆ نموونە ئەو دەوڵەتەی دەیەوێت پێگەی هێزی خۆی بپارێزێت پەیڕەوی سیاسەتی پارێزگاریکردن لەبارودۆخی باو دەکات، بەڵام ئەگەر دەوڵەتێك بیەوێت هێزی زیاتری دەستکەوێت ئەوا پەیڕەوی سیاسەتی ئیمپریالیانە دەکات، هەروەها ئەگەر دەوڵەتێکیتر بیەوێت توانای هێزی خۆی پیشانبدات ئەوا پەیڕەوی سیاسەتی دەربڕینی مەکانەتی نێودەوڵەتی ئەکات، بەڵام لە نێوان ئەم سێ جۆرە سیاسەتە گشتیەدا چەندین ڕۆڵی جیاواز هەن کە گرنگتینیان ئەمانەن:



مەکتەبی بیر و هۆشیاری

أ. <u>گرنگترین ڕۆڵە جیاوازەکانی دەوڵەتان لە سیاسەتی دەرەوەدا:</u>

*1.* <u>پارێزەری ناوچە (حامي المنطقة):</u> ئەم ڕۆڵە کاتێك دروست دەبێت کە دەوڵەتێکی بەهێز ناوچەیەکی دیاریکراو بە ناوچەی نفوزی خۆی بزانێت و ڕازی نەبێت هیچ دەوڵەتێکیتر بەشداری بکات لە نفوزی ئەو هەرێمەدا.

<u>بۆ نموونە:</u> ئەمریکا لە سەدەی نۆزدەیەمەوە ئەمریکای لاتینی بە ناوچەی نفوزی خۆی لەقەڵەم دەدات و ڕازی نیە بە نفوزی هیچ دەوڵەتێکی تر (مەبدەئی مۆنرۆ)ش باشترین بەڵگەیە کە ئەمریکا ڕێگا نادات بە نفوزی هەر دەوڵەتێکی ئەورووپی لەو ناوچەیەدا. لە پاش جەنگی جیهانی دووەمەوە یەکێتی سۆڤێتی جاران ناوچەی ئەورووپای خۆرهەڵاتی بە ناوچەی نفوزی خۆی دەستنیشان کرد و ڕێگربوو لە بەردەم دەوڵەتانی تردا کە کێبڕکێی نفوزی بکەن (مەبدەئی بریجنێڤ *1968*)یش باشترین بەڵگەیە کە تێیدا سۆڤیەت بەمافی خۆی دەزانێت دەستێوەردان بکات لەو ناوچەیەدا دژی هەر هەوڵێك بۆ گۆڕینی سیستمی حوکمڕانی ئەو وڵاتانەدا و رایگەیاند کە لەوەودواش ڕازی نابێت بە هیچ نفوزێکیتر.

*2.* <u>ئاشتی خواز (المحب للسلام):</u> ئەم ڕۆڵە هەوڵێکە بۆ دەرخستنی سیاسەتێکی دەرەوە کە گونجاوبێت لەگەڵ یاسا و عورفی نێودەوڵەتی و بنەماکانی کاری نەتەوە یەکگرتووەکاندا، نیشانەکانی ئەم ڕۆڵەش بەوەدا دەردەکەوێت کە دەوڵەت هەوڵبدات دەزگاکانی نەتەوە یەکگرتووەکان بەهێز بکات و بەبەردەوامی چالاکی دیبلۆماسیەتی خۆپاراستنی لە کاردا بێت بۆ ڕێگرتن لە تەشەنەکردنی کێشەکان و لە ئەستۆگرتنی ئەرکی ناوبژیوانی و ڕۆڵی لایەنی سێیەم لە چارەسەری کێشەکاندا تا دەگاتە بەشداری چالاکانە لە هێزی ئاشتیپارێزی نەتەوە یەکگرتووەکاندا. باشترین نمایندەی ئەم ڕۆڵەش (دەوڵەتە ئەسکەندەنافییەکان وکەنەدا)یە.

مەکتەبی بیر و هۆشیاری

3. **ئاغای هەرێمی (الزعيم الإقليمي)**: ئەو ڕۆڵەیە کە دەوڵەتێکی هەڵکەوتووی بەهێز لە هەرێمەکەدا دەیبینێت کە کەوتۆتە نێوان کۆمەڵێك دەوڵەت کە لە پلەبەندی هێزدا لەپاش ئەوەوەدێن، بۆیە هەوڵدەدات ڕۆڵێکی چالاکانە ببینێت و سوودمەند بێت لەو پەراوێزی هێزەی کە هەیەتی بەسەر ئەوانیتردا بۆ بەدەستهێنانی هەندێك بەرژەوەندی هەرێمی و پاشانیش قۆستنەوەی ئەو ڕۆڵە هەرێمیە لە هاوکێشە نێودەوڵەتییەکاندا. لێرەدا گرنگە ئاماژە بۆ ئەوە بکەین کە زۆرجار لە هەرێمێکدا چەند دەوڵەتێك کێبڕکێ و ململانێ دەکەن لەسەر بەدەستهێنانی ئەو ئاغایەتیەو ئەمەش بۆخۆی دەبێت بە یەکێك لە کێشەکانی ئەو هەرێمە وەك هەرێمی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

4. **خاوەنی پێگەی تایبەت لە هاوپەیمانێتیدا (المتميز عن حلفائه)**: ئەم ڕۆڵە کاتێك سەرهەڵدەدات کە دەوڵەتێك لەچوارچێوەی هاوپەیمانێتیەکدا پێگەیەکی تایبەتی هەبێت و بگاتە ڕادەیەك کە لە هەندێك مەسەلەدا ڕاوبۆچوونی جیاوازی هەبێت و لە سیاسەتەکانیشیدا ڕەنگبداتەوە کە زۆرجار دەبێتە هۆی جەمسەری سەرەکی هاوپەیمانێتیەکە، وەك ڕۆڵی فەرەنسا لە (حیلفی ناتۆ) و ڕۆڵی ڕۆمانیا لە (حیلفی وارسۆ)دا.

5. **هاوپەیمانی دڵسۆز (الحليف الموثوق)**: ئەم ڕۆڵە پێچەوانەی ڕۆڵی پێشووە، کە تێیدا دەوڵەت ڕۆڵی نزیکترین هاوپەیمانی جەمسەری سەرەکی حیلفەکە دەبینێت، چونکە لە ڕووی سیاسی و ئایدیۆلۆژیەوە تەبان یان بەرژەوەندیەکانیان پێکەوە تێکئالاون، بێگومان ئەم ڕۆڵە پێگەیەکی تایبەت دەبەخشێت بە دەوڵەت بە هۆی سوودمەندبوونی بە نزیکی لە جەمسەری سەرەکیەوە.وەك بەریتانیا بۆ ئەمریکا لە (حیلفی ناتۆ)داو ئەڵمانیای ئیتیحادی بۆ سۆڤێتی لە (حیلفی وارسۆ)دا.



مەکتەبی بیر و هۆشیاری

6. **قەڵای شۆڕش (قلعة الثورة)**: ئەم ڕۆڵە لەو دەوڵەتانەدا بەرجەستە دەبێت کە هەموو کۆمەکێکی هەمەچەشنی ئەو پارت و بزوتنەوەو کۆمەڵە ئۆپۆزیسیۆنانە دەکەن کە لەگەڵ بیروباوەڕو ئایدیۆلۆژیاکەیدا هاوتەبان و سیستمی ئەو دەوڵەتە وەك نموونەی باڵا تەماشا دەکەن و هەوڵی بنیادنانی سیستمێکی هاوشێوە دەدەن لە وڵاتەکانی خۆیاندا وەك ڕۆڵی چینی میللی وکوبا و ئێران.

7. **دەوڵەتێکی نەویستراو لە ناوچەکەدا (الدولة المنبوذة في محيطها)**: ئەمەش بارودۆخی ئەو دەوڵەتانەیە کە مایەی ڕەزامەندی هەرێمەکەیان نین و هاوکاری ناکرێن، هەندێکجار ئەم هەڵوێستە پەیوەندی بە سروشتی دروستبوونی دەوڵەتێکەوەیە لە ناوچەیەکدا کە دەوڵەتەکانی دراوسێی پێی ڕازینابن وەك ئیسرائیل لە جیهانی عەرەبی ئیسلامیدا، یان بەهۆی ئەو فەلسەفەو بیروباوەڕەوە کە هەڵگریەتی وەك ڕژێمی پاکتاوی ڕەگەزی باشووری ئەفریقا لە نێو دەوڵەتە ئەفریقیەکاندا. لێرەدا بۆ شکاندنی ئەو تەوقە دەوڵەتەکە هەمیشە چاوی لە دەرەوەی ئەو هەرێمەیە ودەیەوێت لەڕووی ئابوری و سەربازیەوە تایبەتمەندی هەبێت بەسەریاندا بەهۆی هاوکاری زلهێزانی دەرەوەی هەرێمەکەوە.

8. **سەربەخۆی چالاك (المستقل النشط)**: زۆرجار مەرج نییە سەربەخۆیی لە بڕیارو بێلایەنی سیاسی و ئایدیۆلۆژی ئەوە بگەیەنێت کە دەوڵەت لە دوورەپەرێزی و پەناگیریدا بژی، بەڵکو بە پێچەوانەوە ئەو هەڵوێست و پێگەیەی بواری بۆ دەڕەخسێنێت بۆ چالاکی و متمانەو مایەی قبوڵکردنی لەلایەن هەموو لایەنەکانەوە، وەك ڕۆڵی نەمسا لە هەوڵەکانیدا بۆ ئاشتی و ئارامی نێوان دەوڵەتان لە جەنگی سارددا.

**ب. ئامرازەکانی جێبەجێکردنی سیاسەتی دەرەوەی دەوڵەت:**

**بۆ ئەوەی هەر دەوڵەتێك یەکێك لەو ڕۆڵانە ببینێت کە لە بارودۆخی نێودەوڵەتیدا بۆ خۆی هەڵی بژاردووە، پێویستە ئامرازی گونجاو دیاری بکاتو بیگرێتەبەر بۆ جێبەجێکردنی سیاسەتەکەیو بەدیهێنانی بەرژەوەندیەکانی. بێگومان ئامرازەکان جیاوازنو بەپێی ڕەچاوکردنی بابەتە جیاوازەکانو بارودۆخی نێودەوڵەتیو توانای دەوڵەتو پێگەکەی دەگۆڕێن، بەشێوەیەکی گشتی چوار ئامرازی سەرەکیمان هەیە، ئەوانیش ئامرازی (سیاسی، ئابوری، ڕۆشنبیریو، سەربازی) ن.**

***1*. ئامرازی سیاسیو ئاشتیانە (دیبلۆماسیەت):**

**گومان لەوەدا نییە کە دیبلۆماسیەت ئامرازی یەکەمی جێبەجێکردنی سیاسەتی دەرەوەیە بە تایبەتی لەکاتی ئاشتیدا. بنەڕەتی ووشەی دیبلۆماسی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی یۆنانیەکان کە لە ووشەی (*Diploma*)ەوە وەرگیراوە کە مانا زمانەوانیەکەی بریتییە لەو بەڵگەنامەیەی کە لەلایەن دەسەڵاتێکی ڕەسمییەوە دەردەکرێتو کۆمەڵێك ئیمتیازات دەبەخشێت بە هەڵگرەکەی.**

**لە (قاموسی ئۆکسفۆرد)دا هاتووە کە دیبلۆماسیەت بریتیە لە بەڕێوەبردنی پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکان لە ڕێگەی دانوستانەوە (مفاوضات)، یان ئەو شێوازانەیە کە باڵیۆزو نێردراوەکانی دەوڵەت دەیگرنەبەر بۆبەڕێوەبردنو یەکلاکردنەوەی ئەو پەیوەندیانە. بەکورتی دیبلۆماسیەت بریتییە لە پرۆسەی نوێنەرایەتیکردنو دانوستانی نێوان دەوڵەتان لەسەر پەیوەندییەکانیانو مامەڵە جۆراوجۆرەکانیانو بەرژەوەندییە ئاڵۆزەکانیان. لێرەدا دیبلۆماسیەتی چالاك بەوە دەناسرێتەوە کە ئامرازە سیاسیو ئابوریو ڕۆشنبیریو سەربازیەکانیتری دەوڵەت پشتگیری لێبکەن.**



**جۆرەکانی دیبلۆماسیەت:**

***1*- دیبلۆماسیەتی کلاسیکی یان دوولایەنە، کە بریتیە لە دیبلۆماسیەتی پەیوەندیو گفتوگۆ لە نێوان دوو وڵاتدا. شێوازێکی دێرینی دیبلۆماسیەتەو تائێستاش بەردەوامەو پانتایەکی گەورە لە کاری دیبلۆماسیدا داگیردەکات.**

***2*- دیبلۆماسیەتی بەکۆمەڵ یان دیبلۆماسیەتی کۆنفرانسەکان، ئەو جۆرە دیبلۆماسیەتەیە کە لە ئەنجامی بانگهێشتی دەوڵەتانو ڕێکخراوەنێودەوڵەتیەکانو ئاژانسە تایبەتمەندەکان، بە بەشداری ژمارەیەکی زۆر لە دەوڵەتان سەبارەت بە ئەو بابەتو مەسەلانەی کە جێگەی گرنگیپێدانی هەموویانە پێکدێت.**

***3*- دیبلۆماسیەتی پەرلەمانی یان دیبلۆماسیەتی ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان، ئەم جۆرەیان بە شێوەیەکی گشتی پاش زیادبوونی هەستکردنی حکومەتەکان بە لێپرسراوێتیان لەبەردەم ڕایگشتیدا دروستبووە، بە زۆری لەکاتی خولی کۆبوونەوەکانی دەزگاو بەشەکانی نەتەوەیەکگرتووەکاندا بە ئامادەبوونی نوێنەرانی وڵاتانی ئەندام بەڕێوەدەچێت، کە زۆربەی کێشەکان دەخرێنە بەر باسو لێکدانەوەو گفتوگۆکردن.**

***4*- دیبلۆماسیەتی لوتکە یان دیبلۆماسیەتی سەرۆکەکان، بە زۆری لە ئەنجامی کۆبوونەوەی دووقۆڵی یان زیاتری سەرۆکی دەوڵەتانەوەو لە ئەنجامی دیدارو کۆبوونەوەو گفتوگۆو مۆرکردنی ڕێکەوتننامەکانەوە دروست دەبێت.**

***5*- دیبلۆماسیەتی شەعبی یان دیبلۆماسیەتی ڕاگەیاندن، ئەمەش تەواوی ئەو کارە دیبلۆماسیانە دەگرێتەوە کە بەهۆی پەیوەندیو دیداری ڕاستەوخۆی نوێنەرانی گەلانو پارتو ڕێکخراوە سیاسیە جیاوازەکانەوە کە سەر بە**

مەکتەبی بیر و هۆشیاری

دەوڵـەتی جیـاوازن ڕوودەدات. سـیفەتێکی ڕەسمیـی نیـە، بـەڵام یەکێکـە لـە پێوەرەکانی ئاستی پەیوەندیو پێکەوەژیانی گەلانو ڕێکخراوە جیاوازەکانیان.

6- <u>دیبلۆماسـیەتی خۆپـارێزی یـان ڕێگـرتن (الوقائیـة أو المانعـة)</u>، بە شـێوەیەکی گـشتی بەسـتراوە بـە ڕۆڵو کاریگـەری نەتەوەیەکگرتووەکانـەوە لـە هەندێك کێشەو هەڵوێستی نێودەوڵەتیدا کە بەهۆی هـەبوونی بۆشایی هێز یان مەترسی پەرەسەندنی کێشەیەك نەتەوە یەکگرتووەکان دەستپێشخەری دەکات بە مەبەستی خۆپارێزیو ڕێگرتن لە تەشەنەکردنی کێشەیەك، وەك کێشەکانی (کەنداوی سوێسو قوبرسو لوبنان).

7- <u>دیبلۆماسـیەتی قەیرانـەکان (الأزمـات)</u>، ئـەو جۆرەیـە لـە چـالاکی دیبلۆماسی کە لەکاتی دروستبوونی قەیرانە نێودەوڵەتیەکانـدا دێتەکایـەوەو لایەنە سەرەکیەکانی ئەو کێشەیە یان لایەنی سێیەمو دەوڵەتانی گرنگیدەر بەو قەیرانـە چالاکی دیبلۆماسـی خۆیـان دەخەنەگـەڕ بەمەبەسـتی ئیحتیـواکردنی کێـشەکەو تەشـەنە نـەکردنی یـان بەمەبەسـتی گەیـشتن بـە ڕێگەچـارەیەکی ئاشتیانەی عادیلانە بۆ کێشەکان.

8- <u>دیبلۆماسیەتی مـەکوکی (المکوکیـة)</u>، بـەوجۆرە چالاکیە دیبلۆماسیانە دەوترێت کـە لێپرسـراوی سیاسـەتی دەرەوەی دەوڵـەتێك لـە ماوەیـەکی کەمـدا کۆمـەڵێك دەوڵـەتو پایتـەختی جیاواز دەگـەڕێت بـە مەبەستی نزیککردنـەوەی لایەنەکان و گەمارۆدانی کێشەیەك یان گەیشتن بە ڕێکەوتنامەیەکی نێودەوڵەتی یـان کۆبوونـەوە لەسـەر هەڵوێـستێك یـان بڕیـارێکی دەسـتەجەمعی سـەبارەت بەکێشەیەك.

9- <u>دیبلۆماسیەتی ڕۆشنبیری (الثقافیة)</u>، کەبـەهۆی شۆڕشـی تەکنـەلۆژیو کەمبوونـەوەی ئەگـەرەکانی هەڵگیرسـانی جـەنگو نزیـك بوونـەوەی گـەلان لەیـەکتری، دەوڵـەتان بەشـێك لەچـالاکیەکانیان تـەرخان ئەکـەن بـۆ ئـەوجۆرە



مەکتەبی بیر و هۆشیاری

چـالاکیانەی کـە کـەلتوورو دابو نـەریتو بیروباوەڕەکانیـان دەناسـێنێت بـە گـەلانی دی بەمەبەسـتی لێکگەیـشتنو هاوکـاری زیـاتر، هەنـدێ جـاریش بەمەبەستی بڵاوکردنەوەی ئەو بەهاو دابو نەریتانە لە دەرەوە بەکاردێت.

10- <u>دیبلۆماسـیەتی ئـابووری</u>، کاریگـەری ئـەم چـالاکیانە لەگـەڵ زیـاتر قوڵبوونـەوەی پەیوەندیـە ئابووریـە جیاوازەکـانو پێکـەوە بەسـترانی ئـابووری دەوڵەتانـەوە زیـاتر دەردەکـەوێت، کـە لـە ئەنجامـدا جـۆرێکیتر لـە زلهێـزان سـەریهەڵداوە کـە پێیـان دەوترێت (القـوی العظمـی المدنیـة) وەك یابانو یـەکێتی ئەوروپا..

<u>لێپرسراوییەتیەکانی کاری دیبلۆماسی:</u>

بە شێوەیەکی گشتی لێپرسـراوێتیە سـەرەکیەکان کـاری دیبلۆماسـی دابـەش دەبن بەسەر چوار خاڵدا :

1- <u>پاراسـتنی بەرژەوەندیـەکانی دەوڵـەتو بـەرگریکردن لـە مافـەکانی هاووڵاتیـان لـەدەرەوە</u>: ئـەم لێپرسـراوێتیە وادەخوازێـت کـە دیپلۆماتـەکانی دەوڵەت لە دەرەوە زۆر بە وورییاییەوە ئاگایان لە هەر شتێك بێت کە بەرژەوەندی وڵاتەکەیان یان هاوڵاتیانیان لە وڵاتانیتردا دەخاتـە مەترسیەوە. ڕێگـەی باویش بۆ ئەنجامدانی ئەو ئەرکە بریتیە لە مۆرکردنی پەیماننامە نێودەوڵـەتی یـەکان و ڕێکەوتننامە دوو قۆڵییەکان لەگەڵ دەوڵەتانی تردا.

ئەنجامدانی ئەم لێپرسراوێتیە کارێکی ئاسان نیە بە تایبەت لە کاتی قەیرانـە سیاسیەکاندا، <u>بۆ نموونە</u>: ڕەنگە باڵیۆزخانەکانی دەوڵەت لـەدەرەوە بکەونـە بـەر هێرشیِ کۆمەڵێك لە پەنابەرانەوە کە ئەبێتـەهۆی ئاڵۆزبوونی پەیوەندییـەکان و زیـان لێکـەوتنی بەرژەوەندییـەکان، چـونکە لـەم حاڵەتانـەدا پـچڕاندنی پەیوەندییەکان و کێشانەوەی باڵیۆزەکان و تۆمەتبارکردنی دوو لایەنە شتێکی چاوەڕوانکراوەو ڕەنگـە بگاتـە ئـەوەی کـە لـە ڕێگـەی دەوڵـەتی سـێیەمەوە هـەر

مەکتەبی بیر و هۆشیاری

لایەك چاودێری بەرژەوەندیەکانیان بکەن. لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتیشدا هەر یەکە لە سویدو سویسرا ڕۆڵێکی بەرچاویان هەیە لەم بوارەدا.

2- <u>نوێنەرایەتیکردنی دەوڵەت و گەیاندنی دیدوبۆچوونەکان و ڕوونکردنەوەی هەڵوێستەکانی لەدەرەوە:</u> نوێنەری دیبلۆماسی دەوڵەت لە هەر وڵاتێکی بێگانەدا بریتیە لە سەرچاوەی ڕەسمی بۆ زانیاریەکان و گەیاندنی هەڵوێستەکانی دەوڵەتەکە وڕوونکردنەوەیان بۆ لایەنە پەیوەندیدارەکان. نوێنەری دیبلۆماسی دەوڵەت دەبێت ئەم ئەرکە زۆر بە ووردەکاری و ڕوونی و ڕاستگۆییەوە ئەنجامبدات و نوێنەری هەڵوێستەکانی وڵاتەکەی بێت نەك بۆچوونی شەخسی خۆی ،لێرەدا کەسی دیبلۆمات ئەتوانێت جگە لە دەزگاڕەسمیەکان پەیوەندی دۆستانە ولێپرسراوانە لەگەڵ ڕێکخراوە کۆمەڵایەتی وکلتووریەکان و هۆکارەکانی ڕاگەیاندنیشدا بنیاد بنێت و لە سنووری کاری یاسایی و ڕەچاوکردنی عورفی دیبلۆماسیدا هەڵوێستەکانی وڵاتەکەی بۆ ڕای گشتی ئەو وڵاتە ڕوونبکاتەوە.

3- <u>بەدواداچوونی بەردەوام و ئامادەکردنی ڕاپۆرتی پێویست:</u> یەکێك لە مەرجەکانی سەرکەوتنی سیاسەتی دەرەکی هەر دەوڵەتێك بریتیە لە ئاگاداری و هەبوونی زانیاری پێویست سەبارەت بەهەر دەوڵەتێك لەو دەوڵەتانەی کە سیاسەتەکانیان ئاڕاستە دەکرێت، ئەمەش لەسەر ڕادەی بەدواداچوون و ووردەکاری و ڕاستگۆیی ئەو ڕاپۆرتانە دەوەستێت کە نوێنەرە دیبلۆماسییەکانی دەوڵەت لەدەرەوە ڕەوانەی لایەنە بەرپرسەکانی دەکەنەوە، لەکاتی ئامادەکردنی ئەو ڕاپۆرتانەدا نوێنەری دیبلۆماسی دەوڵەت دەبێت بەووردی لەسەر ئەو بابەتانە بنووسێت کەجێگەی گرنگی پێدانی وڵاتەکەیەتی وباسی ئەو پەرەسەندنە سیاسی وئابوری وکۆمەڵایەتیانە بکات کە



مەکتەبی بیر و هۆشیاری

ڕەنگدانەوەیان لەسەر بەرژەوەندییەکانی وڵاتەکەی هەیە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ.

4- <u>دانوستان (التفاوض):</u> گفتوگۆو دانوستاندن لە هەموو کاتێکدا لایەنێکی سەرەکی و دانەبڕاوە لە ئەرکی کەسی دیبلۆمات و پیشەی دیبلۆماسیەت ،بەشێوەیەکی گشتیش ئەو ئامانجەی کە دەوڵەتێك ئاشکرای دەکات وەك مەبەستی پرۆسەی دانوستان بریتیە لە ئارەزوومەندی دەوڵەت بۆ گەیشتن بە ڕێکەوتننامەیەك سەبارەت بە بابەتێك یان کێشەیەکی دیاریکراو، یان بەلایەنی کەمەوە باسکردن لەو بارودۆخەی کە دەتوانرێت ئاوا ڕێکەوتنێکی تێدا بەرهەم بهێنرێت ،بەڵام لێرەدا مەرج نیە هەموو کاتێك ئامانجی ڕاستەقینەی پرۆسەی دانوستان ئاشکرا بکرێت بۆ ڕای گشتی و ڕاگەیاندن وەك (usa وئێران و گفتوگۆ سەبارەت بە ئێستای عیراق). بەپێی ئەزموونی کاری دیبلۆماسیش ئەوە سەلمێنراوە کاتێك دەوڵەتان پەنا دەبەن بۆ کاری دانوستاندن مانای وایە کە لای خۆیانەوە لەسەر ئەو ئەگەرە کاردەکەن کە گەیشتن بەڕێکەوتنێك بەرژەوەندی هەردووکیان و هەموو لایەکی تێدایە یان بە دەربڕینێکی تر بەردەوام بوونی کێشەکانیان خزمەتی بەرژەوەندیەکانیان ناکات.

دەگونجێت ئامانج لە دانوستان بریتی بێت لە هێشتنەوەی کەناڵێك بۆ پەیوەندی و گفتوگۆ، یان هۆکارێك بێت بۆ دەستکەوتنی زانیاری یان ڕێگرتن بێت لە هەڵگیرسانی ململانێیەکی چەکدارانە یان چەواشەکردن و شاردنەوەی نیەتی دەوڵەت بێت سەبارەت بە بابەتێکی تر یان ڕەنگە دانوستان وەك پڕوپاگەندەی سیاسی بەکاربهێنرێت یان دەگونجێت مەبەست پێی گەیاندنی پەیامێك بێت بەلایەنی سێیەم کەبەشداریش نیە لەدانوستانەکەدا.

### 2. ئامرازە ئابوریەکان:

توانـای ئـابوری یەکێکـە لـە پێکهێنـەرە سـەرەکیەکانی هێـزی نیـشتمانیی دەوڵـەت، لەبـەر ئـەوە وەکـو ئـامرازێکی گرنگـی جـێ بـەجێکردنی سیاسـەتی دەرەوەش بـەکاردەهێنرێت. گـرنگترین ئـەو ئـامرازە ئابوریانـەش کـە دەوڵـەت بەکاریاندێنێت بریتین لە:

أ- تەعریفەی گومرگی.

ب- سنووردارکردنی ئیستیرادی شتومەکی بیانی.

ج- سنووردانان بۆ خەرجکردنی دراوە گرانبەهاکان.

د- ڕێگرتن لە ئاڵوگۆڕی بازرگانی لەگەڵ دەوڵەتە نەیارەکاندا.

ە- گەمارۆی ئابوریو پچڕاندنی پەیوەندیە ئابوریەکان.

و- ڕێوشوێنەکانی تەواوکاری ئابوری (نێودەوڵەتیو هەرێمایەتی).

ز- پێشکەشکردنی کۆمەکی ئابوری.

ح- بلۆك کردنی ڕەسیدی بانکی دەوڵەتان.

ط- هاندانی ئیستیرادو ئاڵوگۆڕی بازرگانی لەگەڵ دەوڵەتێکی دیاریکراودا.

ي- ئامرازی قەرزە دەرەکیەکان.

ئەوەی تێبینی دەکرێت زۆربەی هـەرە زۆری ئەم ئامرازانە کاتێك کاریگـەرتر دەبـن کـە دەوڵـەت دەسـتێوەردانی زیاتربێـت لـە کاروبـاری ئابوریـدا، بـەڵام تـا دەوڵـەت کـەمتر دەسـتێوەردان بکـاتو بـازاڕ ئازادتربێـت کاریگـەرییان کـەمتر دەبێتەوە.

### کۆمەکی ئابوری وەك ئامرازێکی سیاسەتی دەرەوە

ژمارەیـەك لـە پسپۆڕان جۆرەکـانی کۆمـەکی ئـابوری پـۆلێن دەکـەن بـۆ چـوار جۆری سەرەکی کە بریتین لە (کۆمەکی سەربازی، کۆمەکی تەکنیکی، پرۆگرامی



کۆمـەکی بـەهۆی کـاڵاوە، قـەرزی گەشـەپێدان). لەگـەڵ جیـاوازی جۆرەکانیـدا بەشێوەیەکی گشتی بۆ بەدەستهێنانی چەندین مەبەست پێشکەش دەکرێن، لەوانە:

1. بەمەبەستی بەدیهێنانی ئامانجەکانی سیاسەتی دەرەوەی دەوڵەت وەك فشارێك بەکاردەهێنرێت لە بەرامبەر ئەو دەوڵەتانەدا کە سوودمەند دەبن لێیـان، یان هەندێك جار مەرجی تایبەت دەسەپێنرێت لەگەڵ کۆمەکەکاندا.

بـۆ نموونـە/ ئـەمریکا کۆمـەك یـان قـەرزی درێژخایـەن پێشکەش دەکـات بـە وڵاتێـك بەمـەرجێك ئـەو وڵاتـە پێویـستیەکانی خـۆی لـە بازاڕەکـانی ئـەمریکادا بکڕێـت، یـان هـەر لەسـەرەتاوە قـەرزو کۆمەکەکـە لـە شـێوەی کـاڵاو بەرهـەمی ئەمریکیدا پێشکەش دەکرێن نەك پارە.

2. بەمەبەسـتی پروپاگەنـدەی سیاسـیو جـوانکردنی دیمـەنی دەوڵـەت لەکۆمەڵگای نێودەوڵەتیدا بەکاردەهێنرێت.

بۆ نموونە/ هەندێك دەوڵـەت نـادیموکراتین لـە نـاوخۆو لەگـەڵ هاوڵاتیانیانـدا، بەڵام لەکاتی کارەساتێکی مرۆییدا کۆمەك پێشکەش بە هاوڵاتییانی لێقەوماوی وڵاتانیتر دەکەن.

3. بەمەبەسـتی هاوکـاریکردنی ئـەو حکومەتانـەی کـە لـە ڕووی سیاسـیو ئایدیۆلۆژیـەوە هاوپـەیمانی دەوڵـەتی پێـشکەشکەری کۆمەکـەکن بـۆ ئـەوەی حکومـەتی دەوڵـەتی وەرگـری کۆمـەك بـەردەوام بێـتو بـەهێزتربێت لـەڕووی پشتیوانیی جەماوەرییەوە.

بۆنموونە/ هەریەکە لە ئەمریکاو یەکێتی سۆڤێت بەدرێژایی جەنگی سارد لە ڕووی ئـابوری وسـەربازییەوە کۆمـەکی حکومەتـە هاوپەیمانـەکانیان دەکـرد تەنانـەت ئەگـەر ئـەو حکومەتانـە بەشـێوازی نـادیموکراتیش حوکمیـان گرتبێتەدەست.

مەکتەبی بیر و هۆشیاری

4. بەمەبەستی پارێزگاریکردن لە بارودۆخ و پاراستنی ئارامی سیاسی لە ناوچەیەکدا، بیرۆکەی سەرەکیش لەمبارەیەوە پشت دەبەستێت بەو گریمانەیەی کە دەڵێت: خۆشگوزەرانی ژیانی خەڵك و هەلومەرجی ئابوری تەندروست بارودۆخێکی سیاسی و ئەمنی ئارامی لێدروست دەبێت.

<u>بۆ نموونە/</u> لە پاش مۆرکردنی ڕێکەوتننامەی کامپ دیڤید و بەمەبەستی پاراستنی ئارامی و ئاسایش لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، ئەمریکا هەریەکە لە ئیسرائیل ومیسری لە پێشەوەی ئەو وڵاتانەدا دانابوو کە کۆمەکی پێشکەش دەکردن.

5. لەگەڵ رەچاوکردنی ئەو مەبەستانەی سەرەوەدا هەندێك جار کۆمەکی ئابوری بەمەبەستی مرۆیی و ئەخلاقی پێشکەش دەکرێت بە وڵاتە هەژارەکان بەتایبەت لەکاتی کارەساتە سروشتیەکاندا یان بڵاوبوونەوەی هەژاری و قات و قڕیدا.

## <u>میکانیزمەکانی پێشکەش کردنی کۆمەکی ئابوری:</u>

<u>1. پێشکەشکردنی کۆمەکی ئابوری لە چوارچێوەی پەیوەندی دوو قۆڵیدا:</u>
ئەم کۆمەکانە بەپێی ڕێوشوێن و ڕێکەوتننامەی دووقۆڵی لەنێوان دەوڵەتی پێشکەشکەر و دەوڵەتی وەرگری کۆمەکدا دەبێت کە تێیدا جۆر و ڕێژەو چۆنیەتی سوودوەرگرتن و شێوازی بژاردنی قەرزەکان دیاری دەکرێت و بەزۆری دەوڵەتی پێشکەشکەر مەرجەکانی دەسەپێنێت بەسەر دەوڵەتی وەرگردا.

<u>2. پێشکەشکردنی کۆمەکی ئابوری بەهۆی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە:</u> ئەم کۆمەکانە بەپێی ڕێوشوێن و ڕێکەوتننامەی تایبەت و لەڕێگەی دەزگا و بەشەکانی نەتەوە یەکگرتووەکانی وەك ئەنجومەنی ئابوری و کۆمەڵایەتی و ئاژانسە تایبەتمەندەکانەوە پێشکەش دەکرێن، لێرەدا بواری جوڵەی دەوڵەتانی



مەکتەبی بیر و هۆشیاری

وەرگری کۆمەك زیاترەو کەرامەتی نیشتمانیشیان پارێزراوترە بە بەراوورد لەگەڵ میکانیزمی یەکەمدا.

<u>3. پێشکەشکردنی کۆمەکی ئابوری لە چوارچێوەی ڕێوشوێنەکانی تەواوکاریی هەرێمیدا:</u> ئەم جۆرە لە کۆمەك لە میانەی ئەو هەوڵانەدا دەبێت کە لە هەرێمێکی جوگرافی دیاریکراوداو بەهۆی پەیماننامەیەکی فرەلایەنەوە ڕێکخراوێکی ئابوری دروست دەکرێت بەمەبەستی تەواوکاری ئابوری لەو هەرێمەدا وەك کۆمەکەکانی یەکێتی ئەوروپا بۆ ئەورووپای ڕۆژهەڵات.

مه‌كته‌بی بیروهۆشیاری

## ليستى ئەو سەرچاوانەى كە سووديان لێوەرگيراوە:


1. د. إسماعيل صبري مقلد: العلاقات السياسية الدولية: دراسة في الأصول والنظريات (القاهرة: المكتبة الأكاديمية، 1991).

2. د. سعد حقي توفيق: مبادئ العلاقات الدولية (عمان: دار وائل ، 2000).

3. د. عبد القادر محمد فهمي: النظام السياسي الدولي: دراسة في الأصول النظرية والخصائص المعاصرة (عمان: دار وائل، 1997).

4. د. محمد السيد سليم: تحليل السياسة الخارجية (القاهرة: مركز البحوث والدراسات السياسية، 1989).

5. د. صابر فلحوط، د. محمد البخاري: العولمة والتبادل الاعلامي الدولي (دمشق: دار علاءالدين، 1999).

6. د. حسن نافعة، د. محمد شوقي عبد العال: التنظيم الدولي (القاهرة: مكتبة الشروق الدولية، 2002).

7. مارسيل ميرل: سوسيولوجيا العلاقات الدولية (القاهرة: دار المستقبل العربي، 1986).

8. د. محمد منذر: مبادئ في العلاقات الدولية (بيروت: المؤسسة الجامعية، 2002).

9. د. محمود خلف: مدخل إلى علم العلاقات الدولية (عمان: دار زهران للنشر، 1997).

10. د. إبراهيم البشير عثمان: العلاقات الدولية المعاصرة (الرياض: دار العلوم،1990).




مه‌كته‌بی بیروهۆشیاری


11. د. الحسان بوقنطار، د. عبد الوهاب معلمي: العلاقات الدولية (الدار البيضاء: دار توبقال للنشر، 1988).3.

12. جيمس دورتي، روبرت بالستغراف: النظريات المتضاربة في العلاقات الدولية، ت: د. وليد عبد الحي (بيروت: المؤسسة الجامعية للنشر، 1985).

13. د. ريمون حداد: العلاقات الدولية (بيروت: دار الحقيقة، 2000).

14. كارل دويتش: تحليل العلاقات الدولية ، ت: شعبان محمد محمود (القاهرة: الهيئة العامة للكتاب، 1983).

15. د. كاظم هاشم نعمة: العلاقات الدولية (بغداد: مؤسسة دار الكتب، 1979).

16. د. أحمد يوسف أحمد، د. محمد زبارة: مقدمة في العلاقات الدولية (القاهرة: مكتبة الانجلو المصرية، 1985).

17. أدمون جوف: علاقات دولية، ت: منصور القاضي (بيروت: المؤسسة الجامعية،1993).

18. روبرت كانتوري: السياسة الدولية المعاصرة، ت: أحمد ظاهر (عمان: مركز الكتب الأردني،1989).

19. د. عبد الخالق عبد الله: العالم المعاصر والصراعات الدولية (الكويت: عالم المعرفة، 1989).

20. د. عبد الوهاب الكيالي (محرر): موسوعة السياسة (بيروت: المؤسسة العربية،1990).

21. د. عواطف عبد الرحمن: قضايا التبعية الاعلامية والثقافية في العالم الثالث (الكويت: سلسلة عالم المعرفة، 1984).

22. د. مازن إسماعيل الرمضاني: السياسة الخارجية: دراسة نظرية، (بغداد: جامعة بغداد، 1989).

مەکتەبی بیروهۆشیاری



مەکتەبی بیروهۆشیاری

23. د. محمد بوعشة: التكامل والتنازع في العلاقات الدولية الراهنة (بيروت: دار الجيل، 1999).

24. روبرت ي. غروس: استراتيجية العولمة (الرياض: مكتبة العبيكان، 2001).

مه كتەبی بیر و هۆشیاری

# بەشی سێیەم

# ڕێكخراوە نێودەوڵەتییەكان



مه كتەبی بیر و هۆشیاری

## تەوەرەی یەكەم

## سەرهەڵدانی مێژوویی ڕێكخراوە نێودەوڵەتییەكان

**یەكەم: ڕێكخراوە نێودەوڵەتییەكان لە بیری سیاسیدا:**

پێش ئەوەی ڕێكخراوە نێودەوڵەتییەكان وەك ڕاستییەكی بەرچاو بێتە ئاراوەو، لەشێوەی ژمارەیەك دامودەزگای چالاكدا بەشداری بكات لەكارلێككردن و بەڕێوەبردنی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەكاندا، بریتیبوون لە كۆمەڵێك بیروباوەڕی مرۆڤدۆستانە لای هەندێك لە فەیلەسوفان و بیریارە چاكسازیخوازەكان لە كۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا، كە هەمیشە خەونیان بە دونیایەكی پڕ لە ئاشتی و دوور لە نەهامەتییەكانی جەنگەوە بینیوە.

بێگومان ئەم بیریارانە دابەشبوون بەسەر تەواوی گەلانی جیهانداو هەركەسەو لای خۆیەوە بیرۆكەیەك یان خەونێكی هەبووە بۆ داهاتووی مرۆڤایەتی و چۆنیەتی ڕێكخستنەوەی پەیوەندییەكانی نێوان گەلان و برەودان بە گیانی هاوكاری و دووركەوتنەوە لە ململانێ و جەنگ و گەیشتن بەئاشتییەكی جیهانی هەمەلایەن. لەبەر ئەوە جیاوازی هەیە لە دیاریكردنی سەرەتاكانی دروستبوونی بیرۆكەی ڕێكخراوە نێودەوڵەتیەكان، هەندێك دەیگێڕنەوە بۆ چین و هیندی كۆن، هەندێكی تر بۆ یۆنانی كۆن، كەسانێكی تریش باس لە بەشداری بیری ئایینی مەسیحی و ئیسلامی ئەكەن لەو بوارەدا، تادەگەینە ئەوانەی كە ڕایان وایە ئەم بیرۆكەیە زادەی سەردەمی ڕێنیسانسی ئەوروپایە، چونكە لەو سەردەمەدا بوو كە چەند پرۆژەیەك لەلایەن چەند بیریارێكەوە پێشكەشكران كە دەتوانرێت بە سەرەتایەكی دروست بۆ دروست بوونی ڕێكخراوە نێودەوڵەتیەكان دابنرێت.

مەکتەبی بیر و هۆشیاری

لێرەدا بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین ئەو پڕۆژانە لە شێوەی دوو قوتابخانەی فیکریدا پۆلێن بکەین:

أ. قوتابخانەی لاتینی: کە دیارترین بیریارەکانی بریتیبوون لە:

- بییر دیبوا Pierre Dubois (1250–1323)
- سولی Sully (1560–1641)
- ئیمیریك کرۆسیە Emeric Cruce (1590 – 1648)

ئـەم قوتابخانـە فیکرییـە پـشت دەبەسـتێت بـە یاسـا و لۆجیـك لـە بیروباوەڕەکانیـدا، بانگەشـە دەکـات بـۆ سیـستمێکی نێودەوڵـەتی یـان ڕێکخراوێکی نێودەوڵـەتی کە هاوشێوەی سیستمی ناوخۆیی دەوڵـەتان بێت، واتـە خـاوەنی دەسـەڵاتەکانی (یاسـادانان و جێبـەجێکردن و دادوەری) بێـت و لەهەمانکاتیـشدا هەنـدێك هۆکـاری بەدەسـتەوە بێـت بـۆ سـەپاندنی یاسـا و حوکمەکان و بڕیارەکانی بەسەر تەواوی دەوڵەتە ئەندامەکانیدا، کە ببێتە مایـەی دڵنیـابوون (گـەرەنتی) لـە ملکەچکردن و گوێڕایـەڵیان بۆ ڕێکخراوەکـە، ئەمـەش نزیکە لە بیرۆکەی حکومەتی جیهانی (الحكومة العالمية).

ب. قوتابخانەی ئەنگلۆساکسۆنی: دیارترین بیریارەکانی بریتیین لە:

- ولیەم پین Welliam Penn (1644–1718)
- جێرمی بێتام Jeremie Bentham (1748–1832)

ئـەم قوتابخانەیـە لەگـەڵ ئـەوەی کـە بانگـەواز دەکـات بـۆ ڕێکخراوێکـی نێودەوڵەتی، بەڵام نایەوێت دەسەڵات و تایبەتمەندییەکانی سیستمی ناوخۆیی دەوڵـەتی تێدابێت (سـێ دەسـەڵاتەکە)، بـەڵکو لـەبری ئەوە بانگـەواز دەکات بـۆ بڵاوکردنـەوەو تەشـەنەکردنی هاوکـاری ئازادانـە لـە نێـوان دەوڵـەتانی جیهانـدا، ئەمەش لە ڕێگەی پشتبەستن بە ڕای گشتی گـەلانی جیهانـەوە دێتـەدی، چونکە



مەکتەبی بیر و هۆشیاری

هێزێکی مەعنەوی بەڕێکخراوەکە دەبەخشێت بەبێئـەوەی ناچاری بـەکارهێنانی هێزو سەرکوتکردن ببێت.

*چەند تێبینیەك هەیە پێویستە ڕەچاوبکرێت لەکاتی لێدوان لەم پڕۆژانە:

1. ئـەم بیروبـاوەڕو پڕۆژانـە بـە پلـەی یەکـەم تایبـەتبوون بـە کیـشوەری ئەوروپاو جیهـانی مەسـیحییەوە، هـەر بۆیـە لـە بڵاوبوونـەوەو تەشەنەکردنیـشدا سنووورداربوون بە ئەوروپاوە.
2. ئـەم پڕۆژانـە هـەوڵێك بـوون بـۆ پێکهێنـانی ڕێکخراوێکـی نێودەوڵـەتی تایبەت بە دەوڵەتـە مەسـیحییەکان بەمەبەستی ڕێکخستنی هاوکاری نـاوخۆیی لـە نێوانیانـداو، ڕووبەڕووبوونـەوە لەگـەڵ ئیمپراتۆریـەتی عوسمـانی و ڕوسـیای قەیسەری کە مەترسیبوون لەسەر وڵاتانی ئەوروپا لە دەرەوەی سنوورەکانیان.
3. ئـەم پڕۆژانـە لـە کاتێکـدا دژایـەتی شـەڕو ململانێـی نـاوخۆیی نێـوان دەوڵەتـە ئەوروپیـەکان بـوون، بـەڵام بەرامبـەر ڕوسـیای قەیـسەری و خەلافـەتی عوسمـانی ئـەو هەڵوێـستەیان نـەبوو، بـەڵکو هانـدەرو ڕێپێـدەری ئـەو جـەنگ و ململانێیە بوون، ئەمەش لە بەهای جیهانی ئەم پڕۆژانە کەمدەکاتەوە.

* لێـرەدا پێویـستە ئامـاژە بـەوە بکـەین کـە لـە دەرەوەی ئـەوروپاش هـەوڵی فیکـری هـەبوون بـۆ بانگـەوازکردن بـۆ هاریکـاری جیهـانی هەمەلایـەن یـان سنووردار به ئەو کەلتورو ئاینەی کە خاوەن بیرۆکەکە پێشکەشی کردووە، بۆ نموونە هەندێك لە سەرچاوەکان باس لە هەوڵـەکانی فەیلەسوفە موسڵمانەکان دەکـەن لـەم بـوارەدا وەك (ئـەبو نەصـری فـارابی) لـە کتێبـی (آراء أهـل المدينـة الفاضلة) کە بانگەواز ئەکات بۆ پێکهێنانی کۆمەڵگەی نموونـەیی و فەزیلـەتخواز، ئەو کۆمەڵگایـەی کـە لەسـەر بـەهاکانی پشتگیری و هاریکاری نێوان مرۆڤایـەتی

مەکتەبی بیروهۆشیاری

دروست دەبێت. هەروەها هەوڵی (عبدالرحمن الكواكبي) (1902–1848) لە کتێبی (أم القرى) دا کە بانگەوازی کردبوو بۆ (الجامعة الاسلامية) کە لە شێوەی کۆنفرانسێکی ساڵانەدا نوێنەری وڵاتە ئیسلامییەکان لە مەککەی پیرۆز کۆببنەوە، تەنانەت ئەرك‌و دەسەڵاتەکان‌و چۆنیەتی هەڵبژاردن‌و پرۆسەی دەنگدانی ئەو (ڕێکخراوە) شی ڕوونکردوەتەوە، (کۆمەڵەی گشتی، دەستەی کارگێڕی‌و دەستەی ڕاوێژکاران)یشی بۆ پێشنیارکردوە.

**دووەم: ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان‌و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان:**

لە سەرەتای دروستبوونی ئەو هێزانەی کە سنووری یەکەیەکی جوگرافی دیاریکراویان بەزاندوە، جا دەوڵەتی شاری یۆنانی بێت یان ئیمپراتۆریەتەکان یان دەوڵەتی نەتەوەیی، جۆرێك لە پەیوەندی دووقۆڵی لە نێوانیاندا دروست بووە، بەهەردوو ڕووی پەیوەندییەکەوە (جەنگ یان ئاشتی). بەڵام لێرەدا مەبەستمان لە ڕێکخراوی نێودەوڵەتی پەیوەندی نێوان دوو دەوڵەت نییە بە تەنها، بەڵکو پەیوەندی هاوکاری‌و هاوبەشی نێوان چەند وڵاتێکی جیاوازە کە شێوەیەکی سیستماتیکی‌و ڕێکخراو لەخۆی بگرێت.

تەنها بەشداری چەند گەلێکی جیاوازیش بەس نییە بۆ دروستبوونی ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتی، چونکە ئیمپراتۆریەتە جیهانیە مەزنەکانی مێژوو کۆمەڵێك گەل‌و نەتەوەی جیاوازیان لە خۆیان گرتبوو، بەڵام بە ڕێکخراوی نێودەوڵەتی ناژمێردرێن لەبەرئەوەی کۆبوونەوەی ئەوان لەسەر بنەمای هاوکاری ئازادانە نەبووە، بەڵکو تاکە هێزێك هەژموون‌و دەسەڵاتی خۆی سەپاندوە بەسەر ئەوانیتردا.

لە مێژووی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا چەند دیاردەیەکمان هەیە کە دەتوانرێت بە سەرەتای سەرهەڵدانی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان دابنرێن وەك:



مەکتەبی بیروهۆشیاری

**أ. دیاردەی کۆنفرانسە نێودەوڵەتییەکان( المؤتمرات الدولية):**

کۆنفرانسە نێودەوڵەتییەکان بریتین لە کۆبوونەوەی ڕەسمی نوێنەرانی چەند دەوڵەتێکی (ئەوروپی) کە پێکەوە باسیان لە چارەسەرکردنی کێشەیەکی هاوبەش یان چەند کێشەیەکی هاوبەشی نێوانیان دەکرد، پاش ڕاگۆڕینەوەو ئاڵوگۆڕکردنی هەندێك بەرژەوەندی، زۆربەی جار کۆتایی بە ڕێکەوتنێك دەهات لە نێوان بەشداراندا کە مەبەستی سەرەکی خۆی لە گێڕانەوەی هاوسەنگی نێوان هێزە جیاوازەکان دەبینیەوە.

*** نموونە هەرە دیارەکانی ئەو کۆنفرانسە نێودەوڵەتیانە بریتین لە:**

*1*. پەیماننامەی سوڵحی وێستڤالیا ساڵی (*1648*) کە کۆتایی هێنا بە جەنگی (*30*)ساڵەی نێوان کاسۆلیك و پرۆتستانتەکانی ئەوروپا و بەسەرەتایەك دادەنرێت بۆ دروستبوونی سیستمێکی جیهانی کە کۆمەڵێك بنەما و پرانسیپی وەك (سەروەری نیشتمانی دەوڵەت (سيادة الدولة)، دەستێوەرنەدان لە کاروباری ناوخۆیی‌و لاَتانی تر (عدم التدخل في الشؤون الداخلية للدول)، وەلائی نەتەوەیی (الولاء القومي)، یەکسانی نێوان دەوڵەتان (المساواة بين الدول)..هتد) لەخۆی گرت.

*2*. کۆنفرانسی ڤیەننای ساڵی (*1815*) کە لە پاش کۆتایی هاتنی جەنگەکانی ناپلیۆن بەستراو مەبەست لەم کۆنفرانسە بریتیبوو لە دووبارە بنیادنانەوەی دیبلۆماسیەتی ئەوروپی پاش یەکلاکردنەوەی ئاسەوارەکانی جەنگەکانی ناپلیۆن.

*3*ـــ کۆنفرانسی پاریس (*1856*) وکۆنفرانسی لەندەن (*1871*) وکۆنفرانسەکانی بەرلین (*1875*) (*1884–1885*) کە مەستیان بەشێوەیەکی

مەکتەبی بیروهۆشیاری

گشتی بریتیبوو لە پاراستنی سیستمی هاوسەنگی هێزەکان لە نێوان دەوڵەتە زلهێزە ئەوروپییەکانی ئەو سەردەمەدا.

*4*ـ کۆنفرانسەکانی لاهای (*1889*) و(*1907*) کە بە سەرەتای بەشداری دەوڵەتانی نا ئەوروپی دائەنرێت لەو کۆنفرانسانەدا، بە تایبەت لە کۆنفرانسی دووەمدا نزیکەی (*44*) دەوڵەت بەشداربوون کە زۆربەی وڵاتانی ئەمریکای لاتینی تێدابوو.

<u>* چەند تێبینیەك سەبارەت بەم کۆنفرانسانە هەیە:</u>

*1*ـ لەگەڵ ئەوەی سەرەتای ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان دەگەڕێتەوە بۆ ئەم کۆنفرانسانە، بەڵام لە ڕاستیدا ئەم کۆنفرانسانە بریتیبوون لە ڕێکخستنێکی کاتی بۆ پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانو نەبوون بەهۆی دامەزراندنی ڕێکخراوی بەردەوامو خاوەن دامودەزگاو دەسەڵات بۆ بەدیهێنانی هاوکاری ئازادانە لە نێوان دەوڵەتاندا. واتە مەبەستی سەرەکی بریتی بووە لە ڕووبەڕوو بوونەوەیەکی کاتی کێشەکان نەك دۆزینەوەی ڕێگەچارەی هەمیشەیی بۆیان.

*2*. ئەم کۆنفرانسانە بریتیبوون لە تەعبیرکردن لە حاڵەتی ئەو هاوپەیمانێتیو سیاسەتی میحوەرەکانی هێزی ئەو سەردەمەی مێژووی ئەوروپا، کە بە زەعامەتو سەرکردایەتی دەوڵەتە گەورەکان بەڕێوەئەچوون. نەك ببێت بە سەرەتایەك بۆ دانپێدانانی واقیعییانە بە بنەمای یەکسانی نێوان دەوڵەتانو بەدیهێنانی هاریکاری هەمەلایەنەی نێوان دەوڵەتان.

*3*ـ یەکێك لە خاڵەلاوازەکانی ئەو کۆنفرانسانە بریتیبوو لە کارکردن بە بنەمای کۆدەنگی (الاجماع) لە بڕیارەکاندا کە زۆرجار دەبوو بەهۆی ئیفلیجبوونی بڕیارەکان، لەبەرئەوەی هەرچەندە کۆدەنگی بە نیشانەی



مەکتەبی بیروهۆشیاری

بەهێزبوونی بڕیارێك دابنرێت، بەڵام گەیشتن بە کۆدەنگی لە هەموو مەسەلەیەکدا شتێکی مەحاڵو چاوەڕواننەکراوە.

*4*ـ لەگەڵ هەموو ئەو ڕەخنانەدا، بەڵام ئەم کۆنفرانسانە گرنگی خۆیان لەدەستنادەن لەوەدا کە بەسەرەتایەکی جیددی دادەنرێن بۆ هەستکردن بە کێشەکان و هەوڵی چارەسەرکردنیان بە شێوەی کۆمەڵو فرەلایەنی هەرچەندە لەو کاتەدا نەیانتوانی کێشەکان بەتەواوی چارەسەر بکەن، چونکە سەرەتای ئەو کۆبوونەوە هاوبەشانە بوو کە پاشتر متمانەی زیاترو هاوکاری نێودەوڵەتی بەهێزتری لێکەوتەوە، ئەمەش بەخاڵی سەرەتا دادەنرێت لە دروستبوونی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکاندا.

<u>ب. دیاردەی پەنابردن بۆ داوەریکردنی "تەحکیمی" نێودەوڵەتی (التحکیم الدولی):</u>

بێگومان "داوەریی کردن – التحکیم" یەکێکە لە هۆکارەکانی یەکلاکردنەوەی کێشە نێودەوڵەتییەکان بە شێوازی ئاشتیانە. هەر بۆیە لە مێژووی کۆنەوە پەنای بۆ براوە لە پێناو بەدیهێنانی ئاشتیدا. هەروەها هەندێکجار سەرکەوتنی ئەم ڕێگەچارەیە لە یەکلاکردنەوەی کێشەکاندا هۆکارێکی گرنگ بووە بۆ پەیداکردنی متمانەی زیاتر لای دەوڵەتان بۆ ئەوەی زیاتر پەنای بۆ ببەن.

کۆنفرانسەکانی (لاهای) توانییان بنەماکانی تەحکیمی نێودەوڵتی دابڕێژن، هەروەها دامەزراندنی (دادگای دادوەریی نێودەوڵەتی هەمیشەیی – محکمة التحکیم الدولیة الدائمة – *1900*) بە یەکێك لە بەرهەمەکانی کۆنفرانسەکانی (لاهای) دادەنرێت.

لەبەر ئەوە هەرچەندە لە پێش سەدەی بیستەم ڕێکخراوی نێودەوڵەتیمان نەبووە، بەڵام پەنابردن بۆ تەحکیم یەکێك بووە لە ڕێگەکانی یەکلاکردنەوەی

مەکتەبی بیروهۆشیاری

کێشەکان لە نێوان لایەنە جیاوازەکانداو بەسەرەتایەکیش دادەنرێت بۆ دروستبوونی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان لە دواییدا.

**ج. دیاردەی لیژنە هەمیشەییە نێودەوڵەتییەکان (اللجان الدولية الدائمة):**

●لیژنەی ڕووبارە نێودەوڵەتییەکان: ئەم لیژنانە لە پێناو دابینکردن و بەهێزترکردنی ئازادی کەشتیەوانیی لە ڕووبارە نێودەوڵەتییەکاندا دامەزرێنراون. وەك (لیژنەی ڕووباری ڕاین *1815*)و (لیژنەی ڕووباری دانوب *1856*).

●لیژنەی تەندروستی: هەندێك لیژنەی نێودەوڵەتیتر دامەزرێنران کە تایبەت بوون بە بواری تەندروستی و ڕێکخستنی پەیوەندییەکان لەو بوارەدا، وەك لیژنەکانی (قوستەنتینیە و بوخارست).

●لیژنەی قەرزەکان: هەندێك لیژنەی تایبەتتر دامەزرێنران کە تایبەتبوون بە بواری دارایی و بەدواداچوونی قەرزەکان، وەك (لیژنەی قەرزەکانی میسر *1878*) و (لیژنەی قەرزەکانی یۆنان *1897*) و (لیژنەی قەرزەکانی دەوڵەتی عوسمانی *1898*).

**د. دیاردەی یەکێتییە نیودەوڵەتییە کارگێڕییەکان (الاتحادات الدولية الادارية):**

سەرەتاکانی پێشکەوتنی هۆکارەکانی گواستنەوەو گەیاندن لەلایەك و پتەتربوونی پەیوەندییە بازرگانییەکان لەلایەکی ترەوە بواریان ڕەخساند بۆ پەیوەندیی و هاوکاری نێودەوڵەتی بەهێزترو بەردەوام لە نێوان دەوڵەتاندا بە تایبەتی لە ڕووی کارگێڕیی و تەکنیکییەوە، لەبەرئەوە ژمارەکی زۆر یەکێتی نێودەوڵەتی دروستبوون لەو بوارانەدا کە نزیکەی (*150*)یەکێتی بوون پێش (*1914*)، وەك:



مەکتەبی بیروهۆشیاری

* یەکێتی تەلەگرافی نێودەوڵەتی (الاتحاد التلغراف الدولي *1865*) * نووسینگەی نێودەوڵەتیی پێوانەو تەرازووەکان (المكتب الدولي للمقاييس والموازين *1875*) * یەکێتی پۆستەی جیهانی (اتحاد البريد العالمي *1878*) * یەکێتی هێڵەکانی ئاسنین (اتحاد السكك الحديدية *1890*) * یەکێتی پاراستنی موڵکایەتیی پیشەسازی (اتحاد حماية الملكية الصناعية *1883*).. الخ

## تەوەرەی دووەم

## پێناسە و پۆلێنکردنی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان

لەبەڵگە نەویستەکانە کەدیاریکردن و پێناسەکردنی زاراوەی لێکۆڵینەوە دەروازەیەکی گرنگ پێکدێنێت بۆ تێگەیشتن لەبابەتی لێکۆڵینەوەکە. لەبەرئەوە ناساندن و دیاریکردنی مانا و ڕوونکردنەوەی چەمکی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان و جیاکردنەوەی لەو زاراوەو چەمکانەی کە لێوەی نزیکن وەك (ڕێکخستنی نێودەوڵەتی –التنظيم الدولي، سیستمی نێودەوڵەتی – النظام الدولي) یەکێکە لە مەبەستەکانی ئەم وانەیە.

* (سیستمی نێودەوڵەتی – النظام الدولي): بێگومان سیستمی نێودەوڵەتی مانا و مەودایەکی فراوانتری هەیە لە هەریەکە لە (ڕێکخستن و ڕێکخراوی نێودەوڵەتی) لەبەر ئەوەی ئەم زاراوەیە تەواوی ئەو ژینگەیە دەگرێتەوە کە پەیوەندیی و کارلێککردنە نێودەوڵەتییەکانی تێدا ڕوودەدەن بە پێکهێنەرەکانیشیەوە، وەك:

*1.* (یەکە نێودەوڵەتییەکان – الوحدات الدولية): وەك دەوڵەت و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان.

مه كته‌بى بير و هۆشيارى

2. (كارلێكـە نێودەوڵەتييـەكان– التفـاعلات الدوليـة): وەك (هاوكـارى، كێبڕكێ–تنافس، ململانێ).

3. بابەتە نێودەوڵەتييەكان – القضايا الدولية): وەك: (هێز، بەرژەوەندى، تيرۆر، مافى مرۆڤ).

4. (ژينگەى سيستمى نێودەوڵەتى– بيئة النظام الدولي): ئايا سنووردارە يان جيهانييە؟

5. (جەمسەردارى سيستمى نێودەوڵـەتى– قطبيـة النظـام الـدولي): تـاك جەمسەر– القطبية الأحادية، دووجەمسەرى–ثنائية القطبية، فرە جەمسەرى– متعدد الأقطاب).

* (ڕێكخستنى نێودەوڵەتى – التنظيم الدولي): بريتييە لە هەموو ئەو ياساو نـەريتو بنـەماو پەيماننامـەو ڕێكەوتنامـە نێودەوڵەتييانـەى كـە بـوارى پەيوەندييـە نێودەوڵەتييـەكان ڕێكدەخـەنو دەگونجێـت ڕێكخراوێكـى نێودەوڵەتييان لەسەر بنياد بنرێت بۆ بەديهێنانى هاوكارى نێودەوڵەتى (لايـەنى فيكرەو ستاتيك).

* (ڕێكخـراوى نێودەوڵـەتى– المنظمـة الدوليـة): (ڤـيرالى– *Virally*) بـەوە پێناسەى دەكات كە كۆبوونەوەى ژمارەيەك لە دەوڵەتانە لە ئەنجامى ڕێكەوتنى نێوان ئەندامانيـەوە دادەمـەزرێتو، كۆمـەڵێك دامودەزگـاى بـەردەوامى هەيـە كە دابەش دەبن بەسەر چەند بەشێكداو ئەركى بـەديهێنانى ئامانجە هاوبەشـەكانى پێ دەسپێردرێت لە ڕێگەى هاوكارى نێودەوڵەتى نێوان ئەندامەكانيەوە.

* كەواتـە چـەمكى سيـستمى نێودەوڵـەتى لـە هـەردوو زاراوەى (ڕێكخستنو ڕێكخراوى نێودەوڵەتى) فراوانترە، پاشان چەمكى (ڕێكخستنى نێودەوڵـەتى) لـە زاراوەى (ڕێكخراوى نێودەوڵەتى) فراوانترەو لە خۆى ئەگرێت، بەڵام مـەرج نييـە (ڕێكخراوى نێودەوڵەتى) ماناى (ڕێكخستنى نێودەوڵەتى) لەخۆى بگرێت.



مه كته‌بى بير و هۆشيارى

**يەكەم: پێناسەى ڕێكخراوە نێودەوڵەتييەكان:**

بـۆ پێناسـەكردنى زيـاترى چـەمكى ڕێكخـراوى نێودەوڵـەتى پێويـستمان بـە گەڕانـەوە هەيـە بـۆ فيقهـى نێودەوڵـەتىو چـۆنيەتى مامەڵـەكردنى لەگـەڵ ئـەم بابەتەدا، كە بە شێوەيەكى گشتى دابەش دەبێت بۆ دوو ئاراستەى سەرەكى كە دوو ميتۆدى جياوازيان هەيە لە پێناسە كردندا:

(أ). قوتابخانەى ئەنگلۆساكسۆنى كە زيـاتر كـار بـە ميتـۆدى وەسـفى (المـنهج الوصفى)دەكات:

ئـەم ئاراسـتەيە پێناسـەى ڕێكخـراوى نێودەوڵـەتى دەكـات لـە ڕێگـەى دياريكردنو ژماردنى سيفەتەكانيەوە. وەك نموونەى پێناسـەكەى (سێر جيراڵد فـتس مـۆريس) كـە دەڵێـت بريتييـە لـە: (كۆمـەڵێك لـە دەوڵـەتان، لـە ڕێگـەى پەيماننامەيەكـەوە دادەمـەزرێت، دەسـتورێكو چـەند دامودەزگايـەكى گـشتى هەيـە، خـاوەنى كەسـێتى ياسـايى خۆيـەتى كـە جيـاوازە لـە كەسـێتى ياسـايى دەوڵەتە ئەندامەكانى).

بـەڵام هەنـدێك كەسـيتر ئـەم خاڵانـە زيـاتر ووردتـر دەكەنـەوە، بـۆ نزيكـەى (10)خاڵ، وەك:

1. ڕێكخـراوى نێودەوڵـەتى دەبێـت لـە ئـەنجامى ڕێكەتننامەيـەكى نێودەوڵەتى فرەلايەنەوە پێكبهێنرێت.
2. ئەبێت ڕەگەزى بەردەواميى تێدا بێت (الاستمرارية).
3. هەبوونى ئەميندارێتى گشتى (الأمانة العامة).
4. كەسێتى ياسايى نێودەوڵەتى هەبێت (الشخصية القانونية).

مەکتەبی بیروهۆشیاری

5. پێویستە ڕێژەیەك لە حەصانات وئیمتیازاتی هەبێت (الحصانات والامتيازات).

6. هەبوونی مەرجی دانپیانانی نێودەوڵەتی (الاعتراف الدولي بالمنظمة).

7. کۆمەڵێك فەرمانبەری نێودەوڵەتی هەبێت (وجود جهاز من الموظفين الدوليين).

8. دەسەلآتی بڕیار دەرکردنی هەبێت بەسەر ئەندامەکانیەوە (صلاحية اصدار القرارات).

9. پەیوەستبوونی دەوڵەتانی ئەندام بە بڕیارو ڕاسپاردەکانەوە (التزام الدول بالقرارات والتوصيات).

10. پەیوەستبوونی دەوڵەتانی ئەندام بە هەڵگرتنی لایەنی دارایی ڕێکخراوەکە (الالتزام بالميزانية).

**(ب). قوتابخانەی لاتینی کە زیاتر کار بە میتۆدی هەمەکی (المنهج الكلي)دەکات:**

ئەم ئاراستەیە پێناسەی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی دەکات لە ڕێگەی جەختکردنەوە لەسەر لایەنە گشتییەکانی. وەك نموونەی پێناسەکەی (پۆڵ ڕۆیتەر) کە دەڵێت: زاراوەکە لە دوو بەش پێکدێت:

1. ڕێکخراو (المنظمة): کە بریتییە لە کۆبونەوەی کۆمەڵێك دەوڵەت کە ئەتوانن بە بەردەوامیی ئیرادەی قانونی خۆیان دەربڕن بە شێوەیەکی جیاوازو سەربەخۆ لە ئیرادەی تاکی دەوڵەتە ئەندامەکانیان. لە ئەنجامدا دوو ئەنجامی لێئەکەوێتەوە کە بریتیین لە (بەردەوامیی) و(ئیرادەی تایبەت).



مەکتەبی بیروهۆشیاری

2. نێودەوڵەتی(الدولية): کە بە شێوەیەکی گشتی – نەك بە ڕەهایی – لە دەوڵەتان پێکدێت. ئەمەش لایەنێکی وەزیفی لە خۆی دەگرێت کە ئەم دەوڵەتانە دەبێت هەوڵی بەدیهێنانی هاوکاری بدەن .

بە مەبەستی زیاتر ڕوونکردنەوەی پێناسەو چەمکی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی، بە کورتی باس لە گرنگترین ئەو مەرجە سەرەکیانە دەکەین کە بۆ دروستبوونی ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتی پێویستن،وەك:

**1. دەبێت لە ئەنجامی ڕێکەوتننامەیەکی نێودەوڵەتییەوە دروست ببێت:**

هەموو ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتی بەپێی ڕێککەوتننامەیەکی فرەلایەن دروست دەبێت، چونکە دەبێتەهۆی بنیادنانی ڕێکخراوەکەو دیاریکردنی سیستمە یاساییەکەی‌و ڕوونکردنەوەی بەش‌و دەزگا جیاوازەکانی. بە شێوەیەکی گشتی ڕێکەوتننامەی دامەزرێنەری ڕێکخراوەکە چەند ناوێکی هەیە وەك (الميثاق، العهد، الدستور).

**2. هەبوونی قەوارەیەکی بەردەوام‌و تایبەتمەند:**

ڕێکخراوی نێودەوڵەتی پێویستە خاوەنی قەوارەیەکی بەردەوام بێت بۆ ئەوەی ڕێژەیەکی گونجاو لەئارامی‌و درێژخایەنی پێ ببەخشێت، بۆ ئەوەی بتوانێت بڕیار دەربکات‌و جێبەجێی بکات، هەروەها ڕێکخراوی نێودەوڵەتی پێویستە تایبەتمەندو جیاوازبێت لەو ئەندامانەی کەپێکیدەهێنن، بۆنمونە (UN) خاوەن قەوارەیەکی بەردەوامەو لەڕووی پێکهاتەو شوناسەوە جیاوازە لە دەوڵەتە ئەندامە پێکهێنەرەکانی. لێرەدا بۆ ئەوەی ڕێکخراوێك تایبەتمەندو بەردەوام بێت پێویستە ژمارەیەك دامودەزگاو بەشی تایبەتی هەبێت، چونکە تەنها هەبوونی ڕێکخراوێك بەس نییە بۆ ئەنجامدانی کارو چالاکییەکانی، بەڵکو دەبێت دامودەزگای تایبەتی هەبێت بۆ ئەنجامدانی کارەکان‌و بەدیهێنانی ئامانجەکانی‌و بەشداریکردن لە پرۆسەی هاوکاری نێودەوڵەتیدا.

**3. بوونی ئیرادەیەکی سەربەخۆ (کەسێتی یاسایی):**

تایبەتمەندیو بەردەوامی وائەخوازێت کەڕێکخراوی نێودەوڵەتی خاوەنی سەربەخۆییو بڕیاری تایبەت بەخۆی بێت کە جیاوازبێت لە ئیرادەی دەوڵەتە پێکهێنەرەکانی واتە خاوەنی کەسێتی یاسایی نێو دەوڵەتی تایبەت بە خۆی بێت. ئەم سیفەتەش کۆمەڵێك دەرئەنجامی لێدەکەوێتەوە:

أ- ئەم سەربەخۆییە تەنها لە بەرامبەر ئەندامەکانیدا نییە، بەڵکو کەسایەتییە یاسابیەکانیتریش دەگرێتەوە وەك ڕێکخراوەکانیترو دەوڵەتانی نائەندام لە ڕێکخراوەکەدا.

ب- ڕێکخراو بەرپرسیاریەتی کارە یاسایيو نایاساییەکانی خۆی لە ئەستۆ دەگرێت بە پێی ئەحکامەکانی یاسای نێودەڵەتی.

**4. ڕێکخراوی نێودەوڵەتی دەبێت هۆکارێك بێت بۆ هاوکاری نێوان دەوڵەتان:**

مەبەست لەم مەرجە ئەوەیە کە ڕێکخراوی نێودەوڵەتی دەسەڵاتێکی باڵای نییە بەسەر دەوڵەتاندا، بەڵکو هۆکارێکە بۆ هاوکاری نێوانیان لەسەر بنەمای یەکسانی نێوان دەوڵەتانو نابێت سەروەری نیشتمانی دەوڵەتە ئەندامەکان پێشێل بکات. واتە پێکهێنانی ڕێکخراو خۆی لە خۆیدا بریتی نییە لە ئامانج، بەڵکو پێویستە هۆکارێکی چالاك بێت بۆ بەدیهێنانی ئەو ئامانجانەی کە لە پێناویدا دروستبووە.

**دووەم: پۆلێنکردنی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان:**

بۆ پۆلێنکردنی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان پێویستمان بە دیاری کردنی چەند پێوەرێك هەیە:

**1. پێوەری ڕووبەری جوگرافی چالاکییەکانی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی:**



أ- **ڕێکخراوە نێودەوڵەتییە جیهانییەکان (المنظمات الدولية العالمية):** ڕێکخراو بە جیهانی دادەنرێت ئەگەر لە پێکهاتنو چالاکییەکانیدا شێوازێکی جیهانی لە خۆی بگرێت. واتە پێویستە کراوە بێت بە ڕووی هەموو وڵاتانی جیهاندا ئەگەر مەرجەکانی ئەندامێتییان تێدا هاتەدی کە لە میساقی دامەزراندنی ڕێکخراوەکەدا ئاماژەیان پێکراوە، هەروەها لە ڕووی چالاکیو تایبەتمەندییەوە پێویستە نەبەسترابێت بە ڕووبەرێکی جوگرافی دیاریکراوەوە، بەڵکو دەبێت چالاکییەکانی سیفەتێکی جیهانی لە خۆیان بگرن. نموونەی ئەم جۆرە ڕێکخراوانە وەك نەتەوە یەکگرتووەکان (UN).

ب- **ڕێکخراوە نێودەوڵەتییە هەرێمییەکان (المنظمات الدولية الإقليمية):** ئەو ڕێکخراوانە دەگرێتەوە کە لە پێکهاتنو چالاکییەکانیاندا سیفەتێکی هەرێمییان هەیە، وەك ئەوەی تایبەتن بە کیشوەرێکی دیاریکراو کە زمانێك یان بەرژەوەندیەکی هەرێمی کۆیان دەکاتەوە، یان لە ڕووی چالاکیەکانیەوە پەیوەستبێت بە هەمان کیشوەر. وەك ڕێکخراوی کۆمکاری وڵاتانی عەرەبیو یەکێتی ئەفریقا.

**3. پێوەری تایبەتمەندیی ڕێکخراوەکە (معيار الاختصاص):**

أ- **ڕێخراوە گشتییەکان (المنظمات العامة):** ئەم جۆرە ڕێکخراوانە تایبەتمەندیو ئیختیصاصیان لە یەك بواردا نییە، بەڵکو بە شێوەکی گشتی لە بواری جیاوازدا کار وچالاکی ئەنجامدەدەن، جا دەگونجێت جیهانی بێت وەك نەتەوە یەکگرتووەکان، یان هەرێمی بێت وەك یەکێتی ئەوروپا.

ب-**ڕێکخراوە تایبەتمەندەکان (المنظمات المتخصصة):** ئەم جۆرە ڕێکخراوانە تایبەتمەندیو ئیختیصاصیان لە یەك بواردا هەیەو تەنها لەو بوارەدا کارو چالاکی ئەنجامدەدەن، جا هەیە تەنها گرنگی بە کشتوکاڵ دەدات وەك (فاو)، هەیە گرنگی بە ڕۆشنبیری دەدات وەك (یۆنسکۆ).. هتد.

4. <u>پێوەری ئەندامێتی (معیار العضویة):</u>

أ- <u>ڕێکخراوە نێودەوڵەتییە حکومییەکان (المنظمات الدولیة الحکومیة):</u> ئەو ڕێکخراوانە دەگرێتەوە کە ئەندامەکانیان بریتین لە نوێنەری ڕەسمی حکومەتی وڵاتەکەیان،وەك (ڕێکخراوی ئۆپیك).

ب-<u>ڕێکخراوە نێودەوڵەتییە ناحکومییەکان (المنظمات الدولیة غیرالحکومیة):</u> مەبەست ئەو ڕێکخراوانەیە کە ئەندامەکانیان بریتی نین لە نوێنەری ڕەسمیی حکومەتی وڵاتەکەیان،وەك (ڕێکخراوی خاچی سووری نێودەوڵەتی).

ج-<u>ڕێکخراوە نێودەوڵەتییە تێکەڵاوەکان (المنظمات الدولیة المختلطة):</u> مەبەست ئەو ڕێکخراوانەیە کە ئەندامەکانیان بریتین لە تێکەڵەیەك لە نوێنەری حکومەتەکان و هەندێك کەس و لایەنی ناحکومی، وەك (ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتی: کە لە نوێنەرانی حکومەت و خاوەنکار و کرێکارەکان پێکدێت.

## تەوەرەی سێیەم
## بنیادی یاسایی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان

### <u>یەکەم: کەسێتی یاسایی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان</u>

مەبەست لە کەسێتی یاسایی نێودەوڵەتی بریتییە لە ئەهلیەتی بەدەستهێنانی مافەکان و هەڵگرتنی ئەرکەکان و ئەنجامدانی کردەوە و ڕەفتارە یاساییەکان بە پێی حوکمەکانی یاسای نێودەوڵەتی. وەك زانراوە هەموو سیستمێکی یاسایی لە کۆمەڵێك بنەمای یاسایی پێکدێت و ئەو کەسایەتییانەی کە ئەو بنەما یاساییانە دەیانگرێتەوە بریتین لە کەسایەتییە یاساییەکانی ئەو سیستمە یاساییە.



بەگوێرەی ئەم ڕونکردنەوە بێت ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان تا سەرەتای سەدەی بیستەمیش خاوەنی کەسایەتی یاسایی نێودەوڵەتی نەبووە، چونکە فیقهی تەقلیدی بواری یاسایی نێودەوڵەتی تەنها دەوڵەت وەك کەسێتی یاسایی نێودەوڵەتی دەناسێنێت و دانانێت بە کەسێتی یاسایی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکاندا. هەندێك لەوانەی کەسێتی یاسایی بۆ ڕێکخراوی نێودەوڵەتی بە ڕەوا نازانن هۆکارەکەی دەگێڕنەوە بۆ ئەوەی کە کەسێتی یاسایی پەیوەستە بەو قەوارانەوە کە خاوەن سەروەرین (الکیانات صاحبة السیادة) و لەبەر ئەوەی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی خاوەنی خاك و گەل (الاقلیم والشعب) نییە و سەروەری (السیادە)ی نییە کەواتە کەسێتی یاسایی نییە و تەنها دەوڵەت خاوەنی ئەو سیفەتەیە.

بەڵام ئەم حاڵەتە وردە وردە لەگەڵ تێپەڕبوونی کاتدا و لە ماوەی نێوان هەردوو جەنگی جیهانی یەکەم و دووەمدا ئەم ئاڕاستەیە پاشەکشەی کردو ئاڕاستەی دووەم جێگەی گرتەوە کە لەگەڵ دەوڵەتدا داندەنێت بە کەسێتی یاسایی ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکانیشدا. بۆ نمونە (کۆرۆویکز *Korowics*) لە پێناسەی یاسای نێودەوڵەتیدا دەڵێت: بریتییە لە کۆمەڵێك بنەما کە حوکمی پەیوەندییەکانی نێوان دەوڵەتان و ڕێکخراوە نێودەڵەتییەکان دەکەن.

ئەوەی کە جێگەی ئاماژە پێدانە ئەوەیە کە ئەم مشتومرە فیقهیە لە بارەی کەسێتی یاسایی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانەوە لە ساڵی (*1949*) دا یەکلا کرایەوە بە هۆی ئەو ڕا ڕاوێژکارییەی (الرأی الاستشاری) کە دادگای دادی نێودەوڵەتی لە مەسەلەی قەرەبووکردنەوەی ئەو زیانانەی کە لە ئەنجامی خزمەتکردن لە (*UN*)دا دروست دەبن، ئەمەش پاش تیرۆرکردنی (کۆنت برنادۆت) کە ناوبژیوانی (*UN*)بوو لە فەلەستین لە ساڵی (*1948*) لە لایەن جولەکەکانەوە، پاش ئەو ڕووداوە کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان

مەکتەبی بیروهۆشیاری

داوای لە (دادگای داد) کرد کە ڕای خۆی لە بارەی ئەو کێشەیەوە دەرببڕێت‌و، لە ئەنجامدا دادگا ئەوەی یەکلاکردەوە کە (UN) خاوەن کەسێتی نێودەوڵەتی خۆیەتی لە بەرامبەر دەوڵەتانی ئەندام‌و نائەندامیش لە ڕێکخراوەکەدا.

پ/ ئایا دانان بە کەسێتی یاسایی نێودەوڵەتی ڕێکخراوەکە تەنها دەوڵەتە ئەندامەکان دەگرێتەوە یان دەوڵەتانی تریش؟

1. بە شێوەیەکی گشتی ئەم دانپێدانانە لەسەر ئەو دەوڵەتانە دەچەسپێت کە ئەندامن لە ڕێکخراوەکەدا وەکو هەر ڕێکەوتننامەیەکی نێودەوڵەتی فرەلایەن.

بەڵام فتواکەی دادگای داد ئەم چوارچێوەیەی تێپەڕاندووەو دەڵێت: (پەنجا دەوڵەتی ئەندامی نەتەوە یەکگرتووەکان کە زۆرینەی هەرە زۆری کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی پێکدێنن‌و بە گوێرەی حوکمەکانی یاسای نێودەوڵەتی دەتوانن قەوارەیەکی نوێ پێکبهێنن کە خاوەنی کەسێتی یاسایی نێودەوڵەتی بابەتی بێت، نەک تەنها دەوڵەتانی ئەندام دانی پێدابنێن).

هەروەها دادگای دادی نێودەوڵەتی ئەوەشی ڕوونکردوەتەوە کە بۆ ئەوەی (UN) لە لایەک بتوانێت ئەندامەکانی خۆی وەک لە میساقەکەیدا باسکراوە بە تەواوی جێبەجێ بکات‌و لەلایەکی تریشەوە بتوانێت ئەرکەکانی جێبەجێ بکات ئەوا پێویستە خاوەنی کەسێتی یاسایی نێودەوڵەتی بێت.

2. لێرەدا گرنگە ئاماژە بۆ خاڵێك بکرێت ئەویش بریتییە لەوەی کە دانان بە کەسێتی یاسایی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکاندا مانای ئەوە ناگەیەنێت کە هەمان ماف‌و ئەرکەکانی دەوڵەتی بەسەردا دەسەپێنێت وەك دەوڵەتان.

فتواکەی دادگای دادی نێودەوڵەتی بەم شێوەیە ئەم خاڵە ڕوون دەکاتەوە کە دەڵێت: (لە کاتێکدا کە دەوڵەتان خاوەنی هەموو ماف‌و ئەرکە نێودەوڵەتییەکانن کە بەپێی یاسای نێودەوڵەتی پێیان بەخشراوە مەرج نییە ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان ببنە خاوەنی تەواوی ئەو ماف‌و ئەرکانە، بەڵکو



مەکتەبی بیروهۆشیاری

بڕی ماف‌و ئەرکەکانیان لەسەر ئامانج‌و تایبەتمەندییەکان‌وسروشتی کارەکانی دەوەستێت‌و بەشێوەیەکی گشتی ڕێکەوتننامەی دامەزراندنی ڕێکخراوەکە سروشتی کارەکانی ڕێکخراوەکە ئەو چوارچێوەیە دیاری دەکەن.

أ. مەرجەکانی بەدەستهێنانی کەسێتی یاسایی نێودەوڵەتی لە ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتیدا:

1. پێش هەموو شتێك پێویستە ئەندامانی ڕێکخراوەکە دانبنێن بە کەسێتی یاسایی نێودەوڵەتی ڕێکخراوەکەدا.

2. پێویستە ڕێکخراوەکە خاوەنی ئیرادەیەکی تایبەت وسەربەخۆ بێت کە جیاواز بێت لە ئیرادەی دەوڵەتە ئەندامەکانی.

3. پێویستە ڕێکخراوەکە لەسەر بنەمای ڕێکەوتننامەیەکی نێودەوڵەتی دروست بووبێت کە ئامانجەکان‌و تایبەتمەندییەکانی ڕێکخراوەکەی تێدا ڕوونکرابێتەوە.

4. پێویستە ڕێکخراوەکە خاوەنی ژمارەیەك دامودەزگای سەربەخۆ بێت کە دەربڕی ئیرادەی ڕێکخراوەکە بن‌و بتوانن ئامانجەکان‌و ئەرکەکانی جێبەجێ بکەن.

ب. دەرئەنجامەکانی دانپێدانانی کەسێتی یاسایی بە ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان:

1. ئەهلیەتی ڕێکخراوەکە بۆ ئیمزاکردنی ڕێکەوتننامە نێودەوڵەتییەکان:

مەبەست (لەشیاویی ئەهلیەت) بریتییە لە ماف‌و توانای ڕێکخراوەکە کە بتوانێت لەگەڵ دەوڵەتە ئەندامەکان‌و دەوڵەتە نائەندامەکان‌و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانی تردا پەیماننامەو ڕێکەوتننامەی نێودەوڵەتی مۆربکات بە

مەکتەبی بیروهۆشیاری

گوێرەی دەقەکانی میساقەکەی‌و سروشتی تایبەتمەندی‌و ئیختیساسەکانی‌و بەدیهێنانی ئامانجەکانی.

<u>لە نموونەی ئەم ڕێکەوتننامانە</u>: ڕێکەوتننامەی (UN) لەگەڵ دەوڵەتانی ئەندامدا سەبارەت بەو ڕێژەیەی کە پێویستە هێزەکانیان بیخەینە بەردەست ئەنجومەنی ئاسایش لە جێبەجێکردنی بڕیارەکانیاندا. یان ئەو ڕێکەوتننامەیەی کە تایبەتە بە بارەگای ڕێکخراوەکە لەسەر خاکی یەکێك لە دەوڵەتانی ئەندام یان نائەندام، وەك ڕێکەوتننامەی نێوان (UN) و سویسرا لە ساڵی (1946)دا سەبارەت بە بارەگای ئەورووپی (UN)، یان ڕێکەوتنی نێوان (UN)و فەڕەنسا لە ساڵی (1954) سەبارەت بە بارەگای (یۆنسکۆ).

<u>2. ئەهلیەتی ڕێکخراوەکە بۆ سوودمەندبوون لە حەصانات‌و ئیمتیازات:</u>

ئەم مافە لە ئەنجامی دانانان بە کەسێتی یاسایی ڕێکخراوی نێودەوڵەتیدا دروست دەبێت. بنەمای یاسایی ئەم مافانە هەمان بنەمای یاسایی حەصانات وئیمتیازاتی نێردراوە دیپلۆماسیەکانی دەوڵەتانە، کە مەبەستی سەرەکی پشت ئەم مافانە بریتییە لە زامنکردنی بارودۆخێك بۆ نوێنەری دەوڵەتان‌و ڕێکخراوەکان تا بتوانن بە باشترین شێوە کارەکانیان بە ئەنجام بگەیەنن دوور لە دەستێوەردانی دەوڵەتانی تر.

میساقی (UN) ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە دەستەو نێردراوەکانی (UN) لە هەر وڵاتێکی ئەندامیدا خاوەنی ئەهلیەتی یاسایی پێویستە بۆ ئەنجامدانی کارەکانی‌و جێبەجێکردنی ئامانجەکانی، هەروەها هەمان ئەو ئیمتیازاتانەی پێدەبەخشرێت کە پێویستی پێیان دەبێت بۆ ئەنجامدانی کارەکانی، یان پێویستە بواریان بۆ بڕەخسێنرێت تا بە سەربەخۆیی کارەکانیان ئەنجام بدەن.

وەك نەریتێکی یاسایی نێودەوڵەتی پێویستە ئەم حەصانات‌و ئیمتیازاتانە بە پێی ڕێکەوتننامەیەکی نێودەوڵەتی دیاری بکرێن، وەك: ڕێکەوتننامەی



مەکتەبی بیروهۆشیاری

گشتیی تایبەت بەئیمتیازو حەسانەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان (الاتفاقية العامة الخاصة بامتيازات الامم المتحدة وحصاناتها).

## <u>دووەم: ئەندامێتی (العضوية) لە ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکاندا</u>

<u>أ. بەدەستهێنانی ئەندامێتی (إكتساب العضوية)</u>

بناغەی بەدەستهێنانی ئەندامێتی لە ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکاندا بریتییە لە بەشداریکردنی ئەو دەوڵەتە لە مۆرکردنی ئەو میساقەی کە ڕێکخراوەکەی لەسەر دروستکراوە، یان دواتر پەیوەندی بکات‌و ڕەزامەندی خۆی پیشان بدات‌و میساقەکە ئیمزا بکات.

<u>بە شێوەیەکی گشتی ئەندامێتی دابەش دەبێت بۆ دوو جۆری سەرەکی:</u>

<u>1. ئەندامێتی بنەڕەتی (الاصيل)</u>: ئەو دەوڵەتانە دەگرێتەوە کە سەرەتا میساقی دروستکردنی ڕێکخراوەکەیان مۆرکردووە‌و پاشتریش ڕەزامەندییان دووپات کردوەتەوە (التوقيع والتصديق).

(م/3)ی میساقی (UN) ئاماژە دەکات بۆ ئەوەی (ئەندامە بنەڕەتییەکانی (UN) پێکدێن لەو دەوڵەتانەی کە لە کۆنفرانسی (سان فرانسیسکۆ)دا بەشداربوون‌و میساقەکەیان مۆرکردووە‌و پاشتریش (م/110)یان تەسدیق کردوە.

<u>2. ئەندامێتی بەدەستهێنراو (المكتسب)</u>: ئەو دەوڵەتانە دەگرێتەوە کە پاشتر پەیوەندی دەکەن بە میساقی ڕێکخراوەکەوە ودەبن بە ئەندام تێیدا. لە (م/4)ی میساقی (UN) ئاماژەی بۆ کراوە:

﴿1. ئەندامێتی لە (UN)دا ڕێگە پێدراوە بۆ هەر دەوڵەتێکی ئاشتیخواز کە پابەندبێت بە میساقەکەوە‌و (UN) یش شایەتی ئەوەی بۆ بدات کە توانای

پابەندبوونی هەیە. 2. قبوڵکردنی هەر دەوڵەتێکی ئەندام لە (UN)دا بەهۆی بڕیارێکی کۆمەڵەی گشتییەوە دەبێت﴾.

*ـ هەندێکجار ڕێکخراوەکان بەتەواوی پابەندنابن بەچەمکی یاسایی دەوڵەتەوە لە ئەندامێتیدا، بۆ نموونە لە کۆنفرانسی (سان فرانسیسکۆ)دا (هیند وفلیپین) وەك ئەندامی بنەڕەتی ژمێردران، هەرچەندە لەوکاتەدا سەربەخۆیی تەواویان وەرنەگرتبوو.

*ـ هەروەها هەندێکجار بەگوێرەی سروشتو تایبەتمەندی ڕێکخراوەکە جیاوازی هەیە لە قبوڵکردنی ئەندامێتی دەوڵەتێکدا، بۆ نمونە پێش ئەوەی (میرنشینی مۆناکۆ) ئەندامێتی تەواو بەدەست بهێنێت لە (UN)دا لە ڕێکخراوی (WHO)دا ئەندامێتی بەدەستهێنابوو.

*. هەندێکجار سنووری جوگرافی ڕێکخراوەکەو تایبەتمەندییەکەی ئەندامێتی دیاری دەکەن، بۆ نمونە ناگونجێت ڕێکخراوێکی هەرێمی، دەوڵەتێك بەئەندام وەربگرێت کە لە هەرێمێکیتر یان لە کیشوەرێکیتر بێت، یان ناگونجێت دەوڵەتێك کە بەرهەمهێنەری نەوت نەبێت ببێت بەئەندام لەڕێکخراوێکی وەك (ئۆپیك).

*ـ هەندێکجار هۆکاری سیاسی کاریگەری یەکلاکەرەوەی دەبێت لە ئەندامێتی ڕێکخراوێکی دیاریکراودا نەك هۆکاری یاسایی، بۆ نموونە لە کاتی جەنگی ساردو بەتایبەت لە ساڵانی نێوان (1946–1955) دا بەهۆی ململانێی نێوان (خۆرهەڵات/خۆرئاوا)وە قبوڵکردنی ئەندامێتی (فنلەنداو ئیتالیا) پەیوەستکرابوو بە قبوڵکردنی (بولگاریاو هەنگاریاو ڕۆمانیا)وە. بەڵام لە پاش (1955) و کۆتایی هاتنی قۆناغی یەکەمی جەنگی سارد ئەم حاڵەتە کۆتایی هاتو (UN) یش سیفەتێکی جیهانی لە خۆی گرتو لەو ساڵەدا ئەندامێتی (16) دەوڵەت قبوڵکرا.



مه کته‌بی بیر و هوشیاری

ب. لەدەستدانی ئەندامێتی (فقدان العضوية)

لە دەستدانی ئەندامێتی یان کۆتایهاتنی ئەندامێتی لە ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکاندا پەیوەستە بەهەندێك گۆڕانکارییەوە کە بەسەر دەوڵەتەکەو ڕێکخراوەکەدا دێت، کە ئەمانەن:

1. کشانەوە لە ڕێکخراوەکە (الانسحاب):

مافی بە ئەندامبوونی ئازادانەی دەوڵەتان لە ڕێکخراوی نێودەوڵەتیدا لەسەر بنەمای هاوکاری ئازادانە لە هەمان کاتدا ئەو مافە بەدەوڵەتان دەبەخشێت کە لەو ڕێکخراوە بکشێنەوە هەرکاتێك دڵنیابن کەبەرژەوەندی دەوڵەتەکەیان وادەخوازێت.

بەڵام ئەم مافە سەرەتایی و بنەڕەتیە ئەوە ناگەیەنێت کەدەوڵەتان لە هەموو ڕێکخراوەکاندا دەتوانن بەشێوەیەکی ڕەها بەکاریبهێنن، بەڵکو بە پێی ڕێکخراوە جیاوازەکانو سروشتی پێکهاتەو کارکردنیان مەرجی جیاوازیان هەیە لەسەر مومارەسەکردنی ئەو مافە. بۆ نمونە بۆ پاشەکشێکردن لە (بانکی نێودەوڵەتی) تەنها پێشکەشکردنی داوایەکی نوسراو بەسە. بەڵام بۆ پاشەکشەکردن لە پەیماننامەی باکوری ئەتڵەسی (ناتۆ) تا (20) ساڵ بە سەر دامەزراندنی حیلفەکەدا تێپەڕ نەبێت هیچ دەوڵەتێك مافی کشانەوەی نییە. بەڵام هەندێك ڕێکخراوی تر هەیە ماوەیەکی دیاریکراو دادەنێت لە نێوان پێشکەشکردنی داوای کشانەوەو کاتی جێبەجێکردنیدا، بۆ نمونە (WHO) ماوەی ساڵێکی داناوە، بۆ ئەوەی فرسەتێك بدات بە دەوڵەتەکە نەوەکو لەبڕیارەکەی پەشیمان ببێتەوە.

جێگەی ئاماژەپێدانە کە میساقی نەتەوە یەکگرتووەکان هیچ ئاماژەیەکی تێدانییە سەبارەت بە کشانەوە لە (UN). چونکە ڕێکخراوی (UN) لەسەر بنەمای هەوڵدان بۆ پاراستنی ئاشتیو ئاسایشی نێودەوڵەتی دروست بووە،

مەکتەبی بیر و هوشیاری

هەرکاتێك دەوڵەتێك ویستی لەچوارچێوەی (UN) دا کارنەکات ئەوا هیچ دەقێك ناتوانێت ڕێگەی ئەوەی لێبگرێت و لە مێژووی (UN) تەنها ئەندەنوسیا دژی بەئەندامبوونی مالیزیا لەئەنجومەنی ئاسایشدا لە (UN) کشاوەتەوە، کە ئەویش پاش ماوەیەك لە بڕیارەکەی پەشیمان بووەو گەڕایەوە (UN).

*2*. **هەڵپەساردنی ئەندامێتی (وقف العضوية):**

هەڵپەساردنی ئەندامێتی کۆتایی هێنانێکی کاتییە بە ئەندامێتی لە ڕێگەی بێبەشکرنی ئەندام لەمافەکانی ئەندامێتیو مافی دەنگدان. ئەم حاڵەتەش زۆرجار لە ئەنجامی پێشێلکردنی حوکمەکانی میساقەکەو پابەندنەبوون بە بڕیار وڕاسپاردەکانی ڕێکخراوەکەوە دروست دەبێت.

ڕێکخراوەکان پەنا دەبەن بۆ هەڵپەساردن وەك سزایەك بۆ ئەوەی دەوڵەتە ئەندامەکان پابەندبن بە میساقەکەو ئەرك‌و لێپرسراوێتیەکانیان. (م/*5*) لە میساقی (UN) ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە کۆمەڵەی گشتی دەتوانێت ئەندامێتی هەڵپەسێرێت لەسەر بنەمای ڕاسپاردەیەکی ئەنجومەنی ئاسایش.

بەڵام ئەم سزادانە ئەوە ناگەیەنێت کە ئەو دەوڵەتە لە ئەرك‌و لێپرسراوێتییەکانی بەرامبەر ڕێکخراوەکە دەرباز دەبێت، بەڵکو ئەو ئەرکانە بەردەوام دەبن بە ئەرکە داراییەکانیشەوە.

*3*. **دەرکردن لە ڕێکخراوەکە (الفصل):**

دەرکردن بریتییە لەدوا قۆناغی مامەڵەکردنی ڕێکخراوەکە لەگەڵ دەوڵەتە ئەندامەکاندا، کاتێك دڵنیابێت کە هیچ چارەسەرێکی تر سوودی نییە.

(م/*6*) لە میساقی (UN) ئاماژە بۆ ئەم مافەی ڕێکخراوەکە دەکات کاتێك کە دەوڵەتێکی ئەندام بەردەوام میساقەکە پێشێل بکات، بە پێی بڕیارێکی کۆمەڵەی گشتی‌و ڕاسپاردەیەکی ئەنجومەنی ئاسایش، بڕیاری دەرکردنەکە جێبەجێ دەکرێت.



مەکتەبی بیر و هوشیاری

لە (م/*18*) میساقی کۆمکاری عەرەبی ئاماژە کراوە بۆ ئەوەی کە ئەنجومەنی کۆمکار دەتوانێت هەر دەوڵەتێك ئەگەر ئەرکەکانی ئەم میساقە جێبەجێ نەکات ئەوا بە بڕیارێکی کۆدەنگی دەوڵەتەکان، جگە لە دەوڵەتە سزادراوەکە، ئەو دەوڵەتە دەربکات لە کۆمکار.

بەڵام (یونسکۆ) ڕێگایەکی تری هەیە، بۆ نمونە هەر دەوڵەتێك کە لە (UN) دەربکرێت ئەمیش لە (یونسکۆ) دەریدەکات وەك هاودەنگییەك لەگەڵ (UN)دا.

*4*. **ڕازی نەبوون لەسەر ئەو هەموارکردنانەی کە پاشتر لە میساقی ڕێکخراوەکەدا دەکرێن:**

شتێکی بەڵگەنەویستە کە ئەندامێتی دەوڵەتێك لە ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتیدا لەسەر ئەو بنەمایە دروست دەبێت کە دەوڵەتەکە لە میساقی ڕێکخراوەکەدا هۆکاری بەدیهێنانی بەرژەوەندییەکانی خۆی دەزانێت، بەڵام پاش هەر گۆڕانکارییەك لەو میساقەکەدا ئەوا مافی دەوڵەتەکەیە ئەگەر ڕازی نەبوو لە ڕێکخراوەکە جیاببێتەوە خۆی نەخاتە ژێر ئەو ئەرکە تازانەوە کە لە ئەنجامی هەموارکردنی میساقەکەوە دروست دەبن.

لێرەوە (کۆمەڵەی گەلان) ڕازی نەبوونی هەر دەوڵەتێکی ئەندام بە هەموارکردنی میساقەکە لە داهاتوودا بە هۆکارێکی گونجاو دەزانێت بۆ کۆتایهێنانی ئەندامێتی ئەو دەوڵەتە.

**سێیەم: نوێنەرایەتیکردن (التمثیل) لە ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکاندا**

أ. ڕێگەکانی نوێنەرایەتیکردن:

بەشێوەیەکی گشتی نوێنەرایەتی دەوڵەتێك لە ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتیدا بە دوو ڕێگە دەبێت، یان لە ڕێگەی نوێنەرایەتی بەردەوام (بعثة دائمة) یان لە ڕێگەی نێردراوەکانەوە (الوفود).

1. نوێنەرایەتیکردنی بەردەوام:

ئەم ڕێگەیە لە نوێنەرایەتیکردن کاریگەری ئیجابی هەیە لەسەر سروشتی کارەکانی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانو ئاستی پەیوەندییەکانی نێوان سکرتاریەتی ڕێکخراوەکەو نوێنەرایەتیکردنی دەوڵەتە ئەندامەکانیش، بە تایبەت لەو کاتانەدا کە ڕێکخراوەکە لە کاتی کۆبوونەوەی ئاسایی خۆیدا نییەو ئەم نوێنەرایەتییە بەردەوام کەناڵی پەیوەندی هەمیشەیی دابین دەکات لە نێوان ڕێکخراوەکەو ئەندامەکانیدا. ﴿ڕێکەوتننامەی ڤیەنناى ساڵی 1975 کە تایبەتە بە نوێنەرایەتیکردنی دەوڵەت لە ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکاندا ئەم پەیوەندییانە ڕێکدەخات﴾.

گرنگترین ئەرکەکانی دەستەی نوێنەرایەتیکردن بریتین لە:

- نوێنەرایەتیکردنی دەوڵەتەکەیان لای ڕێکخراوەکە.
- ڕێکخستنی پەیوەندی لە نێوان دەوڵەتەکەیو ڕێکخراوەکەدا.
- ئەنجامدانی ئەرکی دانوستان لەگەڵ ڕێکخراوەکەدا.
- کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر چالاکی ڕێکخراوەکەو ناردنی ڕاپۆرت بۆ دەوڵەتەکەی.
- بەشداریکردن لە چالاکی ڕێکخراوەکەدا.
- پاراستنی بەرژەوەندییەکانی دەوڵەتەکەی لە ڕێکخراوەکەدا.
- بەشداریکردن لە بەدیهێنانی ئامانجەکانی ڕێکخراوەکەدا.

2. نێردراوی دەوڵەت بۆ ڕێکخراوەکە یان بۆ بەشداری لە کۆنفرانسەکانیدا:

بە شێوەیەکی گشتی دەوڵەت لای بەشەکانی ڕێکخراوەکەو دامودەزگاکانی یان بۆ ئەو کۆنفرانسانەی کە ڕێکخراوەکە ڕێکیاندەخاتو بانگەشەی ئەندامەکانی دەکات بۆ بەشداریکردن تێیدا نێردراوی تایبەتی خۆی بەپێی



پێویست ڕەوانە دەکات. ژمارەو ئاستی نوێنەرایەتیکردنەکە بەپێی سروشتی کارەکەو مەبەستەکانی نێردراوەکان دەگۆڕێت، واتە دەستەیەکی نێردراو بۆ نوێنەرایەتیکردنی دەوڵەت لە بەشێکی ڕێکخراوەکەدا یان لە ئاژانسێکی تایبەتمەنددا جیاوازە لە ژمارەو پێکهاتەی دەستەیەکی نێردراو بۆ بەشداری لە کۆنفرانسێکدا کە ڕێکخراوەکە بۆ مەبەستێکی تایبەت سازی کردبێت.

ب. کێشەکانی نوێنەرایەتیکردن لە ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکاندا:

1. کێشەی دانپێدانانی مەشروعیەتی نوێنەرەکانی دەوڵەتانی ئەندام لە ڕێکخراوەکەدا: لێرەدا مەبەست ئەوە نییە کە نەتوانرێت لێکۆڵینەوە لە (أوراق إعتماد)ی نوێنەرەکە بکرێت، بۆ نمونە هیچ کێشەیەك دروست نابێت ئەگەر سەرۆکی دەوڵەت یا سەرۆك وەزیران یان وەزیری دەرەوە نوێنەرایەتی دەوڵەتەکە بکەن، چونکە هیچکام لەوانە پێویستی بە پێشکەشکردنی (أوراق إعتماد)نییە، یان ئەگەر نوێنەری دەوڵەت هەڵگری بەڵگەنامەی ڕەسمی بێت کە لەلایەن یەکێك لەو سێ کەسەوە ئیمزا کرابێت.

بەڵکو کێشەکە لەوەدا دروست دەبێت کە لەیەك لایەن زیاتر ئیدیعای نوێنەرایەتیکردنی دەوڵەتێك بکەن، واتە کێشەی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی لەوەدایە کە تا چ ڕادەیەك ئازادیو توانای ئەوەی هەیە کە مەسەلەی نوێنەرایەتیکردنەکە یەکلابکاتەوە بۆ یەکێك لەو لایەنانە، بەتایبەت ئەگەر زیاد لە حکومەتێکی ئەمری واقیع لە هەرێمێکدا داوای دانپێدانانی ڕێکخراوەکەیان دەکرد سەبارەت بە مافی نوێنەرایەتیکردنی ئەو حکومەتە لە ڕێکخراوەکەدا.

وەك نمونەیەك لەسەر ئەم حاڵەتە دەتوانین ئاماژە بەو کێشەو مشتومڕە درێژخایەنە بدەین کە لە (UN)دا دروست بوو لە ساڵانی (1950-1971) سەبارەت بە یەکلاکردنەوەی نوێنەرایەتی چین لە (UN)دا، کێشەکەش ئەوە

مەكتەبی بیر و هۆشیاری

بوو ئایا مافی حکومەتی چینی میللییە کە نوێنەرایەتی چین بکات یان مافی حکومەتی چینی نیشتمانییە کە نوێنەرایەتییەکە بکات.

2. <u>کێشەی نوێنەرایەتیکردنی قەوارەی نادەوڵەت لە ڕێکخراوی نێودەوڵەتیدا:</u> هەروەك لە ناوی (ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان)ەوە دیارە لە بنەڕەتدا نوێنەرایەتیکردن تەنها بۆ دەوڵەتانە، بەڵام ژمارەیەك لەو ڕێکخراوانە کە سروشتێکی تەکنیکیو ناسیاسیان هەیە وەك ئاژانسە تایبەتمەندەکان(الوکالات المتخصصة) ی سەر بە ($UN$) هەندێکجار ڕەزامەندی خۆیان نواندووە لەسەر نوێنەرایەتیکردنی هەرێمێك کە هێشتا وەسفی دەوڵەتی بەسەردا ناچەسپێت.

بۆ نمونە قبوڵکردنی نوێنەرایەتی هەندێك لە هەرێمەکانی ژێر دەسەڵاتی فەڕەنسا پێش ئەوەی سەربەخۆیی تەواو وەربگرن لە هەندێك ڕێکخراوی وەك (یەکێتی پۆستەی جیهانی).

هەروەها قبوڵکردنی نوێنەرایەتی ڕێکخراوە هەرێمییەکان لە ڕێکخراوە جیهانییەکاندا نمونەیەکیتری ئەم حاڵەتەیە، هەروەها وەك قبوڵکردنی نوێنەرایەتیکردنی (کۆمکاری وڵاتانی عەرەب) و (یەکێتی ئەوروپا) و (یەکێتی ئەفریقا) لە ($UN$)دا بەسیفەتی چاودێر، یان قبوڵکردنی نوێنەرایەتی بزووتنەوە ڕزگاریخوازەکان لە ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکاندا، وەك قبوڵکردنی (ڕێکخراوی ڕزگاریخوازی فەلەستین) لە کۆمەڵەی گشتی ($UN$)دا بە سیفەتی چاودێر.

3. <u>کێشەی ئازادی دەوڵەتان لە دیاریکردنی نوێنەرەکانیاندا:</u> لە بنەڕەتدا دەوڵەت خاوەنی ئازادی تەواوە لە دەستنیشانکردنی نوێنەرەکانیدا، بەڵام پەیماننامەی هەندێك لە ڕێکخراوەکان ئەم ئازادییە سنووردار دەکاتو مەرجی



مەكتەبی بیر و هۆشیاری

تایبەت دیاریدەکات بۆ نوێنەرەکان بەمەبەستی بەشداریکردنی چالاکانە لە بەدیهێنانی ئامانجەکانی ڕێکخراوەکەدا.

کەواتە ئەم دیاریکردنە پەیوەستە بە پێکهاتەی ڕێکخراوەکەو سروشتی ئامانجەکانیەوە، بۆ نمونە (ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتی) نوێنەرایەتییەکی سێ لایەنە دەسەپێنێت بەسەر ئەندامانىدا کە لەگەڵ نوێنەری حکومەتەکاندا پێویستە نوێنەری کرێکارانو خاوەنکارانیش لە وەفدەکەدا بەشداربن.

4. <u>ئاسەواری دانپیانانی نێودەوڵەتی لەسەر نوێنەرایەتیکردنی ئەو دەوڵەتە لە ڕێکخراوەکەدا:</u>

بە شێوەیەکی گشتی ئەگەر ئەو دەوڵەتەی کە بارەگای ڕێکخراوەکە لەسەر خاکەکەیەتی ئیعتراف نەکات بە دەوڵەتێك، نابێت هەڵوێستی ئەو تاکە دەوڵەتە کاریگەری لەسەر نوێنەرایەتی دەوڵەتەکە لە ڕێکخراوەکەدا هەبێت، چونکە ئەم نوێنەرایەتییە لای ڕێکخراوەکەیە نەك لای دەوڵەتی خاوەن خاك، بە مەرجێك ڕێکەوتننامەی بارەگای (اتفاقية المقر) نێوان ڕێکخراوەکەو دەوڵەتی خاوەن خاك شتێکی پێچەوانەی ئەمەی تێدا نەبێت.

کاری هاوبەشی نێودەوڵەتیش لەسەر ئەوە چەسپاوە کە بەشداری نوێنەرایەتی دەوڵەتە جیاوازەکان لە ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتیدا مانای ئەوە نییە کە ئەو دەوڵەتانە ئیعتیراف بەیەکتر دەکەن یان کاریگەریی هەبێت لە نوێنەرایەتیکردنیان لە ڕێکخراوەکەدا، بۆ نمونە ئەندامێتیو نوێنەرایەتی ئیسرائیلو دەوڵەتە عەرەبییەکان لە ($UN$) و ئاژانسە تایبەتمەندەکاندا شانبەشانی یەکتری ئەوە ناگەیەنێت کە ئەو دەوڵەتانە ئیعتراف بە ئیسرائیل دەکەن.

**ج. دەرئەنجامەکانی نوێنەرایەتی دەوڵەتێك لە ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتیدا:**

*1*. دەوڵەتی خاوەن خاك ناتوانێت ئەندامەکانی ئەو نوێنەرایەتییە بە کەسانی نەویستراو (أشخاص غير مرغوب فيهم) دابنێت‌و داوای بەجێهێشتنی وڵاتیان لێبکات، چونکە ئەو کەسانە نوێنەرن لای ڕێکخراوەکە نەك لای دەوڵەتی خاوەن خاك.

*2*. ڕێکخراوەکە دەتوانێت پێشوازی نوێنەرانی دیبلۆماسی دەوڵەتێك بکات هەرچەندە ئەو دەوڵەتە پەیوەندی دیبلۆماسیشی لەگەڵ دەوڵەتی خاوەن خاکدا نەبێت.

*3*- بنەمای مامەڵەی هاوچەشن (المعاملة بالمثل) لە نێوان دەوڵەتی خاوەن نوێنەرو دەوڵەتی خاوەن خاکدا جێبەجێ ناکرێت.

*4*. بەشێوەیەکی گشتی پەیوەندی نێوان نوێنەرانی دەوڵەتان لە ڕێکخراوەکە لەگەڵ دەوڵەتی خاوەن خاکدا لە ڕێگەی ڕێکخراوەکەوە دەبێت نەك بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ.

## تەوەرەی چوارەم

## نەتەوە یەکگرتووەکان (الأمم المتحدة)

لە ڕاستیدا پێش ئەوەی باس لە دروست بوونی نەتەوە یەکگرتووەکان بکرێت، پێویستە باس لە هۆکارەکانی شکستهێنانی ئەزموونی ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی پێشوو بکەین کە بریتییە لە کۆمەڵەی گەلان (عصبة الأمم)، چونکە سەرەتایەکی گرنگە بۆ ئەوەی لە نەتەوە یەکگرتووەکان زیاتر تێبگەین.



**هۆکارەکانی شکستهێنانی کۆمەڵەی گەلان بە شێوەیەکی گشتی دابەش دەبن بۆ دوو هۆکار:**

**أ. هۆکارێك پەیوەندی بە لایەنی بونیادی ڕێکخراوەکەوە هەبوو**، وەك ئەوەی ڕێکخراوەکە نەیتوانی ئامانجەکانی خۆی بەدەست بهێنێت‌و ئامرازێکی چالاکی نەبوو بۆ جێبەجێکردنی بڕیارەکانی‌و نەیتوانی مەسەلەی چەکداماڵین چارەسەر بکات، تا دەگاتە ئەوەی کە سیستمی کۆدەنگی (الاجماع) لە بڕیارداندا ببوو بە ڕێگر لە بەردەم گەیشتن بە بڕیاری گونجاوی خێرا لە بارەی کێشەکانەوە..هتد.

**ب . هۆکاری دووەم پەیوەندی هەبوو بە لایەنی چالاکی ڕێکخراوەکەوە**، وەك ئەوەی بە ئەندام نەبوونی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە کۆمەڵەی گەلانداو درەنگ پەیوەندیکردنی یەکێتی سۆڤێت‌و پاشان دەرکردنی‌و کشانەوە بەردەوامەکانی ئەندامە هەمیشەییەکان لە کۆمەڵەکە حاڵەتێکی ئیفلیجبوونی دروستکردبوو. هەروەها کۆمەڵەی گەلان نەیتوانی ڕێگربێت لە بەردەم داگیرکردنی دەوڵەتانی ئەندامی وەك (چین‌و نەمساو حەبەشە) لە لایەك‌و، دەستدرێژیکردنی دەوڵەتانی ئەندامی وەك (ئەڵمانیاو یابان‌و ئیتالیا) بۆ سەر ئەندامانی تر. سەرەڕای دەستەوسانبوونی لە دۆزینەوەی چارەسەر بۆ کێشەکان.

ئەم هۆکارانە پێکەوە ڕێگەیان خۆشکرد بۆ ئەو دەوڵەتانەی کە لە بارودۆخەکە ناڕازیبوون بۆ خستنەگەڕی هەوڵەکانیان لە پێناو دروستکردنی ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتیی تۆکمەترو چالاکتر.

**کورتەیەکی مێژوویی لە بارەی نەتەوە یەکگرتووەکان:**

*1*- لە ساڵی (*1941*)دا (بەڵێنی ئەتڵەسی) لەلایەن (ڕۆزفلت‌و چەرچڵ) ەوە دەرکرا، کە ئاماژەیەکی تێدایە لەسەر پێویستیی دامەزراندنی سیستمێکی ئاسایشی بەردەوام‌و گشتی.

مەکتەبی بیر و هۆشیاری

*2*. لە ساڵی (*1942*)دا (بەڵێنی واشنتۆن) لەلایەن (*26*) دەوڵەتەوە ڕاگەیەنرا، کە ناوی (نەتەوە یەکگرتووەکانیان) لە خۆنابوو، تێیدا جەختکراوەتەوە لەسەر (بەڵێنی ئەتڵەسی).

*3*ـ لە ساڵی (*1943*)دا (بەیاننامەی مۆسکۆ) لەلایەن (سۆڤیەت و ئەمریکا و بەریتانیا و چین) ەوە دەرکرا، کە بۆ یەکەمجار بە ڕەسمی باس لە پێویستیی ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتیی نوێ کراوە.

*4*ـ لە ساڵی (*1944*)دا (بەیاننامەی تاران) لەلایەن (ڕۆزفلت و چەرچڵ و ستالین)ەوە مۆرکرا، کە تێیدا جەختکراوەتەوە لەسەر هاوکاریی و جێبەجێکردنی بنەماکانی (بەڵێنی ئەتڵەسی).

*5*ـ لە ساڵی (*1944*)دا گفتوگۆکانی (دامبرتۆن ئۆکس) لەلایەن (سۆڤیەت و ئەمریکا و بەریتانیا و چین)ەوە بەڕێوەچوو سەبارەت بە پێکهێنانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان.

*6*ـ لە ساڵی (*1945*)دا کۆنگرەی (یاڵتا) لەلایەن (سۆڤێت و ئەمریکا و بەریتانیا)ەوە بەڕێوەچوو سەبارەت بە مەسەلەکانی پێشوو لەگەڵ باسکردنی سیستمی دەنگدان لە (*UN*)دا.

*7*. لە (*26/4/1945*)دا لە کۆنگرەی (سان فرانسیسکۆ)دا و لەلایەن نوێنەری (*50*) دەوڵەتەوە (پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان) مۆرکرا.

**یەکەم: ئامانجەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان (م/*1*):**

*1*. پاراستنی ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی: لە ڕاستیدا ئەم ئامانجە یەکەم بەندی ئەجێندای (*UN*) پێکدێنێت، هەروەها میحوەری چالاکییەکانی بەدەوری ئەم ئامانجەدا دەخولێتەوە.



مەکتەبی بیر و هۆشیاری

لە پێناو بەدەستهێنانی ئەم ئامانجەدا لە (م/*1*، ب/*1*)دا ئاماژە بۆ ڕێوشوێنی جیاواز کراوە وەك:

أ. ڕێوشوێنی خۆپاراستنی بەکۆمەڵ و هاوبەش بۆ ڕێگرتن لە هۆکارەکان.

ب. ڕێوشوێنی هاوکاریی لایەنەکانی کێشەیەك بۆ گەیشتن بە ڕێگەچارەی عادیلانە.

ت. ڕێوشوێنی قەڵاچۆکردنی دوژمنکاری و دەستدرێژی کە هەڕەشە لە ئاشتی بکەن.

*2*. گەشەپێدانی پەیوەندی دۆستانە لە نێوان گەلاندا: ئەم بڕگەیە باس لە ڕۆڵ و ئەرکی (*UN*) دەکات لە پەرەپێدانی پەیوەندی دۆستانە لە نێوان نەتەوە جیاوازەکاندا، لەسەر بنەمای یەکسانیی مافی نەتەوەکان و مافی بڕیاردانی چارەنووس بۆ تەواوی نەتەوەکان. هەروەها گرتنەبەری هەر ڕێگەیەکیتر بۆ بەهێزکردنی ئاشتیی جیهانی.

لێرەدا ئاماژەیەکی گرنگ هەیە بۆ ئەوەی کە یەکسانیی نێوان نەتەوەکان و مافی دیاریکردنی چارەنووس تەنها وەك بنەمایەکی کاری (*UN*) باس نەکراوە، بەڵکو لە ڕیزی ئامانجەکاندا دانراوە کە پێویستە هەوڵی جێبەجێکردنیان بدرێت. هەرچەندە میساقەکە ڕێوشوێن و چۆنیەتی ئەو میکانیزمانەی دیاری نەکردووە کە دەگیرێنەبەر بۆ بەدیهێنانی ئەو ئامانجە، بەڵام بێگومان ئەم خاڵە ڕۆڵی بەرچاوی بینی لە پشتگیریکردنی خەباتی ڕزگاریخوازی گەلان لە پاکتاوکردنی دیاردەی ئیستیعمار و گەیشتن بە سەربەخۆیی سیاسییان.

مەکتەبی بیر و هۆشیاری

3. به دیهێنانی هاوکاریی نێودەوڵەتی له بوارەکانیتردا: ئەم بڕگەیە سروشتی (UN) وەك ڕێکخراوێکی گشتگیری جیهانی دردەخات نەك تەنها سیاسی بێت، له ڕێگەی دوو شێوازەوە:

أ- به دیهێنانی هاریکاریی نێودەوڵەتی لەو مەسەلانەی که سروشتێکی ئابوری و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و مرۆییان هەیە.

ب . پشتگیریکردن و چەسپاندنی ڕێزگرتن له مافەکانی مرۆڤ و ئازادییە بنەڕەتییەکان بۆ هەموو خەڵك به بێ جیاوازی لەسەر بنەمای (نەژاد، زمان، ئایین، ڕەگەز). له ڕاستیدا کارکردن بۆ بەدەستهێنانی ئەم مەبەستانە بوارێکی فراوانی کاری (UN) دەگرێتەوە.

4. ڕێکخستنی چالاکی نەتەوە یەکگرتووەکان له پێناو بەدیهێنانی ئەم ئامانجانەدا: ئەم بڕگەیە باس لەوە دەکات که نەتەوە یەکگرتووەکان له تەنها ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتییەوە گەشە بکات بۆ ئەوەی بکرێت به مەرجەعێك بۆ ڕێکخستنی تەواوی چالاکییەکانی گەلان و هۆکارێکی گونجاو بۆ برەودان به هاوکاری ئازادانە له پێناو ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی و برەودان به پەیوەندی دۆستانە و هاریکاری هەمەلایەنی ئابوری و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و چەسپاندنی مافەکانی مرۆڤ، هەروەها ئاماژەی گرنگی تێدایە بۆ ئەوەی (UN) وەك ڕێکخراوێکی جیهانی گشتی ببێت به خاڵی گرێدانی هەموو چالاکی و کارلێککردنەکانی ڕێکخراوە هەرێمی و حکومی و ناحکومی و ئاژانسە تایبەتمەندەکان. که دواتر بەتێپەڕبوونی کات (UN) بەشێکی گەورە لەم کارانەی ئەنجامدا.



مەکتەبی بیر و هۆشیاری

**دووەم: بنەماو پرانسیپەکانی کارکردنی نەتەوە یەکگرتووەکان:**

(م/2) له میساقی (UN) تایبەتە بەو پرانسیپانەی که پێویستە (UN) و دەوڵەتە ئەندامەکانی ڕەچاوی بکەن و پەیوەستبن پێوەی له چالاکییەکاندا، که له (7) بنەمادا کورتکراوەتەوە:

1. بنەمای یەکسانی له سەروەری له نێوان ئەندامانددا: مەبەست له یەکسانی نێوان دەوڵەتە ئەندامەکان لەسەر بنەمای سەروەری نیشتمانی هەر دەوڵەتێك ئەوەیە که له ڕووی یاساییەوە، واتە له ماف و ئەرکەکاندا، یەکسان بن. له ڕاستیدا ئەم بنەمایە له کۆمەڵێك بڕگەیتری میساقەکەدا به ئاشکرا دەردەکەوێت به تایبەت له بنەماکانی دەنگدان له دەزگا و دامەزراوەکانی سەر به (UN)دا که بۆ هەر دەوڵەتێك دەنگێك هەیە، بەڵام نابێت ئەوە فەرامۆش بکرێت که لەبەر ئەوەی (UN) ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتییە و هەلومەرجی پاش کۆتایهاتنی جەنگی جیهانی دووەم دروستی کردووە دەبێت ڕەچاوی واقیعی نێودەوڵەتی و سروشتی دابەشبوونی هێزی بکردایە له نێوان دەوڵەتە ئەندامەکاندا، بۆیە له مەسەلەکانی تایبەت به ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی کۆمەڵێك دەوڵەت بوون به ئەندامی هەمیشەیی و پاشانیش مافی ڤیتۆیان پێبەخشرا که تا ئێستاش مشتومڕێکی گەورەی لەسەرە له ئاستی دەوڵەتانیتردا.

2. جێبەجێکردنی ئەرکەکان لەسەر بنەمای نیەتپاکی (حسن نیة): لەم بڕگەیەدا هاتووە بۆ ئەوەی هەموو ئەندامانی (UN) له تەواوی مافەکانی ئەندامێتی سوودمەندبن ئەوا پێویستە ئەرك و ئیلتیزامەکانیان به نیەتپاکی جێبەجێبکەن. لێرەدا بۆ ئەوەی کاری ڕێکخراوەکە بەردەوام بێت دەبێت دەوڵەتان له پاش تەسدیقکردنی میساقەکە بەبێ کێشەنانەوە و لەسەر بنەمای

مەکتەبی بیر و هۆشیاری

نیەتپاکیی هەموو لایەنەکان ئەرکە مادیو ئەخلاقییەکانیان بەرامبەر بە ڕێکخراوەکە جێبەجێبکەن.

3. پەیوەستبوون بە ڕێگەچارەی ئاشتیانەوە لە کاتی دروستبوونی کێشەکاندا: لێرەدا ڕەچاوی دوو خاڵی گرنگ دەکرێت: یەکەمیان ئەوەیە کە داوا دەکات لە دەوڵەتانی ئەندام کە کێشە نێودەوڵەتییەکانیان بە ڕێگەی ئاشتیانە چارەسەر بکەن، دووەمیان ئەوەیە کە دەبێت هەر چارەسەرێك ڕەچاوی بنەمای ئاشتیو ئاسایشو دادپەروەری بکات، چونکە ناگونجێت دەوڵەتان بە چارەسەرێك ڕازی بن کە ڕەچاوی عەدالەتی نێودەوڵەتی نەکات. لە مادەی (33) دا ئەو ڕێگەچارانە دیاریکراون بۆ نمونە: (دانوستان، لێکۆڵینەوە، ناوبژیوانی گونجاندن، تەحکیم، یەکلاکردنەوەی دادگایی، پەنابردن بۆ ئاژانسو دەزگا هەرێمییەکان ..هتد).

4. ڕێگرتن لە بەکارهێنانی هێزو هەڕەشەکردن بە بەکارهێنانی لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا: لێرەدا نابێت هێز بەکاربهێنرێت یان هەڕەشەی پێبکرێت دژی خاکی هیچ دەوڵەتێك یان سەربەخۆیی سیاسی هیچ دەوەڵەتێك یان بە هەر شێوەیەکیتر کە لەگەڵ ئامانجەکانی (UN)دا نەگونجێت. جێگەی ئاماژەیە کە لە چەند شوێنێکی میساقەکەدا بە تایبەت لە بەشی حەوتەمدا باس لە ئەو حاڵەتانە کراوە کە دەتوانرێت هێز بەکاربهێنرێت دژی دەوڵەتانیتر:

أ. لە چوارچێوەی ڕێوشوێنەکانی پاراستنی ئاسایشی بەکۆمەڵدا کە مادەی (39، 41، 43، 46).

ب. لە کاتی پارێزگاری لە خۆ کردندا (الدفاع عن النفس) (م/ 51).

ج. دژی دەوڵەتە دوژمنەکانی جەنگی جیهانی دووەم (م/107).

5. هاوکاریکردنی (UN) لەو بڕیارو کارانەی کە دەیانگرێتە بەر: ئەم بڕگەیە دوو جۆر ئیلتیزامی تێدایە:



مەکتەبی بیر و هۆشیاری

أ. ئیجابی: واتە پێشکەشکردنی هاوکاری بۆ (UN) لە کارەکانیدا.

ب. سلبی: واتە دوورکەوتنەوە لە هاوکاریکردنی ئەو دەوڵەتانەی کە دژی شەرعیەتی نێودەوڵەتین، کە ئەنجومەنی ئاسایش بڕیارێکی لە دژ دەرکردون (م/ 43).

6. هەوڵدان بۆ ئەوەی دەوڵەتە نائەندامەکانیش پەیوەست بن بەم پرانسیپانەوە: لە بنەڕەتدا بۆ دەوڵەتە ئەندامەکانە، بەڵام بۆ پاراستنی ئاسایشو ئاشتیی جیهانی میساقەکە هەوڵدەدات دەوڵەتانی تریش ڕیگر نەبن (ب/2، م/ 35).

7. خۆگرتنەوە لە دەستێوەردانی کاروباری دەوڵەتانی تر: لە گرنگترین بنەماکانەو زۆرترین مشتومڕی لەسەر دروست بووە،چونکە (ب/7، م/2) لە هەمانکاتدا ڕێگە دەدات کە ڕێوشوێنەکانی بەشی حەوتەم جێبەجێبکرێن.

## سێیەم: بەشە سەرەکییەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان

- نەتەوە یەکگرتووەکان لەم بەشە سەرەکییانە پێکدێت: (ئەنجومەنی ئاسایش، کۆمەڵەی گشتی، ئەنجومەنی ئابوریو کۆمەڵایەتی، ئەنجومەنی ویسایەت، دادگای دادی نێودەوڵەتی، سکرتاریەتی گشتی، ئەنجومەنی مافی مرۆڤ).بەپێی ئەحکامی میساقەکە (UN) دەتوانێت بەشیتر بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی دابمەزرێنێت.
- بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین لە دابەشکردنی ئەركو دەسەڵاتەکاندا ڕەچاوی دوو خاڵ کراوە کە بریتین لە: لایەنی وەزیفی کە هەربەشێك ئەرکێکی سەرەکی پێسپێردراوە، لایەنی سیاسی کە ڕەچاوی هێزو مەکانەتی دەوڵەتە ئەندامەکان کراوە، بۆ نمونە ئەندامێتی هەمیشەیی لە ئەنجومەنی ئاسایشدا، هەروەها بەخشینی مافی ڤیتۆ پێیان.

مه كتەبى بيروهۆشيارى

**أ. کۆمەڵەی گشتی (الجمعية العامة):**

دەستەی سەرەکی (UN) پێکدێنێت، هەموو دەوڵەتان بە شێوەیەکی یەکسان تێیدا بەشداربن کە هەر ئەندامێك یەك دەنگی هەیە.

*** پێکهاتەو ئیجرائاتەکان:**

1. لە هەموو ئەندامانی نەتەوە یەکگرتووەکان پێکدێت.

2- هیچ ئەندامێك نابێت لە (5) نوێنەر زیاتری هەبێت.(لێرەدا ژمارەی پسپۆرو یاریدەدەران دیاری نەکراون).

3. لە خولی ئاسایی خۆیدا ساڵانە جارێك کۆبوونەوە دەکات، ئەویش لە سێ شەممەی هەفتەی سێیەمی مانگی سێبتێمبەردا بۆ ماوەی سێ‌مانگ.هەرچەندە هەندێك لە لیژنەکانی تەواوی ساڵەکە لەکاردان. هەروەها بۆی هەیە کۆبوونەوەی نائاسایی خۆی گرێبدات لەماوەی 24 کاتژمێردا لەسەر داوای ئەنجومەنی ئاسایش یان لەسەر داوای زۆرینەی ئەندامان.

4- لەیەکەم کۆبوونەوەدا سەرۆکێك و 17 جێگر هەڵدەبژێرێت و بەهۆی 7 لیژنەوە بابەتەکان تاوتوێدەکات.

5- بۆی هەیە لیژنەی لاوەکی و کاتی دابمەزرێنێت کە بۆ ئەنجامدانی کارەکانی پێویست بن.

*** ئەرك و دەسەڵاتەکان:**

1- لەراستیدا دەتوانین بڵێین زۆربەی ئەو دەسەڵاتانەی کە بە خشراون بە کۆمەڵەی گشتی دەکەونە بواری مافی گفتوگۆکردنی ئەو کێشەو بابەتانەی کە لە چوارچێوەی میثاقی (UN)دایە، لەباشترین حاڵتیشدا بۆی هەیە راسپاردەیەك ئاراستە بکات کە سروشتێکی ئیلزامی نیە بۆ ئەندامان و ئەتوانن



مه كتەبى بيروهۆشيارى

خۆیانی لێبپارێزن. لەراستیدا مافی بڕیاردان لەزۆربەی حاڵەتەکاندا بۆ ئەنجومەنی ئاسایشە.

2. دەسەڵاتە راستەقینەکانی کۆمەڵەی گشتی تایبەتە بە کاروباری ئیداری و دارایی ناوخۆی رێکخراوەکەوە، وەك بوارەکانی پرۆگرامەکان و بودجەو هەڵبژاردنی ئەندامە ناهەمیشەییەکانی ئەنجومەنی ئاسایش و هەموو ئەندامانی ئەنجومەنی ئابوری و کۆمەڵایەتی و بەشداری لە هەڵبژاردنی سکرتێری گشتی و هتد.

3- کاتێك کێشەیەك خرایە بەردەم ئەنجومەنی ئاسایش، کۆمەڵەی گشتی مافی تەوسیەکردنی نییە. سەبارەت بەو کێشەیە مەگەر ئەنجومەن داوای لێبکات (م/12).لە رێگەی سکرتێری گشتیەوە کۆمەڵە ئاگادار دەکرێتەوە لەو کێشانەی کە لەبەردەم ئەنجومەندان.

4- هەموو بەشەکانیتر دەبێت راپۆرتی ساڵانەو بەپێی پێویست بنرێن بۆ کۆمەڵەی گشتی بەمەبەستی ئاگاداری لە چۆنیەتی بەڕێوەچوونی کارەکان و ئەنجامەکانیان.

5. کۆمەڵەی گشتی لێکۆڵینەوەو تەوسیاتی پێویست بڵاودەکاتەوە سەبارەت بە چۆنیەتی برەودان بە پەیوەندی دۆستانە لە نێوان ئەندامانیدا لە تەواوی بوارەکانی (سیاسی، ئابوری، کۆمەڵایەتی، کەلتوری، فێرکردن، تەندروستی، مافەکانی مرۆڤ وئازادییەکان)دا.

*** دەنگدان:**

1. هەموو ئەندامێك دەنگێکی هەیە.

2. بڕیارەکانی لەمەسەلە گشتیەکانی وەك (تەوسیەکردن سەبارەت بە ئاشتی و ئاسایش، هەڵبژاردنی ئەندامە ناهەمیشەییەکانی ئەنجومەنی

ئاسایش، هەڵبژاردنی ئەنجومەنی ئابوریو کۆمەلاّیەتیو ئەنجومەنی ویسایە، وەرگرتنی ئەندامی نویّ، هەڵپەساردنی ئەندامێتی، دەرکردنی ئەندام، مەسەلەکانی پەیوەست بە بودجە) بە زۆرینەی 3/2ی ئەندامانی ئامادەی بەشدار لە دەنگداندا دەبێت.

3. سەبارەت بە مەسەلەکانی تر دەنگدان بە زۆرینەی ئەندامانی بەشدار لە دەنگداندا دەبێت.

4. هیچ ئەندامێك بۆی نییە بەشداری دەنگدان بکات ئەگەر ئەو قەرزەی لەسەریەتی ئەوەندەی بڕی ئابوونەی دووساڵ یان زیاتر بێت، بەلاّم کۆمەڵە دەتوانێت رێگە بدات بە دەوڵەتێك بەهۆی بارودۆخی تایبەتەوە.

### ب. ئەنجومەنی ئاسایش ( مجلس الامن ):

* پێکهاتەو ئیجرائاتەکان:

1. لە 15 ئەندامی کۆمەڵەی گشتی پێکدێت بەمەرجێك (چین، فەرەنسا، روسیا، ئەمریکا، بەریتانیا) ئەندامی هەمیشەیی بن. ئەندامەکان پێویستە نوێنەرایەتییان بەشێوەیەکی بەردەوام لە بارەگای ئەنجومەندا هەبێت. ئەنجومەن بۆی هەیە کۆبوونەوە لە دەرەوەی بارەگاکەی خۆیدا بکات.

2. کۆمەڵەی گشتی 10 ئەندامەکەیتر هەڵدەبژێریّ کە لە هەڵبژاردنیاندا بەشداری ئەندامان لە بەدیهێنانی ئامانجەکانی (UN) و دابەشبوونی جوگرافیی عادیلانە رەچاودەکرێت: (5 بۆ ئەفریقاو ئاسیا، 2 بۆ ئەمریکای لاتینی، 1بۆ ئەوروپای خۆرهەلاّت، 2 بۆ ئەوروپای خۆرئاواو ولاّتانیتر) .

3. ئەندامی ناهەمیشەیی بۆ ماوەی 2 ساڵ هەڵدەبژێردرێت، سالاّنە(5) ی تازە هەڵدەبژێرێن بە نیوە نوێکردنەوە (تجدید نصفی). نابێت ئەندامێك پاش تەواوبوونی ماوەکەی یەکسەر هەڵبژێردرێتەوە.



4. دەوڵەتی ئەندام دەتوانێت ئەندامێکی حکومەتەکەی یان نوێنەرێکیتر بنێرێت بۆ بەشداری کۆبوونەوە.

5. لائیحەیەکی تایبەت بە ئیجرائاتەکانی دادەنێتو، بۆی هەیە بەشی بچوکتر بۆ ئاسانکاری بکاتەوە.

6. سەرۆکایەتیی ئەنجومەن مانگانە بە پێی رێکخستنی ئەلف و بیّ (ئەبجەدی) ی ناوی دەوڵەتانی ئەندام، دەبێت.

7. هەر دەوڵەتیك ئەندام بێت لە (UN)دا یان نا، بۆی هەیە بەشداری گفتوگۆکان بکات کە پەیوەندیی بەوەوە هەبێت، بەلاّم بۆی نییە لە دەنگداندا بەشداربێت. ئەنجومەنیش مەرجی تایبەت بۆ نائەندامەکان دادەنێت.

* ئەرکو دەسەلاّتەکان:

بەشێوەیەکی گشتی دوو جۆر دەسەلاّتو سەلاّحیاتی هەیە: هەندێکیان پەیوەستن بە ئاشتیو ئاسایشەوەو هەندێکیتریان بە لایەنی ناوخۆی رێکخراوەکەوە. بەلاّم ئەرکی سەرەکی پاراستنی ئاشتیو ئاسایشە.

1. بەپێی ئەو دەسەلاّتانەی کە پێی بەخشراوە لەلایەن (UN)ەوەو بۆ ئەوەی کاری (UN) خێراو کاریگەر بێت، ئەنجومەن لە بری تەواوی ئەندامان ئەرکی پاراستنی ئاشتیو ئاسایشی نێودەوڵەتی بە پێی بەشی(6و7و8و12) ی میساقەکە دەگرێتە ئەستۆ.

2. هەموو ئەندامانی (UN) بەڵێن دەدەن کە پەیوەست ئەبن بە بڕیارەکانی ئەنجومەنەوە.

3. بۆ ئەوەی کەمترین داهاتی نەتەوەکان تەرخان بێت بۆ بواری چەكو لە پێناو پاراستنی ئاشتیو ئاسایشی نێودەوڵەتیدا ئەنجومەن بواری خۆپڕچەککردن رێك دەخات.

مەکتەبی بیروهۆشیاری

4. ئەنجومەن راپۆرتی ساڵانەو تایبەت بۆ کۆمەڵەی گشتی لەبارەی کارەکانیەوە بەرزدەکاتەوە.

* دەنگدان:

1. هەموو ئەندامێکی ئەنجومەن یەك دەنگی هەیە.

2. لە مەسەلە ئیجرائییەکاندا بڕیارەکان بە زۆرینەی 9 دەنگ دەبن. بەڵام لە مەسەلە بابەتییەکاندا مەرجە 5 ئەندامە هەمیشەییەکەی تێدا بێت. لەکاتی بوونی کێشەیەکدا لایەنی تەرەفدار بۆی نیە دەنگبدات.

تێبینی:

* هەرچەندە میساقەکە باس لە ڕەزامەندی ئەندامە هەمیشەییەکان دەکات، بەڵام لە واقیعدا ئەگەر ئەندامێك ئامادەی دنگدان نەبێت یان لەکاتی دەنگداندا بێدەنگ بێت هەر بە ڕەزامەندی دادەنرێت، چونکە دژ نەوەستاوە.

* شایانی ئاماژە پێکردنە پاش هەوڵێکی زۆر لە لایەن ئەندامە ناهەمیشەییەکانەوە بۆ دیاریکردنی مەسەلە بابەتیەکان‌و ئیجرائیەکان، لە ئەنجامدا وڵاتە گەورەکان تەنها مەسەلە ئیجرائیەکانیان دیاریکرد بەپێی بەیاننامەیەکی هاوبەش کە ئەوانیش بریتین لە: (نوێنەرایەتی بەردەوام لە بارەگادا، کۆبوونەوەی دەوریی ئەنجومەن، کۆبوونەوە لە دەرەوەی بارەگا، دامەزراندنی بەشی لاوەکی، بەشداری وڵاتێکی نا ئەندام لە گفتوگۆکانی ئەنجومەندا بەبیٚ دەنگدان، زیادکردن یان لابردنی بڕگەیەك لە کارنامەی کۆبوونەوەکان). واتە ئەو مەسەلانەی کە ڤیتۆیان تێدا بەکاردێت دیاری نەکراون.

<u>* دیاردەی (دووجارە ڤیتۆ) (Double Veto)</u>: بە پێی ڕوونکردنەوەکە هەر بابەتێك کێشە لەسەر بابەتیبوونی هەبێت، دەبێت بە مەسەلەیەکی بابەتی.



مەکتەبی بیروهۆشیاری

ئەمەش ئەبێتە هۆی دەرکەوتنی دیاردەی (دووجارە ڤیتۆ) (Double Veto). واتە ئەندامی هەمیشەیی دەتوانیٚ جارێك بۆ دیاریکردنی سروشتی مەسەلەکە ڤیتۆ بەکاربێنێت، جارێکی تریش لە دەنگداندا.

### ج. سکرتایەتی گشتی (الامانة العامة)

- سکرتایەتی گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان دەزگایەکی ئیداری هونەرییە کە هەموو کارە ئیدارییەکانی تەواوی بەشەکانی نەتەوەیەکگرتووەکان ئەنجام دەدات (جگە لە دادگای دادی نێودەوڵەتی کە سیفەتێکی سەربەخۆی هەیەو ئەنجومەنێکی تایبەتی هەیە).
- لە سکرتێری گشتی‌و دەزگای سکرتاریەتی گشتی پێکدێت.

<u>* پێکهاتەو ئەرك‌و دەسەڵاتەکان:</u>

1. نەتەوەیەکگرتووەکان سکرتایەتێکی گشتیی هەیە کە لە سکرتێری گشتی‌و کۆمەڵێك فەرمانبەر پێکدێت کە پێویستن بۆ ئەنجامدانی ئەك‌و کارەکان. سکرتێری گشتی لەلایەن کۆمەڵەی گشتییەوە هەڵدەبژێردرێت بەپێی ڕاسپاردەیەك لە ئەنجومەنی ئاسایشەوە (کە بەمەسەلەیەکی بابەتی دەژمێردرێت واتە پێویستی بە دەنگی(9) ئەندام هەیە کە (5) ئەندامە هەمیشەییەکەی تێدا بێت، هەرچەندە دەوڵەتە هەمیشەییەکان خۆیان دەپارێزن لەوەی کە سکرتێری گشتی لەوان بێت). سکرتێری گشتی باڵاترین فەرمانبەری ئیداریی نەتەوە یەکگرتووەکانە.

2. سکرتێری گشتی سەرۆکایەتیی کۆبوونەوەکانی هەریەکە لە ئەنجومەنی ئاسایش‌و کۆمەڵەی گشتی‌و ئەنجومەنی ئابوری‌و کۆمەڵایەتی‌و ئەنجومەنی ویسایە دەکات. هەروەها ڕاپۆرتێکی ساڵانە لەسەر کارەکانی نەتەوەیەکگرتووەکان بە گشتی ئامادە دەکات.

مەکتەبی بیروهۆشیاری

3. سکرتێری گشتی دەتوانێت سەرنجی ئەنجومەنی ئاسایش راکێشێت بۆ هەر مەسەلەیەك كە بەلایەوە مەترسیی هەبێت بۆ ئاشتیو ئاسایشی جیهان.(لە راستیدا لێرەدا رۆلێكی سیاسی دەبینێت).

4. نە سكرتێری گشتیو نەهیچ فەرمانبەرێكی نێودەوڵەتیتر بۆیان نیە بڕیارو راسپاردە لە هیچ دەوڵەت، یان لایەنێكیترەوە وەربگرن سەبارەت بەكارەكانیان، چونكە تەنها لەبەردەم نەتەوەیەكگرتووەكاندا لێپرسراون،هەروەها دەبێت رێز لە سیفەتی فەرمانبەری نێودەوڵەتی بگرن.

5. لە بەرامبەردا هەموو دەوڵەتانی ئەندام ئەبێت بەڵێن بدەن كە رێز لە سیفەتی فەرمانبەری نێودەوڵەتی بگرنو دەستوەرنەدەن لە كارەكانیانو نەیانخەنە ژێر هیچ فشارێكەوە، بەتایبەت كاتێك دەوڵەتەكانیان بەشێك بن لە كێشەیەك.

6. سكرتێری گشتی فەرمانبەرەكانی بە پێی لائیحەكانی كۆمەڵەی گشتی دادەمەزرێنێت كە پێویستە رەچاوی مەرجەكانی بەرزترین ئاستی لێوەشاوەیی (كەفائەت) و دەستپاكیو توانستی ئیداری بكرێت، لەگەڵ لەبەرچاوگرتنی دابەشبوونی جوگرافی بەپێی توانا.

7. جێگەی سەرنجە كە پۆستی سكرتێری گشتی زۆرترین مشتومڕی لەسەر كراوەو یەكێكە لەو بوارانەش كە لە دۆسیەی چاكسازیی نەتەوەیەكگرتووەكاندا ئاماژەی بۆ دەكرێت، زۆربەی كێشەكانیش پەیوەستن بە تێكەڵاویی نێوان ئەركە ئیداریو سیاسییەكانی سكرتێری گشتیو سروشتو كاری جێگرو یاریدەدەرەكانی كەچۆنو بە چ میكانیزمێك رێكبخرێنەوە.



مەکتەبی بیروهۆشیاری

د. دادگای دادی نێودەوڵەتی ( محكمة العدل الدولية ):

1. دادگای دادی نێودەوڵەتی ئامڕازی دادوەریی (قەزائی) سەرەكیی نەتەوە یەكگرتووەكانەو، كارەكانی بەپێی پەیڕەوی بنەڕەتیی خۆی (النظام الاساسی) بەڕێوە دەبات. هەموو ئەندامانی نەتەوەیەكگرتووەكان بەئەندامی بنەڕەتی دادگا دادەنرێنو دەوڵەتێكی نائەندامیش لە نەتەوە یەكگرتووەكاندا دەتوانێت پەیوەندی بكات بە دادگاكەوە بەپێی مەرجەكانی كۆمەڵەی گشتیو ڕاسپاردەیەكی ئەنجومەنی ئاسایش.

2. هەموو ئەندامانی نەتەوەیەكگرتووەكان دەبێت پەیوەستبن بە بڕیارەكانی دادگاكەوە لەو كێشانەی كە لایەنن تێیدا. ئەگەر لایەنێك لە كێشەیەكدا ڕازی نەبوو بە بڕیاری دادگاكە، ئەوا لایەنی دووەم دەتوانێت كێشەكە بخاتە بەردەم ئەنجومەنی ئاسایش تا ڕاسپاردەو بڕیاری لەسەر بدات.

3. ئەم میساقە شتێكی تێدا نیە كە ڕێگر بێت لەبەردەم ولاَتانی ئەندامدا كە كێشەكانیان بخەنە بەردەم دادگایەكی تر كە خۆیان پێی ڕازی بن.

4- دادگای دادی نێودەوڵەتی لە 15 دادوەر پێكدێت، كە بۆ ماوەی 9ساڵ هەڵدەبژێردرێنو دەتوانرێت تازە بكرێتەوە. دادوەرەكان نوێنەری ڕەسمیی هیچ دەوڵەتێك نینو لەسەر بنەمای لێهاتوویيو پسپۆڕی خۆیان لە بواری یاساو قەزادا هەڵدەبژێردرێن.

5. سكرتێری گشتیی نەتەوە یەكگرتووەكان لیستێك لە ناوی ئەو دادوەرانە ئامادە دەكات كە هەڵبژێردراوی گەلانو ڕێخراوە یاساییەكانن، پاشانیش ئەنجومەنی ئاسایشو كۆمەڵەی گشتی بەجیا دەنگیان لەسەر دەدەن بۆ هەڵبژاردنی گونجاوترینیان.

مەکتەبی بیروهۆشیاری

6. نابێت دوو دادوەری ئەندام لە دادگاکەدا سەر بە یەك دەوڵەت بن، هەروەها مەرجە کە مەسەلەی نوێنەرایەتیکردنی کەلتوورو شارستانیەت‌و سیستمە یاساییەیە جیاوازەکانی جیهان لە دادگاکەدا ڕەچاو بکرێت.

7. دادوەرەکان ئازادیی تەواویان هەیە لەکارکردنداو لێپرسراونین لەبەردەم هیچ دەسەڵاتێکدا نەدەوڵەتەکان‌و نەئەنجومەنی ئاسایش‌و نەکۆمەڵەی گشتی. دادوەریش نابێت هیچ کارێکی سیاسی‌و ئیداری بگرێتەدەست‌و هەموو ئیمتیازات‌و حەصاناتی سەرۆکی نێردراوە دیبلۆماسیەکانیان هەیە (رؤساء البعثات الدبلوماسية)، هەروەها ناتوانرێت لەسەر کار لابرێن بەبڕیارێکی کۆدەنگی دادگا نەبێت سەبارەت بە ناتوانایی‌و بێ ئەهلیەتیی دادوەرەکە جێبەجێکردنی ئەرکەکانیدا بەهۆی هۆکاری تەندروستی یان عەقڵیەوە.

8. دادگای دادی نێودەوڵەتی دوو ئەرك‌و تایبەتمەندی سەرەکیی هەیە:

أ. تایبەتمەندییەکی دادوەری (ئیختیصاصێکی قەزائی): لە کاتێکدا دەبێت کە دەوڵەتە بەشدارەکان لە کێشەیەکدا ڕازیبن لەسەر ڕەوانەکردنی کێشەکەیان بۆ بەردەم دادگا. یان کاتێك بڕگەیەك لەنێو ڕێکەوتننامەیەکی دووقۆڵیدا هەبێت کە دادگای دادی نێودەوڵەتی بەلایەنی یەکلاکەرەوەی کێشەکانیان دابنێن ئەگەر لەداهاتوودا لەنێوانیاندا کێشە دروست ببێت.

ب . تایبەتمەندییەکی ڕاوێژکاری (إفتائی): لێرەدا دادگا مافی ئەوەی هەیە ڕای یاسایی پێشکەش بکات سەبارەت بەو مەسەلانەی کە داوای لێدەکرێت . بەڵام مافی داواکردن تەنها بۆ ئەنجومەنی ئاسایش‌و کۆمەڵەی گشتیە، یان هەر دەزگاو بەشێکیتری نەتەوە یەکگرتووەکان بە مەرجێك کۆمەڵەی گشتی مۆڵەتی پێ ببەخشێت. هەرچەندە ئەم ڕاو ڕاوێژانە سیفەتی ئیلزامییان نیە. بەڵام بێگومان بەهایەکی یاسایی‌و قەزائی گەورەیان هەیە لە دەوڵەمەندکردنی یاسای نێودەوڵەتیدا.



مەکتەبی بیروهۆشیاری

نەتەوە یەکگرتووەکان‌و بوارە ئابووری‌و کۆمەڵایەتییەکان)

میساقی نەتەوەیەکگرتووەکان گرنگیەکی بەرچاوی داوە بە بابەتی هاوکاری نێودەوڵەتی لە بوارە کۆمەڵایەتی‌و ئابوریەکانداو بەئەرکێکی گەورەی نەتەوە یەکگرتووەکانی داناوە کە بەشداری ئەو هاوکارییە بکات، بەڵام ئەوەی تێبینی دەکرێت ئەوەیە کە ئەو ڕۆڵەی میساقەکە دیاریی کردووە زیاتر لە بواری ڕێکخستن‌و پێشکەشکردنی ئامۆژگاریدایە، نەك ڕۆڵێکی فیعلی کە ئیلتیزاماتی روون‌و سزای خێرای دیاری کردبێت بۆ سەرپێچیکەران، سەرەڕای دیارینەکردنی میکانیزمی گونجاو بۆ بەدەمەوەچوونی کێشە نێودەوڵەتیە ئابوری‌و کۆمەڵایەتیەکان، بەڵکو تەواوی ئەو ئەرکانەی داناوە بۆ دەزگا وئاژانسە تایبەتمەندەکان.

## ه. ئەنجومەنی ئابوری‌و کۆمەڵایەتی (المجلس الاقتصادی و الاجتماعي):

گرنگیی ئەم ئەنجومەنە لە پێکهاتەی نەتەوە یەکگرتووەکاندا لەو خاڵەوە سەرهەڵدەدات کە لەلایەن کۆمەڵەی گشتیەوە ژمارەیەك ئەرکی گەورەی پێسپێردراوە، کە بریتین لەم سێ تەوەرەیەی خوارەوە:

(أ) ئەم ئەنجومەنە ئەرکی بەدواداچوون‌و لێکۆڵینەوەو پێشنیازکردنی پێسپێردراوە لە ژمارەیەك کێشەی نێودەوڵەتی پەیوەست بە بواری ﴿گەشەپێدانی ئابوری، بازرگانی جیهانی، بەپیشەسازیکردن، سامانە سروشتیەکان، زانست‌و تەکنەلۆژیا، مافی مرۆڤ، بارودۆخی ژنان، دانیشتوان، خزمەتگوزاریە کۆمەڵایەتیەکان، قەلاچۆکردنی تاوان‌و مادە بێهۆشکەرەکان..هتد﴾.

مەکتەبی بیر و هۆشیاری

(ب) ئەم ئەنجومەنە ڕۆڵی خاڵی گەیاندنو ڕێکخەری چالاکیی نێوان نەتەوە یەکگرتووەکانو ئاژانسە تایبەتمەندەکان دەبینێت، کە ژمارەی ئەم ئاژانسانە نزیکەی (14) ڕێکخراوی نێودەوڵەتییە.

(ج) هۆکاری ڕێکخستنو پەرەپێدانی چالاکیەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی نێودەوڵەتیە، کە ڕێکخراوە ناحکومیە جیهانیەکان لە چوارچێوەی نەتەوە یەکگرتووەکاندا لە شێوەی خێزانێکی گەورەدا چالاکیەکانیان ئەنجامدەدەن.

* پێکهاتەو لیژنەکان:

ئەنجومەن لە (54) ئەندام پێکدێت، کە لەلایەن کۆمەڵەی گشتیەوە بۆ ماوەی سێ ساڵ هەڵدەبژێردرێنو، ساڵانە 3/1ی ئەندامان نوێ دەکرێنەوە، واتە ساڵانە (18)ئەندامی نوێ هەڵدەبژێردرێنو دەتوانرێت ئەندامێك پاش کۆتایی هاتنی ماوەکەی دووبارە هەڵبژێردرێتەوە. هەرچەندە لەم ئەنجومەنەدا ئەندامی هەمیشەیی نیە، بەڵام لە ئەزموونی کارکردنی ئەم دەزگایەدا هەندێك دەوڵەت کە خاوەن پێگەی ئابوریی تایبەتن بۆ چەندین جار هەڵبژێردراونەتەوە.

کورسیەکانی ئەنجومەنی ئابوریو کۆمەڵایەتی بەپێی بڕیارەکانی کۆمەڵەی گشتی بەم شێوەیە دابەشدەکرێن: ﴿14کورسی بۆ وڵاتانی ئەفریقا، 11کورسی بۆ وڵاتانی ئاسیا، 10کورسی بۆ ئەمریکای لاتینی، 6 کورسی بۆ وڵاتانی ئەوروپای خۆرهەڵات، 13کورسی بۆ ئەوروپای خۆرئاواو وڵاتانی تر﴾.

لەکاتی دەنگداندا هەموو ئەندامێك مافی دەنگێکی هەیە، بڕیارەکان بە زۆرینەی ڕەها (نیوە+1) دەدرێن، هەرچەندە لەم ساڵانەی دوایدا ئاراستەیەك هەیە بۆ ئەوەی بڕیارەکان بەپێی ڕێکەوتنێکی گشتی بدرێن کە جێگەی ڕەزامەندی هەموولا بێت.

بەشێوەیەکی گشتی ئەنجومەن ساڵانە دوو خولی کۆبوونەوەی هەیە کە یەکێکیان لە بارەگای (UN) لە نیۆیۆرك دەبێتو ئەویتریان لە بارەگای



مەکتەبی بیر و هۆشیاری

ئەوروپی لە جنێڤ دەبێت، کە هەریەکەیان مانگێك دەخایەنێت، بەڵام بەهۆی بوونی ژمارەیەکی زۆر لە لیژنەو بەشی لاوەکیی سەر بە ئەنجومەن کاروباری ئەنجومەنی ئابوریو کۆمەڵایەتی بەدرێژایی ساڵ بەردەوام دەبێت.

* ئەنجومەن ژمارەیەکی زۆر لیژنەی لاوەکیی هەیە کە گرنگترین جۆرەکانی ئەمانەن:

1. لیژنە وەزیفییەکان *Functional Commissions*: کە لەم لیژنانە پێکدێت: لیژنەکانی (ئامار، دانیشتوان، گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی، مافی مرۆڤو لیژنەی لاوەکی بۆ ڕێگرتن لە جیاکاری ڕەگەزیو پاراستنی کەمایەتیەکان، بارودۆخی ژنانو،مادە بێهۆشکەرەکان).

2. لیژنە هەرێمییەکان *Regional Commissions*: ژمارەیان پێنجە کە بریتین لە لیژنەکانی (ئەفریقا، ئاسیاو ئۆقیانوسی هێمن، ئەوروپا، خۆرئاوای ئاسیا، ئەمریکای لاتینیو کاریبی). ڕۆڵی سەرەکیی ئەم لیژنە هەرێمیانە بریتیە لە پشتگیریکردنی پەیوەندیە ئابوریەکانو پرۆسەی تەواوکاری لە نێوان وڵاتانی ئەو ناوچانەدا، هەروەها پێشکەشکردنی کۆمەكو هاوکاری تایبەت بۆ پشتگیریکردنی پرۆسەی گەشەپێدانی ئابوریو کۆمەڵایەتی لەو ناوچانەدا، سەرەڕای لێکۆڵینەوەی کێشەکانو پێشکەشکردنی ڕاسپاردەی تایبەت بە شێوازەکانی کارکردنو چارەسەری کێشەکان بۆ دەوڵەتانی ئەندامو ئاژانسە تایبەتمەندەکان.

3ـ لیژنە هەمیشەییەکان *Standing Commissions*: بریتین لە لیژنەکانی (پرۆگرام وریکخستن، سامانی سروشتی، ڕێکخراوە ناحکومیەکان، کۆمپانیا فرەرەگەزەکان، هتد).

مەکتەبی بیروهۆشیاری

4. لیژنە تەکنیکییە هەمیشەییەکان: کە تایبەتن بە بابەتە تەکنیکییەکانی وەك ڕێگرتن لە تاوان، نەخشەدانان بۆ گەشەپێدان و هاوکاری نێودەوڵەتی، گواستنەوەی مادە مەترسیدارەکان، هتد).

* ئەرك ودەسەڵاتەکان:

1ـ ئاراستەکردن یان ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەو ئامادەکردنی ڕاپۆرتی نێودەوڵەتیی جیاواز لە بابەتە ئابوری و کۆمەڵایەتی و کەلتووری و فێرکردن و تەندروستی و هتد. هەروەها بۆی هەیە ڕاسپاردە پێشکەش بکات سەبارەت بە هەر بابەتێك لەو بابەتانە بۆ کۆمەڵەی گشتی و دەوڵەتانی ئەندام و ئاژانسە تایبەتمەندەکان.

2ـ کارکردن لە پێناو تەشەنەکردنی ڕێزگرتنی مافەکانی مرۆڤ و ئازادیە بنەڕەتیەکان و پێشکەشکردنی ڕاسپاردەی پێویست لەو بوارانەدا.

3ـ ئامادەکردنی پرۆژەی ڕێکەوتننامەکان لەو بوارانەی سەرەوەدا بۆ کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەککگرتووەکان.

4. بانگهێشتکردنی دەوڵەتانی ئەندامی نەتەوە یەککگرتووەکان بۆ کۆنفرانسی نێودەوڵەتی تایبەت بەو مەسەلانەی کە دەکەونە بازنەی تایبەتمەندیەکانیەوە.

5ـ مۆرکردنی ڕێکەوتننامەی پێویست بۆ دیاریکردنی سنووری پەیوەندی لەگەڵ ئاژانسە تایبەتمەندەکاندا، پاش ئەوەی دەخرێتە بەردەست کۆمەڵەی گشتی بۆ ڕەزامەندی پیشاندان لەسەریان، هەروەها ئەنجامدانی ڕاوێژو ڕێکخستنی چالاکی لەگەڵ ئەو ئاژانسانەدا.

6ـ پشکنین و گفتوگۆکردن لەسەر ئەو ڕاپۆرتانەی کە ئاژانسەکان بەرزی دەکەنەوە بۆی، پاشان چاودێریکردنی ئەو هەنگاوانەی کە پێویستە



مەکتەبی بیروهۆشیاری

ئاژانسەکان بیانگرنەبەر بۆ جێبەجێکردنی ڕاسپاردەکان و ئاگادارکردنەوەی کۆمەڵەی گشتی لە ئەنجامەکان و تێبینیەکان.

7. پێشکەشکردنی زانیاری پێویست بە ئەنجومەنی ئاسایش لەو بابەتانەی کە دەکەونە چوارچێوەی ئەرکەکانیەوە، هەروەها هاوکاریکردنی ئەنجومەنی ئاسایش هەر کاتێك داوای کرد.

8ـ پێشکەشکردنی ئەو خزمەتگوزارییانەی کە کۆمەڵەی گشتی ڕەزامەندی دەردەبرێت لەسەریان بۆ دەوڵەتانی ئەندام و ئاژانسە تایبەتمەندەکان پاش ئەوەی خۆیان داوای دەکەن.

9ـ ڕاوێژو ڕاگۆڕینەوە لەگەڵ ڕێکخراوە نێودەوڵەتیە ناحکومیەکاندا لەو بابەتانەی کە جێگەی گرنگی پێدانی ئەنجومەنن و دەکەونە چوارچێوەی ئەرك و کارەکانیەوە بەپێی میساقی نەتەوە یەککگرتووەکان.

چەند تێبینییەك سەبارەت بەو ڕۆڵەی کە میساقەکە دیاریکردوە لەم بوارەدا:

1ـ ئەم تێکستانە پرانسیپ و بنەمای ڕوون و ئاشکرایان لەخۆ نەگرتووە سەبارەت بە چۆنیەتی ڕەفتاری دەوڵەتان کە دەرچوون لێیان سزاو لێپرسینەوەی بەدوادابێت، بەپێچەوانەی ئەو تێکستانەی کە باس لە پاراستنی ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی دەکەن. بۆ نمونە قەدەغەکردنی بەکارهێنانی هێزو هەڕەشەکردنی بەکارهێنانی وەك هۆکارێك بۆ یەکلاکردنەوەی کێشەکان تەنها مەبەست پێی هێزی سەربازی چەکدارانەیە نەك هێزی ئابوری کە بێگومان لەهەندێك حاڵەتدا بەکارهێنانی کاریگەرترە لە هێزی سەربازی.

2. دەسەڵات و ئەرکەکانی نەتەوە یەککگرتووەکان لەو بوارانەدا تەنها بریتیە لە ڕێکخستن و تەنسیقکردن لە نێوان کۆمەڵێك سیاسەتی نیشتمانیی ژمارەیەك دەوڵەتی سەربەخۆدا یان ڕێکخستنی سیاسەتی ژمارەیەك ئاژانسی تایبەت کە لەو بوارەدا کاردەکەن و نەتەوەیەککگرتووەکان هیچ دەسەڵاتێکی باڵای نیە

مەكتەبی بیر و هۆشیاری

بەسەریانەوە. واتە سیفەتی راوێژكاریو ڕێكخەری هەیە نەك بڕیاربەدەستو لێپرسراو سزادەر.

3. تاكە ئیلتیزامێك كە لێرەدا بوونی هەیە ئەو خاڵەیە كە پێویستە لەسەر دەوڵەتە ئەندامەكان هاوكاری نەتەوە یەككگرتووەكان بكەن بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجانە. كە ئەمەش لەراستیدا بریتیە لە ئیلتیزامێكی گشتیو هیچ لێپرسراوێتیەكی روونو راستەوخۆی لێناكەوێتەوە. بۆ نموونە لێرەدا مانای هاوكاریكردن ئەوە ناگرێتەوە كە دەوڵەتە دەوڵەمەندەكان یارمەتی دارایيو تەكنیكی لە ریگەی نەتەوە یەككگرتووەكانەوە پێشكەش بە دەوڵەتە هەژارەكان بكەن، ئەگەرچی نەتەوە یەككگرتووەكانیش داوابكات.

4ـ ئەو بەشو دەزگایانەی نەتەوە یەككگرتووەكان كە تایبەتكراون بە بەدیهێنانی هاوكاری ئابوریو كۆمەڵایەتیەوە بریتین لە كۆمەڵەی گشتيو ئەنجومەنی ئابوریو كۆمەڵایەتی، ئەم دوو بەشەش مافی بڕیاردانی راستەخۆی ناچاركەر (مُلزم)یان نیە كە لێپرسینەوەی لەسەر بێت، بەڵكو دەسەڵاتەكانیان تەنها كۆكراوەتەوە لە بواری پێشنیازكردن بۆ دەوڵەتە ئەندامەكانو ئاژانسە تایبەتمەندەكان بەتایبەت (بانكی نێودەوڵەتيو سندوقی دراوی نێودەوڵەتی).

5ـ بەكورتی دەتوانرێت ئەركی نەتەوە یەككگرتووەكان لەم خاڵانەدا كۆبكرێنەوە: (أ) لێكۆڵینەوەو دیاریكردنی كێشە نێودەوڵەتیەكان كە سروشتێكی ئابوریو كۆمەڵایەتيو كەلتوورییان هەیە،(ب) پاشان پێشنیازكردنی هێڵە گشتیەكانی ئەو سیاسەتانەی كە پێویستە بگیرێنەبەر بۆ چارەسەركردنیان لە ڕێگەی سازدانی كۆنفرانسی نێودەوڵەتيو كۆبونەوەی پسپۆرانو هتد، (ج) لە كۆتاییشدا رەوانەكردنی ئەم پێشنیازانە لە شێوەی راسپاردەدا بۆ لایەنە بەرپرسە راستەوخۆكانی وەك ئاژانسە تایبەتمەندەكان یان پێشنیازكردنی دامەزراندنی ئاژانسێكی نوێ).



مه كتەبی بیر و هۆشیاری

**لیستی ناوی هەندێك لە ئاژانسە تاییە تمەندەكان:**

1. ڕێكخراوی نەتەوە یەكگرتووەكان بۆ پەروەردەو زانستو كەلتور (منظمة الأمم المتحدة للتربية و العلوم و الثقافة (يونسكو) UN Educational Scientific and Cultural Org.)

2. ڕێكخراوی نەتەوەیەكگرتووەكان بۆ خۆراكو كشتوكاڵ (منظمة الأمم المتحدة للأغذية والزراعة (فاو) Food and Agriculture Org.)

3. ڕێكخراوی تەندروستیی جیهانی (منظمة الصحة العالمية (WHO) World Health Org.)

4ـ بانكی نێودەوڵەتی بۆ بنیاتنانو ئاوەدانكردنەوە (البنك الدولي للإنشاء والتعمير International Bank for Reconstruction and Development (IBRD))

5. دامەزراوی دارایی نێودەوڵەتی (المؤسسة المالية الدولية International Finance Corporation(IFC))

6ـ دەستەی پەرەپێدانی نێودەوڵەتی (هيئة التنمية الدولية International Development Association (IDA))

7ـ سندووقی نەختی نێودەوڵەتی (صندوق النقد الدولي International Monetary Fund (IMF))

8ـ ڕێكخراویی فڕۆكەوانیی مەدەنیی نێودەوڵەتی (منظمة الطيران المدني الدولية International Civil Aviation Org. (ICAO))

9. یەكێتی پۆستی جیهانی (اتحاد البريد العالمي Universal Postal Union (UPU))

مەکتەبی بیروهۆشیاری

10. یەکێتی نێودەوڵەتیی پێوەندیی تەلدارو بێ تەل (**الاتحاد الدولي للاتصالات السلكية واللاسلكية** *International Telecommunication Union (ITU)*)

11- ڕێکخراوی ڕەسەدی ئاسمانیی جیهانی (**منظمة الارصاد الجوية العالمية** *World Meteorological Org. (WMO)*)

12- ڕێکخراوی راوێژکاریی حکومەتیی نێودەوڵەتی بۆ کەشتیەوانیی دەریایی (**المنظمة الاستشارية الحكومية الدولية للملاحة البحرية** *(IGMCO)*)

13. سندوقی نێودەوڵەتی بۆ پەرەپێدانی کشتوکاڵی (**الصندوق الدولي للتنمية الزراعية** *International Fund for Agricultural Development (IFAD)*)

14ـ ڕێکخراوی جیهانیی موڵکایەتی فیکری (**المنظمة العالمية للملكية الفكرية** *(World Intellectual Property Org. (WIPO)*)



مەکتەبی بیروهۆشیاری

**و. نەتەوە یەکگرتووەکان و پاراستنی ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی**

میساقی نەتەوەیەکگرتووەکان گرنگیەکی زۆری داوە بە بابەتی پاراستنی ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی و بەشێوەیەك داڕێژراوە کە ڕەگەزە سەرەکیەکانی سیستمی ئاسایشی بە کۆمەڵی تێدا بێتەدی وەك هەبوونی کۆمەڵێك یاسا و بنەمای کارکردن بۆ هەموو وڵاتان لەگەڵ هەبوونی ژمارەیەك دامودەزگای نێودەوڵەتی کە چاودێری جێبەجێکردنی ئەو بنەمایانە بکەن سەرەڕای دامەزراندنی ئەنجومەنێکی تایبەت (ئەنجومەنی ئاسایش) بۆ پاراستنی ئاشتی و ئاسایش و گێڕانەوەی بارودۆخەکان بۆ دۆخی ئاسایی خۆیان.

بەمەبەستی زیاتر رونکردنەوەی ئەو بونیادەی کە نەتەوە یەکگرتووەکان کێشاویەتی بۆ پاراستنی ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی جەختدەکەینەوە لەسەر مادەکانی بەشەکانی شەشەم و حەوتەم و دامەزراندنی دادگای دادی نێودەوڵەتی کە لەگەڵ وانەکانی پێشوودا سەبارەت بە کۆمەڵەی گشتی وئەنجومەنی ئاسایش و سکرتاریەتی گشتی و ئەنجومەنی ئابوری و کۆمەڵایەتی پێکەوە وێنەیەکی تەواو و گشتگیر دەبەخشن بە لایەنی تیۆریی پاراستنی ئاشتی و ئاسایش لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە.

**چارەسەری ئاشتیانەی کێشەکان (بەشی شەشەم) / م(*33–38*):**

بەشی شەشەمی میساقەکە تایبەتە بە باسکردنی ئەو هەنگاوانەی کەپێویستە بگیرێنەبەر بەمەبەستی ڕێگرتن لەتەشەنەکردنی کێشەیەکی نێودەوڵەتی و ڕێگە خۆشکردن بۆ لایەنەکان بۆ ئەوەی بگەن بە ڕێگەچارەیەکی ئاشتیانەی عادیلانە، کە دەتوانین لە دوو خاڵی سەرەکیدا کۆیان بکەینەوە:

مەکتەبی بیر و هۆشیاری

1. پێویستە لەسەر لایەنەکانی هەرکێشەیەك، کەبەردەوام بوونی دەبێتە هۆی مەترسی لەسەر ئاشتیو ئاسایشی نێودەوڵەتی، ڕێگە چارەیەکی ئاشتیانەی وەك (دانوستان، لێکۆڵینەوە، ناوبژیوانی، تەحکیمو یەکلاکردنەوە لەڕێگەی دادگا، هتد) بگرنەبەر یان پەناببەن بۆ ڕێکخراوە هەرێمییەکانو ئاژانسەتایبەتمەندەکان یان هەر ڕێگەچارەیەکی ئاشتیانەی تر کە لایەنەکان لەسەری کۆك بن.

2. ئەگەر کێشەکە لەوە ئاڵۆزتربوو ئەوا:

أ/ هەر دەوڵەتێك، ئەندام بێت لە نەتەوە یەکگرتووەکاندا یان نا، بۆی هەیە ئەنجومەنی ئاسایش ئاگاداربکاتەوە سەبارەت بەهەر کێشەیەك کە مەترسی بێت بۆ سەر ئاشتیو ئاسایشی نێودەوڵەتی.

ب/ ئەگەر لایەنەکانی کێشەیەك نەیانتوانی بەپێی هەنگاوەکانی خۆیان کێشەکە چارەسەر بکەن پێویستە بیخەنە بەردەم ئەنجومەنی ئاسایش.

ج/ ئەنجومەنی ئاسایش مافی ئەوەی هەیە پشکنینو لێکۆڵینەوە بکات لەسەر هەر کێشەیەك بۆ دیاریکردنی رادەی مەترسی لەسەر ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی. هەروەها بۆی هەیە بانگهێشتی لایەنەکان بکات بۆ یەکلاکردنەوەی کێشەکان بە ڕێگەچارەی ئاشتیانەو، لەوپێناوەشدا دەبێت هاوکاری پێویست پێشکەش بکات.

ه/ ئەگەر ئەنجومەنی ئاسایش رایوابوو کە کێشەکە جێی مەترسیە بۆ ئاشتیو ئاسایشی نێودەوڵەتی، ئەوا دەتوانێت ڕاسپاردە پێشکەش بکات یان هەر هەنگاوێکی تری گونجاو بگرێتەبەر بۆ چارەسەر کردنی.

و/ ئەنجومەنی ئاسایش بۆی هەیە لەهەموو قۆناغێکی کێشەکەدا راسپاردەی پێویست پێشکەش بە لایەنەکان بکات، هەروەها پێویستە ڕەچاوی ئەو ڕێوشوێنانە بکات کە لایەنەکان پێشتر گرتویانەتەبەر بە مەبەستی چارەسەر.



مەکتەبی بیر و هۆشیاری

ح/ پێویستە ئەنجومەنی ئاسایش رەچاوی ئەوە بکات کە کێشە یاساییەکان ئاڕاستەی دادگای دادی نێودەوڵەتی بکرێن، بەپێی ئەحکامەکانی پەیڕەوی ناوخۆی دادگاکە.

<u>ڕێگرتن لە هەڕەشەکردن لە ئاشتیو ڕوودانی دوژمنکاری (بەشی حەوتەم) / م (51–39)</u>

ئەگەر کێشەیەك بەڕێگە چارەی ئاشتیانە چارەسەر نەکرا یان هەڕەشە لە ئاشتی جیهانی کرابوو یان حاڵەتی دوژمنکاری بۆ سەر دەوڵەتێك بە فیعلی ڕوویدابوو، ئەوا پێویستە بەشی حەوتەم جێبەجێبکرێت، بەم شێوەیە:

1. ئەنجومەنی ئاسایش بەرپرسە لە بڕیاردان لەسەر ئەوەی کە ئایا هەڕەشە لە ئاشتی جیهانی کراوە یان دوژمنکاری ڕوویداوە، هەر لەسەر ئەو بنەمایەش ڕاسپاردەکانی پێشکەش دەکات.

2ـ بۆ ئەوەی پارێزگاری لە بارودۆخەکە بکاتو کێشەکە تەشەنە نەکات ئەنجومەنی ئاسایش بۆی هەیە هەندێك ڕێوشوێنی کاتی بگرێتە بەرو داوا لە لایەنەکان بکات کە پێوەی پەیوەست بن.

3ـ ئەنجومەنی ئاسایش بڕیار لەسەر ئەوە دەدات کە ئایا چ ڕێگەچارەیەك پێویستە پێش بەکارهێنانی هێزی سەربازی وەك پچڕاندنی پەیوەندیی ئابوریو ڕێگەکانی گواستنەوەو هۆکارەکانی ڕاگەیاندنو پەیوەندیە دیبلۆماسیەکان.

4. ئەگەر ئەو ڕێگەچارانەیتر سوودیان نەبوو ئەوا ئەنجومەنی ئاسایش بۆی هەیە بڕیار بدات کە بەهۆی پەنابردن بۆ ڕێگەچارەی سەربازیەوە کێشەکە چارەسەر بکات.

مەکتەبی بیروهۆشیاری

*5*. پێویستە لەسەر هەموو دەوڵەتانی ئەندام لە نەتەوە یەکگرتووەکاندا کە بەڵێن بدەن بە جێبەجێکردنی بڕیارو ڕاسپاردەکانی ئەنجومەنی ئاسایش‌و خستنەگەڕی تەواوی توانا ئابوری‌و سەربازییەکانیان بۆ ئەو مەبەستە.

*6*ـ ئەنجومەنی ئاسایش بە هاوکاری لیژنەی ئەرکانی جەنگ پلانەکانی بەکارهێنانی هێز دادەنێت، ئەو لیژنەیەش لە سەرۆکی ئەرکانی جەنگی ئەندامە هەمیشەییەکان پێکدێت، بەڵام لیژنەکە بۆی هەیە داوا لە ئەندامە ناهەمیشەییەکانیش بکات بۆ ئەوەی سەرپەرشتی کارەکانی بکەن، ئەگەر سروشتی کارەکە پێویستی بەوەکرد.

*7*ـ هەر دەوڵەتێك، ئەندام بێت لە نەتەوە یەکگرتووەکاندا یان نا، ئەگەر بەهۆی ڕێوشوێنەکانی ئەنجومەنی ئاسایشەوە زیانی لێکەوت، ئەوا مافی ئەوەی هەیە داوای چارەسەری گونجاوی کێشەکەی لە ئەنجومەن بکات.

*8*. لەم میساقەدا هیچ شتێك نیە کە مافی سروشتیی دەوڵەتان، بەتەنها یان بەکۆمەڵ، سەبارەت بە پارێزگاری لە خۆکردن کەمبکاتەوە، ئەگەر بەهۆی هێزی سەربازی دەوڵەتێکیترەوە هێرشی کرایەسەر، هەروەك چۆن ئەم مافەش نابێتە ڕێگر لەبەردەم ئەنجومەنی ئاسایشدا بۆ ئەوەی ئەرك‌و دەسەڵاتەکانی خۆی جێبەجێ بکات.

## ز. هەڵسەنگاندنی کاری نەتەوە یەکگرتووەکان لە بواری ئاشتی‌و ئاسایشدا

### قۆناغی جەنگی سارد:

هەرچەندە میساقی نەتەوەیەکگرتووەکان گرنگیەکی زۆری داوە بە بابەتی پاراستنی ئاشتی‌و ئاسایشی نێودەوڵەتی، بەڵام بارودۆخی پاش (جەنگی جیهانیی دووەم) و سەرهەڵدانی ململانێی نێوان هەردوو زلهێزی جیهانی (یەکێتی سۆڤێت‌و ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا) و هاتنەکایەی جەنگی



مەکتەبی بیروهۆشیاری

سارد، کارێکی وایکرد کە ئەم سیستمە هەر لەسەرەتاوە تووشی کێشەی گەورە ببێتەوە لە لایەنی پراکتیکەوە. لێرەدا باس لە گرنگترین ئەو ڕێگرانە دەکەین کە چالاکی نەتەوە یەکگرتووەکانیان سنووردار کردبوو:

*1*. **کامڵنەبوونی بونیادی خودی سیستمەکەو دیارینەکردنی میکانیزمەکانی:**

ئەم خاڵە ڕێگری یەکەم پێکدێنێت لە بەردەم کاری نەتەوە یەکگرتووەکاندا لەبواری پاراستنی ئاشتی‌و ئاسایشی نێودەوڵەتیدا، چونکە لە واقیعدا (م/*43*) جێبەجێنەکرا کە باس لە پابەندبوونی دەوڵەتانی ئەندام دەکات بە بەڵێنەکانیانەوە بە مەبەستی مۆرکردنی ڕێکەوتننامەی پێویست لەگەڵ ئەنجومەنی ئاسایشدا بۆ پێکهێنانی هێزی ئامادەکراوی ئاشتی پارێز لە هەموو دەوڵەتانی ئەندام‌و ئامادەیی ولاتان بۆ خستنەگەڕی تەواوی تواناکانیان بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە. لەپاش ئەمەش لیژنەی ئەرکانی جەنگیش ئەرکێکی دیاریکراوی نەبینی‌و کارەکانی تووشی ئیفلیج بوون‌و لەساڵی (*1948*)یشدا ئەنجومەنی ئاسایش ئیعترافی بەو ڕاستییە کرد.

هۆکاری ئیفلیجبوونی ئەم دوو مادە گرنگەش لە ڕووی پراکتیکەوە بریتی بوو لە سەرهەڵدانی جەنگی سارد‌و گۆڕانی بارودۆخی سیاسی‌و ئاڵۆزبوونی پەیوەندیەکانی نێوان هەردوو زلهێزە جیهانیەکەو لاوازبوونی پەیوەندی نێوان لایەنە سەرکەوتووەکانی جەنگی جیهانی دووەم، ئەم ئیفلیجبوونەش بارودۆخێکی وای سەپاند بەسەر نەتەوە یەکگرتووەکاندا کە بەبێ هەبوونی ئامرازێکی سەربازیی ئامادەو پڕچەك‌و خاوەن پلان ڕووبەڕووی کێشەکان ببێتەوە. واتە نەتەوە یەکگرتووەکان دەبێت کارێك ئەنجامبدات بەبێ ئەوەی ئامرازی تەواوی بۆ دابینبکرێت، واتە بونیادی سیستمەکەو ئامرازەکانی تەواونەبووبوون، بۆیە نەیتوانی وەك پێویست ئەرکەکانی جێبەجێ بکات.

بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییەو خۆڕزگارکردن لە حاڵەتی ناچالاکی ئەنجومەنی ئاسایش، ئەمریکا لە هەوڵێکی سەرکەوتوودا پرۆژە بڕیارێکی پێشکەش کرد بە کۆمەڵەی گشتیو لە (1950)دا ڕەزامەندی پێبەخشرا، کە پاشتر بە بڕیاری (الاتحاد من أجل السلام / یەکگرتن لەپێناو ئاشتیدا) ناسرا. ئەم بڕیارە شتێکی مێژوویی بوو هەرچەندە مەسەلەی دەستووریبوونی تائێستاش کێشەی لەسەرە، بەڵام بوو بە بڕیارو کاریشی پێکرا، بیرۆکەی سەرەکیی ئەم بڕیارە بریتیە لەوەی کە ئەگەر ئەنجومەنی ئاسایش نەیتوانی بگاتە بڕیارێک سەبارەت بە کێشەیەکی نێودەوڵەتی بەهۆی ناکۆکیی نێوان ئەندامەکانیەوە ئەوا ئەو مەسەلەیە ڕەوانەی کۆمەڵەی گشتی دەکرێتو ڕاسپاردەی پێویستی لەبارەوە پێشکەش دەکات بە ڕاسپاردەی بەکارهێنانی هێزی سەربازیشەوە، هەروەها داوا لە دەوڵەتان دەکات بەشێک لە هێزەکانیان ئامادەو تەرخان بکەن بۆ ئەوەی هەرکاتێك داوایان لێکرا بۆ مەبەستی ئاشتیپارێزی ئامادەبن بۆ بەکارهێنان. بە پێی ئەم بڕیارەش دوو لیژنەی نوێ پێکهێنران ئەوانیش (لیژنەی ڕێوشوێنی بەکۆمەڵ) و (لیژنەی چاودێریی ئاشتی) بوون تا جێگەی (لیژنەی ئەرکانی جەنگ)ی لەکارکەوتوو بگرنەوە. ئەوەی جێگەی ئاماژەیە بەهۆی سیفەتی ڕاسپاردەیی بڕیارەکانی کۆمەڵەی گشتییەوە ئەم بڕیارەش گرنگیی خۆی لەدەستدا.

### 2. زیادەڕۆیکردن لە بەکارهێنانی مافی ڤیتۆدا:

لە سەرەتای دەستپێکردنی جەنگی ساردەوەو لە پاش ڕاگەیاندنی سیاسەتی ئیحتیواکردنی یەکێتی سۆڤێت لە لایەن ئەمریکاوە (Containment)، وورده وورده یەکێتی سۆڤێت لەوە دڵنیابوو کە ناتوانێت لە ڕێگەی ڕێکەوتنو بەدەستهێنانی ڕەزامەندی زۆرینەوە چ لە ئەنجومەنی



ئاسایشو چ لە کۆمەڵەی گشتیدا سیاسەتەکانی خۆی ڕێکبخات لەگەڵ وڵاتە خۆرئاواییەکاندا کە زۆرینەیان پێکهێنابوو لە ئەنجومەنی ئاسایشو کۆمەڵەی گشتیدا. بۆیە هەنگاوی گونجاوویاسایی لە بەردەمیدا بریتی بوو لە پەنابردن بۆ مافی ڤیتۆ بۆ ئەوەی سنوورێك دابنێت بۆ ئەو هاوپەیمانێتیەی نێوان ئەمریکاو بەریتانیاو فەڕەنساو چینی نیشتمانی لە ئەنجومەندا.

ئامارەکان وانیشان دەدەن کە یەکێتی سۆڤێت لە بیستساڵی یەکەمی تەمەنی ئەنجومەنی ئاسایشدا زۆرینەی ڕەهای بەردەکەوێت لە بەکارهێنانی مافی ڤیتۆدا لە بەرامبەر هەر چوار وڵاتەکەی تردا، کە بە تەنها (101)جار ڤیتۆی بەکارهێناوە لە بەرامبەر (8)جار بۆ چوار وڵاتەکەیتر. بەڵام بۆ چل ساڵی پاش ئەوە ژمارەکە بەتەواوی گۆڕانی بەسەردا دێتو بگرە پێچەوانەش دەبێتەوە، بۆ نمونە یەکێتی سۆڤێت تەنها (20)جار بەکاریدێنێت، بەڵام ئەمریکا کە لە بیست ساڵی یەکەمدا هیچ جارێك بەکاری نەهێنابوو ئەمجارەیان (76)جار بەکاریدێنێت. بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەش بڕوانە ئەم خشتەیەی خوارەوە:

| وڵات | 1946–1955 | 1956–1965 | 1966–1975 | 1976–1985 | 1986–2003 | کۆ |
|---|---|---|---|---|---|---|
| چین | 1 | سفر | 2 | سفر | 2 | 5 |
| فەڕەنسا | 2 | 2 | 2 | 9 | 3 | 18 |
| بەریتانیا | سفر | 3 | 8 | 11 | 10 | 32 |
| ئەمریکا | سفر | سفر | 12 | 34 | 30 | 76 |
| یەکێتی سۆڤێت | 75 | 26 | 7 | 6 | 6 | 120 |
| کۆ | 78 | 31 | 29 | 60 | 51 | 251 |

* خشتەی بەکارهێنانی مافی ڤیتۆ بۆ ساڵانی (1945–2003)

### 3. گۆڕانی سیستمی ئاسایشی بەکۆمەڵ بۆ سیستمی ناوچەکانی نفوز:

پاش ئەو کێشانەی پێشوو شتێکی سروشتیبوو دەوڵەتان وەك پێویست متمانەیان نەمێنێت بە سیستمی ئاسایشی بەکۆمەڵ، بۆیە دەوڵەتان کەوتنە گەڕان بەدوای ڕێوشوێنیتردا لە دەرەوەی چوارچێوەی کارکردنی نەتەوە یەکگرتووەکاندا، بۆ نمونە گەڕانەوە بۆ ڕێوشوێنەکانی پێش دروستبوونی نەتەوە یەکگرتووەکان وەك هاوسەنگیی نێوان هێزەکان وسیاسەتی هاوپەیمانێتیەکان..هتد.

لەگەڵ تێپەڕبوونی کاتداو بە چەسپاندنی سیستمی دووجەمسەری لەنێوان دوو زلهێزە سەرەکیەکەی جیهاندا، پاشان هەوڵدانی هەرلایەك بۆ بەهێزکردنی سەربازگەکەی خۆی لەبەرامبەر ئەویتردا وردە وردە سیستمی ناوچەکانی نفوز جێگەی سیستمی ئاسایشی بەکۆمەڵی گرتەوە، بە دروستبوونی هەردوو (حیلفی ناتۆ) لە( *1949* ) و (حیلفی وارسۆ) لە (*1955*)دا ئەم سیستمە شێوازێکی جێگیرتری بەخۆیەوە بینی.

لە ڕاستیدا سیستمی ناوچەکانی نفوز لەسەر هەردوو ئاستی سیاسیو ستراتیجی پێچەوانەی سیستمی پێشووبوو، چونکە سیستمی ئاسایشی بەکۆمەڵ جیهان بە کوتلەیەکی یەکپارچە دادەنێتو لەسەر ئەو ئەگەرە کاردەکات کە دەوڵەتان لە حاڵەتی هاوپەیمانێتیەکی جیهانیدانو هێرشکردنە سەر هەریەکەیان واتە هێرش بۆ سەر تەواوی سیستمەکە، لەبەرئەوە هەموویان بە دەستەجەمعی ڕووبەرووی حاڵەتی دوژمنکاری دەبنەوە، بەڵام لە سیستمی ناوچەکانی نفوزدا جیهان دابەش دەکرێت بەسەر ژمارەیەك ناوچەی جیاوازدا بەپێی دەسەڵاتو قەڵەمڕەویی حیلفو هاوپەیمانێتییەکانو ڕێگە نادرێت بە دەوڵەتێك یان حیلفێك دەسەڵاتی هەبێت لە ناوچەی ئەوانیتردا، سەرئەنجامی ئەم حالەتەش لاوازبوونی ڕۆڵی نەتەوە یەکگرتووەکانی لێکەوتەوە لەو



مەکتەبی بیر و هۆشیاری

ناوچانەدا کە بە فیعلی دابەشکرابوون بەپێی نفوزی زلهێزان ولەژێر دەسەڵاتی نەتەوە یەکگرتووەکان دەرهێنرابوون.

<u>قۆناغی پاش جەنگی ساردو کاریگەریی لەسەر کاری نەتەوە یەکگرتووەکان:</u>

پاش ئەوەی بەشێوەیەکی ڕەسمی لەسەر زمانی (میخائیل گۆرباچۆڤ)ی سەرۆکی یەکێتی سۆڤێتی جارانەوە لەبەردەم کۆنگرەی ئاسایشو هاریکاری ئەوروپیدا کە لە پاریس لە بەرواری (*19/11/1990*) بەسترابوو ڕایگەیاند: (لە ئێستا بەدواوە یەکێتی سۆڤێتو ولاتە یەکگرتووەکان دوژمنی یەکترنین، بەڵکو وەکو دوو شەریکی هاوبەش پێکەوە کاردەکەن، ئەم هاوبەشیەش لەکاردا دەتوانرێت سیستمێکی نێودەوڵەتی لێ پێکبهێنرێت کە لە مێژوودا هاوشێوەی نەبووبێت).

بەڵام پاشتر بەهۆی لەبەریەك هەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤێتو داڕمانی دیواری بەرلینو بلۆکی ڕۆژهەلاتو لەناوچوونی سیستمی دوو جەمسەرییەوە، لەسەر هەردوو ئاستی سیاسیو ستراتیژی گۆڕانکاریی گەورە هاتنەکایەوە لە بواری دابەشبوونی هێزو قەبارەو کۆی هێزی هەریەکێك لە ولاتان، کەلەکۆتاییدا سیستمی تاك جەمسەریی ئەمریکی لێکەوتەوە. لەسەر ئاستی ئایدیۆلۆژیش ئەم گۆڕانکارییانە بوونەهۆی کۆتایهاتنی ململانێی ئایدیۆلۆژی لە نێوان بلۆکی ڕۆژهەلاتو ڕۆژئاوادا، هەرچەندە ئەم کۆتایهاتنە ئەوە ناگەیەنێت کە ململانێی ئایدیۆلۆژی لە بارودۆخی نێودەوڵەتیدا نەماوە، بەڵکو مەبەست ئەوەیە کە ئەو دوو جەمسەرییە ئایدیۆلۆژیەی کە جیهانی دابەشکردبوو بۆ دوو بەرەی دژبەیەکی ناکۆك کۆتایی هات. ئەمەش ئەو دەرئەنجامەی لێکەوتەوە کە ئایدیۆلۆژیای لیبرالیزمی-سەرمایەداری حاڵەتی سەرکەوتن بەخۆیەوە ببینێتو ببێت بەمۆدیلێکی جیهانیی باو. ئەم

گۆڕانکارییە گەورەیەش کاریگەری بەرچاوی هەبوو لەسەر کارکردنی نەتەوە یەکگرتووەکان و سروشتی کێشە نێودەوڵەتی و هەرێمییەکان و چۆنیەتی کارکردنی ئەنجومەنی ئاسایش.

پاشەکشەکردنی پێگەو ڕۆڵی روسیا بوون بەهۆی لاوازیی زیاتری لە ئەنجومەنی ئاسایشدا، سەرەڕای ئەو گۆڕانکارییانەی کەبەسەر چیندا هاتوون، بوارێکی وای ڕەخساند کە پەنابردن بۆ بەکارهێنانی (ڤیتۆ) لە ئەنجومەنی ئاسایشدا ڕوو لە کەمکردنەوە بکات. بەمەش ئەنجومەنی ئاسایش چالاکیەکی زیاتری بەخۆیەوە بینیوە، بۆ نمونە لە ڕاپۆرتێکی سکرتێری گشتیدا لەیادی (*50*)ساڵەی نەتەوە یەکگرتووەکاندا هاتووە کە ئەو بڕیارانەی ئەنجومەن دەریکردوون لە ساڵی *1987* تەنها (*15*) بڕیاربوون، لە ساڵی *1991* بووە بە (*53*) بڕیار، بەڵام لەساڵی *1993*دا بوون بە (*78*) بڕیارو بەدەوامیش لە زیادبووندان. لەلایەکی ترەوە بەهۆی یەکلابوونەوەی بالادەستی لە ئەنجومەنی ئاسایشدا لە بەرژەوەندی وڵاتانی خۆرئاوا لەماوەی پاش جەنگی سارددا، زۆرترین جار پەنا براوە بۆ بەشی حەوتەمی میساقەکە بۆ یەکلاکردنەوەی کێشەکان.



## تەوەری پێنجەم

## کۆمکاری وڵاتانی عەرەبی ( جامعة الدول العربية )

پاش زنجیرەیەك لە هەوڵ و گفتوگۆو کۆبوونەوەی یەك لەدوای یەك لە ساڵی (*1945*) دا، لەلایەن حەوت وڵاتی عەرەبییەوە کە بریتیبوون لە (سوریا، سعودیە، میسر، لوبنان، عیراق، ئوردون، یەمەن) کۆمکاری وڵاتانی عەرەبی دامەزرا وەك ڕێکخراوێکی ئیقلیمی تایبەت بە وڵاتانی عەرەبی.

<u>**یەکەم: ئامانجەکانی کۆمکاری وڵاتانی عەرەبی:**</u>

مادەی دووەمی میساقی کۆمکاری وڵاتانی عەرەبی باس لە ئامانجی دروستبوونی دەکات کە بریتییە لە بەهێزترکردنی پەیوەندیی نێوان وڵاتانی ئەندام بە مەبەستی بەدیهێنانی هاریکاری لەنێوانیاندا بەلەبەرچاوگرتنی سەربەخۆیی و سەروەری هەر دەوڵەتێك، سەرەڕای پاراستنی بەرژەوەندی و لاتانی ئەندام. هەروەها کۆمکاری وڵاتانی عەرەبی بەپێی توانا و بەلەبەرچاوگرتنی تایبەتمەندی سیستمی حوکمکردن لە هەر وڵاتێکدا هەوڵدەدات پشتگیری هاریکاری بکات لە نێوان ئەندامانندا لە کاروباری (دارایی و ئابوری، گواستنەوەو گەیاندن، ڕۆشنبیری و، کۆمەڵایەتی، ڕەگەزنامەکان و، تەندروستی). بۆیە دەتوانین بەپێی میساقەکە ئامانجەکان لەم خالانەدا کورتبکەینەوە:

*1*- <u>کارکردن لەپێناو بەدیهێنانی یەکێتی عەرەبی</u>: عەرەبەکانیش وەك هەر نەتەوەیەکیتر خاوەنی خەونی یەکگرتنی نەتەوەکەیانن لە یەکێتییەکی سیاسیدا. کۆمکاری وڵاتانی عەرەبییش لەم بوارەدا کۆمەڵێك هەنگاوی ناوە وەك کۆکردنەوەی هەموو وڵاتانی عەرەبی لەچوارچێوەی کۆمکارەکەداو

مەكتەبی بیرو هۆشیاری

مۆرکردنی ژمارەیەك پەیماننامەی بواری سەربازیو ئابوری کەلتووری لە نێوان ئەندامانیداو پێکهێنانی چەندین ئاژانسی تایبەتمەند لە نێوان ولاتە عەرەبییەکاندا. بەلاّم لەڕاستیدا ئەوەی لەچوارچێوەی ئەم میساقەدا هاتووە بریتییە لە پاراستنی بارودۆخی باوو پاراستنی سیستمە حوکمڕانەکانو ڕێزگرتنی سەربەخۆییو سەروەرییان، نەك پێویستکردنی بەدیهێنانی یەکێتی عەرەبی بەهۆی چەند بڕیارو میکانیزمێکەوە کە هەموولا پەیمانی جێبەجێکردنی بدەن.

*2*ـ <u>پاراستنی سەربەخۆییو سەروەری دەوڵەتە عەرەبییەکان:</u> یەکێك لە ئامانجەکانی کۆمکارەکە بریتییە لە پاراستنی سەروەریی ولاّتانی ئەندام بە مەبەستی بەدیهێنانی هاریکاری ئازادانە لەنێوانیادا بەبێ دەستێوەردانی دەرەکی لەکاروباری هیچ ولاّتێکی ئەندام، هەروەها ڕێزگرتنی سیستمی حوکمڕانی ولاّتانی ئەندام. لە ڕاستیدا ئەم خاڵە بوو بەخاڵێکی سەرەکی بۆ لاوازکردنی هەوڵەکانی بەدیهێنانی زیاتری یەکێتی عەرەبی، چونکە هەر ولاّتێك بەناوی پاراستنی سەربەخۆییو سەروەرییەوە ڕێگربوو لەبەردەم دروستبوونی قەوارەیەکی گەورەترو پێکهێنانی یەکێتییەکی سیاسی.

*3*ـ <u>بەدیهێنانی هاریکاری عەرەبی لە هەموو بوارەکاندا:</u> لە مادەی دووەمدا باس لە بەدیهێنانی هاریکاری کراوە لە بوارەکانی (داراییو ئابوری، گواستنەوەو گەیاندن، ڕۆشنبیری، کۆمەلاّیەتی، ڕەگەزنامەکانو، تەندروستی)، لە مادەی چوارەمیشدا باس لەوە کراوە کە بۆ هەریەکێك لەو بوارانەی پێشوو لیژنەیەکی تایبەت دروست بکرێت بە بەشداری ولاّتانی ئەندام. هەر خۆشیان بنەماکانی هاریکاری دابڕێژن. لەلایەنی پراکتیکیشەوە کۆمکارەکە هەنگاوی ناوە بۆ جێبەجێکردنی ئەم خاڵە.



مەكتەبی بیرو هۆشیاری

*4*ـ <u>پارێزگاری لە ئاشتیو ئاسایشی ولاّتانی ئەندام:</u> لە چەندین جێگەی میساقەکەدا ئاماژە بۆ ئەوە کراوە کە نابێت پەنا ببرێت بۆ هێز لە یەکلاکردنەوەی کێشەکاندا، هەروەها ئاماژەش بۆ ئەوە کراوە کە ئەنجومەنی کۆمکار دەبێت ڕۆڵی ناوبژیوان ببینێت لە یەکلاکردنەوەی ئەو کێشانەی کە لەنێوان ولاّتانی ئەندامدا دروست دەبنو مەترسی دروستبوونی جەنگیان لێدەکرێت، یان لەکاتی دروستبوونی کێشەیەك لەنێوان ولاّتێکی ئەندامو دەوڵەتێکیتردا.

*5*ـ <u>هاریکاری لەگەڵ دامەزراوە نێودەوڵەتییەکانی تردا:</u> لە مادەی سێیەمدا ئاماژە کراوە بۆ ئەوەی کۆمکار بەرپرسە لە  داڕشتتنی شێوازەکانی هاریکاری لەگەڵ ئەو دامەزراوە نێودەوڵەتییانەی کە لە داهاتوودا دروست دەبن بەمەبەستی پاراستنی ئاشتیو ئاسایشو ڕێکخستنی پەیوەندییە ئابوریو کۆمەلاّیەتییەکان. لە ڕووی پراکتیکیشەوە کۆمکاری ولاّتانی عەرەبی ڕێکەوتننامەی پێویستی مۆرکردوە لەگەڵ نەتەوە یەکگرتووەکانو، کۆنگرەی ولاّتانی ئیسلامیو یەکێتی ئەفریقادا.

*6*. <u>ڕەچاوکردننی بەرژەوەندییەکانی ولاّتە عەرەبییەکان بە شێوەیەکی گشتی:</u> لە سەرەتاوە کۆمکارەکە تەنها لە حەوت ولاّتی عەرەبی پێکهاتبوو، بۆیە شتێکی ئاسایی بوو ئەگەر کۆمکارەکە خۆی بە نوێنەری گەلانی عەرەبی تریش بزانێت کە هێشتا لە ژێر دەسەلاّتی ئیستیعماردا بوون، چونکە لە بنەڕەتدا کۆمکارەکە بۆ برەودان بە هاریکاریو یەکێتی عەرەبی دروستبووە.

## <u>دووەم: بنەماکانی کارکردنی کۆمکاری ولاّتانی عەرەبی:</u>

میساقی کۆمکاری ولاّتانی عەرەبی تێکستێکی ئەوتۆی تیانیە کە بەشێوەی خاڵ باس لەو بنەمایانە بکات کە کارو چالاکی کۆمکارەکە کۆنترۆڵ دەکەن،

مەکتەبی بیر و هۆشیاری

وەك ئەوەی میساقی نەتەوە یەکگرتووەکان لەخۆی گرتبوو، بەڵام دەتوانرێت لە درێژەی میساقەکەدا ژمارەیەك بنەما دەربهێنرێت، کە گرنگترینیان ئەمانەن:

*1*ـ **یەکسانی نێوان وڵاتانی ئەندام:** هەندێك لە وڵاتانی ئەندام پێشنیاری ئەوەیان کردبوو کە وەك مادەیەك باس لە یەکسانیی نێوان وڵاتانی ئەندام بکرێت، بەڵام پێشنیارەکە کاری پێنەکرا، چونکە یەکسانیی نێوان وڵاتان وەك شتێکی بەڵگەنەویست دانراوەو بە مادەیەك باس نەکراوە. لە گرنگترین ئەو ئاماژانەش کە لە میساقەکەو کارکردنی پراکتیکیشدا هەیە لەسەر ئەم خاڵە ئەوەیە کە ئەنجومەنی کۆمکارەکە لە هەموو وڵاتانی ئەندام پێکدێتو هەر ئەندامێکیش خاوەنی تەنها دەنگێکە، هەروەها هەموو وڵاتێك بەپێی نۆبەی خۆی پۆستی سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی کۆمکار وەردەگرێت بەبێ جیاوازی.

*2*ـ **بنەمای یەکلاکردنەوەی کێشەکان بەڕێگەی ئاشتیانە:** مادام پاراستنی ئاشتیو ئاسایشی وڵاتانی عەرەبیو هاندانی هاریکاری لەنێوانیاندا ئامانجی کۆمکارەکەن ئەوا بێگومان ئەم ئامانجانە نایەنەدی ئەگەر وڵاتانو کۆمکارەکەش پەیوەست نەبن ڕێگاچارەی ئاشتیانەوە بۆ یەکلاکردنەوەی کێشەکانی نێوانیان.

*3*ـ **قەدەغەکردنی بەکارهێنانی هێز لە پەیوەندییەکانی نێوان ئەندامانـدا:** میساقی کۆمکارەکە ڕەچاوی ئەو ئاراستەیەی کردبوو کە بواری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانی گرتبووەوە کە بریتیبوو لە قەدەغەکردنی بەکارهێنانی هێزو هەڕەشەپێکردنی لە بواری نێودەوڵەتیدا، بۆیە لە مادەی پێنجەمی میساقەکەدا ئاماژەی بۆ ئەوە کردوە کە نابێت پەناببرێت بۆ هێز لە کێشەکاندا.

*4*. **دەستێوەرنەدان لەکاروباری ناوخۆیی وڵاتانی ئەندام:** مادەی هەشتەمی میساقەکە ئاماژە بۆئەوە دەکات کە دەبێت هەموو وڵاتانی ئەندام ڕێز لە سیستمی حوکمڕانیی وڵاتانی تر بگرنو بە مافێکی ئەو دەوڵەتەی بزانن کە



مەکتەبی بیر و هۆشیاری

چۆن حوکمڕانیی خۆی ڕێکدەخات، هەروەها دەبێت بەڵێن بدات کە هیچ کارێك نەکات کە ببێتە هۆی گۆڕینی ئەو سیستمە. لێرەدا تەنها کاری سەربازیو بەکارهێنانی هێز قەدەغە نەکراوە بۆ گۆڕینی سیستمی حوکمڕانی، بەڵکو هەر کارێك کە ببێتە هۆی ئەو گۆڕانکارییە. ئەمەش ئاستی لێپرسراوێتی ئەندامان بەرامبەر بە یەکتر قورستر دەکات.

*5*. **بنەمای ئاڵوگۆڕی هاریکاری:** مادەی شەشەمی میساقەکە ئاماژە دەکات بۆ ئەوەی کە ئەگەر حاڵەتی دوژمنکاری دژ بە یەکێك لە دەوڵەتانی ئەندامی کۆمکارەکە ئەنجامدرا یان مەترسی هەبوو لە ڕوودانی دوژمنکاری، ئەوا دەوڵەتی دەستدرێژی لێکراو یان هەڕەشە لێکراو بۆی هەیە کە داوای کۆبوونەوەی ئەنجومەن بکات، ئەنجومەنیش لای خۆیەوە دەبێت بڕیار بدات لەسەر ئەو ڕێوشوێنانەی کە ئەو حاڵەتە چارەسەر دەکەن بە کۆی دەنگ، لێرەدا جیاوازی دەوڵەتی دەستدرێژیکەر کۆدەنگ تێکنادات. لێرەدا جیاوازی ناکرێت لە نێوان دەستدرێژیکەر ئەندام بێت یان نا، بەڵکو ڕووبەڕووبوونەوەی پێویستکراوە.

## سێیەم: دامودەزگاکانی کۆمکاری وڵاتانی عەرەبی:

کۆمکاری عەرەبیش وەك هەر ڕێکخراوێکی تر ژمارەیەك دامودەزگای هەیە کە ڕێکخراوەکە بەڕێوەدەبەنو هەوڵی بەدیهێنانی ئامانجەکانی دەدەن، کەبریتین لە:

*1*. ئەنجومەنی کۆمکار (مجلس الجامعة)

*2*. ئەمینداریێتی گشتی (الأمانة العامة).

*3*. لیژنەهەمیشەییەکان (اللجان الدائمة).

*4*. لوتکەی عەرەبی (القمة العربية).

مه كتهبى بيروهوشيارى

### 1. ئه نجومەنی کۆمکار

دەزگای سەرەکیی کۆمکارەکەیەو سەرپەرشتی هەموو ئەو مەسەلانە دەکات کە لە چوارچێوەی سەلاحیاتی کۆمکاردابن. لە(م/4) ی میساقەکەدا هاتووە کە ئەنجومەنی کۆمکار لە نوێنەری هەموو ولأتانی ئەندامی کۆمکارەکە پێکدێتو ئەرکی سەرەکیی بریتیە لە هەوڵدان بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی.

### ئەرك و لێپرسراوێتییەکانی

أ. چاودێریکردنی جێبەجێکردنی ئەو ڕێکەوتننامانەی کە ولأتانی ئەندام لە هەموو بوارەکاندا مۆری دەکەن.

ب . گرتنەبەری ڕێوشوێنی پێویست بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەر حاڵەتێکی دوژمنکاری دژی یەکێك لە ئەندامانی کۆمکار.

ج . یەکلاکردنەوەی ئەو کێشانەی لە نێوان ئەندامانندا دروست دەبێت بەڕێگەچارەی ئاشتیانە.

د ـ دیاریکردنی هۆکارەکانی هاریکاری لەگەڵ ڕێکخراوو دەزگا نێودەوڵەتییەکاندا بەو شێوەیەی کە ئاشتیو ئاسایشی جیهانی دەپارێزێت.

هـ . دەستنیشانکردن و هەڵبژاردنی ئەمینداری گشتیی کۆمکار.

و. دیاریکردنی ڕێژەی دارایی هەرولاتێکی ئەندام لەو بەشەی کە لەسەریەتی لە بودجەی کۆمکار.

ز. دانانی پەیڕەوی ناوخۆی تایبەت بە (ئەنجومەن، لیژنەکان، ئەمینداریّتی گشتی) ی کۆمکار.



مه كتهبى بيروهوشيارى

### کۆبوونەوەکانی

أـ ئەنجومەن ساڵانە کۆبوونەوەی ئاسایی ئەنجامدەدات،هەروەها بۆی هەیە کۆبوونەوەی نائاسایی ئەنجامبدات هەرکاتێك بە پێویست زانرا لەسەر داوای (3/2)ی ئەندامانی یان لەسەر داوای ئەندامێك ئەگەر تووشی حاڵەتی دوژمنکاری ببێت.

ب . بەشێوەیەکی گشتی کۆبوونەوەکان لە قاهیرە دەبەسترێن، چونکە بارەگای هەمیشەیی لەوێیە، بەلاّم دەتوانێت کۆبوونەوە لە هەر ولاّتێکی ئەندام ئەنجامبدات.

جـ . کۆبوونەوەکانی ئەنجومەن بەدروست دادەنرێن ئەگەر زۆرینەی ئەندامانی ئامادەبن، لێرەدا دەگونجێت کۆبوونەوەکان یاسایی بن بەبێ ئەوەی بتوانێت ئەو بڕیارانە بدات کە پێویستیان بە زۆرینەی (3/2)، یان کۆدەنگ هەیە.

دـ ئەمینداری گشتی بانگهێشتی ئەندامانی ئەنجومەن دەکات بۆ کۆبوونەوەکان، خۆی یان یەکێك لە یاریدەدەرەکانی ئامادەدەبن و سەرۆکایەتیی ئەنجومەنیش بەپێی ڕیزبەندی ئەبجەدیی ناوی ولاّتانی ئەندام دەبێت.

### 2. ئەمینداریّتی گشتی

أـ کۆمکارەکە ئەمینداریّتییەکی گشتیی هەیە کە لە ئەمینداری گشتیو کۆمەڵێك یاریدەدەرو ژمارەیەکی پێویست فەرمانبەری ئیداری پێکدێت. ئەنجومەن ئەمینداری گشتی بەزۆرینەی (3/2)ی دەنگەکان هەڵدەبژێرێت بۆ ماوەی پێنج ساڵ کە دەتوانرێت تازە بکرێتەوە، ئەمینداری گشتی بەڕەزامەندی ئەنجومەن یاریدەرەکانیو فەرمانبەرەکانی دیاریدەکات. لە ڕووی دیبلۆماسیشەوە پلەی سەفیری دەبێت. ئەمینداریّتی گشتی دەزگای تەکنیکیو ئیداریی سەرەکیی کۆمکارەکە جێبەجێدەکات.

ب . هەر یەکێك لە ئەمینداری گشتی و یاریدەدەرەکانی و فەرمانبەرەکانی ئەرك و کارەکانیان بە تەواوی سەربەخۆیی و دوور لە دەستێوەردانی وڵاتانی ئەندام جێبەجێدەکەن و بە بێلایەنی و نەزاهەتەوە مامەڵە لەگەڵ هەموو لایەنەکاندا دەکەن وەك کۆمەڵێك فەرمانبەری نێودەوڵەتی کە پەیوەستن بە بەرژەوەندی باڵای کۆمکارەکەو بەدیهێنانی ئامانجەکانیەوە.

جـ ئەمینداریێتی گشتی لە ژمارەیەك بەڕێوەبەرێتی جیاواز پێکدێت وەك (سکرتاریەت، سیاسی، دارایی و کارمەندان، کاروباری ئابوری و گواستنەوەو گەیاندن، کاروباری کۆمەڵایەتی و تەندروستی، کاروباری یاسایی، بڵاوکردنەوە، کاروباری ڕۆشنبیری، کاروباری فەلەستین).

د. ئەمینداری گشتی ئەجێندای کاری ئەنجومەنی کۆمکارو لیژنەکانی ئامادە دەکات و بڕیار وڕاسپاردەکانی جێبەجێ دەکات. پرۆژەی بودجەی ساڵانەی کۆمکار ئامادە دەکات و دەیخاتە بەردەست ئەنجومەن بۆ ڕەزامەندی وەرگرتن لەسەری لە پێش سەرەتای هەموو ساڵێك، هەروەها ئەمینداری گشتی بە لێپرسراوی کارەکانی ئەمینداریێتی گشتی دادەنرێت لەبەردەم ئەنجومەندا.

هـ . ئەمینداری گشتی ژمارەیەك ئەرکی سیاسیشی لە ئەستۆدایە، لەوانە مافی بەشداری لە کۆبوونەوەکانی ئەنجومەن و بەشداری گفتوگۆکانی و مافی پێشکەشکردنی ڕاپۆرت و نوسراوی پێویست سەبارەت بە هەر مەسەلەیەك کە بەلایەوە گرنگ بێت، سەرەڕای نوێنەرایەتیکردنی کۆمکار لەبەردەم ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکانداو مافی قسەکردن و ڕادەربڕین بەناوی کۆمکارەکەوە بۆ هۆکارەکانی ڕاگەیاندن و ڕای گشتی.



مەکتەبی بیر و هۆشیاری

3. **لیژنە هەمیشەییەکان**

أ. لە (م/4) ی میساقەکەدا هاتووە کە بۆ هەر یەکێك لەو بوارانەی لە مادەی دووەمدا دیاریکراون پێویستە لیژنەیەکی تایبەت پێکبهێنرێت بە ئەندامێتی هەموو وڵاتانی بەشداری کۆمکارەکە. هەریەکە لەم لیژنانە لە بواری خۆیدا بنەماکانی هاریکاری و مەوداکانی دیاریدەکات و لەشێوەی پرۆژەی ڕێکەوتننامەیەکدا دەیخاتە بەردەم ئەنجومەن بۆ پێداچوونەوەی، بۆ ئەوەی لە کۆتاییدا بخرێتە بەردەم بۆ وڵاتانی ئەندام بۆ دەنگدان و ڕەزامەندی وەرگرتن لەسەری.

ب . گرنگترین ئەو لیژنانەی کە تا ئێستا کۆمکارەکە پێکیهێناون بریتین لە لیژنەکانی (ڕۆشنبیری، ئابوری، کۆمەڵایەتی، ڕاگەیاندن، پسپۆری بواری پترۆل، کەشناسی، تەندروستی، مافی مرۆڤ، دارایی وئابوری).

ج . هەموو دەوڵەتێك بە نوێنەرێك یان زیاتر بەشداری دەکات و هەر دەوڵەتێك دەنگێکی هەیەو بڕیارەکانی بەزۆرینەی دەنگەکان دەبێت، بەڵام بە مەرجێك زۆرینەی ئەندامانی ئامادەی کۆبوونەوەو دەنگدانەکە بن. ئەنجومەن بۆ هەر لیژنەیەك سەرۆکێك دیاری دەکات بۆ ماوەی دوو ساڵ کە قابیلی تازەکردنەوەیە.

د- یەکێکی تر لە کارەکانی ئەم لیژنانە بریتیە لە ئامادەکردنی پرۆژەی ڕێکەوتننامەکان لە نێوان وڵاتانی کۆمکارەکەدا، تا ئێستاش ئەم لیژنانە بەشداریان کردوە لە داڕشتنی ڕێکەوتننامەکاندا وەك ڕێکەوتننامەکانی بواری (ڕەگەزنامەکان، جێبەجێکردنی ئەحکام، تەسلیمکردنی تاوانباران، یەکێتی بەریدی عەرەبی، ئاسانکردنی ئاڵوگۆڕی بازرگانی و.... هتد).

ه . هەندێك بواری گرنگ هەن کە لە مادەی دووەمدا باس نەکراون، بەڵام لە ڕووی پراکتیکەوە لیژنەیان بۆ پێکهێنراوە وەك بواری سیاسی کە ئاماژەی بۆ

مەکتەبی بیر و هۆشیاری

نەکراوە، بەڵام پاشتر بە بڕیارێکی ئەنجومەن لە ساڵی (1946) دا لیژنەی سیاسی پێکهێنرا بۆ ڕێکخستن و پەرەپێدانی هاریکاری سیاسی لە نێوان ولآتانی ئەندامدا بەپێی پێویست بۆ نموونە دەبێت مانگێك پێش کۆبوونەوەکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان کۆببنەوە بۆ ئەوەی بە خۆئامادەکردنەوە بەشداری لە کۆبونەوەکاندا بکەن. ئەم لیژنەیە لەسەرەتای دروست بوونیەوە تا ئێستا ڕۆڵی گەورەی بینیوە لە مێژووی کۆمکارەکەدا بە تایبەت لە بواری نزیککردنەوەی ڕاوبۆچوونی ئەندامانی کۆمکارەکە سەبارەت بە هەندێك مەسەلەی سیاسی ئیقلیمی و نێودەوڵەتی.

### 4. لوتکەی عەرەبی

مێژووی کۆبوونەوەکانی لوتکەی عەرەبی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵآنی شەستەکان کاتێك ئیسرائیل ڕێچکەی ڕووباری ئوردونی گۆڕی لە بەرژەوەندی خۆی، میسریش داوای کۆبوونەوەیەکی خێرای سەرۆك و پاشاو میرەکانی عەرەبی کرد بۆ هەڵوێست وەرگرتن لەسەر ئەو مەسەلەیە، کۆبوونەوەکە لە (1964)دا لە قاهیرە ئەنجامدراو بڕیاریاندا کە لەوەودوا ساڵآنە درێژە بە کۆبوونەوەکان بدەن، بەڵام پاشتر بەهۆی کێشەکانی نێوانیانەوە نەیانتوانی ساڵآنە بەردەوام بن لە کۆبوونەوەکانیان. ئەم کێشەیە درێژەی کێشا تا لە (2000)دا دووبارە بڕیاریاندایەوەو بڕیارەکەشیان کرد بە پاشکۆ بۆ میساقەکە کە ئیتر ساڵآنە لە مانگی ئازاردا کۆببنەوە. ئەمەش بە گۆڕانکارییەکی بەرچاو دادەنرێت لە کۆبوونەوەکاندا، کە کۆبوونەوەکان بەم شێوەیەی لێدێت: لوتکەی عەرەبی لە بری ئەنجومەن ساڵآنە لە مانگی ئازاردا کۆدەبێتەوە نەك دووجار، هەروەها وەزیرانی دەرەوەش ساڵآنە دووجار لە مانگی ئازارو ئەیلولدا کۆدەبنەوە.



مە کتەبی بیرو هۆشیاری

### چوارەم: کۆمکاری عەرەبی و پێویستی چاکسازیی

لەپاش تێپەڕبوونی نزیکەی نیوسەدە بەسەر دامەزراندنی کۆمکارەکەدا، داواکاری و پێویستیەکی زۆر هەیە بۆ ئەنجامدانی چاکسازی لە میساق و پێکهاتەی بونیادی ڕێکخراوەکەدا. هۆکاری سەرەکی ئەم داواکارییانەش دەگەڕێتەوە بۆ:

أ- درێژی ئەو ماوەیەی کە بەسەر دامەزراندنی ڕێکخراوەکەدا تێپەڕبووە، چونکە تەواوی بارودۆخی ناوخۆیی و هەرێمی و نێودەوڵەتی گۆڕانکاری بەرچاویان بەسەردا هاتووە، تەنانەت سروشتی ئەو بابەتانەش کە لە پێناویاندا کۆمکارەکە دروستبوو گۆڕاون، هەروەها ئاستی هۆشیاری و داواکاری گەلانی عەرەبیش گۆڕاوە، بۆیە لە نێو ئەو گۆڕانانەدا دەبێت کۆمکارەکەش بگۆڕێت. یەکێتی ئەوروپاش لەم بارەیەوە نموونەیەکی زیندوە کە ئەگەر ڕێکخراوێکی هەرێمی لە ئاستی بارودۆخ و گۆڕانکارییەکاندا بێت ئەوا دەتوانێت بگاتە ئاستێکی باڵآی تەواوکاری هەرێمی.

ب . ئەو کەموکوڕییانەی کە لە ئەنجامی ئەزموونی ساڵآنەوە لە میساقەکەو بونیادی ڕێکخراوەکەدا دەرکەوتوون، بۆنموونە دانەمەزراندنی دادگای عەرەبی، هەرچەندە لە میساقەکەدا وەك پێویستییەك باس کراوە کە دەبێت پەلەی لێبکرێت بۆ یەکلاکردنەوەی کێشەکانی نێوان ولآتانی ئەندام. هەروەها پەیوەست نەبوون بە ئیلتیزامکردن بەو بەشەی کە لە بودجەی ساڵآنەی ڕێکخراوەکە دەکەوێتە سەریان کە کۆی بودجەکە نزیکەی (27) ملیۆن دۆلارە!! سەرەڕای نەبوونی ئیرادەی سیاسی لەسەر بەدەمەوەچوونی هەوڵەکانی چاکسازی و پەرەپێدانی ڕێکخراوەکەو گونجاندنی لەگەڵ ژینگەی نێودەوڵەتیدا. بەپێچەوانەوە هەمیشە ولآتانی عەرەبی لە پاشەکشەدان و لە ئاستی داواکاری و خۆزگەی شەقامی عەرەبیشدا نین!!

مەکتەبی بیروهۆشیاری

## تەوەری شەشەم

## یەکێتی ئەوروپا (الإتحاد الأوروبي)

**یەکەم: تیۆری تەواوکاریی نێودەوڵەتی ( International Integration )**

**أ. پێناسەی تەواوکاریی نێودەوڵەتی:**

(ئێرنست هاس) دەڵێت: تەواوکاری نێودەوڵەتی ئەو پرۆسەیەیە کە لەئەنجامدا نوخبەی سیاسی لەچەند دەوڵەتێکدا ڕازی دەبن لەسەر گۆڕانکاری لە سیستمی سیاسییاندا بە مەبەستی پێکهێنانی دەزگایەکی نوێ کە دەسەڵاتێکی سەروو- نەتەوەیی (فوق قومی) هەبێت و بڕیارەکانی بسەپێنێت بەسەر دەوڵەتە بەشدارەکاندا (وەك یەکێتی ئەوروپا).

تەواوکاری نێودەوڵەتی جیاوازە لەڕێکخراوی نێودەوڵەتی، چونکە ڕێکخراوی نێودەوڵەتی دەیەوێت کومەڵێك دامودەزگا دروست بکات کە لە نێوان دەوڵەتاندا کاربکەن و تەنها هۆکارێك بێت بۆ هاوکاری ئازادانە لە نێوانیاندا، بەڵام تەواوکاری نێودەوڵەتی دەیەوێت دەسەڵاتی ئەو دەزگایەی کە دروستی دەکات لە سەرووی دەوڵەتانەوە بێت و دەسەڵات و سەڵاحیەتەکانی درێژدەبێتەوە بۆ سیاسەتە ئابورییە ناوخۆیی و دەرەکییەکانی دەوڵەت و کۆمەڵێك ڕێوشوێن و سیاسەتی دیاریکراویش بەسەریاندا دەسەپێنێت.

**ب. بۆچوونە سەرەکییەکانی تەواوکاریی نێودەوڵەتی:**

*1*- لایەنگرانی ئەم ڕێبازە بە گومانەوە دەڕواننە سیاسییەکان، هەروەها جەخت لەسەر گرنگی ڕۆڵی تەکنیککارو پسپۆڕانی بوارە جیاوازەکان دەکەنەوە لە بەرقەراربوونی ئاشتی و ئارامیدا.



مەکتەبی بیروهۆشیاری

*2*- لایەنگرانی ئەم ڕێبازە ڕایان وایە ئەو سەرکەوتنانەی مرۆڤایەتی بە دەستی هێناون لە بواری هاوکاری تەندروستیدا دەتوانرێت بگوێزرێنەوە بۆ بوارەکانی تریش لە ڕێگەی پەندوەرگرتن و بڵاوبوونەوەی ئەزموونەکانەوە.

*3*- لایەنگرانی ئەم ڕێبازە باوەڕیان بە گەشەکردنی پلەبەندی (تدرج) هەیە لەڕێگەی دەرکەوتنی سودەکانی پرۆسەی تەواوکاریی نێودەوڵەتییەوە.

*4*- لایەنگرانی ئەم ڕێبازە جیاوازی دەکەن لەنێوان سیادەی یاسایی و سیادەی سیاسی دەوڵەت و سەڵاحیات و دەسەڵاتە کۆمەڵایەتی و ئابورییەکانی دەوڵەتدا، هەروەها بەڕای ئەوان دەگونجێت تەکنیککارو پیشەوەران و پسپۆڕان ئەرکی لایەنە ئابوری و کۆمەڵایەتییەکان جێبەجێ بکەن کێشەیەکیش دروست نەبێت لە سیادەی دەوڵەتدا.

**ج. مەرجەکانی تەواوکاری نێودەوڵەتی:**

*1*- پێویستە لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە پێکەوەگونجان و هاوسنووری و هاوسۆزی کۆمەڵایەتی لە نێوان نەتەوەکاندا هەبێت (قبوڵکردنی یەکتر). واتە لێکتر نزیکی و دۆستایەتی کۆمەڵایەتی و نەتەوەیی پرۆسەی تەواوکاری ئاسان دەکات و خێراتر بەڕێوە دەچێت.

*2*. پێویستە نوخبەی سیاسی و دەسەڵاتدار لە دەوڵەتەکاندا هاوبەش بن لە کۆمەڵێك بەها و بیروباوەڕدا بۆ ئەوەی بڕیاری سیاسی لە خزمەتی پرۆسەکەدا بێت، بۆ نموونە باوەڕبوون بە سیستمی سیاسی دیموکراتخوازو سیستمی ئابوری سەرمایەداریی و بازاڕی ئازاد هۆکارێکی گرنگە لە دروستبوونی یەکێتی ئەوروپادا.

*3*- پێویستە لایەنە جیاوازەکانی پرۆسەکە چاوەڕوانی بەدەستهێنانی کۆمەڵێك بەرژەوەندی نیشتمانی بن بۆ دەوڵەتەکانیان. واتە پەیوەندییەکان لەسەر بنەمای ئاڵوگۆڕی بەرژەوەندییەکان دروست دەبێت.

4ـ هـەبوونی پەیوەنـدی مێـژوویی و دۆسـتانەو ئـەزموونی كاری هاوبـەش پرۆسـەی تـەواوكاری نێودەوڵـەتی ئاسـانتر دەكـات، واتـە پـێش هـەر بڕیـارو هـەنگاوێك پێویـستە ڕێژەیـەك لـە متمانـەی هەمەلایـەن لـە نێـوان دەوڵەتەكانـدا هەبێت بۆ ئەوەی پرۆسەكە سەركەوتووبێت.

5ـ هـەبونی مەترسـی دەرەكـی و هەڕەشـەی دوژمنكـاری پرۆسـەكە خێراتـر دەكات.

د. ئاستەكانی پرۆسەی تەواوكاریی نێودەوڵەتی:

1. ئاستی ئابوری: ئەم ئاستە زۆرجار هەنگاوی گرنگ و سەرەتا پێكدێنێت لە پرۆسەی تەواوكاریی نێودەوڵەتیدا ئەمەش لە ڕێگەی بازاڕی هاوبەش و یەكێتی گومرگی و یەكێتی ئابوری فراوانەوە دەبێت.

2. ئاستی كومەڵایـەتی: پاش دەركەوتنی ئاسەواری ئابوری و بەرژەوەندییە ڕاستەوخۆكان لە نێوان نەتەوەكانـدا هۆشیاری نێونەتـەوەیی و ڕایـەكی گشتی فراوان لـە نێـوان گـەلانی یەكێتییـە ئابورییەكـەدا دروسـت دەبێـت سـەبارەت بـە بایەخ و گرنگی پرۆسەی تەواوكاریی نێودەوڵەتی.

3ـ ئاسـتی سیاسـی: ئاستێكی باڵای پەیوەندییە كە تێیـدا هەنـدێك دەزگـای هاوبەشـی خـاوەن صـەلاحیات دروسـت دەكرێـت بـەبێ ئـەوەی پێـچەوانەی سـەروەریی دەوڵـەت بێـت، وەك ئـەوەی كـە یـەكێتی ئـەوروپا یـەك ڕێكخـەری سیاسـەتی دەرەوەی یەكێتییەكـەیان هەیـە (منـسق الـسیاسة الخارجیـة للاتحـاد الاوروبي).

4ــ ئاسـتی ئاسـایش: ئەمـەیان دوا قوناغـەو ئاسـتێكی پێـشكەوتووی هاوكاریـەو مەترسیداریـشە، بۆیـە زۆر جـار دوادەكـەوێت یـان دەوڵەتـەكان ناگونجێن و سەركەوتوو نابێت.



هـ. سوودەكانی تەواوكاری نێودەوڵەتی:

1ـ بـە دەروازەیـەكی نـوێ دادەنرێـت لـە پەیوەندییـە نێودەوڵەتییەكانـدا كـە مەبەسـتی سـەرەكی بریتییـە لـە پێكـەوە بەسـتنی ئـابوری دەوڵـەتان و تونـدوتۆڵكردنی پەیوەندییـە هەمەلایەنـەكان و دووركەوتنـەوە لـە هۆكارەكـانی ململانێ و جەنگ.

2ــ ڕۆڵێكـی كاریگـەر دەبینێـت لـە برەوپێـدانی گیـانی داهێنانكـاری و بـەهێزكردنی توانـای ئـابوری و بەرزكردنـەوەی ئاسـتی تـەكنیكی و وەزیفـی دامودەزگاكانی دەوڵەت و پشتگیریكردن لە گیانی پێشكەوتنخوازی لای گەلانی یەكێتییەكە.

3ــ بـە هۆكـارێكی گـرنگ دادەنرێـت لـە پرۆسـەی هانـدانی ڕۆشـنبیریی پێكـەوەژیان و كـەلتووری لێبـوردن و قبـوڵكردنی جیاوازییـەكان و شـكاندنی سنوورە دەستكردەكانی نێوان ئادەمیزادەكان، واتە هەنگاوێكی گرنگە بۆ لێكتر نزیككردنەوەی زیاتری مرۆڤایەتی.

4. سەرەتایەكی پێویستە بۆ داهێنانی میكانیزمی نوێ لە بواری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەكانـدا، وەك (وەزیفەگـەرایی و فیـدرالیزمی جیهـانی و بـیردۆزی كۆمیونیكەیشنی نێودەوڵەتی.

5. سەركەوتنی یەكێك لە ئەزموونەكانی تەواوكاریی نێودەوڵەتی دەبێتە هـۆی پتـەوبوونی متمانـەی دەوڵـەتانی تـریش لـە شـوێنە جیاوازەكـانی جیهانـەوە بـۆ ئـەوەی هـەوڵی دووبـارە كردنـەوەی ئـەو جـۆرە ئەزموونـە بـدەن، بـە مەبەسـتی بەدەستهێنانی هەمان بەرژەوەندی گشتی بۆ دەوڵەتەكانیان.

و. ڕەخنە سەرەكییەكان:

1ــ شـتێكی ئاسـان نییـە، ئەگـەر مـەحاڵیش نـەبێت، لـە پەیوەندییـە نێودەوڵەتییەكانـدا لایـەنی سیاسـی و تـەكنیكی لـێكتر جیابكەینـەوەو جیـاوازی

مەکتەبی بیر و هۆشیاری

بکەین لە نێوان دەسەڵاتی ئەو دوو لایەنەدا، چونکە لە دەوڵەتی هاوچەرخدا تەکنەلۆژیا و ئابوریو سیاسەت زۆر بەتوندی پێکەوە گرێدراون.

*2*ـ پرۆسەی تەواوکاریی نێودەوڵەتی لە ئەنجامی بڕیارێکی سیاسییەوە دەست پێدەکات، ئەگینا مەحاڵە بە بڕیاری تەکنیکی یان تەنها لەبەر بەدەسهێنانی بەرژەوەندی تەکنەلۆژیو ئابوری پرۆسەکە دروست ببێت.

*3*ـ سەرەڕای گرنگی ئەزموونی یەکێتی ئەوروپا، بەڵام مەرج نییە لە شوێنەکانی تری جیهاندا هەمان بارودۆخ بڕەخسێت بۆ دروستکردنی یەکێتییەکی لەو شێوەیە، چونکە ئەو لێکەوە نزیکیی کەلتووریو ئاستی پێشکەوتنی ئابوریو تەکنەلۆژیو سیاسییەی ئەوروپا لە شوێنەکانی تردا بە هەمان شێوە نابینرێت.

**دووەم: یەکێتی ئەوروپا: دامەزراندنو فراوانبوون**

یەکێتی ئەوروپا ڕێکخراوێکی هەرێمی ناوازەیە . واتە ڕێکخراوێکی تری هەرێمی هاوشێوەی نییە لە جیهانداو، گروپێکە (*27*) دەوڵەتی ئەوروپی لەخۆی دەگرێت کە هەموویان پێکەوە لە چوارچێوەی دامودەزگاکانی یەکێتی ئەوروپادا هەوڵی بەدیهێنانی هاوکاری نێودەوڵەتی . هەرێمی ئەدەنو بەرژەوەندییەکانیان دەپارێزنو برەویان پێدەدەن، هەروەها ڕووبەڕووی ئاستەنگو پێشهاتەکان دەبنەوە.

ئەم یەکێتییە لە ئەنجامی پرۆسەیەکی درێژخایەن لە هاوکاری دۆستانەو ئازادانەی نێوان ژمارەیەك لە وولاّتە ئەوروپییەکان دروستبووە، سەرەتا بە (*6*) دەوڵەت دەستی پێکردو لە ساڵی (*2007*)دا گەیشتە (*27*) دەوڵەتو چاوەڕوانی فراوانبوونی زیاتریشی لێدەکرێت.

أ. کورتەیەکی مێژوویی:



مەکتەبی بیر و هۆشیاری

لە مێژووی ئەوروپادا چەند هەوڵێکی جیاواز دراون بە مەبەستی یەکخستنی ئەو کیشوەرە لە ڕێگەی بەکارهێنانی هێزەوە، وەك هەوڵەکانی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانیو ئیمپراتۆریەتی شارلمان کە ڕووبەرێکی فراوانیان خستبووە ژێر ڕکێفی خۆیانەوە، هەروەها هەوڵەکانی ناپلیۆن لە سەدەی نۆزدەیەمدا نموونەیەکی ترە تا دەگاتە هەوڵی نازییەکان بە سەرکردایەتی هیتلەر لە جەنگی جیهانیی دووەمدا، بەڵام لە لایەك بەهۆی جیاوازیی زمانو ڕەچەڵەكو نەتەوەکانەوەو لەلایەکی تریشەوە بەهۆی بەزۆر سەپاندنەوە ئەم هەوڵانە ڕووبەڕووی بەرگرییەکی جەماوەریی فراوان بوونەوە لە تەواوی ئەوروپاداو بە درێژایی ئەو ماوە مێژووییانە نائارامی سیاسی باڵی کێشابوو بەسەر ئەوروپادا.

لەپاش کۆتایهاتنی جەنگی جیهانیی دووەمو پاشتریش دەستپێکردنی جەنگی ساردو ململانێی ئایدیۆلۆژیو سیاسیو سەربازیی نێوان هەردوو زلهێزی جیهانی یەکێتی سۆڤێتو ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا باوەڕێکی گشتی لە ئەوروپادا بڵاوبوەوە کە سەردەمی کاریگەریی ئەوروپا بەسەرچووەو سەنتەرەکانی هێزیش گوازراونەتەوە بۆ دەرەوەی ئەوروپا (واتە سۆڤێتو ئەمریکا).

قبوڵکردنی ئەم واقیعەش بەلای ئەوروپییەکانەوە شتێکی ئاسان نەبوو، چونکە سەردەمێك بەریتانیا ئیمپراتۆریەتێك بوو خۆری لێ ئاوانەدەبوو، فەڕەنساش زۆربەی وڵاتانی ئەفریقای کردبووە ناوچەی کۆلۆنیالی خۆی، ئیسپانیا و پورتوگالیش فراوانخوازیان گەشتبووە ئەمریکای لاتینی، ئەمانە سەرەڕای هۆڵەنداو ئیتالیا و ئەڵمانیا و نەمسا و وڵاتانی تریش کە بەشێوەی جیاواز سەرکردایەتی جیهانیان دەکرد لە سەدەکانی پێشووتردا.

ب. هەوڵەکانی دامەزراندنو فراوانبوونی یەکێتی ئەوروپا:

مەکتەبی بیر و هۆشیاری

پاش جەنگی جیهانی دووەم هەوڵەکانی ئەوروپییەکان دەستی پێکرد لە پێناو دووبارە بنیادنانەوەی ئەوروپا و گێڕانەوەی بەشێك لە سەروەرییەکانی ڕابردوو. سەرەتای کارەکانیش لە بواری ئابوورییەوە دەستی پێکرد بە تایبەت هاوکاریکردن لە بواری بەرهەمهێنانی دوو ماددەی گرنگدا کە بریتیبوون لە کەرەستەی سەرەکیی جەنگەکان (ئاسن + خەڵوز) بۆ ئەوەی سەرەتایەك بێت بۆ پێکەوەگریدانی ئابوورییان لەو بوارانەداو لە هەمان کاتیشدا پەیامێك بێت بۆ کۆتایهاتنی سەردەمی ناکۆکی و جەنگەکان.

مێژووی پەرەسەندنی یەکێتی ئەوروپا دورودرێژە، بەڵام لێرەدا گرنگترین خاڵەکانی بە درێژایی ئەو چەندین ساڵە کورت دەکەینەوە، بەم شێوەیە:

| ساڵەکان | گرنگترین ڕووداوەکان |
|---|---|
| 1951 | * ڕێکەوتننامەی (پاریس)، دامەزراندنی (ڕێکخراوی خەڵوزو ئاسنی ئەوروپی) لەلایەن (ئەوروپا6) کە ئەمانەبوون (ئەڵمانیا+فەرەنسا+ئیتالیا+بەلجیکا+هۆڵەندا+لۆکسەمبۆرگ). |
| 1957 | * ڕێکەوتننامەی (ڕۆما)، دامەزراندنی (کۆمەڵەی ئابووری ئەوروپی)+(کۆمەڵەی وزەی ئەتۆمی ئەوروپی)، لەلایەن (6)ولاّتەکەی پێشووەوە. |
| 1967 | پێکەوەگرێدانی هەر سێ ڕێکخراوەکەی پێشوو لە ژێر ناوی (کۆمەڵەی ئەوروپی) (European Community)دا. هەروەها کۆمیسیۆنی کۆمەڵەی ئەوروپی دەستی بەکارەکانی کرد لە (برۆکسل). |
| 1968 | بەدیهێنانی یەکێتی گومرگی (نەهێشتنی گومرگ لە ناوخۆی شەش ولاّتەکەداو دانانی رسومی هاوبەش بۆ دەرەوە). |
| 1972 | دامەزراندنی (یەکێتی دراوی هاوبەش) (کە لە شێوەی مارێکدا دراوی هەر شەش ولاّتەکەی بەپێی بەهاکانیان لەسەرەوە بۆ کلك ڕێکخستبوو). |
| 1973 | پەیوەندیکردنی (بەریتانیا+ئیرلەندا+دانیمارك) و دروستبوونی (ئەوروپا9). |
| 1979 | یەکەم هەڵبژاردن بۆ ئەندامانی پەرلەمانی ئەوروپا بە ڕاستەوخۆیی. |
| 1981 | پەیوەندیکردنی (یۆنان). |
| 1986 | پەیوەندیکردنی (ئیسپانیا+پورتوگال) (ئەوروپا 12). |
| 1990 | قۆناغی یەکەم لە یەکێتی ئابووری و نەختی (الاقتصادی والنقدی WWU). |
| 1993 | •تەواوکردنی بازاڕی ناوخۆی ئەوروپی، واتە ناوچەیەکی ئازاد بۆ ئاڵوگۆڕی (کەسەکان+شتومەك+خزمەتگوزاری+سەرمایە).<br>•ڕێکەوتتنامەی (ماستریخت) خرایە بواری جێبەجێکردنەوە (سیاسەتی دەرەوەو ئاسایشی هاوبەش+کۆمەکی گەشەپێدان+ سیاسەتی دادوەریی و ناوخۆیی هاوبەش+تەندروستی..هتد). |
| 1994 | •سەرەتای قۆناغی دووەم لە (یەکێتی ئابووری و نەختی WWU) هەوڵی پابەندبوون بە (جێگیرکردنی نرخ+جێگیرکردنی دراو..هتد).<br>•دامەزراندنی (خانەی دراوی ئەوروپی–بیت العملة الأوروبي) لە فرانکفۆرت وەك هەنگاوێکی سەرەتایی بۆ دامەزراندنی (بانکی ناوەندی ئەوروپی). |

مەکتەبی بیر و هۆشیاری

| | |
|---|---|
| 1995 | * (نەمسا+سوید+فنلەندا) بوون بەئەندامی یەکێتی ئەوروپا.<br>(ئەوروپا 15). |
| 1997 | * ڕێکەوتننامەی (ئەمستردام) کە جەختدەکاتەوە لەسەر چاکسازی لە دامودەزگاکانی یەکێتی ئەوروپاداو هاوکاری زیاتر لەبوارەکانی (دادوەری+سیاسەتی ناوخۆ+سیاسەتی ئاسایشی هاوبەش+سیاسەتی دەرەوەی هاوبەش+فراوانکردنی مافی پەرلەمانی ئەوروپی لە بەشداریکردنی بڕیاردانداا). |
| 1998 | سەرەتای دانوستان لەگەڵ ولاتانی (مەجەر+پۆڵەندا+ئیستۆنیا+چیك+سلۆڤینیا+قوبرس). |
| 1999 | * قۆناغی سێیەم لە (یەکێتی ئابووریو نەختی *WWU*)، (یۆرۆ) خرایە مامەڵە پێکردنەوە جگە لە بواری نەختی.<br>* ڕێکەوتننامەی (ئەمستردام) خرایە بواری جێبەجێکردنەوە.<br>* دیاریکردنی (خافێر سۆلانا) بە نوێنەری باڵای هاوبەشی سیاسەتی ئەمنیو دەرەوە.<br>* هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی ئەوروپا لە تەواوی ولاتانی ئەندامدا. |
| 2000 | * دەستپێکردنی دانوستان لەگەڵ (بولغاریا+لاتڤیا+لیتوانیا+ماڵتا+ڕۆمانیا+سلۆفاکیا).<br>* ڕاگەیاندنی (میساقی مافە بنەڕەتییەکانی یەکێتی ئەوروپا). |
| 2001 | * دامەزراندنی (لیژنەی داهاتووی ئەوروپا) کە گرنگترین ئەرکەکانی بریتین لە:<br>1. بەهێزکردنی (یە.ئە) تا بتوانێت بڕیاری پێویست بدات کاتێك دەبێت بە (ئەوروپا25). |



| | |
|---|---|
| | 2. دیموکراسیەتو شەفافیەتی زیاتر لە بڕیارداندا لە چوارچێوەی دامودەزگاکانی یەکێتی ئەوروپادا.<br>3. پابەندبوون بە (میساقی مافە بنەڕەتییەکانی یەکێتی ئەوروپا)وە.<br>4. وەلأمێکی ڕوونتر بۆ (کێ چی دەکات لە ئەوروپادا؟) لە ڕێگەی دیاریکردنی سەلأحیاتەوە. |
| 2002 | * (یۆرۆ) وەك دراوی هاوبەشی ئەوروپا خرایە بازاڕاوە.<br>* دەسپێکردنی کارەکانی (ئەنجومەنی حەکیمانی ئەوروپا)و بەردەوامبوونی تا 2003. |
| 2003 | * (ئەنجومەنی حەکیمانی ئەوروپا) ڕەشنووسی ڕێکەوتننامەی دەستووری ئەوروپای تەواوکرد.<br>* دەسپێکردنی گفتوگۆ سەبارەت بە ڕەشنووسی دەستوورەکە لە (ڕۆما) لە نێوان سەرکردەکاندا. |
| 2004 | (پۆڵەندا+مەجەڕ+چیك+سلۆفاکیا+سلۆڤینیا+ئیستۆنیا+لیتوانیا+لاتڤیا+قوبرس+ماڵتا) بوون بەئەندامی یەکێتی ئەوروپا. |
| 2007 | (ڕۆمانیا+بولغاریا) بوون بەئەندامی یەکێتی ئەوروپا. |

مەكتەبی بیروهۆشیاری

کەواتە قۆناغە کانی فراوانبوون بەم شێوەیەیە:

| ساڵەکان | فراوانبوونی یەکێتی ئەوروپا |
|---|---|
| 1951 | * ڕێکەوتننامەی (پاریس)، دامەزراندنی (ڕێکخراوی خەڵوزو ئاسنی ئەوروپی) لەلایەن (ئەوروپا6) کە ئەمانەبوون (ئەڵمانیا+فەرەنسا+ئیتالیا+بەلجیکا+هۆڵەندا+لۆکسەمبۆرگ). |
| 1973 | پەیوەندیکردنی (بەریتانیا+ئیرلەندا+دانیمارك) و دروستبوونی (ئەوروپا9). |
| 1981 | پەیوەندیکردنی (یۆنان). (ئەوروپا 10). |
| 1986 | پەیوەندیکردنی (ئیسپانیا+پورتوگال) (ئەوروپا 12). |
| 1995 | پەیوەندیکردنی (نەمسا+سوید+فینلەندا) (ئەوروپا 15). |
| 2004 | (پۆڵەندا+مەجەڕ+چیك+سلۆفاکیا+سلۆڤینیا+ئیستۆنیا+لیتوانیا+لاتڤیا+قوبرس+ماڵتا) بوون بەئەندامی یەکێتی ئەوروپا. (ئەوروپا 25). |
| 2007 | بوون بەئەندامی (ڕۆمانیا+بولغاریا) (ئەوروپا 27). |

## سێیەم: دامودەزگاکانی یەکێتی ئەوروپا

یەکێتی ئەوروپا ڕێکخراوێکە بونیادێکی تایبەتو ژمارەیەك دامودەزگای سەربەخۆی هەیە کە گرنگترینیان سێ دەزگای بەڕێوەبردنن‌و بە (سێکوچکەی بەڕێوەبردنی ئەوروپا) ناسراون‌و بریتین لە (ئەنجومەنی یەکێتی ئەوروپا + کۆمیسیۆنی ئەوروپا + پەرلەمانی ئەوروپا)، ئەمە سەرەڕای چەند دەزگایەکی وەك (دادگای ئەوروپا و دەزگای ژمێریاری ئەوروپا و بانکی ئەوروپا..هتد).



مەكتەبی بیروهۆشیاری

### أ. ئەنجومەنی یەکێتی ئەوروپا:

لە گرنگترین دەزگا ئیدارییەکانی یەکێتی ئەوروپایە، نوێنەرایەتی بەرژەوەندییەکانی وڵاتانی ئەندام دەکات، واتە چاودێری بەرژەوەندییەکانیان دەکات، چونکە یەکێتی ئەوروپا بریتی نییە لە فیدرالیزمێکی جیهانی‌و دەوڵەتە ئەندامەکان هێشتا بە تەواوی دەستیان لە بەرژەوەندییەکانیان هەڵنەگرتووە.

### * پێکهاتەکەی:

1- ئەنجومەن لە وەزیرانی حکومەتەکانی وڵاتە ئەندامەکان پێکدێت، کە کۆبوونەوەکانی بەپێی پێویست لە (برۆکسل + لۆکسمبۆرگ) ئەنجامدەدات. وەزیرانی کشتوکاڵ زۆرترین کۆبوونەوە ئەنجامدەدەن کە نزیکەی (14)جار لە ساڵێکدا کۆدەبنەوەو هەریەکە لە وەزیرانی دارایی‌و دەرەوەش مانگانە کۆدەبنەوە.

2- سەرۆکایەتی ئەنجومەنەکە بە نۆبەیە لە نێوان ئەندامانندا، شەش مانگ جارێك دەبێت، بە پێی سیستمێکی پێشوەخت لە مانگی (1-6)و (6-12). بۆ نموونە (6)دەوڵەت سەرۆکایەتی ئەنجومەنەکەیان بەدەستەوەبوو لە (2004-2007)، کە دوو ساڵی پێشوو بەم شێوەیە بوو:

- (1-6/ 2005 لۆکسمبۆرگ)
- (6-12/ 2005 بەریتانیا)
- (1-6/ 2006 نەمسا)
- (6-12/ 2006 فینلەندا).

هەروەها لە ماوەی ئەو سێ ساڵەدا بەرنامەی کاریان لەسەر ئەم ستراتیژانە دانابوو:

1. سیاسەتی ژینگەپارێزی تایبەت بە یەکێتی ئەوروپا.
2. چاکسازی ئابوریو کۆمەڵایەتی.
3. سیاسەتی پەیوەندیدار بە سامانی کشتوکاڵو ماسی.
4. بابەتەکانی ئازادیو ئاسایشو داد.
5. سیاسەتی پەناهەندەییو کۆچ.
6. فراوانبوونی یەکێتی ئەوروپا لە داهاتوودا.
7. ئاسایشو ئارامیو خۆشگوزەرانی جیهانی.
8. سیاسەتی دەرەوەو ئاسایشی هاوبەش.

* دەنگدان:

1. بڕیارەکان بە کۆدەنگی یان بە زۆرینەیەکی گونجاوی دیاریکراو دروستدەکرێت، بە پێی ئەو بابەتانەی کە بڕیاری دەنگدانی لەسەر دەدرێت.

2. هەر دەوڵەتێکی ئەندام لە ئەنجومەندا ژمارەیەك دەنگی هەیە کە گونجاوە لەگەڵ ژمارەی دانیشتوانەکەیدا، لەگەڵ ئەوەی کە ژمارەی دەنگەکانی دەوڵەتە بچووکەکان زیاد دەکرێت بۆ دروستکردنی جۆرێك لە هاوسەنگی لەگەڵ دەوڵەتە گەورەکاندا.

بۆ نموونە: کاتێك ژمارەی دەوڵەتانی ئەندام (25) بوون، دابەشکردنی دەنگەکان بەم شێوەیەبوو: ژمارەی گشتی دەنگەکان (321) دەنگ، دابەشبوون بەسەر دەوڵەتە ئەندامەکاندا، بۆ دەنگدان بە زۆرینەی گونجاو پێویستی بە (232) دەنگ دەبێت، واتە بە ڕێژەی (72,27٪)ی دەنگەکان. هەروەها پێویستی بە زۆرینەی دەنگی دەوڵەتە ئەندامەکانە بە مەرجێك کۆی ڕێژەی دانیشتوانیان بگاتە (62٪)ی ڕێژەی دانیشتوانی یەکێتییەکە.



* دەسەڵاتەکانی:

1. ئەنجومەن سیاسەتی ئابوری گشتی لە نێوان دەوڵەتە ئەندامەکاندا ڕێکدەخات.

2. بنەماکانی سیاسەتی دەرەوەو ئاسایشی هاوبەش دیاریدەکاتو هەوڵی جێبەجێکردنی دەدات.

3. بە نوێنەرایەتی یەکێتی ئەوروپا ڕێکەوتننامەکان لەگەڵ وڵاتانی ئەندامو ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکاندا مۆردەکات.

4. لە بوارەکانی جینائیو دادوەریو پۆلیسیدا چالاکی نێوان وڵاتانی ئەندام ڕێکدەخات.

5. بە هاوبەش لەگەڵ پەرلەمانی ئەوروپادا (دەستەی بودجە) پێکدێنن، کە ئەرکی سەرەکی بریتییە لە دیاریکردنی بودجەی یەکێتی ئەوروپا.

6. دەسەڵاتێکی یاسادانانی فراوانی هەیەو بە هاوبەش لەگەڵ پەرلەمانی ئەوروپادا بڕیاردەدەن.

ب. کۆمیسیۆنی ئەوروپا:

کۆمیسیۆنی ئەوروپا نوێنەرایەتیو چاودێری بەرژەوەندیەکانی یەکێتی ئەوروپا دەکات بەگشتی، ئەمەش ئەرکێك لەسەر ئەندامانی کۆمیسیۆنەکە زیاد دەکات کە بەرژەوەندی یەکێتییەکە بخەنە پێش بەرژەوەندی دەوڵەتەکانیان بە جیاوازی ڕەگەزنامەکانیانەوە.

* پێکهاتەکەی:

1. ئەندامانی کۆمیسیۆن بریتین لە کەسانی خاوەن پۆستی باڵا لە وڵاتەکانی خۆیاندا.

مەکتەبی بیروهۆشیاری

2. ماوەی کاری کۆمیسیۆن (5) ساڵ دەخایەنێت.

3ـ سـەرۆکی کۆمیـسیۆن بەشـداری دەکـات لەگـەڵ سـەرۆکی دەوڵـەتانو حکومەتـە ئەندامەکانـدا لـە کۆبوونـەوە نیوساڵییەکانی (ئەنجومـەنی ئـەوروپا- المجلس الاوروبی)دا.

4ـ نوێنەرایـەتی یـەکێتی ئـەوروپا دەکـات لـە کۆبوونـەوەکانی وڵاتـە پیشەسازییە گەورەکاندا.

__* دەنگدان:__

* لە کۆمیسیۆندا بڕیارەکان بە زۆرینە دەدرێت، هەر دەوڵەتێکی ئەندامیش بۆی هەیە تەنها یەك نوێنەری لە کۆمیسیۆندا هەبێت.

__* دەسەڵاتەکانی:__

1. پێشنیازی یاساکان دەکات لە بواری سیاسەتی هاوبەشدا کە پارێزگاری لە بەرژەوەندییەکانی یەکێتی ئەوروپا دەکات بەگشتی.

2ـ لەبەرئەوەی لێپرسراوە لە پارێزگاریکردن لە پەیماننامەکان چاودێریی جێبەجێکردنیان دەکات.

3. دانوستان دەکات سەبارەت بە ڕێکەوتننامە نێودەوڵەتییەکانی تایبەت بە هاوکاریو بازرگانی نێودەوڵەتیو مۆرکردنی ڕێکەوتننامە لە دەرەوەی یەکێتی ئەوروپادا.

4ـ پێویستە کاروباری ژمێریاری تایبەت بە خۆی بخاتە بەردەم پەرلەمانی ئەوروپاو دەزگای ژمێریاری ئەوروپیش چاودێری سەرفکردنی بودجەکەی دەکات.



مەکتەبی بیروهۆشیاری

5ـ بۆ ئەنجامدانی کارەکانی پێویستە پەیوەندی بەردەوامی لەگەڵ دادگای ئەوروپیدا هەبێت.

6. دەسەڵاتی فراوانی هەیە لە وەرگرتنی ئەندامی نوێدا.

7ـ کۆمیسیۆن بە شێوەیەکی توندوتۆڵ هاوکاری لەگەڵ لیژنەی ئابوریو کۆمەڵایەتی ولیژنەی ناوچەکاندا دەکات، کە دوو دامەزراوەی ڕاوێژکاریی یەکێتی ئەوروپانو پێویستە لە کاروبارە یاساییەکاندا ڕاوێژیان پێبکات.

__ج. پەرلەمانی ئەوروپا__

__* پێکهاتەکەی:__

1ـ لە ڕێکەوتننامەی (ڕۆما)ی ساڵی (1957)دا هاتووە کە لە (نوێنەرانی گەلانی ئەو وڵاتانە پێکدێت کە دەبن بە ئەندام لە کۆمەڵەکەدا). لەسەر ئەو بنەمایە بۆ یەکەمجار لە (1979)دا لە ڕێگەی هەڵبژاردنێکی گشتی ڕاستەوخۆوە ئەندامانی پەرلەمانی ئەوروپا هەڵبژێردران، لەو کاتەوە هەموو (5)ساڵ جارێك هاوڵاتیانی وڵاتانی ئەندام پەرلەمانێکی نوێ هەڵدەبژێرن.

2. بە پێی ڕێکەوتننامەی (نیس) کە لە ساڵی (2001)دا ئیمزا کرا، لە (732) کورسی پێکدێت کە دابەشدەبێت بەسەر دەوڵەتە ئەندامەکاندا بە ڕێژەیەکی گونجاو لەگەڵ ژمارەی دانیشتوانیاندا.

3ـ بارەگای سەرەکی لە (ستراسبۆرگ)ە، بەڵام لە هەریەکە لە (برۆکسل)و (لۆکسمبۆرگ)یش کارەکانی ئەنجامدەدات.

4ـ ئەندامەکانی لە هۆڵی پەرلەماندا بە پێی نوێنەرایەتی دەوڵەتەکانیان دانانیشن، بەڵکو دابەشدەبن بەسەر چەند گروپێکدا کە لەسەر بنەمای ئینتیمای سیاسیو حیزبی دروستبوونو تا ئێستا (7) دەستەی پەرلەمانیو ژمارەیەك ئەندامی سەربەخۆش هەن.

مه كتەبی بیروهۆشیاری

5. پەرلەمان سەرۆكی خۆی هەیە، بەلاّم ئەنجومەنێكی سەرۆكایەتیش هەیە كە وەك دەزگایەكی بەڕێوەبردنی تایبەت بە پەرلەمان كاردەكاتو لێپرسراوە لە بوارە تەكنیكیو ئیدارییەكان.

* دەنگدان:

* بەپێی بنەمای زۆرینە بڕیارەكانی دەدات.

* دەسەلاّتەكانی:

دەزگای تایبەتی ڕاوێژكاریو چاودێری یەكێتی ئەوروپایەو تاكە دەزگایە كە بە ئاشكرا كۆدەبێتەوەو گفتوگۆكانی ئەنجامدەدات، كۆمەلّێك سەلاحیاتی هەیە كە ئەمانەن:

1. لە بواری یاسادانان‌دا/ لەگەلّ كۆمیسیۆندا یاساكان دەردەكەنو ڕەزامەندی دەردەبڕێت لەسەر ڕێكەوتننامە نێودەولّەتییەكانو وەرگرتنی ئەندامی نوێ لە ڕێگەی دووپاتكردنەوەوە (التصديق).

2. لە بواری بودجەدا/ لەگەلّ ئەنجومەنی یەكێتی ئەوروپادا (دەستەی بودجە) دادەمەزرێنن كە هەموو سالّێك لە مانگی (12) بودجەی یەكێتی ئەوروپا ئامادە دەكاتو لە پاش ئیمزای سەرۆكی پەرلەمان كاری پێدەكرێت.

3ـ لە بواری چاودێریكردندا/ سەرپەرشتی سیاسی هەموو چالاكییەكانی یەكێتی ئەوروپا دەكات، بۆی هەیە بە مەبەستی ئەنجامدانی ئەم كارە سوود لە هەندێك لیژنەی ناهەمیشەیی وەربگرێت بۆ گەڕان بەدوای ڕاستییەكاندا.



مه كتەبی بیروهۆشیاری

## تەوەری حەوتەم
## ( پۆلیسی نێودەولّەتی Interpol)

**<u>یەكەم: ئینتەرپۆلّ چییە؟</u>**

ئینتەرپۆلّ گەورەترین ڕێكخراوی پۆلیسییە لە جیهاندا. لە سالّی (1923) دامەزراوە بە مەبەستی هاریكاری كاری پۆلیسی لە بواری قەلاچۆكردنی تاواندا لە ئاستی نێودەولّەتییدا، ئێستا لە (186) ولاّت پێكدێت كە دابەشبوون بەسەر (5) كیشوەری سەر زەویدا. ئەم ڕێكخراوە پشتگیریو هاوكاری هەموو ئەوانە دەكا كە لە ڕێگرتن لە تاوانی نێودەولّەتیو قەلاچۆكردنیدا كاردەكەن.

**دووەم: بەشە سەرەكییەكانی ئینتەرپۆلّ:**

أ. كۆمەلّەی گشتی:

بەرزترین بەشی ڕێكخراوەكەیە، سالاّنە لانی كەم یەكجار كۆبوونەوە ئەنجام دەدات، هەموو بڕیارە گرنگەكانی تایبەت بە سیاسەتی گشتی ڕێكخراوەكە دەردەكات، لە نوێنەرایەتی ولاّتانی ئەندام لە ئینتەرپۆلدا پێكدێتو هەر دەولّەتێك خاوەنی یەك دەنگەو هەموو دەنگەكانیش یەكسانن.

ب. لیژنەی جێبەجێكردن:

سەرپەرشتی جێبەجێكردنی بڕیارەكانی كۆمەلّەی گشتیو كاروبارەكانی سكرتاریەتی گشتی دەكات. لە (13) ئەندام پێكدێت كە كۆمەلّەی گشتی

مەکتەبی بیر و هۆشیاری

هەڵیاندەبـژێرێت و دەبێـت نوێنەرایـەتی هـەموو هەرێمـە جیاوازەکـانی جیهـانی تێدا بێت و دابەشدەبن بۆ (سەرۆك + 3جێگر + 9ئەندام).

ج. سکرتێری گشتی:

بریتییـە لـە لێپرسـراوی پلەیـەکی جێبـەجێکردن لـە ڕێکخراوەکـەدا، واتـە بـەرزترین فەرمانبـەری ڕێکخراوەکەیـە. ئـەرکی سـەرەکی بریتییـە لـە سەرپەرشتیکردنی کاروباری ڕۆژانەی هاوکاری پۆلیسی لە جیهاندا، هەروەها چاودێری جێبەجێکردنی بڕیارەکانی کۆمەڵەی گشتی و لیژنەی جێبەجێکردن دەکات. لەلایـەن لیژنـەی جێبەجێکردنـەوە دیاریـدەکرێت و پێویستی بـە (3/2) دەنگەکانی کۆمەڵەی گشتی هەیە بۆ ئەوەی بۆ ماوەی (5)ساڵ کارەکانی ئەنجام بدات.

سـکرتاریەتی گـشتی (ئینتـەرپۆڵ) لـە شـاری (لیـۆن)ی فەرەنـسایەو شـەش نوسـینگەی هـەرێمیی هەیـە لـە جیهانـدا لـە (ئەرجـەنتین+ سـاحل العـاج+سـلڤادۆر+کینیـا+تایلەنـد+زیمبـابۆی)، هـەروەها نوسـینگەیەکی نوێنەرایـەتیکردنی هەیـە لـە (نیۆیـۆرك). هـەموو وڵاتێکـی ئەنـدامیش نوسـینگەیەکی مەرکـەزیی هەیـە بـۆ پەیوەنـدیکردنی بـەردەوام بـە بارەگـای سکرتاریەتەوە لە شاری (لیۆن) یان نوسینگە هەرێمییەکانەوە.

ڕێکخـراوی ئینتـەرپۆڵ لـە ئەنجامـدانی کارەکانیـدا (4) زمـانی سـەرەکی بـە شـێوەیەکی فـەرمی بـەکار دەهێنێـت کـە بـریتین لـە: (ئینگلیـزی + فەرەنـسی + ئیسپانی + عەرەبی). سەرچاوەی دارایی ڕێکخراوەکەش بریتیین لە هاوکاری و ئابونـەی سـاڵانەی وڵاتـە ئەندامـەکانی، هـەروەها بودجـەی سـاڵی (2007)ی ڕێکخراوەکە بریتییە لە (44.5) ملیۆن یۆرۆ.



مەکتەبی بیر و هۆشیاری

## سێیەم: ئەرکە سەرەکییەکانی ئینتەرپۆڵ

1. خزمەتگوزاریی پەیوەندیکردنی جیهـانیی بێ مەترسـی بـۆ پـۆلیس: کە لـە کۆتایی (2006)دا جگە لـە (صـومال) هـەموو وڵاتـانی ئەنـدام پەیوەستبوون بەم هێڵەوە.

2. خزمەتگوزاریی بانکی زانیاری مەیدانی بۆ پـۆلیس: ئـەم زانیاریانـە گرنگن بـۆ لێکۆڵینـەوەو ڕێگـرتن لـە تـاوان. لێـرەدا (ئینتـەپۆڵ) کۆمـەڵێك زانیـاریی پێویست دابینبدەکات سەبارەت بە تاوانباران لە جیهاندا.

3. خزمەتگوزاریی پێشکەشکردنی هاوکاریی مەیدانی بۆ پۆلیس: ئینتـەرپۆڵ بـە شـێوەیەکی ڕاسـتەوخۆ لـە (5)بـواری سـەرەکیدا کاردەکـات، ئـەوانیش (مـادە بێهۆشـکەرەکان و کـاری تاوانکـاری ڕێکخـراوو نەخـشە بـۆ کێـشراو – المخـدرات والجریمـة المنظمـة، تـاوانی داراییـ– الإجـرام المـالی، تاوانبـارە هـەڵهاتووەکان، ئاسایشی گشتی و تیرۆر، بازرگانیکردن بە مرۆڤەوە).

## ليستى ئەو سەرچاوانەى كە سووديان ليوەرگيراوە:


1. د. إسماعيل صبري مقلد: العلاقات السياسية الدولية: دراسة في الأصول والنظريات (القاهرة: المكتبة الأكاديمية، 1991).

2. د. سعد حقي توفيق: مبادئ العلاقات الدولية (عمان: دار وائل ، 2000).

3. د. عبد القادر محمد فهمي: النظام السياسي الدولي: دراسة في الأصول النظرية والخصائص المعاصرة (عمان: دار وائل، 1997).

4. د. حسن نافعة، د. محمد شوقي عبد العال: التنظيم الدولي (القاهرة: مكتبة الشروق الدولية، 2002).

5. د. محمود خلف: مدخل إلى علم العلاقات الدولية (عمان: دار زهران للنشر، 1997).

6. د. ريمون حداد: العلاقات الدولية (بيروت: دار الحقيقة، 2000).

7. د. كاظم هاشم نعمة: العلاقات الدولية (بغداد: مؤسسة دار الكتب، 1979).

8. د. عبد الخالق عبد الله: العالم المعاصر والصراعات الدولية (الكويت: عالم المعرفة، 1989).

9. د. عبد الوهاب الكيالي (محرر): موسوعة السياسة (بيروت: المؤسسة العربية،1990).

10. د. محمد بوعشة: التكامل والتنازع في العلاقات الدولية الراهنة (بيروت: دار الجيل، 1999).

11. روبرت ي. غروس: استراتيجية العولمة (الرياض: مكتبة العبيكان، 2001).





12. د. خليل اسماعيل الحديثى: الوسيط في التنظيم الدولي(بغداد: وزارة التعليم العالي،1991).

13. ميثاق منظمة الأمم المتحدة. http://www.un.org/arabic

14. موقع جامعة الدول العربية على شبكة الانترنت.

15. موقع منظمة الشرطة الدولية (انتربول) على شبكة الانترنت.


**تەسحيح / كوردستان كەريم**

مەکتەبی بیروهۆشیاری

## بلاْوكراوةكانى مةكتةبى بيروهؤشيارى (ى. ن. ك)
## 2007 ـ 2008

| | | | |
|---|---|---|---|
| .210 | عیراق، سەردەمی ساغ بوونەوە | بەکر صدیق | 2007 |
| .211 | تـــیرۆرو ســــەقامگیری سیاســـیو چـــەند لێکۆڵینەوەیەکە تر | بەکر صدیق | 2007 |
| .212 | کەرکوك بۆ مێژوو دەدوێت | سەرپەرشـــتیار/ مامۆســـتا جەعفەر | 2007 |
| .213 | دەستورو ژن | و: کامیل محەمەد قەرەداخی | 2007 |
| .214 | ژان ژاك رۆسۆ | کاوە جەلال | 2007 |
| .215 | مبدآ الفصل بين السلطات و وحدتها | القاضـي / لطيـف مـصطفى أمين | 2007 |
| .216 | بنچینەکانی کورد | ن. ڤلادیمێر مینۆرسکی<br>و. نەجاتی عەبدوڵلا | 2007 |
| .217 | لەدیکتاتۆریەوە بۆ دیموکراسی | کارزان محەمەد | 2007 |
| .218 | کەرکوك لەسەردەمی دەوڵەتی عوسمانیدا | گۆران ساڵح | 2007 |
| .219 | زمانە فەرمیەکان | تاریق جامباز | |
| .220 | ئەنفالو دادگا | سالار مەحمود | 2007 |
| .221 | نۆڤین _ 10 _ | ـ | 2007 |
| .222 | الكرد | د.نوری تاڵەبانی | 2007 |
| .223 | هەڵۆی سوور (چاپی دووەم) | مامۆستا جەعفەر | 2007 |
| .224 | مام جەلال | مامۆستا جەعفەر | 2007 |
| .225 | المدخل الى القانون الدولي الانساني | جبار سعيد محي الدين | 2007 |



مەکتەبی بیروهۆشیاری

| | | | |
|---|---|---|---|
| .226 | الكُرد اليوم | ت: غسان نعسان | 2007 |
| .227 | سەرۆك وەزیرانی بەریتانیا | و: ئاوات عەبدوڵلا | 2007 |
| .228 | ڕێبازی لێکۆڵینەوە لەزانستی سیاسیدا | ئیسماعیل شێخ موراد | 2007 |
| .229 | ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان | و. کارزان عومەر | 2007 |
| .230 | تیرۆر | هیمداد مەجید عەلی | 2007 |
| .231 | گەنجە کوردەکان | فەرهاد پیرباڵ | 2007 |
| .232 | بەعسیزم و کورد | سۆزان کەریم مستەفا | 2007 |
| .233 | بەڕێوەبردنی کۆبونەوەکان | محەمەد فاتح | 2007 |
| .234 | شاری کەرکوك | پشکۆ حەمە تاهیر | 2007 |
| .235 | میرعەبدال خانی بدلیس | بوار نورەدین | 2007 |
| .236 | فەلسەفە ـ ڕۆشنگەری، فێندەمێنتالیزم | و. شوان ئەحمەد | 2007 |
| .237 | عێـــراق، قـــەیرانی ئاســـایشو ســـتراتیژێتیو بنیاتنانەوەی | فەرزەند شێرکۆ | 2007 |
| .238 | نۆڤین ژمارە ـ 11 ـ | - | 2007 |
| .239 | الحقوق السياسية للكورد فى الدول التى تضم كردستان | ليلاف حمد أمين عزيز | 2007 |
| .240 | مێژووی شۆڕشی ڕوسیا | لیۆن ترۆتسکی<br>و. عەزیز ئالانی | 2007 |
| .241 | دەرونناسی جەماوەری فاشیزم | ویلهلم رایش<br>و. هەژار جوانڕیی | 2007 |
| .242 | جاش و جینۆساید | مەحمود سەنگاوی | 2007 |
| .243 | زارا ـ عەشقی شوان | محەمەدی قازی<br>و. عەزیز گەردی | 2007 |

مه کته‌بی بیروهۆشیاری

مه کته‌بی بیروهۆشیاری

| | | | |
|---|---|---|---|
| .244 | پوختە باسێك دەربارەی سۆسیال دیموكراتی | زانا | 2007 |
| .245 | تأريخ تركيا المعاصر | ت. د. هاشم صالح تكريتي | 2007 |
| .246 | لەگۆڕەپاندا | و. ساروز ئەفروزی | 2007 |
| .247 | نۆڤین ـ12ـ | ـ | 2007 |
| .248 | المنطقة المتنازع عليها | د.خليل اسماعيل محمد | 2007 |
| .249 | فەلسەفەی سۆسیال دیموكراتی | د. حەمید عەزیز | 2007 |
| .250 | سۆسیال دیموكراتی | مامۆستا جەعفەر | 2007 |
| .251 | هەرێمی كوردستان و توركیا | مامۆستا جەعفەر | 2008 |
| .252 | پارتی سۆسیال دیموكراتی سویدی | عوسمان حەمە رەشید گورون | 2008 |
| .253 | جلال طالباني رجل القرار | حوار الفضائية العراقية | 2008 |
| .254 | لە كیبیە هاردیەوە بۆ گۆردن براون | سلێمان عەبدوڵلا یونس | 2008 |
| .255 | دەسەڵاتی دادوەری لە دەوڵەتی فیدراڵیدا | گۆران ئازاد حەمە گەمجان | 2008 |
| .256 | جەنگی دەرونی | ئاراس فەریق زەینەڵ | 2008 |
| .257 | كركوك بموجب احصاء عام 1957 | قسم البحوث واستطلاعات الرأي | 2008 |
| .258 | مام جەلال جێگری سەرۆكی سۆسیالیست ئینتەرناسیۆنال (ی. ن. ك)ئەندامی هەمیشەیی | مەكتەبی بیروهۆشیاری | 2008 |
| .259 | گۆڤاری نۆڤین ـ **13** ـ | - | 2008 |
| .260 | پرۆژەی قانونی بەگژدا چونەوەی گەندەڵی | كاوسێن بابەكر | 2008 |

This document was created with Win2PDF available at http://www.daneprairie.com.
The unregistered version of Win2PDF is for evaluation or non-commercial use only.